# پرسیارەکان
# هێشتا تینووی وەرامن

باسەکانی زمان و بیر و فەرهەنگ

لە ڕوانگەی (د. مارف خەزنەدار، لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی)یەوە

ئامادەکردنی:

## هەڵۆ بەرزنجەیی

کوردستان ٢٠٠٥

# پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن

◇ پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن
◇ هەڵۆ بەرزنجەیی (ئامادەکار)
◇ گوتوبێژی فەرهەنگی
◇ کوردستان ٢٠٠٥

The Questions Expect Answers
Edited by: Hallo Barzinjayi
Cultural Interviews
Kurdistan 2005

"... بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە گەشتنی گەنجی کورد بەو پلەیە «واتە ژیانی پێشکەوتووی ئەوروپا – هەڵۆ» لە ژیانی پێشکەوتوودا نابێتە گەشتنێکی ڕەسەنی کوردانە و ڕەگداکوتاو، ئەگەر کوردانە بۆی سەر نەکەون. دەبێ واقیعی کوردستان بە هەموو باری ماددی ومەعنەوییەوە بەرەو پێش ببەن بۆ ڕیزی ژیانی ماددی و مەعنەویی کۆتاییی سەدەی بیستەم کە ئەمەش مومکین نابێ ئەگەر پەتی پێوەندی ئەمڕۆکەی کورد بە دوێنێیەوە پچڕا. مرۆڤ مار نییە هەموو بەهارێک کیفی کۆنی خۆی فڕێ بدات! ئەوانەی واش دەزانن کە پێشکەوتنی ڕاست و دروست لە بەرگگۆڕی یا خۆگۆڕیدایە. نە دەزانن پێشکەوتن چییە، نە ئەگەر دواکەوتنیش ڕووی دا پەرۆشیان دەبێت، چونکە دیارە کەسێک ڕاستیی شتێک نەزانێ پێچەوانەکەشی نازانێ".

مەسعوود محەمەد، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، ل شازدە–حەڤدە، چاپی ١٩٧٦ بەغدا

# پێشەکی

خوێنەری زیت و وریا، ساتێ عەودالّی چەمک ومانا گشتییەکانی نێو مێژوو و پانتاییی ئەدەبەکەمان دەبێت، لەتەک ئەو ڕاستییەی کە خەرمانی نووسراو و بڵاوکراوەمان لەم بوارەدا بە بەراوردی زۆر لایەن و کایە و کێڵگەی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و مێژوویی و...! بە بەرەکەتترە، دیسانەوە هێشتا ماندووبوونێکی زۆری دەوێت جەمسەر و ڕایەڵەی پێناسەیەکی گردومۆڵی دارێژراوی ئامادەی چنگ کەوێ، تا بە ئاسانی بتوانێ لەسەریان کار بکات و خوێندنەوەی نوێ بخەملێنێ و داهێنان بهێنێتە کایەوە. بە کورتی بنەما و زەمینەی ئەو حەزە گەورەیە پێک هاتبێت کە خوێنەری ناسادە پێی تێر ببێت و قنیات بکات.
ئەم ڕاستییە جارێکی دیکەش خۆی دژوارتر دەکات، ساتێ بتەوێت مەڵۆیەک لەو خەرمانە وەربگێڕیتە سەر زمانێکی بێگانە و بە ناساندنی بدەیت. ئیدی خۆ نامەوێ باسی کاری ئەکادیمی و زانستیی پوختە و شاکار بکەم! دیارە مەبەستیشم نییە لێرەدا خۆم لە توخنی ئەم داوا بەرز و پێویستە هیچ بۆ نەکراوە بدەم! یا بە وردی لە هۆ و هۆکارەکانی بکۆڵمەوە. دەنا لای هەموو

دڵسۆزێکی بێنیاز و شارەزای ئەم پیشە پیرۆزە، ئاشکرایە کە زۆر چەمک و مانای ئەم بوارە خۆیان دۆڕاندووە و مۆرکی ڕەسەنایەتییان تێدا نەماوە. هەروەها دەزانیّ و هەست پیّ دەکات، کە ئەدەبی کوردی گەرەکە بەرگ و کالای ڕاستەقینەی خۆی بپۆشیّ و چەمکەکان وزە و کێشی خۆیان هەبیّ، تا وەک خۆیان بناسرێنەوە.

جا بۆیە پێویستە، هەر نەبێت مێژووی ئەدەبەکەمان بە تایبەت هی ئەم پەنجا ساڵەی هەرە دوایی سەدەی بیستەم بە دیقەتەوە سەرنجی لیّ بدرێت و تیشک بخرێتە سەر تارماییی ئەو پاشخانە نادروست و دەستکردانەی وان لە پشت نووسینەوەیدا و بە ئەمانەتەوە دەست بۆ سەرچاوەکانی ڕابکێشین، بۆ ئەوەی سەرلەنویّ بنووسرێتەوە و دروست مانا و پێناسە و پلە و مەقامی بەرهەم و خاوەنەکانیان دەستنیشان بکرێتەوە.

ئەوەی کراوە بەشێکی زۆری پاڵپشت و هۆکاری حیزبی و ئیدیۆلۆژی و دەسەلاتێک لە سەردەمێکی دیاریکراودا و دەستی بە گومان و فیتنەگێڕی و داگیرکەران و دوژمنانی کوردی وا لە پشتەوە. هەق و ڕەوایەتی و ڕەسەنایەتی و بێگەردی نەدراوە بە پێشڕەوان و داهێنەران و ماندوونەناسەکانی ئەم کاروانە پڕشکۆ ئەدەبییە. واتە ناهەقی و غەدر لە کەسانی هەڵکەوتوو و بەرهەمەکانیان لەبەر خاتری شتەهایەک کراوە.

دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمڕاستییانە، بیرۆکەی شڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگ و فەرامۆشکراوانەم لا ورووژا. ورووژاندن و جەختکردنەوە و بەسەرداچوونەوەیەکی سەرلەنویّ بە مێتۆد و عەقڵییەتێکی کراوەی بابەتییانەی زانستی و تێر لە ویژدانەوە لەسەریان، هەر بە مەبەستی هەڵتەکاندنی بنەما شێواو و چەمکە ئەتککراوەکان و کۆششی ڕەنگڕێژکردن و چلوورەبەستنی هەبوون و مانای پێناسەی چوارچێوەی ئەو پرسە ون و نادیارانەی ئەدەبەکەمانە.

ئەم کارە هەر بۆ خۆی لە بنەڕەتدا هەوڵێک و دیدگەیەکە بۆیە ئاساییکردنەوە و چەقاندنی کۆڵەکەکانی ئەو کۆشکە بالانمایەی ئەدەب و فەرهەنگەکەمان و نەخشاندنی ئەو ناسنامە دروستەی کە هەق و پێویستە هەمانبوونایە.

مەبەستمە بڵێم و بە چاکی دەزانم ئەم ئەرک و پێداویستییەش دوور لە پێوانە و قاڵبی بێگانەخوازی و هێنانەوەی دەق و کۆپڵەی ئامادەکراوی نێو فەرهەنگی بێگانە، لەسەر زەمینەی پێداویستی خەسڵەت و بنەمایەکی مێژوویی ڕەسەن و گونجاو بە خودی پێودانگی [ئاست و شیاوی] ئەدەبەکەمان جێبەجیّ بکرێت. دروست وایە کاری لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە، لەم مەیدانەدا پێداویستی داڕشتنەوەیەکی مەحکەمترە بۆ ئەدەب

وڕڕۆشنبیرییەکی ئاسۆفراوان و ساغڵەم... ئەوەی جێی خۆیەتی لێرەدا بانگەشەی بۆ بکەم و داخوازییەکی ماقووڵیش بێت، ئەوەیە کە سەرنج و پێداچوونەوە و ئاوڕدانەوەشمان بۆ سەرجەم کایە و بوار و پرسەکانی دیکەمان بخەینە گەڕ.
هەر لەم دیدگەشەوەیە دەرگای ئەم باسانە بە ڕووی خاوەنئەزموون و کەسانی هەڵکەوتوو و خاوەنبەرهەم لە شاعیر و ئەدیب و نووسەرەکانی نەتەوەکەماندا دەکەمەوە. ئەو دەرفەتانەی لەم پێناوەدا لێم هەڵکەوتبێ قۆستوومەتەوە. ئەوەی لێرەدا لە بەردەست ئێوەدایە، بەرهەمێکی ناچیزەی ئەو هەوڵ و بیرۆکەیە!
قووڵی و ڕەهەندی بەرفراوانی خودی مانای گشتیی پرسیارەکان و دانووساندن لەسەریان و وەرگرتنی کۆی گشتی ڕای شارەزا و خاوەنئەزموون و دڵسۆزەکانی ئەم مەیدانە کە دەکرێت بکرێتە پرۆژەیەکی گەورە، گوزارەبەخشی ئەوەن کە پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامی زیاترن و دەمەتەقێی پتر هەڵدەگرن و گەرەکە زۆر لە دڵسۆزان و پسپۆڕانی نەتەوەکەمان بە گەرمی لای بە لادا بکەنەوە، نەک ناونیشانی بەرهەمەکە بەو مانەیە هاتبێ خوانەخواستە بڵێم وەرامەکانی ئەم بەڕێزانە نیوەناچڵ و و کرچوکاڵن!
هیوادارم ئەمەش سەرەتایەکی گەرم و بزوێنەری ئەم کارە پێویستە بێت، کە لام وایە ساڵەهایەکە دەبوو لە دایک ببووایە و خانەیەکی بەرچاوی لە کتێبخانەکەمان پڕ بکردایەتەوە. لاشم وایە دەرەتانی ڕاپەڕاندنی ئەم کارە چ لەناوەوە و چ لە دەرەوەی کوردستان هەبووە و هەیە. وەلێ ئارەزوومەندم و بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانم لەم خاڵەدا ئاماژە بۆ ڕاستییەک بکەم، چەند تاڵ و بەدفەساڵیش بێت. ئەویش لای هەموومان هۆکاری نەرێتیی دڕندەیی و پلانی دوژمنکاری داگیرکەرانی خاک و نەتەوەکەمان بەڵگەنەویستە، بەڵام هۆکارێکی دیکەی کوشندە و ناپێویست کە بە خۆمانەوە گرێ دراوە، ئەوەیە کە زۆر لە خاوەن بڕوانامە و کەسە شارەزاکانی ئەم مەیدان و بوارە، ئاراستەی خۆیان گۆڕیوە و پێیان گۆڕدراوە! ڕووەو مەیدانێکی دیکەی دوور لە پێداویستی و بێ گوێدانە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەرکە بنچینەییەکانی خۆیان و ئەدەبەکەمان چوون. هەر بۆیەشە سەروسیمایەکی شێوێندراو و لاواز و بێناوەڕۆک بە ئەدەبەکەمانەوە نیشتووە و بازاڕی نووسەری مایەپووچیش زوو زوو نابووت دەبێت.
هەڤپەیڤین و لە نزیکەوە شارەزابوون بە دید و بۆچوونەکان و تاوتوێکردنیان بە تایبەت وەک دەزانین بۆ زۆر لەو بەڕێزانە هەل و بواری گونجاو

هەڵناکەوێت لە بەرهەمەکانیاندا، یا خودی دەق و بابەتەکان بەرتەسک بوون، ڕێگە نادەن پەنجە بۆ هەموو شتێک ڕابکێشن. بۆیەکا زۆر جاران کاری چاوپێکەوتن ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە و ئەرکێکی باشی لەدەستچوو یا هەناسەلێبڕاو بۆ نووسەران تێ دەهێنێتەوە. ئەمەش چ لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە و چ لە ڕووی سەروکاربوونی خزمەت بە کۆمەڵێ لایەنی مێژووی ئەدەب یا هەر بوارێکی دیکە دیاردەیەکی بەرچاوی مەعریفی و ڕۆشنبیری و مێژوویی گرنگە.

وەک ئاماژەمان پێ دا لە بنەڕەتدا ئەمە پرۆژەیەکی گەورەی بەرچاوگیراوە و کۆمەڵە کەسانێکی دیکەشی لە خۆ گرتووە. لە هەنووکەدا ئەم هێژایانە [د. مارف خەزنەدار، کاک لەتیف هەڵمەت و کاک فەرهاد شاکەلی] بە دەنگ بایەخی کارەکەوە هاتوون. خوا یار بێت و بار لەبار بێت هەوڵ دەدەین لەم لایەنەوە هەوڵەکانمان نەسرەون و تۆوی ئەو خواست و ئاواتە بێتە بەر کە ڕۆشنبیری هەژار و کەنەفتکراوی نەتەوەیی کورد پێویستی پێیەتی.

ئەم کۆمەڵە پرسیارە هەموویان لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ دا و سەرەتای ١٩٩٩ دا ئاڕاستەی ئەو بەڕێزانەی ئەم دیمانەیەیان لەتەکدا ئەنجام دراوە کراوە. وەرامەکانیش بەو شێوەیە و لە دەمێکی کورتدا بە دەست من گەیشتوونەتەوە «کە قەدەرێکە تۆزی قەیرانی ڕێگای بەرەو چاپخانەیان لەسەر نیشتووە» ڕیزبەند کراون. وا بە کراوەیی دەیخەمە بەردەم خوێنەران و ڕەخنەگران و مشوورخۆرانی ئەم لایەنە هەستیار و گرنگە، تاوەکوو هەقیقەتێکی پشتگوێخراو تێیدا قوت بێتەوە و چالاک بکرێتەوە.

داخوازیشم ئەوەیە خەمخۆران و بەپەرۆشانی ئەم ڕاستی و فەرمانە، چمکی ڕاستەقینەی لێ بەلادا بکەن و جەربەزانەتر جیرەی پێنووسەکانیان بێت.

دەرفەت یارمەتیم دەدات لێرەدا سوپاس و پێزانینی گەرمی ئەو خوشک و برایانە بکەم کە هاندەر و یارمەتیدەری لەدایکبوونی ئەم جۆرە کارانەن/بوون. شاگەشکەشم بەوەی بتوانم بەم بەرهەمە خانەیەک لە کتێبخانەی نەتەوەکەم پڕ بکەمەوە.

بەرلین، نەورۆزی ٢٦١٣-٢٠٠١
هەڵۆ بەرزنجەیی

د. مارف خەزنەدار

# د. مارف خەزنەدار

* ئایینی ئیسلام و ئیدۆلۆژیی مارکسایەتی چەندە بەسەر ئەدەبەکەمانەوە دیارە؟ کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی کوردی چەند بووە؟ قازانج یا زیانیان پێ گەیاندووین؟

ـ کارکردنی بیروباوەڕی ئیسلامی لە ئەدەبی کوردی وەک بەرهەمێکی داهێنراو بەتایبەتی لە شیعردا گەلێ کۆنە. بەڵام ڕەنگدانەوەی ئیدیۆلۆجییەتی مارکسیزم زۆر تازەیە. لێرەدا مەبەس ئەوەیە تا چی ڕادەیێک موسوڵمانیەتی و مارکسیزم بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی نووسەر و شاعیرانی کورد!
بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێم: ئایینی ئیسلام وەک بیروباوەڕ و عەقیدەیێکی گیانی و پێوەندیی ئادەمزادی کورد بە کردگاری خۆی (خودا) دا، لەبەر ئەوەیە دەبینین دوو بابەتی هەرە پێشچاو و دیار لە بابەتەکانی شیعری کلاسیکی لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئیسلام دەکەونە ڕوو. «موناجات یا ئیلاهیات» واتە ئەو شیعرانەی لە پێداهەڵگوتنی خوا دەوترێن، هەروەها «نەعت» ئەو شیعرەی لە پێداهەڵگوتنی پێغەمبەر دەوترێ.
زۆربەی ئەم جۆرە شیعرانە لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەندە بەهێزە کەسێکی ناموسڵمان یا دوور لە هەموو ئایینێکیش چێژی لێ وەردەگرێ و ناتوانێ چەپڵەی بۆ لێ نەدا.
بۆ بەڵگە ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە نەعتەکانی شاعیری گەورە نالی بدەینەوە، دەکەوینە ناو گێتییەکی بێسنووری گیانیی ئەوتۆوە، بۆی هەیە خاوەنی بیروباوەڕی جیا لەناو ئەو بۆتقەیەدا بتوێنێتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم پلە ئیستێتێکییە بەرزە فەزایەکی سۆفیزمی کۆسمۆسی وا دروست دەکات، موناجاتە جیاوازەکانی شاعیرانی بەرزی گێتی وەک یەک بکەونە بەرچاومان، لەمانە دەتوانین ناوی ئەم شاعیرە ناودارانە ببەین؛ هی وەک تاگووری هیندستان (ئایینی بووزا)، محەمەد ئیقبال (ئایینی ئیسلامی سوننی)، نالی (ئایینی ئیسلامی سوننی)، محەمەد ساڵحی نیعمەتوڵلای کرماشانیی کورد (ئایینی یارسان). مەلا پەرێشانی کورد (ئایینی ئیسلامی شیعی) و گەلێکی تر.
دەتوانم لەم لایەنەوە ئەوە بدرکێنم شیعری ئایینی لە ئەدەبی کوردیدا

جێگەیەکی دیاری هەیە لە سەردەمی پەیدابوونیەوە تا سەردەمی ئێستامان. ڕەنگە هەندێ کەس وا هەست بکەن وەکوو شیعری ئایینی لە سەردەمی ئێستاماندا کز بووبێ، ئەمە ڕاست نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە بیروباوەڕی ئایینی لە ڕێگەی سۆفیزمەوە لە ئەدەبدا خۆی دەردەخا. ئەم دیاردەیەش وەنەبێ تایبەتی بێ بە کورد، بەڵکوو ڕێبازێکی جیهانییە لە شیعری ڕۆمانتیکی و سیمبۆڵیدا زیاتر دەردەکەوێ. بێگومان ئێمە ئەگەر سنووریش لەنێوان ئایین و سۆفیزمدا دابنێین، بنچینەی هەردووکیان دەگەڕێتەوە بۆ کردگار و لە ئەدەبی سەردەمی ئێستای گێتیدا تێهەڵکێش کراون.
هەرچی ئیدیۆلۆجیەتی مارکسیشە ئەمەیان لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە ناوچەی ئێمەدا پەیدا بوو، لە ماوەی جەنگی دووەمدا پەرەی سەند. هۆی بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ئەوە بوو نیشتیمانپەروەری کورد وای دەزانی مارکسیزم (سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزم) ڕێگایێکە دەیگەیەنێتە هیوا و ئامانجی چارەنووسی نەتەوایەتی.
ئەم ئیدیۆلۆجییەتە تازەیە کاری کردە سەر بیروڕا و خوو و ڕەوشتی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد. فراوانترین مەیدان لەم بابەتەوە بەرهەمی ئەدەبی بوو، لە پێشانا شیعر، ئینجا پەخشان.
ئەوی ڕاستی بێ ئەگەر ناچار بین لە ڕووی بینینی ئەکادیمییەوە بابەتێک یا خانەیەک بدۆزینەوە و ناوی بنێین شیعری «پرۆلیتاری» یا «ڕیالیزمی سۆسیالیستی» یا «شیعری ئەنتەرناسیۆنالیسمی» یا هەر ناوێکی لەم بابەتەوە، بەبێ سڵەمینەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە شیعرە نالەبارترین ئەڵقەیە لە ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتی لە شیعردا.
جارێ پێش هەموو شتێک ئەو بەرهەمەی شاعیرانی کورد دایانهێناوە بە ناوی ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئیدیۆلۆجییەتی مارکسیزمە، نەیانتوانیوە جەوهەری ئەم بیروباوەڕە لەگەڵ ئامانجی میللەتی کورد تێکەڵ بکەن و بەرهەمێکی بەرزی لێ دروست بکەن. ئەوەی بە ناوی بیروباوەڕی مارکسیزم لە شیعری کوردیدا هاتۆتە ناوەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە و قوولبوونەوە و گونجاندن نەبووە لەگەڵ ئامانجی نەتەوایەتیدا، بەڵکە وەسف و پێداهەڵگوتن و مەدحێکی ڕووکەش بووە بۆ فەلسەفەی مارکسیزم و قارەمانەکانی ئەم بیروباوەڕە. ئنجا لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە شیعرە زیاتر بریتی بووە لە دروشمی سیاسیی خۆپێشاندان و مانشێتی ڕۆژنامە و کۆوارەکان، بۆیە بە گشتی ئێمە شیعرمان پێ وتووە چونکە ڕستەکان کێش و قافییەیان بووە.
ڕەنگە بەرهەمی قۆناغی دووەمی شاعیری ناسراومان گۆران بەڵگەیێکی گرنگ بێ لەم بابەتەوە. وتەکانی گۆران «کورد ئەم لاقم، عەرەب ئەو لاقم»

ڕوونتـرین بەڵگەیە بۆ سـەرنـەکـەوتنـی بیـروباوەڕی مـارکسـیـزم لەپێناوی دروستکردنی ئەدەبێکی بەرز لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بەم شێوەیە نویشکی بیـروڕامان لەم بابەتەوە ئەوەیە، لە ئاییـنی ئیسـلامدا بـەرهـەمێکی ئەدەبیی بەرز لە ناو کـۆمـەڵی کورددا دروست بووە، کەچی مـارکسـیـزم لەم ڕووەوە شتێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەداوە.

* سیمای کۆڵۆنیالیزم لەنێو ئەدەبی کوردیدا دەبینن؟ [ئەدەبی داگیرکەران]

ــ ڕێبـازی مێـژووی کۆمـەڵی کوردەواری بە شـێـوەیەک بـووە، ڕێگەی ئەوەی نەداوە گیـانی کۆلۆنیـالیـزمی بەو مـانایەی سـەدەکانی هـەژدەم و نۆزدەم و تا جـەنگی دووەمی گـێتی دروست ببێ. کورد خـۆی ژێردەست بـووە، هـەمیـشـە خـەباتی کردووە لە دیلیەتی ڕزگـاری ببێ. ئەگـەر مەبـەسـتیش لە پرسـیـارەکە ئەوە بێ پشـتگیـریی هەندێ هەڵسوکەوتی ئەمپریالیسـتانـەی کۆلۆنیـالیـزمی جـیــهـانـی بە تایبــەتی ئینگلیـز کـرابێ، ئـەمــەیان لـە بۆ بەرژەوەندی بیـری نەتەوایەتی بووە. واتە شـاعیر وای هەست کردووە کورد لە هەڵسوکەوتێکیدا دەتوانێ سوود لە هەڵوێستێکی ئەمپریالیستەکان وەربگرێ.
ژیانیش ڕاسـتـیی ئـەم بۆچوونەی بـۆمـان ڕوون کـردەوە، بەوەی هـەمـوو ئەو وڵاتانەی لە دوای جـەنگی یەکـەمی گێـتـیـیـەوە دەوڵەتە ئەمـپـریالیـسـتـەکان دەستیان بەسەریاندا ڕاستەوخۆ داگرتبوو، تا ئەم ساڵانەی کۆتاییی سەدەی بیستەم هەموو سەربەخۆییان دەستگیر بوو.
هـەندێ ڕووداوی ئەدەبی بـە هـەڵسـوکـەوتی ڕۆژگــار و سـەردەمی خـۆیەوە بەسـتـراوە. بۆ بەڵگە لـە مـاوەی جـەنگی دووەمـی گـێـتی لەو کـاتـەی جـەنگ لەنێوان دوو هێزدا بوو، یەکەمیان لیبرالیـزمی ئەوروپای ڕۆژئاوا و دووەمیان نازیزمی ئەڵمـانیـای هیـتلەری، ئێـمـە لـە کـوردسـتـاندا دژی بەهێـزترین لیبرالیـزمی ئەوروپای ڕۆژئاوا بووین کە بەریتانیا بوو. شاعیرێکی ناسراو و کوردپەروەری وەکو قـانیـع شـیـعری لە «دەنگی گێتیی تازە»دا بڵاو دەکردەوە دژی ئەڵمـانیا و لایەنی ئنگلیـزی دەگرت. لەو سـەردەمـەدا ڕەنگ هـەبوو گـەلێ کوردی نیشـتیـمـانپـەروەری پاک دژی ئەوە بـووبێ لەسـەر ئینگلیـز بکرێتـەوە، بەڵام لە دواییـدا ئەو ڕاسـتـیـیـە دەرکـەوت ئەم جـۆرە بـەرهـەمـە دەچـنە ناو لاپەڕەی پرشنگداری مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چونکە لایەنی هێـزێک بوو لە دژی هێزی تاریکی نازیزم.
من لێـردەدا بیـرم بۆ ئەوەش دەچێ مـەبەس لـە «کـۆلـۆنیـالیـزم» کـارکـردن و تەئسیری ئەدەب و ڕۆشنبیریی نەتەوە دراوسێکانی کورد بێ بۆ سەر ئەدەبی

کوردی. لە وەرامدا دەڵێم بەڵێ ئەو کارتێکردنە هەیە. بەکارهێنانی زاراوەی «کۆلۆنیالیزم» هەڵە نییە لە ڕووی زانستییەوە، نەک تەنیا بۆ پێوەندی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوە دراوسێکانی، بەڵکوو بۆ پێوەندی لەنێوان هەموو ئەدەبەکانی تری میللەتانی گێتیدا. واتە کۆلۆنیالیزم بە مانا سۆسیۆپۆلیتیک و ئابوورییەکەی نییە، بەڵکوو بە مانا کارتێکردن و تەئسیرەکەیەتی، ئەمەش لە هەموو ڕوویەکەوە بە چاکە دەگەڕێتەوە.

هاوسێیانی کورد، عەجەم و تورک و عەرەب، لەڕووی ڕەسمی و سیاسی و دیپلۆماسییەوە بە درێژاییی ڕۆژگار فەرمانڕەوایی خاکی کوردستانیان کردووە. کە بریتی بووە لە کۆمەڵێک میرنشینی دەرەبەگی، ئەم دیاردەیە لە سەرەتاوە بووە بە هۆی ئەوەی کارکردنی زمان و خوێندەواریی عەرەبی بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە بۆ سەر ئەدەبی کوردی بەهێز بێ. هەرچی زمانی فارسی و تورکیشە ئەمانە بە هۆی فەرمانڕەوایی هەردوو دەوڵەتی تورکی عوسمانی و فارسی سەفەوی–قاجاری کاری بەهێزیان کردۆتە سەر ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی زمانی فارسی، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کوردی و فارسی هەردووکیان لە بنەماڵەی زمانانی «ئێرانی» یا «هیندۆئێرانی»ن و لە یەکترییەوە نزیکن.

بەلای منەوە کارتێکردنی ئەم زمانانە لە ئەدەبی کوردی بە چاکە گەڕاوەتەوە. ئەدەبەکەی دەوڵەمەند کردووە. لە ڕۆژگارانی کلاسیکدا بووەتە هۆی ئەوەی شیعری کوردی بگاتە پلەیەکی بەرزی ئێستێتیکی لەناو نەتەوە موسوڵمانەکاندا. گەواهی ئەم قسەیە شیعری بەرزی کلاسیکی لەناو بەرهەمی ئەم شاعیرانە و هی تر دەدۆزرێتەوە، هی وەکو باباتاهیر و بێسارانی و خانای قوبادی و جزیری و خانی و نالی و حاجی و مەحوی و شێخ ڕەزا.

زرووفی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد لە دوای جەنگی یەکەم، بووە هۆی بەرپابوونی ڕێنێسانسی ئەدەب و خوێندەواریی کورد. بژارێکی ورد و سەرکەوتووانە لە فەرهەنگی زمانی نووسینی کوردیدا کرا (بە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی سەروو و خواروو)ەوە، بەڵام من دژی ئەوەم هەموو شتێکی بێگانە پێویستە رەفز بکرێ. ئەوەی خۆمان هەمانە زیندووی دەکەینەوە، ئەوەی نیمانە بە جێی دەهێڵین با هی خۆشمان نەبێ. باوەڕ ناکەم هیچ زمانێک لەسەر ڕووی زەوی هەبێ وشەی بێگانەی تێدا نەبێ. لە جێی ماقووڵ وشەی بێگانە زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکا.

* مـێـژووی ئەدەبی کـوردی بۆ کـەی دەگـەڕێتـەوە؟ ئەو دەقـانەی ئێـسـتـا لە بەردەستدان کۆنترینیان کامانەن؟ بۆ هەر ئەو مێژووەمان قۆناخی پچڕپچڕ و پڕ لە کـەلێنی تێدایە؟ وەک پاش بابەتاهیـر و هاودەمـەکانی تا سـەردەمی فەقێ تەیران و جەزیری و خانی هیچ دیار نییە و دواتریش لەسەردەمی نالی و سالم و کوردی و کۆییدا دەست پێ دەکاتەوە؟ ئەمە هۆی چییە؟

ـ بەلای منەوە مێژووی ئەدەبی کوردی لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە دەست پێ دەکـا، واتـە تەمــەنی هـەزار سـاڵـە. ئەو تێکسـتــانەی لـە لایەن هـەندێ نووسەری کوردەوە دەستنیشان کراون، تا ئێستا ساغ نەبوونەتەوە، ئەمە و دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە وەکو کورد دەڵێ «بە گوڵێک بەهار نایە». بە شیعرێکی کوردیش ئەگەر لە سەرەتای داهاتنی ئیسلام دانرابێ، مێژووی ئەدەبی کوردی دەست پێ ناکا، بە تایبەتیش بۆشاییەکی چەند سەد ساڵیش هـەبێ لەنێــوان ئەو تێکســتــە و پەیدابوونی ئەدەبی کــوردی، وەک بزووتنەوەیەکی ڕەسەن و بەردەوامبوو لە کـۆمـەڵی کوردەواریدا. بەڵێ، بەم پێیە ئەوەی من لە لێکۆڵینەوەکانمدا گەیشتوومەتێ ئەوەیە ئەدەبی کوردی بە بەرهەمی بابا تاهیـر دەست پێ دەکـا و لە بـابا تاهیـرەوە تا ئێـسـتـا هیچ بۆشاییەک بە دی ناکرێ لە هەموو کوردستاندا. لە دوای باباتاهیر ئەدەبی کـوردی لە پارچەیەکی گەورەی کـوردسـتـان، لە هەرێمـەکانی شـارەزوور و هەورامان و گەرمیان، بە دیالێکتی «گۆرانی» لە ناوەوە بووە. ئەدەبی ئایینی یارسان بە دیالێکتی گۆرانی ماوەی چەند سەدساڵێکی پڕکردۆتەوە لەپاش بابا تاهیرەوە تا بەرپابوونی ڕێنیسانسی ئەدەبی کوردستانی سەروو لەدوای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) بە دیالێکتی کرمانجی سەروو.
بەم جۆرە ئەدەبی کوردی لە بابا تاهیرەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بە دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجیی سـەروو لەناوەوە بووە. ئینجا لەو سـەردەمـەدا نالی لە سلێمانی پەیدا بووە و دیالێکتی کرمانجیی خوارووی کردووە بە زمانی شیعر و تا سـەردەمی ئەمڕۆمان ئەدەبی کوردی بەردەوامە. دەبێ لێرەدا پەنجە بۆ ئەوەش درێژ بکەین تا ئێستا مێژووی ئەدەبی کوردی بە شـێـوەیەکی زانسـتـیـانە و ئەکـادیمیـیـانە یاخـود بەجـۆرێکی تر قوتابخانەییانە نەنووسراوەتەوە، کەرەستە و سـەرچاوەمان لەم بابەتەوە لە بەردەستدایە، ئەگەر ئەم مێژووە بنووسرێتەوە گومانم لەوەدا نییە کە هەست بە هیچ جۆرە بۆشـاییـەک ناکـرێ، لە بـابا تاهیـرەوە تا ڕۆژی ئەمـڕۆمـان، ئەمەش وەک ئاشکرایە دەکاتە هەزار ساڵ.

* سامان و کەلەپوورێکی پڕحیکمەت و دەوڵەمەندی وەک [پەندی پێشینیان و قسـەی نەسـتـەق]ی کـوردی کە چەند تـارمـاییـیـەکی لێـمـانـەوە دیارە، چەند خزمەت کراوە بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەری؟ هۆی چییە لەم بوارەدا کەمتەرخەمی کراوە؟

ـ ئەگـەر بە وردی لە مـێژووی ئـەدەبی مـیللیی سـەرزاری کوردی بکۆڵینەوە ڕەنگە ئەو ڕاستییـەمان بۆ دەربکەوێ کـە ئەم جۆرە ئەدەبە بە تایبـەتی پەندی پێشینان و قسـەی نەستەق لە هەموو بەشەکانی تری سامانی نەتەوایەتیمان ئاوڕی لێ دراوەتەوە. ئەوەی جێی گومـان نییـە، ئەوەیە ئەم لایەنەی سـامـانی نەتەوایەتی پێویستە لە دوو ڕووەوە تەماشا بکرێ.
یەکـەمیـان کـۆکردنەوەی تێکستی ئـەو بەرهـەمـە ئـەدەبییـە میللیـیـانەیە کـە یەکـجـار زۆرە و کــورد لەلای بێگانە بەوەوە نـاوی دەرکـردووە. دووەمــیـان لێکۆڵینەوە لەو بەرهـەمـە ئەدەبییـەیە بەنرخـانە، لەم لایەنەوە دەڵێم: لەبارەی تێکستی ئەدەبی میللیی کوردییەوە، ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسـانی ئەورووپا، پێش خـۆمـان، لـە دوایی سـەدەی هەژدەم و بەدرێژاییی سـەدەی نۆزدەم و سـەدەی بیـسـتـەم بەشـێکی زۆری بەرهـەمـی ئەم جۆرە ئـەدەبەیان بە زمـانی کوردی تۆمـار کـردووە و زۆریان وەرگێڕاوەتە سـەر زمـانەکـانی خـۆیان. ئەم کـارانە بە زۆری لە سـەردەسـتی ڕۆژهـەڵاتناس و کوردناسـە ڕووس و ئینگلیـز و ئەڵمانەکان گەیشتۆتە ئەنجام و ڕۆژهـەڵاتناسە فرەنسییـەکان لەم لایەنەوە دەوریان کەمتر بووە.
بەڵام لای خۆمـان ئەم مەسـەلەیە درەنگتر کـەوتووە، دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ دەوروبەری پـاش جـەنگی یەکـەمی گـێتی. یەکێ لە هـەوڵـە گـرنگەکـان لەم بابەتەوە کـۆششـی ئیسمـاعیل حـەقی شـاویس بـوو، دوو کـتێـبی تێکسـتی قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی بڵاو کردەوە.
دەسـتپێکردنی بەگوڕ لەم لایەنەوە لەدوای جـەنگی دووەمی گێتیـدا بوو، لەم مــاوەیەدا بایـەخ بە گـۆرانی و بـەیت و بالـۆرە و حـیکایـەتی مـیللی دەدرا. تەنانەت پاش ڕووداوەکانی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی بەغدا بەگوڕتر مەسەلەی بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللی کەوتە ناوەوە.
لەم ڕووەوە ئەگـەر شـەسـتـەکانی ئەم سـەدەیەی ئێـمـە سـڕبـوون یا وەسـتـانی ئەدەب و کولـتووری نەتەوایەتیی ئێمـە بـووبێ لە نیشـتـمان، لـە حـەفتـاکـان بەملاوە بە تایبـەتی لە هەشتاکاندا کە کولتووری کورد لە عێراقدا بە دەست دەوڵەتەوە بوو، دەتوانم بڵێم لە سـەدا حـەفتـاوپێنجی بڵاوکراوەی کوردی لە بابەت بـەرهـەمی ئەدەبی مـیللیـەوە بوو. بێگومـان ئەمـە سـیـاسـەتێک بوو بە

ئانقەست پێڕەو دەکرا بۆ ئەوەی سامانی نەتەوایەتی تەنیا لە قاڵبی ئەدەبی میللی سەرزار بهێڵرێتەوە، ئەمەش لە دواجاردا دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری هێشتا کۆمەڵێکی دانەوێڵە و دەرەبەگییە و بەشی لە ئەدەبی کلاسیکی نووسراوی بەرزدا کەمە. ئەم ڕایە وەنەبێ تەنیا لای داگیرکەرانی کوردستان دروست بووبێ، بەڵکو هەندێ لە ڕۆژهەلاتناس و کوردناسەکانیش لەسەر ئەم بیروباوەڕەن. وەکو لەم ڕوونکردنەوەیەدا دەردەکەوێ کەمتەرخەمی لە کۆمکردنەوە و بلاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی میللی نەکراوە، بەڵکو ئەم بیرورایە بۆ لایەنی دووەمی مەسەلەکە ڕاستە، ئەویش هەنگاوی دووەمە کە لێکۆڵینەوەی پێ دەڵێین. پێش دووان لەم باسە، دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، وەکو هەندێ لە قوتابییەکانم لە لێکۆڵینەوەکانیان بۆی چوون، ئەوەیە گۆیا بۆ یەکەمین جار لەسەر لاپەڕەکانی گۆواری «شەفەق»، کەرکووک ١٩٥٨، زاراوەی «فۆلکلۆر» بۆ ئەدەبی میللی و لێکۆڵینەوە لەم ئەدەبەدا لەلایەن منەوە بە کار هێنراوە. هەرچۆنێ بێ ئەگەر کارێکی زۆر بۆ تۆمارکردن و بلاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللی لای ئێمە کرابێ، بەپێچەوانەوە لێکۆڵینەوە لەم ڕووەوە زۆر بووە، ئەوەی کراویشە لە پلەیەکی زانستییانەدا نین.

هۆی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ پلەی خوێندەواریی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە، بە لای منەوە ڕۆشنبیران نەگەیشتوونەتە پلەیەکی خوێندەواری یەکسان بێ لەگەڵ پلەی هەموو داهێنانێکی ئادەمزادی کورد لە هەر مەیدانێک بێ لە مەیدانەکانی ژیاندا. بۆیە تا ئێستا کەرەستە بنچینەییەکانمان لە مێژووی ئەدەب و هونەر و سیاسەت و ڕۆشنبیری نەهاتوونەتە ناوەوە.

* بۆچی هەتا ئێستا پرۆژەیەکی کوردی تایبەت بە [ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، ئەدەبی شیعر و چیرۆک، هونەری شێوەکاری و شانۆ، کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زمان و فۆلکلۆر و مێژوو و جوگرافیا] نییە؟

ـ دوا وتەکانم لە وەرامی پرسیاری پێشوو پێوەندی بەم پرسیارەوە هەیە، بۆ زانیاریی زێدەی پێویست دەڵێم، مەسەلەی لێکۆڵینەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆشنبیریی هەموو گەلانی گێتی مێتۆد و سیستێمی گشتی تایبەتی خۆی هەیە. واتە تاقیکردنەوەی هەر میللەتێک دەبێتە سەرچاوە بۆ تاقیکردنەوەی میللەتانی تر. بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ میللەتێک تەنیا لەسەر تاقیکردنەوەی خەڵکی دەژی، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە لە

تاقیکردنەوەی خەڵکی بگاتە ئەنجامێک تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی بدا بە دەستەوە.
لەبەر ئەوە ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە «پرۆژەیەکی کوردیی تایبەت» هەبێ، چونکە ئێمە کە ڕەخنەمان نەبێ پێویستە دروستی بکەین. لە تاقیکردنەوەی خەڵکییەوە تاقیکردنەوەی خۆمان دروست بکەین. لەو کاتەشدا تاقیکردنەوەکەی ئێمە دەچێتە ناو تاقیکردنەوەی خەڵکی تر و ڕەخنەی جیهانی دەوڵەمەندتر دەبێ.
مەسەلەی ئەدەب وەکو بەرهەمی داهێنراو ڕەنگە لە کۆمەڵی ئێمەدا هەندێ کۆن بێ، بەڵام هونەری شێوەکار و کۆمەڵناسی و سایکۆلۆجی و فۆلکلۆر و لایەنەکانی تری سامانی نەتەوایەتی دیاردەیەکی تازەن. بەرهەمی داهێنراوی هونەری شێوەکار و گۆرانی و مۆسیقا دەتوانین هەر بەچاوی ئەدەبەوە تەماشای بکەین. واتە بەرهەمەکانی ئەم بوارە بەرزن، بەڵام وەکو بەرهەمە شیعرییەکە وان، هێشتا ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانە پەیدا نەبوون لە پلەی بەرهەمەکە خۆی بن.
ئەگەر یەکێک بەرپەرچی ئەم بیروڕایە بداتەوە لەوانەیە ڕاستیی تێدا بێ ئەگەر بڵێ، دەبێ تاکە زانایەک یا کۆمەڵە زانایەکمان نەبێ بتوانن لەم سامانە بەرزە بکۆڵنەوە، یاخود خشتێکی تر بخەنە سەر بناغەی ڕەخنە لە مەیدانی خوێندەواریی کوردیدا؟ وەرام بێگومان هەیە، با ژمارەی ئەمانە زۆر کەمیش بێ، بەڵام زرووفی سیاسیی نالەباری کورد بێگومان بۆتە هۆی ئەوەی ئەو زانایانە کەمتەرخەمی بکەن یا نووسینیان هەبێ و ئێمە ئاگادار نەبین. جگە لەمە سانسۆر بە درێژایی مێژووی نەتەوەی کورد تەگەرەیەکی یەکجار گرنگ بووە لە ڕووی بیروڕا و ئیدیۆلۆجییەتی ڕۆشنبیر و خوێندەوارانە. زۆربەی ناکامڵیی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە سانسۆرە. بە هیچ جۆرێکیش ناتوانین زاڵ بین بەسەر سانسۆردا، لە هەر دەورێکدا سانسۆری دیاریکراو هەیە، ئەوەی دوێنێ قەدەغە بوو، ڕەنگە ئەمڕۆ قەدەغە نەبێ، بەڵام قەدەغەی تازە دروست دەبێ. ئەم دیاردەیە دەورێکی گەورەی دەبێ لە شێواندنی مێژووی میللەتی کورد و کەمتریش لە مەیدانەکانی دیکەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری.

* هەتا هەنووکەش لەنێو نووسەرانی کورد و ئەدەبی کوردیدا ئەم زاراوانە بە کار دێن و بەرچاو دەکەون. بۆ ئەدەب/ وێژە، ئەدیب/ وێژەوان، بۆ شاعیر/ هەستیار- هەڵبەستەوان، بۆ شیعر/ هۆنراوە- هەڵبەست، ئێوە چۆن دەتانەوێت لە بەرهەمەکانتاندا چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن؟

ــ ئەم وشانەی لێرەدا خستووتانەتە ڕوو، ئێمە لە زانستی ئەدەبدا زاراوەی ئەدەبیی پێ دەڵێین. وشەکانی «شاعیر» و «شیعر» و «ئەدەب» و هی تر بە وشەی بێگانە دانراون، لەبەر ئەوە لەدوای جەنگی یەکەمی گێتییەوە لە مەیدانی بەپەتیکردنی زمانی کوردی هەوڵ درا بۆ هەموو وشەیەکی بێگانە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی خۆماڵی بدۆزرێتەوە. ئەم کارە لە لایەک گرنگ و بە کەڵک بوو، بەوەی گەلێ وشەی بێگانەی عەرەبی و فارسی و تورکی کە لە زمانی کوردیدا بە کار دەهێنران بەرامبەریان لە زمانی کوردی دۆزرایەوە و بە تاقیکردنەوە و مەشق ئەو وشە کوردییانە لە نووسیندا چەسپێنران، بەڵام لە لایەکی ترەوە موبالەغەی هەندێ لەو دڵسۆزە کوردانە بووە هۆی ئەوەی هەوڵەکانیان ڕووخێنەر بێ.

بە لای منەوە بەکارهێنانی «وێژە–وێژەوان» بۆ «ئەدەب–ئەدیب» ڕاست نییە، چونکە لە پێش هەموو شتێکدا وشەی «ئەدەب» وشەیەکی عەرەبیی ڕەسەن نییە. ئەم وشەیە لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ مەفهومێکی تایبەتی وەرگرتووە و ئەو وشە کوردییە تازەیە ئەو مانایە بە دەستەوە نادا. ئەوەی من ئاگادار بم وشەی «ئەدەب» لە زۆربەی هەرە زۆری نەتەوە موسڵمانەکاندا بە کار دەهێنرێ.

کاکی برا، تۆ لێم دەپرسی ئایا وشەی «هەستیار» بۆ «شاعیر» قوبووڵ بکەم؟ لە وەرامدا دەڵێم نا. چونکە وشەی «شاعیر» گێتییەکی تایبەتی لە مێشکمدا دروست کردووە. لە مەفهوومی زمانی عەرەبی و هەموو زمانێکی تر دەرچووە. ئیتر تۆ دێی ئەم وشەیە دەگۆڕییە سەر زمانی کوردی و دەتەوێ بە چەند ڕۆژێک «هەستیار» جێی «شاعیر» بگرێتەوە، ئەمەیان قوبووڵ نییە.

وشەی «هۆنراوە» دەشێ وەک زاراوەیەک بە کار بهێنرێ لە شوێنی خۆی وەک ئەوەی بەرانبەر وشەی «نەزم –نظم»ی عەرەبی، بەڵام بەهیچ جۆرێک بە مانای «شیعر» بە شێوەیەکی موتڵەق نابێ بە کار بهێنرێ. هەرچی وشەی «هەڵبەست»یشە، داخی گرانم چۆن هەندێ نووسەری دیار بەسەر زاریاندا یا بە نووکی قەڵەمیاندا دێ لە باتیی «شیعر» بە کاری بهێنن، چونکە وشەی هەڵبەست لە زمانی کوردیدا بە مانای درۆ و دەلەسە هاتووە. کورد دەڵێ «فلانەکەس بە زمانی من درۆی هەڵبەستووە».

ئەمە و دوا وشەم لەم لایەنەوە ئەوەیە، ئەگەر زمانەکەمان وشە و زاراوەی بێگانەی تێدا نەبێ، مانای ئەوەیە کەڵکی نییە، زمانە هەرەپێشکەوتووەکانی گێتی ئەوانەن وشە و زاراوەی زۆری بێگانەیان تێدا هەیە.

* شیعری «ئەی ڕەقیب» کە بۆتە مارسیلێزی (مارشی) کوردی لە ڕاستیدا تەنها بەرتەکێکە –ردالفعل– ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی خوێنای، ناڵە و هاواری جەستەیەکی هەنجن هەنجن کراوی لەخاچدراوی کوردە؟ نەعرەتەی سەلماندنی هەبوون و مانەوەیە، نەک شالاو و ڕاپەڕین و چوونە مەیدانی شۆڕش و خەبات و شانازی بە بوونەکانەوە و مژدەدان بە ئاییندەیەکی گەشتر؟ هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟ ئایا شیعری بەهێزترمان هەیە بۆ مارشی کوردی؟

ـ وابزانم هەر لە پرسیارەکەدا وەرامی تا پلەیەک ڕوون کراوەتەوە. ئەوە ڕاستە لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا ئەم سرووده هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی ببێتە سروودی ڕەسمیی کورد. بێگومان سروودیش وەکوو ئاڵا و دروشم و شتی تری پێویستی دەوڵەت وایە. لە ڕۆژگارانی خەباتی نەتەوەدا دروست دەبێ. لە پاشانا کە دەوڵەت دادەمەزرێ، ئەم دروشمانە دەکەونە پراکتیکەوە و لەلایەن دەوڵەتانی گێتی دانیان پێوە دەنرێ.
مەسەلەی سروودی «ئەی ڕەقیب» لە تاقیکردنەوەی کۆماری کوردستان لە ئێران بوو بە سروودی ڕەسمی، لە دوای ڕووخانی کۆمار، وەک سروودێکی نیشتمانی مایەوە. بە هیوا و ئومێدی ئەوەی لەدوارۆژدا ببێ بە سروودی نیشتمانیی ڕەسمی.
بە لای منەوە «ئەی ڕەقیب» لە کۆنەوە و تا ئێستا وەکو سروودێکی نیشتمانی کەڵکی ماوە، لە دوارۆژیشدا دەمێنێ تا کورد دەگاتە ئامانجی خۆی. ئەو کاتە وا بزانم سروودی ئەی ڕەقیب بۆ ئەو وەزع و ڕۆژگارە تازەیە دەست نادا. ئەگەر ئاوڕێکیش لە سروود و مارشی کوردی بدەینەوە لێرەدا بەرانبەر بە ئەدەبێکی یەکجار دەوڵەمەند دەوەستین. لە دوارۆژدا دەتوانرێ لەو سامانە دەوڵەمەندە کۆنەدا سروودێک هەڵبژێردرێ، یا شاعیرانی ئەو سەردەمەی داهاتوو سروودی تازە بڵێن بۆ ئەم مەبەستە. پێم وایە ئەمەیان کارێکی گرنگ نییە و بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێ.

* ئەو مەرج و تایبەتمەندی و پێداویستییانەی کە شاعیر و چیرۆکنووس پێویستە تێیاندا بێت و پشتی پێ ببەستن چین؟

ـ ئێمە هیچ جۆرە مەرج و بەرنامە و تێبینیمان بۆ شاعیر و نووسەر نییە. مەبەس لێرەدا لە شاعیر و نووسەر ئەو کەسەیە بەرهەمی ئەدەبیی داهێنراو دروست دەکا لە قاڵبی شیعر و چیرۆکدا بە هەموو بابەتەکانیانەوە.

بەرنامەدانان بۆ دروستکردنی بەرهەمی ئەدەبیی داهێنراو لە ئارەزووی زەبر بەدەستانەوە هەڵقولاو بوو، بۆ چاکە و بەرژەوەندی خۆیان. ئەم دیاردەیە دەستوور و نەریتی ڕژێمە تۆتالیتاری و دکتاتۆری و ئۆتۆکراتییەکان بوو بە درێژاییی مێژوو، تووشی کۆمەڵێ ئادەمزاد بووبوو، تا ئێستا شوێنەواری لە هەندێ جێگەی ئەم ڕووی زەوی ئێمە ماوە. واتە شاعیر و نووسەر دەبێ ئازادییەکی موتڵەقی هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەندێ مەرجی تێدا بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێ. لەمانە عەقڵیەتێکی تەرکیبیی هەبێ، ئاسۆی بیری ئەنسیکلۆپیدی بێ، شارەزاییەکی تەواوی لە نەریتی نەتەوایەتیی میللەتی خۆی هەبێ، بە شار و دەشتەوە، ئینجا پسپۆڕ بێ لە زمان و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئیدیۆمی زمانەکەی خۆیدا.

* گومانی تێدا نییە زۆربەی هەرە زۆری شاعیر و ئەدیبەکانی ئەم سەدەیەت، بەتایبەت هیی باشوور و ڕۆژهەڵات و شوورەویی جاران، دیوە و ناسیوە. ئەم تایبەتمەندی و هەڵکەوتە چ یادگار و شیرینییەکی پێ بەخشیون؟ بۆ ئەوانەی نەماون چ فرمێسک و هەژانێکتان هەڵڕشتووە؟ بۆ نووسینت لەسەر کۆچی دوایی کۆچکردووان کەم بەرچاو دەکەون؟

ــ ئەوە ڕاستە من ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆربەی ئەو شاعیرانە بووە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەسەر پێ وەستابوون و ناویان بە شاعیر دەرچووبوو. لەمانە دیارترینیان گۆران و عەلی کەمالی باپیرئاغا و قانیع و جەبارئاغای هەولێری «کانی» و دڵزار و مەدهۆش و دیلان و کامەران و جگەرخوێن و هەژار و هێمن و گەلێکی تر. بێگومان ئەم شاعیرانە لەلایەن خۆمەوە بە یەک چاو تەماشایان ناکەم. چونکە بەرهەمەکەیان هەر یەکەی شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و پلەی شاعیریەتی دیاریکراوی هەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. دیارە هەمووشیان لە یەک پلەی ئیستێتیکدا نین. هەرچی لایەنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیی ناوەوەی ئەم شاعیرانەشە، وەک ئادەمزادێک ئەمەیان نابێ لەگەڵ بەرهەمەکەیان تێکەڵ بکەین بۆ ئەوەی ڕق و کینمان لێیان نەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمە کار نەکاتە سەر هەڵوێست و بینینمان بەرانبەر بە بەرهەمەکانیان، چونکە لە هەموو بارێکدا بەرهەمەکانیان مەبەس و مەقسەدە.
یادگار و بیرەوریم لەگەڵ ئەم شاعیرە ناودارانەدا زۆرە، گۆڕەپانی برادەرایەتی و یەکتری بینین و ئامۆشۆکردنم لەگەڵیاندا فراوان بووە.

زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراقی گرتۆتەوە، وەکوو سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و کۆیە، لە دواجاریشدا بەغدا وەکوو نێوەندێکی گرنگی خوێندەواری و رۆشنبیریی کوردی.
لەم ماوەیە ناتوانم هیچ نهێنییەک لەم رووەوە ئاشکرا بکەم، بەڵام هەموویم تۆمار کردووە لە یادداشتەکانمدا. دەبێ ئەوەش بڵێم بیرەوەریی دڵسۆزانەی لەبیرنەکراو زۆرە، کەچی یادی تێرکراو بە رەشبینی کەمە. ئەمەش لە هەندێ لەو شاعیرانەی ناوم بردوون رووی داوە، بە هیچ جۆرێ چاوەنۆڕی ئەوە نەبووم بیرورەوشتی وا لێیان روو بدا.
من تەنیا فرمێسکم بۆ ئەو شاعیرانە نەرشتووە کە ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا بووە، بەڵکوو بۆ ئەوانەی چاویشم پێیان نەکەوتووە. ئەمە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە فرمێسکی من بۆ هەموو رۆشنبیرێکی کورد، زانا، نووسەر، هونەروەر، گۆرانیبێژ یا پسپۆڕی هەر لایەنێکی تری سامانی نەتەوایەتی بووبێ رژاوە.
لە بابەت ئەوەی نووسینی من لەسەر کۆچکردووان کەم بەرچاو دەکەوێ! جارێ پێش هەموو شتێک دەمەوێ ئەوە ئاشکرا بکەم نووسینم راستە لەم لایەنەوە زۆر نییە، بەڵام کەمیش نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە بووترێ ئەوەیە لەم لایەنەوە رەوشتێکم هەیە، من خۆشم تێی ناگەم لە چییەوە هاتووە. ئەویش ئەوەیە کە ناسیاوێکم کۆچی دوایی دەکا لە مەیدانی رۆشنبیریی کوردیدا هەر ئەو دەمەی هەواڵەکە دەبیستم ئەگەر رووداوەکە بمبزوێنێ دەست دەدەمە قەڵەم، ئەگەر نەشمبزوێنێ هەتا هەتا ناتوانم ماتەمنامەی بۆ بنووسم. بە هەموو جۆرێکیش ئەمە پێوەندی بە پلەی نزیک و دووریی ئەو کەسەوە نییە لە من.
ئەوە راستە زۆربەی ئەو ماتەمنامانەی نووسیومن بۆ ئەو کەسانە بووە کە لە نزیکەوە ناسیومن و خۆشم ویستوون، کەچی بۆ بەڵگە رۆشنبیرێکی وەکوو رەشید نەجیب لە پاش کۆچی دوایی ماتەمنامەم بۆی نووسی کە لە هەموو ژیانمدا چاوم پێی نەکەوتبوو. کەچی بۆ یەکانێکی وەکو عەبدولسەمەد خانەقا کە وەک برا بوو بۆ من، یا عەبدولخالیق مەعرووف کە لە یەک رێکخراوی سۆفیزمی کۆسمۆسیدا بووین، لە کاتی مردنیان هیچم بۆیان نەنووسی. دەبێ لەبەر ئەوە نەبووبێ نزیکایەتییەکەمان لە بیری چەوساوەی من و قەڵەمی کولم بەهێزتر نەبووبێ!!

* پەیوەندیت لەگەڵ ئەو شاعیر و ئەدیبانەی ماون چۆنە؟ چۆن گفتوگۆ لەسەر پرۆژە و پرسیار و وەرامە ئەدەبییەکان دەکەن؟

ـ لێرەدا وابزانم مەبەستان ئەوەیە بڵێن پێوەندیم لەگەڵ شیعری تازەی کوردی چۆنە، چەنکە لێرە مەبەس «شیعر»ە نەوەک شاعیر. دیارە شاعیریش وەک ئادەمزاد دەوری دیاری خۆی هەیە لە ژیاندا. من لەم ڕووەوە پێوەندیم لەگەڵ شاعیرانی سەردەم زۆر چاکە. زۆربەیان ڕۆژێ لە ڕۆژان قوتابیی خۆم بوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێوەندیم ئەوەندە باش نییە لەگەڵ بەرهەمی شیعرییان.

جارێ لەپێش هەموو شتێکدا هەرچی لێرە دەیڵێم مانای ئەوە ناگەیەنێ کە شیعری کوردیی سەردەم دواکەوتووە، یا لە پلەیەکی بەرزی ئێستێتیکدا نییە، واتە شیعری چاک هەیە بەڵام زۆر کەمە. ئەم کەمییە قازانجی ئەدەبی کوردیی تێدایە، چونکە بەشی ئەوە دەکا شانازیی پێوە بکەین لە ئەدەبی گێتیدا، واتە کاڵا بە قەد باڵایە.

من لە هەندێ شیعری تازە دەترسم، چونکە گومانم لێی هەیە. شاعیری تازە داهێنانی هەیە، ئەو بۆچوون و وێنەیەی وا هەستی پێ دەکەم کە شیعرییە و بەرزە، نازانم لە داهێنانی شاعیرە کوردە لاوەکە خۆیەتی یا وەریگرتووە. [بەکارلێکردن، یا وەرگێڕان، یا دزین]!

من ناتوانم بەرهەمی هیچ شاعیرێکی لاوی کورد هەڵسەنگێنم بێ ئەوەی دڵنیابم لەوەی بە داهێنانی دەزانم، لە دەرەوە نەهێنرابێ و واتە زادەی بیر و خەیاڵ و بۆچوونی شاعیرە کوردەکە خۆی بێ. لە ژیانی خوێندەواریمدا ئەوە ڕووی داوە شیعرێکی تازەم هەڵسەنگاندووە، لە دوایی لە بۆچوونەکانم پاشگەز بوومەتەوە، چونکە ئەو وێنەیەی بەداهێنراوم زانیوە لە پاشانا بۆم دەرکەوتووە دزراوە.

لە پێوەندیمدا لەگەڵە شاعیرانی لاوی کورد باس لە پرۆژەی شیعردانان ناکەین، چونکە لە شیعردا پیلان و بەرنامە و پرۆژە نییە. ئەمە شتێکە پێوەندی بە شاعیرەکەوە هەیە، بەڵام دەتوانرێ بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە باس لە کەموکووڕی ئەدەب بکرێ. وەک ئەوەی بڵێین بۆ چیرۆکی شیعریمان نییە یا کەمە؟ بۆچ ژن و دڵداری بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە چیرۆکی کوردیدا ڕەنگی نەداوەتەوە؟ جا ئەم جۆرە پرسیارانە دەبن بە سەرچاوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم جۆرە دەلاقانە لە ئەدەبی کوردی، ئەمەیان پێوەندی بە شاعیر و نووسەرەکەوە هەیە.

* ئەو دەستە قوتابییەی خۆت کە ئێستا خۆشبەختانە زۆریان بوونەتە شاعیر و نووسەر چ هیوایەکیان تێدا دەبینیت بۆ خزمەتی ئەدەبەکەمان؟

ــ من بەوە بەختیارم هەندێ لە قوتابییە زیرەکەکانم بوون بە شاعیر و نووسەری سەردەمی ئێستامان. ئەمانە لە زانستگە فێری نووسینی بەرهەمی ئەدەبی نەبوون، توانای خۆرسکی خۆیان و ژیانی کۆمەڵی کوردەواری و خوێندنەوەی هەمەلایەنی قووڵ ئەوانەیان کردووە بە شاعیر و نووسەر. تا ئێستا ئەوەی کردوویانە بەڵگەی ئەوەمان دەدا بە دەستەوە لەوە دڵنیا بین لە دوارۆژدا بەرهەمی چاکتر دێننە ناو ئەدەبی کوردییەوە.
لام وایە پێویست بەوە ناکا لەم ماوەیەدا من ناوی ئەو قوتابیانەم بهێنم کە توانیویانە ببنە ئەو کەسانەی کە ناویان دەچێتە ناو مێژووی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و سامانی نەتەوایەتیی کوردەوە. بەڵام بۆ بەڵگە هەمیشە من شانازی بەم ناوانە دەکەم هیی وەکو «دڵشاد مەریوانی، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر محەمەد، فریاد فازیل عومەر، ڕەفیق سابیر، مەحمووود زامدار، نەوزاد ڕەفعەت، شیرین. ک، ئەحلام مەنسوور» و هیی تر.
لەم بابەتانەم زۆرە ببوورن ئەگەر ناوی هەندێکیانم لە کاتی نووسینەوەی ئەم دێڕانە لە بیر نەمابێ.
ئەوانەی کە ناوم بردن و گەلێکی تریش وەنەبێ تەنیا لە مەیدانی بەرهەمی ئەدەبی جموجۆڵیان هەبووبێ، بەڵکوو هەریەکەیان پسپۆڕی لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییە. جگە لەوەی هەندێکیان باوەڕنامەی بەرزی زانستگایان لە دەسگا زانستییەکانی ئەوروپا و لای خۆشمان وەرگرتووە.

* بە بووژانەوە و جووڵانەوەی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٧٠دەڵێن (سەردەمی ڕێنێسانسی کوردی). ئەی بەم سەردەمەی پاش ڕاپەڕین هەقە چی بگوترێت؟ دەکرێت بەراوردێکی کرۆنۆلۆژییانەی لایەنی ئەدەبی ئەرێتی و نەرێتی لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا بکرێت؟

ــ نازانم کێ بە بووژانەوە و جووڵانەوەی ئەدەبی ساڵی ١٩٧٠ی وتووە «سەردەمی ڕێنێسانسی ئەدەبی کوردی»؟ ئەوی ڕاستی بێ ئەم بۆچوونە ڕاست نییە، چونکە ڕێنێسانس مانای بووژانەوە و دروستبوونی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی قووڵ و بەرزە.
حەفتاکان دیاردەیەکی پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی تازەی هونەری و ئەدەبی نەبوو، بەڵکوو لەدوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ زرووفێکی تایبەتی بۆ کوردستانی خواروو ڕەخسا، چاپەمەنی بە هەموو شێوەکانیەوە زۆر بن و هەروەها تا ڕادەیەکیش ئازادی لە بیروباوەڕدا هەبێ و سانسۆری بیری و فیکری بەهێز نەبێ. ئەمە و ئێمە پێویستە ئەوەش بێنینەوە بیری خۆمان لە هەموو گۆڕانە

بنچینەییەکانی کۆمەڵی کوردستانی عێراقدا، واتە لەدوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ١١ی ئاداری ١٩٧٠و ئاداری ١٩٩١ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ڕووی نەدا و هیچ جۆرە ڕێنێسانسێکیش دروست نەبوو، تەنیا ئەوە هەبوو چاپەمەنیی کوردی زۆر بوو و هەندێ ئازادیی بیروڕا کەوتە ناوەوە.

* مێژووی سیاسیی کورد و مێژووی ئەدەبی کوردی چ لێکدووری و نزیکییان لەنێواندا هەیە؟ چ پەیوەندی و کاریگەرییەکیان لەسەر یەکتر هەیە؟

ـ من ناتوانم مێژووی سیاسی و مێژووی ئەدەبی بە یەکتری ببەستمەوە. بەو مانایەی ئەگەر کۆمەڵی کوردەواری لە ماوەیەکدا سەربەستیی هەبوو، بەرهەمی ئەدەبی بەهێز دروست دەبێ، ئەگەر زۆرداری و تێرۆریش لە ناوەوە بێ بەرهەمی چاک دروست نابێ یاخود مەیدانی ئەدەب لە بواری بەرهەمی ڕەسەن بێبەش دەبێ، واتە هیچ جۆرە دەستوورێکمان لە بەردەستدا نییە بوون و نەبوون، چاکە و خراپەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی پێ بکێشین! لەگەڵ ئەوەش بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە زرووفی سیاسیی تایبەتیدا، بۆی هەیە بزووتنەوەی ئەدەبی دروست بکا. وەکوو ئەو ڕێنێسانسەی لە ئەدەبی کوردی دیالێکتی کرمانجیی سەروودا پەیدا بوو لەدوای جەنگی چاڵدێران، یا ئەو ڕێنێسانسەی لە ئەدەبی کوردی دیالێکتی کرمانجیی خواروو پەیدا بوو لەنیوەی سەدەی نۆزدەم و درووستبوونی میرنشینی بابان لە سلێمانی لەسەر دەستی نالیی مەزندا.
من لە نووسینەکانمدا ئەم دوو ماوەیەم بە ڕێنێسانس ناو بردووە، چونکە لەم دوو سەردەمەدا تەنیا بزووتنەوەی تازە لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی ڕەسەنیش دروست بوو لە پلەیەکی ئیستێتیکیی ئەوتۆدا بوو ئەدەبی جزیری و خانی و نالی بچنە ناو ئەدەبی گێتی بە مانای بەرزی و ڕەسەنییەکەی نەک بە مانا ڕاگەیاندنەکەی.

* پایەی ژن لە ئەدەبی کوردیدا کوێیە؟ ئەی شتێ هەیە بە ناوی ئەدەبی ژنان بەرجەستە بووبێت؟ دەکرێ زاراوەی شێرەژن لە ئەدەبی بەرگریماندا ببینین و بە کار بهێنین؟

ـ لە ئەدەبی کوردیی کلاسیکی یا ڕاستر شیعری کوردیی کلاسیکیدا ژن بەڵگەی جوانی بووە، لەگەڵ سروشتدا تێکەڵ کراوە و بووە بە سەرچاوەیەکی

گرنگ لە ئەدەبی ئەڤین و دڵداریدا، بەڵام لە ئەدەبی کوردیی تازەدا بەتایبەتی لە کاری پەخشانیدا «چیرۆک و ڕۆمان.. هتد» بایەخێکی ئەوتۆ بە ژن نەدراوە. هۆی ئەمە بەسەرهات و مێژووی سیاسیی کورد زیاتر شاعیر و نووسەرانی هان داوە بۆ هێنانەدیی بەرهەمی تێکۆشینی سیاسی و خەبات و بەرگری.
لەبارەی ئەدەبی ژنانیشەوە نازانم مەبەست چییە، ئەگەر مەبەست ئەوە بێ لەناو ژنی کورددا شاعیر و نووسەر هەیە یا نا، بێگومان بە درێژاییی مێژوو ژنی وامان بووە، زۆر و کەمی هیچ گیروگرفتێکمان بۆ دروست ناکا. بەڵام ئەگەر مەبەسیش لە پرسیارەکە ئەوە بێ لە ئەدەبی کوردیدا مەسەلەی ژن وەک تەنگوچەڵەمەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەیان بە لای منەوە کێشە نییە و مەسەلەیەکیش نییە بیری لێ بکەینەوە.
هەرچی مەسەلەی زاراوەی «شێرەژن»یشە بوون و نەبوونی لە واقیعی ژیانی سیاسیی کورددا هیچ شتێک ناگۆڕێ، بەڵام ئەوە هەیە ئەگەر شاعیرێک یان نووسەرێک قارەمانی بەرهەمەکە «شێرەژن»ێک بێ، با دروستیش کرابێ، ئەو کاتە بۆمان هەیە بڵێین شێرەژنمان هەیە.

* ماوەیەکە دیاردەی ڕۆمان نووسین لای ئەدیبانی کورد برەوی سەندووە، ئایا ئەمە پێداویستی هەلومەرجی خودی و بابەتی دۆزی کورد و ئەدەبەکەیەتی؟ یاخود تەنها خۆتاقیکردنەوە و لاساییکردنەوەیە؟!

ـ ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە هۆی دواکەوتنی پەیدابوونی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد تێیدا ژیاوە. ڕۆمان نووسین پشووی درێژی گەرەکە، جگە لەوە دەرامەت و هێزێکی داراییی ئەوتۆی پێویستە لە وزەی نووسەری کورددا نەبووە. لەبەر ئەوە لە کۆندا کتێبی کوردی بە زۆری بە قەوارە بچووک بوو، بەڵام لەسەردەمێکی تردا کە ئەرکی چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی کەوتە سەر میری و هەروەها ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەختتر و پڕ لە تەنگوچەڵەمەی زۆر و قووڵ بوو، زەمینە پەیدا بوو بۆ دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی.
بەم پێیە لە کات و سەردەمی دیاریکراو نووسینی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا پەرەی سەند و کەوتە پراکتیکەوە. بەڵام ئەگەر لە ڕووی مێژووی ئەدەبەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین پێویستە حسێبێک بۆ ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی ڕەحیمی قازی بکەین. ئەوەی لە دوەای جەنگی دووەمی گێتی و ڕووخزنی

کۆماری کوردستان نووسراوەتەوە و  دواتریش چاپ کراوە. بەم جۆرە ڕۆمان لە ئەدەبی ڕەسەن و لاسایی دەرەوە نییە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. بەڵام لە ڕووی ڕوخسارەوە هیچ گومانێک لەوەدا نییە ڕۆمانی نەتەوەکانی ئەوروپا کاریان کردۆتە سەر ڕۆمانی هەموو نەتەوەکانی تری گێتی، دیارە ڕۆمانی کوردیش یەکێکە لەوان.

* سیاسەت بە چەمکی لای ئێمە حیزبایەتی و ڕۆشنبیری ئەڵقەی یەک زنجیر و چەکی یەک سەنگەرن؟ یاخود دژەیەکن و پێکەوە هەڵناکەن؟ ئایا تۆ حیزبایەتیت کردووە؟

ـ سیاسەت و ڕۆشنبیری دوو دیاردەی سەرەکین بۆ بەڕێوەبردنی هەموو جۆرە کۆمەڵێک. سیاسەت بە لای منەوە لە ڕووی بوونی لەناو کۆمەڵدا لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکی هەیە، لەلای ئێمە حیزب «هەر حیزبێک» تەنیا مافی بە خۆی داوە سیاسەت بکا. بەڵام ئەگەر لەلایەکی ترەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، دەبینین هەموو ڕۆشنبیرێک هەست بەخۆی بکا یا نەیکا سیاسییە تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە. واتە بیروڕای تایبەتی هەیە کەچی نایخاتە پراکتیکەوە، بە زۆری ئەو بیروڕایانە بە لای حیزبەکانی لای خۆمان بە ڕاست دانانرێن لەبەر ئەوە زۆربەی ڕۆشنبیر سەربەخۆ و بێلایەن دەمێننەوە.
لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ سیاسەت و ڕۆشنبیری لە یەکترییەوە نزیکن یاخود تێهەڵکێش کراون، بەڵام هەڵوێستی حیزبەکان کارێکی وا دەکا ڕۆشنبیری بێلایەن وا بکەوێتە بەرچاو، وەکوو بڵێی سیاسەت ناکا و بە دوورەپەرێز ناوی دەبەن.
ڕۆشنبیرێکی دیاری کورد لە بەرلین بە منی وت بۆ سیاسەت ناکەی؟ مەبەس لە پرسیارەکە ئەوە بوو بۆ ناویژی لەنێوان ئەو دووهێزە ناکەم کە کوردیان گەیاندە ئەو ئەنجامەی ئێستا. وتم ئەمەریکا لەوێ چارەنووس لە دەست ئەودایە، کەچی ناتوانێ هیچ بکا، ئەگەر بشیەوێ بیکا، دەبێ ئەو ئاشتبوونەوەیە بە ڕاستی نەبێ، ئیتر بابایەکی وەکوو من دەبێ دەوری چی بێ!
لەلایەن حیزبایەتی کردنم بێ سێ و دوو دەتوانم بڵێم نەمکردووە. وێنەکە بەم جۆرەیە. لە منداڵییەوە کوردایەتیم دەکرد، کە قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد بووم بە ئەندامی بەچکەشێرانی حیزبی هیوا، لەپاشانا خۆم لەناو کۆمۆنیستە کوردەکاندا بینی بە ناوی ئەوەی ئەم ڕێبازە کورد ڕزگار دەکا،

ئەویش بە بێ ئەوەی ئەنكێتێكی بوون بە ئەندام لە حیزبدا پڕ بكەمەوە. ئەمە هەمووی پێش ئەوەی تەمەنم بگاتە هەژدەساڵی، كە ئەم تەمەنەم بە ڕێ كرد لەدوای سێ مانگ خرامە بەندیخانەوە، شەش مانگی بەندیخانەش لەگەڵیانا بووم، بەڵام لەوێ عەرەبیش هەبوون چونكە ماوەی گیرانەكەم لە بەندیخانەی نێوەندی بەغدا بردە سەر. وەك دەبینی بەپێی دەستوور و قانوون من نۆ مانگ حیزبایەتیم كردووە لە ڕووی پراكتیكییەوە، سێ مانگ لە دەرەوە و شەش مانگ لە بەندیخانە.
لەو ڕۆژەوە ئازاد كراوم لە هیچ جۆرە حیزبێكدا كارم نەكردووە. بێگومان ئەگەر حیزبایەتیم بكردایە ئەوەی كردوومە بۆ نەتەوەی خۆم بۆم نەدەكرا، مەبەستیشم لەم قسەیە ئەوە نییە سمێڵم بادەم، یا لووتم بەرز بكەمەوە بەرامبەر بە نەتەوەكەم.

* چۆن پایەی مرۆڤی كورد بە هەموو ئەندێشە و پەرۆش و ئاواتەكانیەوە لە چیرۆكی كوردیدا بە دی دەكەن؟

ــ زۆربەی چیرۆكی كوردی لە سەرەتادا ناوەڕۆكی كۆمەڵایەتی لە بۆتقەی سیاسیدا بوو، لە قۆناغی دووەمیدا خەبات لەپێناوی هێنانەدی ئامانجی نەتەوایەتی مەبەسی سەرەكیی چیرۆكی كوردی بوو. ئەم دیاردەیە لە بنەڕەتدا ئەوە دەگەیەنێ، ئەندێشە و ئاواتی خوێندەواری كورد «خەباتی نەتەوایەتی» بووە. كەمتر بایەخی بە ئاواتی ئامانجە كەسایەتییەكانی خۆی داوە، وەك دڵداری یا گرێ سایكۆلۆجییەكانی ناوەوەی ئادەمزادی كورد. من لە كاتی خۆیدا كە كۆمەڵێ چیرۆكی كوردیم وەرگێڕایە سەر زمانی ڕووسی و لە ساڵی ١٩٦٩دا لە مۆسكۆ بڵاو كرایەوە، ڕێداكتۆرەكەم پێی وتم چیرۆكی ئێوە زیاتر خەریكی ئامانجی كۆمەڵە. وتم بەڵێ ڕاستە، چونكە مەسەلەی ئامانجی نەتەوایەتیمان نەگەیشتۆتە ئەنجام. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنەكانی تری چیرۆكی كوردی ڕەنگدانەوەی ئەو ناوەڕۆكانەن كە هەموو ژیان دەگرێتەوە و مەرجی سەرەكییە لە سەركەوتن و بەرزیی چیرۆك لە ئەدەبی گێتیدا، بەڵام هێشتا ئەم جۆرە چیرۆكانە كەمن.

* ئەو ئەدیبانەی بە ڕەچەڵەك كوردن و بە زمانی داگیركەر و بێگانە نووسیویانە وەك لاهووتی، نیزامی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، محەمەدی قازی، ئەحمەد شەوقی، بڵند حەیدەری، محێدین زەنگەنە و یەشار كەمال و... گەرەكە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەكانیاندا بكەین؟ بەرهەمەكانیان

دەچنە سـەر خـەرمـانی نووسـینی کـوردی یاخـود نا؟ ئێـوە لە نووسـینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا چ جێگایەکیان بۆ تەرخان دەکەن؟

ـ بەرهەمـی ئەدەبی شناسنامـەی نەتەوایەتیـی خۆی لەو زمانـەوە وەردەگرێ کـە پێی نـووسـراوەتـەوە، واتە ئەدەبی کـوردی بەو بـەرهـەمــە دەوترێ کـە بە زمانی کوردی نووسراوەتەوە، ئیتر ئەمە پێوەندی بە شـاعیر و نووسـەرەکەوە نیــیــە، نەژادی لـە چی نەتـەوەیەک وەرگــرتووە. بەڵام مــەســەلەی نـاوەڕۆکی بەرهـەمی ئەدەبی گـرنگە، ئەمـەیان سـەرچاوەیەکی بنچـینەییـە بۆ ئـەدەبی بەراوردکاری، چونکە ئەمە زانستی تازەیە کەوتۆتە ناو هەموو زانستگەکانی جیهان لەناو ئەمانە زانستگەکانی خۆشمان. ئیتر بۆ بەڵگە ئەوانەی ناوت هێناون تەنیا لە ڕووی نـەتەوایەتییـەوە کوردن، زۆربەیان ناوەڕۆکی کوردیش لەناو بەرهەمـەکانیاندا هەیە کەچی یەکێکی وەکو یەشار کەمـال بێگومـان بەرهەمە ئەدەبییەکەی دەچێتە ناو مێژووی ئەدەبی تورکییەوە. بەڵام نرخێکی تایبــەتی هـەیە بـۆ لێکۆڵینەوەی بـەراوردکـاری لە ئەدەبدا، چونکە نـاوەڕۆکی نووسەر لە زۆربەی نووسینەکانیدا سەر بە کۆمەڵی کوردەوارییە.
لەبابەت ژیانی ئابووری و سیاسی و چەوساندنەوەی ئەو ناوچانەن کە کورد تیـایاندا دەژی. قـارەمـانی چیـرۆک و ڕۆمـانەکانی کوردن. ئـەوەش ڕاستـە ئەگەر ئەم بەرهەمانە لە تورکییەوە بکرێن بە کوردی، پیاو وا هەست دەکا کە بە کوردی نووسراونەتەوە.
بێگومـان وەک وتم بـەرهـەمی ئەم شـاعـیـر و نـووسـەرانە نـاچنە ناو ئـەدەبی کــوردییــەوە، بەڵکو هـەریەکــە دەچێــتــە نـاو ئەدەبی ئەو زمـــانـەی پێی نووسراوەتەوە. منیش لەلایەن خۆمـەوە ئەمانە بە نووسـەر و شـاعیری کورد دانانێم و ناویشــیــان لە مـێـژووی ئەدەبی کـوردیدا تۆمـار ناکـەم، چونکە مـێـژووی ئەدەبی کوردی ئەو بەرهـەمـە دەگرێتـە خـۆی کە بە زمـانی کوردی نووسراوەتەوە.

* زمـانی سـتانداردی کوردی هـەیە؟ ئەو بەرهـەمـە سـەرکەوتووانەی مـامـۆسـتـا هەژار و مـامـۆسـتـا عەزیـز گەردی و مـامـۆسـتـا شـوکر مسـتـەفا و عـەبدوڵای حـەســەن زادە و کـاک کـوردۆ عــەلی وەرگـێـڕانیــان پـێ کـردووە، دەکـرێ بە هـەنگاوێک بەرەو ئەو زمانە ستانداردە دابنرێت؟

ـ زمـانی سـتانداردی کوردی بەو مـانایەی هـەمـووی کوردی سـەرڕووی زەوی پێی بنـووسن نییـە، هـەروەها تاکـە ئەلفـوبێـیـەکـیشـمـان نیـیـە. بەڵام لـەگـەڵ

ئەوەشدا ئەگەر دوو دیالێکتی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو هەریەکەیان بووبن بە زمانی ستانداردی کوردی، کە لە ڕاستیشدا وایە، ئەمە هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیەکی جگەربڕ بۆ دواڕۆژی کورد دروست ناکا. لە هەر کاتێکدا کورد بگاتە ئامانجی نەتەوایەتی خۆیی و کاروباری لەدەست خۆیدا بێ، ئەم جۆرە گیروگرفتانە نامێنن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ دەبێ ئێمە بوەستین، نا، بەڵکو هەوڵ و تەقەلا بەردەوامە بۆ بەهێزکردنی هەردوو دیالێکت و نزیککردنەوەیان لە یەکتری.

وەک وتم ئەگەر دەسەڵات بە دەست خۆمان بێت، ئەم ئاواتە زووتر دێتە دی. ئێوە ناوی هەندێ نووسەرتان هێنا، نەک تەنیا ئەمانە بەڵکو هەموو کەسێکی بە کوردی دەنووسێ یا هەر نووسینێکی تر وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، بەشداری دەکا لە دروستبوونی ئەو زمانە ستاندارده یەکگرتووەی کوردی.

ئەگەر پێویستیش بێ قسەیەک لەبارەی نووسینی ئەو کەسانەی ناوت بردوون بکەم، جیاوازی لە شێوازی نووسینی ئەو کەسانەدا هەیە.

ئەمانە ڕەنگە لە یەک بابەت لە یەکتری نزیک ببنەوە، ئەویش ئەوەیە هەموویان خەریکی لیکسیکۆنی زمانی کوردی و بەرهەمی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوون. بەڵام ئەوەی گرنگە لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو ئەوەیە بەبێ زمان و زاراوە زانستییەکانی تری پزیشکی و ئەندازیاری و کیمیا و فیزیا دروست نابێ. جا ئەو نووسەرانەی ناویان هاتووە جێگەی دیاریان هەیە لە گۆڕان و پەسەندی زمانی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، لەناو ئەمانە دەتوانم ئەوە بڵێم زمانی هەژار زمانێکی سادەی ناوچەی سابڵاخ «مەهاباد»ی موکریانە، زیاتر ڕەوانییەکەی لە ئەدەبێکی میللی و بابەتێکی ساکار دەردەکەوێ، بەڵام یەکێکی وەکو شوکر مستەفا لەگەڵ شارەزاییەکەی لە دیالێکتەکانی زمانی کورد، بەرنامەی مەشقکردنی لە نووسیندا بە ڕاستی نازانم، چونکە ئێمە تیۆرییەکمان هەیە دەڵێ زمان زەمانی پێویستە بۆ پێشکەوتن. تۆفیق وەهبی لەسەرخۆ و زانایانە وشەی دروست دەکرد و بە کاری دەهێنا، لە ئەنجامی پراکتیک بەشی زۆری هاتە ناو زمانەوە، بەشی کەمی سەرنەکەوت، کەچی شوکر مستەفا بە پێچەوانەی «زانستی کۆمەڵایەتیی زمان-علم الاجتماع اللغوی» مەرجی «زمان=کات=ماوە» لە تیۆرییەکە دەسڕێتەوە، واتە مەسەلەکە وای لێ دێ وەکو چۆن لەملاوە ئاسن دەچێتە ناو مەکینەکەوە، لەولاوە ئامێرێکی تایبەتی دروست دەبێ. لەبەر ئەوەیە زمانەکەی هەرچەندە پاراوە و لە ڕووی دەستووری زمانەوە ڕاستە، بەڵام قورس دەکەوێتە بەرگوێی خوێنەر.

* چێژ لە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان یان کامە بەرهەمی دیکەی ئەدەبی زیاتر وەردەگرن؟

ــ چێژ لە هەموو ئەم بابەتە بەرهەمە ئەدەبیانە وەردەگرم. شیعر و چیرۆک لە ماوەی پاش نانخواردنی نیوەڕۆ دەخوێنمەوە، ڕۆمان لەو سەردەمانەی کارم کەم بێ، بەزۆری ئەمە دەکەوێتە پشووەکانی زستان و هاوینەی زانستگە. ئەدەبی گاڵتە و گەپ و ئەدەبی منداڵان و حیکایەتی ئەفسانەی بەر گوێ ئاگردان زۆر دەخوێنمەوە.

* لەگەڵ دنیای قوتابخانە هزری و جیهانبینییە فەلسەفییەکاندا چ ئاشنایەتییەکتان هەیە؟ ئەی چەند خۆتان بە زانستی ماتماتیک و فیزیکەوە خەریک کردووە؟

ــ لە منداڵییەوە هونەرپەروەر بووم، زۆرم بینیوە و زۆرم خوێندۆتەوە لەم لایەنەوە، ئارەزووم دەکرد ببم بە هونەروەری شێوەکاری، ساڵێکیش لە پۆلی یەکەمی ناوەنجی خەریکی ئەم هونەرە بووم، بەڵام وازم لێ نەهێنا. لە بابەت فەلسەفەوە تا سەردەمی قوتابێتیم لە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا، بیرێکی ئەوتۆم لێ نەدەکردەوە، وام دەزانی مارکس فەیلەسووفێکی گەورەی مەتریالییە و هێگل فەیلەسووفێکی سەرلێشێواوە. لەبارەی هێگلەوە دیارە بیروڕام ڕاست نەبوو، من سەرلێشێواو بووم. لە کۆلیجی ئەدەبیات ئەلبیر نەسری نادر مامۆستایەکی فەلەستینی بوو دوو ساڵ وانەی فەلسەفەی پێ وتم، ئەو ئەم زانستییەی لام خۆشەویست کرد و تا ئێستا وازم لێی نەهێناوە. درەنگتر فەلسەفەم تێکەڵ بە سۆفیزم و ئایینەکانی سەر ڕووی زەوی کرد. لەلایەن ماتماتیک و فیزیکەوە، ئەوی ڕاستی بێ لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە شێوەی وانەوتنەوەی مامۆستای ئەم وانانە گرێیەکی سایکۆلۆجیی قووڵی لە دڵ و دەروونمدا دروست کرد، ڕقم لێیان دەبۆوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی گەلێ گیروگرفتم بۆ دروست ببێ، کەچی لە دواییدا بۆم دەرکەوت «فیزیک» بە دەستوور و تیۆری و نهێنییەکانیەوە «بوون»ی ئادەمزادە و پێوەندی بە هەموو زانستییەکان و داهێنانی ئادەمزادەوە هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە. چەندە لە پیشەسازییەوە نزیکە، ئەوەندەش پێوەندی بە شیعر و مۆسیقا و بەرهەمی هونەریی ترەوە هەیە.

* گرتنەبەری کام ڕێچکە لە وەرگێڕاندا چاکە؟ بایەخی وەرگێڕان چەندە؟ ئایا بەلای ئێوەشەوە وەرگێڕان هونەر و زانستە؟ بۆ ئێمە تێیدا هەژارین؟

ـ کام ڕێکچە لە وەرگێڕاندا چاکە؟ یا کام ڕێچکە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا چاکە؟ ئەم ڕێچکانە بەڕاستی بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دروستبوون. لە بەرهەمی ئەدەبی دەرهێنراون، بۆ ئەوەی وەک بەڵگەیەک قوتابیانی زانستگە فێری ئەو وانانە بن کە دەیانخوێنن. لەبەر ئەوەیە لە وەرگێڕاندا تەنیا تاقە ڕێچکەیەک بە کار ناهێنرێ. لەوانەیە بابەتەکە جۆری ڕێچکەکە دیاری بکا ئەو کاتە وەرگێڕ دەتوانێ بەسەر وەرگێڕاندا زاڵ بێ و کارەکەی سەرکەوتوو بێ.
کۆمەڵی ئادەمزادی سەردەم بەبێ وەرگێڕان ناژی، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئێستاماندا. باوەڕ ناکەم کۆمەڵ هەبێ بتوانێ تەنیا پشت بەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانە ببەستێ کە بە زمانی نەتەوەیی خۆی نووسراون. بۆ ئێمەی کورد وەرگێڕان گەلێ گرنگە، چونکە تاقیکردنەوەی کۆمەلانی دەرەوەی کورد دێنێتە ناو کۆمەڵی کوردەوارییەوە.
لە بابەت پرسیارەکەتەوە ئایا وەرگێڕان هونەر و زانستە؟ بەڵێ ئەمە وایە، ڕەنگە هونەرەکە لە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و زانستەکە لە وەرگێڕانی تێکستی زانستی زیاتر دەربکەون، هەرچۆنێ بێ وەرگێڕان کارێکە ئەقڵی ژیر و بیری قووڵ و زمانزانیی پێویستە. ئێمە تەنیا لەم لایەنەی ڕۆشنبیری دواکەوتوو نین، بەڵکوو لە هەموو مەیدانەکانی تری خوێندەواری هەژارین، ئەگەرچی لەم لایەنەوە توانایەکی زۆرمان هەیە و پارچە پارچەکراویی ولاتەکەمان بۆتە هۆی ئەوەی فەرمانی بێگانە لەناو خوێندەوار و ڕۆشنبیرانمان باو بێ. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لایەنەی سەرنجمان ڕادەکێشێ ڕەشبین بین بەرانبەر کردەوەی نابەجێ ئەوەیە بۆچ زمانانی فارسی و تورکی بن بە زمانی لاتینی، بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا لەڕێگەی وەرگێڕانە فارسی و تورکییەکان بگۆڕینە سەر زمانی کوردی. بۆ بەڵگە چیرۆکێک لە ئنگلیزییەوە کراوە بە تورکی یا بە فارسی، ئێمە لەو زمانانەوە دەیگۆڕینە سەر زمانەکەی خۆمان. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کتێبە بنچینەییەکانی گێتی و نموونەی ئەدەبیاتی بەرزی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بگۆڕینە سەر زمانی کوردی، نەک مەشقێکی نالەبار لە هەولێردا بکەین، بەوەی دوو ژمارە لە کۆواری «وەرگێڕان» بلاوبکەینەوە، کەچی ئەم دوو ژمارەیە بوو بە نموونەی شەرمەزاری، باش بوو هەر زوو داخرا.

* ئەگەر باس لە ئیفلیجی و تاساوی و ساردوسڕیی [یەکیەتیی نووسەرانی کورد] بکەین، ئێوە ماکی نەخۆشییەکان لە کوێ و چیدا دەبیننەوە؟ پەنجەی تاوان بۆ کێ ڕادەکێشن؟

ـ یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە بنەڕەتدا بە ئیفلیجی لە دایک بوو، یاخود ڕاستتر لەبارچوو. یەکیەتیی نووسەران زادەی مافی کورد لە پێش ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بوو. ئەم ڕێکخراوە لە ١٠ی شوباتی ١٩٧٠ دروست بوو، لە کاتێکدا کۆمەڵەی ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا لە ڕوو بوون، لەدوای ١١ی ئادار کەوتە دەست پارتی، ماوەیەک بە تەنیا و لە پاشانا کۆمۆنیستەکانیش دەستیان تێوەردا تا ئاداری ١٩٧٤ ئیتر کەوتە دەست بەعسی و کۆمۆنیستەکان، لەساڵی ١٩٧٨ بەملاوە بەعسی بە تەنیا بەڕێوەی دەبرد تا ساڵی ١٩٩١، لەم ساڵەوە مەیدانی ڕمبازی بوو لەنێوان پارتی و یەکیەتی،. ئێستاش لە وەزعێکدایە کەس ناڵێ بێچاوینی بێ.
دەستەی بەڕێوەبەری گشتی بە حسێب لە سلێمانییە، بەڵام هەناسەی تێدا نەماوە، دەبێ قسەیەکیش بۆ هەق بکرێ ئەندامانی لقی هەولێر پار وەکوو لقێک خۆیان زیندوو کردەوە، بارەگایان دامەزراند، کۆڕی ئەدەبی دەگێڕن و کۆواری «نووسەری نوێ» بڵاو دەکەنەوە، تا ئێستا وا دەردەخەن کە حیزبایەتی ناکەن، ئەمە کارێکی زۆر باشە ئەگە تا سەر بێ.

* ژنی کورد چیی بۆ ئەدەبەکەی کردووە؟

ـ ئەگەر تەماشای ئەدەبی نەتەوەکانی گێتی بکەین و لە دەوری ژن بگەڕێین لەو ئەدەبەدا پلەیەکی دیاریکراو دەکەوێتە بەرچاومان، ڕەنگە ئەو پلەیە نزم بێ، واتە ئەو ژنانەی لە مەیدانی ئەدەبدا هەڵکەوتوون ژمارەیان کەمە. ئەم وێنەیە لە ئەدەبی کوردیشدا دەبینین. لە ڕۆژگارانی مێژوودا لە کۆمەڵی کوردەواریدا شاعیری وامان بووە لەناو ژنان دەتوانین شانازییان پێوە بکەین، هیی وەکوو مەستوورەی کوردستانی و میهرەبان خاتوونی بەرواری و ئامینەی خۆشەویستی حەسەن ناوێک، ئەمەش شاعیر بووە. لەناو نەوەی تازەی ژنانیشدا توانای شیعری وا هەیە چاوەنۆڕ دەکرێ لەسەرپێ بوەستن و بەرهەمی بەپێز بە دەستەوە بدەن.

* لەبەشی کرمانجیی ژووروودا فۆلکلۆر زیاتر داستانی قارەمانی و دڵداری و چەوساندنەوە و ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینەیە! بۆچی ئاوڕی دروست لەم سامانە گەورەیە نەدراوەتەوە؟

ـ تەنیا ئەدەبی میللیی کوردی دیالێکتی کرمانجیی سەروو بە قەوارە زۆر نییە، بەڵکوو ئەم جۆرە ئەدەبە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووشدا وا نییە لەوەی پێشوو کەمتر بێ. لە ڕووی کۆکردنەوەوە ئەدەبی میللیی دیالێکتی کرمانجیی سەروو بایەخێکی زۆری پێ دراوە. بەتایبەتی لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەتی کۆن و ڕووسیای ئێستا. کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەم بەرهەمانە بە ئەلفوبێی لاتینی و کیریلی تۆمار کراون. لە چەند بەرگێکی گەورەدا بڵاو کراونەتەوە، ئەمە جگە لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ئەو وڵاتە و ئەوانەی تری ئەوروپا. هەرچی مەسەلەی خزمەتکردنی ئەم بەرهەمەیە واتە لێکۆڵینەوە و تەماشاکردنی وەک سەرچاوەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی گەلێ لایەن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری، ئەمەیان نەگەیشتۆتە ڕادەیەک دڵمان ئاوی بێ بخواتەوە. بەلای منەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ کۆکردنەوەی تێکستی تازە بایەخ بە لێکۆڵینەوە بدرێ لەم لایەنەوە.

* بە باوەڕی ئێوە ڕەخنەی ئەدەبیی زانستییانەی کوردیمان هەیە؟

ـ ڕەخنەی ئەدەبیی زانستییانەی کوردیمان نییە. ئەگەر تاکوتەرا وتارێک یا بیروڕایەکی بەجێ لە دەمی ڕۆشنبیرێکی کورد بێتە دەرەوە بۆنی ڕەخنەی زانستیی لێ بێ مانای ئەوە نییە ڕەخنەی ئەدەبیمان هەیە، وەکوو ئەوەی بۆ بەڵگە دەیهێنمەوە چونکە پێوەندی بە خۆمەوە هەیە.
لە کاتی خۆیدا کە کۆمەڵە چیرۆکی «ئەڵەمان کوردی» بەغدا ١٩٦٩م بڵاو کردەوە، عەبدولسەمەد خانەقا وتارێکی بە زمانی عەرەبی لەسەر کۆمەڵە چیرۆکەکە بڵاو کردەوە. ئەوەی ڕاستی بێ لەگەڵ ئەوەی من لەگەڵ هەندێ لە بۆچوونەکانی ڕەخنەگر نەبووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وتارەکە لە پلەیەکی بەرزدا بوو. ڕەنگە یەکێک بڵێ بە عەرەبی نووسراوە، بەڵێ بە عەرەبی نووسراوە بەڵام خاوەنەکەی نەک تەنیا کورد بوو، بەڵکوو بە کوردی بیری دەکردەوە و ئەو کەرەستەی هەڵیبژاردبوو بۆ ڕەخنەلێگرتن کۆمەڵە چیرۆکێک بوو بە زمانی کوردی. هەر ئەو وتارەش هەندێ کەسی بێدەنگ کرد، ئەوانەی مەبەسیان تانە و جنێو بوو نەک هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی لەبەر ڕۆشناییی بەرنامەیەکی زانستیدا.
سەیر لەوەدایە ئێمە لە زانستگاکانماندا بابەت و وانە و سمینارمان هەیە بەناوی «ڕەخنەی ئەدەبی»، بێگومان قوتابیان سوودی لێ وەردەگرن لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە، کەچی ڕەخنەمان نییە بەو مانایەی پێویستە. هۆی

ئەمــە دەگـەڕێتـەوە بـۆ عـەقـڵـی سـاکـاری ڕووکـەشی کـۆمـەڵی دەرەبەگی، هەرچەندە لە ڕۆژگـاری دەرەبەگـیـشـدا نـاژیین، بەڵام ئەو عـەقـڵـە لە کـاتی بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی کەسایەتیدا بەسەر عەقڵی زانستیدا زاڵ دەبێ. ئیتر ئەم ڕۆشنبیرە هەرچەندە خوێنەوار و ئاسۆی بیری ئەنسیکلۆپیدی بێ، هەمیشە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی سەر دەکەوێ، عەقڵ زانستییەکە لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە. تەماشـای ئەو نووسینانە بکە کە بە ناوی «ڕەخنە»وە بڵاو دەکرێنەوە، ئەو کـاتە حوجرەکەی شـێخ ڕەزای شـاعـیری گـەورەت بۆ ئاشکرا دەبێ چی تێدایە.

* زۆر لەسـەر حەزرەتی نالی نووسـراوە؟ تێگەیشتن لە نالی هەقی خۆی بە دەست هێناوە؟ نالی چۆن دەبینن؟

ـ ڕاسـتـە زۆر لەسـەر نالی نووسـراوە، بەڵام وا بزانم ئەوەی نووسـراوە دڵۆپێکە لە زەریایەک. لەلایەن منەوە تا ئێسـتـا کـەم لەنالی گـەیشـتـووم، هەروەکوو خۆی دەڵێ «بە دەقیقی مەسەلە هـەرچی دەبێژم» ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئارەزوو دەکەم زیاتر لە نالی بگەم. تێگەیشتنەکەم لەسەرخۆ و قورسڕەوە، بەلای منەوە ئەوەی بە چاکی لە نالی بگا لە ئادەمـزادی سـوپـەرمـان نـزیک دەبێتەوە. زۆرجار وتوومە بەبێ بەرهەمی نالی مێژووی ئەدەبی کوردی هەیە، بەڵام بەم بەرهەمەوە گەلێک دەوڵەمەند دەبێ.
لەناو کورددا نالیناس و نالیزان هەیە، لە هەندێ لایەنەکانی شیعری نالی دەگـەن، بەڵام مـوبـالـەغـە دەکـەن بە تایبـەتی لە هەڵسـەنگاندنی یەکـتـری و هەریەکـەیان ئەوانی تر بە پسـپـۆڕی مـەیدانی شـیـعـری نالی دادەنێ. ئەم تاقـمـەش دەتوانم بڵـێم هەمـوویان یان زۆربەیان خوێندەوارییـان مـەلایانەی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردسـتـانە و وا زان دەکـەن، تەنیا خـوێندەواری مـەلایەتی دەتـوانێ لە نالی بگا، ئەوەی ئێمـەش بیزانین ئەوەیە شـارەزایی لە خوێندنەوەی حوجرەی لای خۆمـان مەرجێکی بنچینەییە، بەڵام بە تەنیا بڕ ناکا و خوێندەواری دەرەوەی حوجرە بۆ نالی و سەرانسەری مێژووی ئەدەبی کوردی، خـوێندەواریی حوجرە تەواو دەکا و ئەو کەسـە دەتوانێ لە نالی بگا. ئێمـە ئەم مەرجەمـان لە بەهەشتی عەبدولخالیق مەعرووف بە دی دەکرد و بە لای منەوە هەڵکەوتوویەکی بێوێنە بوو لە تێگەیشتنی نالی، چونکە مـەلایەکی دوازدە عـیلمی زۆرچاک بوو، هەروەهـا پسـپـۆڕی ئەندازیاری کـارەبا و ئەلیکترۆنیش بوو.

* له کوردستاندا کۆمەڵێ ئایینزای وەک یەزیدی و کاکەیی و شەبەک و... هتد هەن کە هەموویان دەچنە خانەی میتۆلۆژیای کوردییەوە. ئەم بابەتانە فەسڵێ لە ئەدەبەکەمان پێک ناهێنن! هۆی چییە؟

ـ بە لای منەوە ئەمانە ئایینزا «مدهب» نین، بەڵکو ئایینی سەربەخۆن و بەشێکی گرنگ لە میتۆلۆجیای کوردی پێک دێن. ئەوە ڕاست نییە کە ئەم ئایینانە فەسڵێک لە ئەدەبەکەمان پێک ناهێنن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەدەبیاتی ئەم ئایینانە بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی کوردی، وەکوو لەم چاوپێکەوتنەدا هەندێ لایەنیم ڕوون کردۆتەوە. بۆ بەڵگە ئەدەبی ئایینی یارسان، ئەهلی حەق «کاکەیی» کە بە دیالێکتی گۆرانییە، بەشێکی زۆری لە ئەدەبی کوردی داگیر کردووە. لە باباتاهیرەوە تا دوای جەنگی چاڵدێران و بەرپابوونی ڕێنێسانسی ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان، ئەدەبی یارسان لە ناوەوە بوو، هەمووی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئایینی یارسان لە ئەدەبەکەدا. لە پاشانا ئایینی یەزیدی و هەردوو کتێبی «جیلوە» و «مەسحەفی ڕەش» کە بە پەخشان تۆمار کراون دەچنە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. جگە لەم دوو کتێبە بەرهەمی ئایینی تریشیان هەیە بە ئەدەبێکی بەرز حسێب دەکرێن، وەکوو نوێژ و دوعا و دەستوورەکانی تری ئایینی ئێزیدی. ئەوی ڕاستی بێ ئێمە ئەمانەمان لێ ونە. بۆیە ناتوانین دەرکی پێ بکەین. ئەگەر مێژووی ئەدەبی کوردی بە دوورودرێژی بنووسرێتەوە ئەمانەمان هەموو لا ڕوون دەبێتەوە.

* چۆنە وا شیعر پانتاییەکی گەورەی ئەدەبی بۆ خۆی داگیر دەکات؟

ـ شیعر لە سەرەتای هەستکردنی مرۆڤ بە خۆیەوە لە ناوەوە بووە و تا ئێستا هەیە و لە دواڕۆژیشدا دەمێنێ لە هەموو کۆمەڵێک و ڕۆژگارێکدا. شیعر لای ئێمە پانتاییەکی گەورەی بۆ خۆی داگیر کردووە، لەناو کۆمەڵانی خەڵکی تردا هونەرێکی بەرزی زمانییە بە ئاسایی و گۆڕانێکی سرووشتی بە ڕێوە دەچێ.
لە کۆنەوە لەناو کۆمەڵی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات شیعر لە پەخشان زیاتر لە ناوەوە بووە، چونکە نەخوێندەواری یا کەم خوێندەواری بووەتە هۆی ئەوەی شیعر زیاتر لە مەیداندا بێ. بەڵام زۆریی شیعر لای ئێمە بۆ هۆیەکی تریش دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە هەندێ لەوانەی شیعر دەنووسن خۆیان ناناسن، یا خۆیان نادۆزنەوە، سوور دەبن لەسەر ئەوەی ئەو بەرهەمەی دەیهێننە ناوەوە شیعرە.

ئێمە هەمووماندەزانین ئەو ڕاستییە دەزانین لە گشت کۆمەڵانی گێتی لاو و گەنج لە قۆناغی سەرەتایی فراوانبوونی ئاسۆی بیریان شیعر دەنووسن. بەڵام زوو بۆیان دەردەکەوێ نابن بە شاعیر لەبەر ئەوە وازی لێ دێنن. کەچی لای ئێمە وا نییە. تا پیریش دەبێ بەرهەم لەدوای بەرهەم بڵاو دەکاتەوە. جگە لەوە ئەوانەی کارگەری ڕۆژنامە و کۆوارەکانن بابەتیانە بۆ مەسەلەکە ناچن، بەرهەمی بێتاموبۆ بڵاو دەکەنەوە لەبەر هەر هۆیەک، بەم جۆرە شیعر بەسەر پەخشاندا زاڵ دەبێ.

* یاسایەکی تایبەت بە شیعر و شاعیر هەیە؟

ـ هیچ دەستوور و یاسایەک نییە خەڵکی بکا بە شاعیر، قوتابخانە و زانستگە و دەسگای زانستی خەڵکی فێری شیعرنووسین ناکەن، ئەو دەستوورانەی ڕەخنەگر بۆ شیعر دایاندەنێ لەپاش دانانی شیعرەکە درووست دەبێ... لە دوای جەنگی دووەمی گێتی لە ئەدەبی کوردیدا هەندێ هونەر یا بابەتی تازە درووست بوو، خانەیەکی بەتاڵ لەمێژووی ئەدەبی کوردی پڕکردەوە، ئەم بابەتانە لە ڕووی ڕووخسارەوە چیرۆکی شیعری و ڕۆمان و شانۆگەری بوون، گومانم لەوەدا نییە لە دوارۆژدا بابەتی تریش پەیدا دەبن.

* باری گشتیی ڕۆشنبیری و چاپەمەنیی کوردی چۆنە؟

ـ لەبەر پروپاگەندەی حیزبایەتی باری ڕۆشنبیریی گشتی کز بوو، من ناڵێم ئۆرگانی حیزبەکان یان چاپەمەنییان خزمەتی خوێندەواریی کوردی ناکەن، بەڵام ئەوەی دەیکەن زۆر کەمە. ئەوەی لە دەرەوەی حیزبەکانیشە لە وزەیدا نییە ڕۆژنامە و کۆوار دەر بکا. لەبەر ئەوەیە ئەو بەرهەمە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوەکانی ئەو چاپەمەنییانە تینوەتیی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد ناشکێنن. پێم وایە لە هەموو کوردستانیشدا تا کە «ڕامان»ێک بڵاو بکرێتەوە کە بێلایەنە و حیزبایەتی ناکا، ناتوانێ ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە.
لێرەدا ئەگەر پێویست بێ باس لە ڕۆشنبیریی کوردی بکەم لە ئەوروپا، لێرەش هەر ئەو وێنەیەی کوردستانەیە، واتە زۆربەی حیزبایەتی دەکا، کەمەکەی تریشی دەتوانم بڵێم لە پلەی ئەو چاپەمەنییانە نییە کە لە کوردستاندا دەردەچن.

* دەکرێ کورتەیەک لەسەر ئەو ئاگاداری و زانیارییانەت لەمەڕ چاپخانە و ئێزگە و تەلەفزیۆنی کوردی لە باشووری کوردستان بەتایبەتی و سەرانسەری کوردستان بەگشتی بۆمان باس بکەن؟

ـ وەکوو ئاگادارن دوو بەڕێوەبەرایەتیی کوردی لە کوردستانی عێراقدا هەیە. یەکێکیان لە هەولێر، ئەویتریان لە سلێمانی، زۆربەی دەستگاکانی وەکوو چاپخانە و ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە دەست ئەو حیزبەوەیە کە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. هەریەکەیان زیاتر لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەیە. جگە لەمانە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی تریش چاپەمەنی و ئێستگەی ڕادیۆ و کەنالی تەلەفزیۆنی تایبەتی خۆیان هەیە وەکو کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوەکانی ئیسلامی و وردەحیزبەکانی تریش. بێگومان ئەم دەسگایانە ئۆرگانی ئیدیۆلۆجیی حیزبەکانن پێش ئەوەی بەگشتی هیی میللەت بن. جگە لەمە بە زەقی جیاوازی لەنێوان هەڵسوکەوتی هەمو لایەنەکان بە گشتی و لەنێوان دوو حیزبە سەرەکییەکە بەتایبەتی لە هەولێر و سلێمانی هەیە. ئەم وەزعە ڕەنگدانەوەی بە خراپە دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ئامانجەکانی میللەتی کورد.

* زانا و کوردۆلۆژییەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات تێز و لێکۆڵینەوەی جیاواز و هەمەجۆریان لەسەر کورد هەیە. کامیان یاخود کامانەن ئەوانەی ئەرکی زانستی و موراڵییان بەرانبەر بە کورد بە جێ هێناوە؟

ـ ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ئەوروپا لە ماوەی ئەو سێ سەدەی دواییدا بەگشتی بەرهەمێکی زانستی بەکەڵکیان لەبابەت کوردەوە هێناوەتە کایەوە. لێکۆڵینەوە و بۆچوون و ئەنجامی کارەکانیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ. هیی وایان تێدایە بابەتیانە لە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردیان کۆڵیوەتەوە، هیی واشیان تێدایە هەر لە بنەڕەتدا بە چاوێکی نزم تەماشای کوردیان کردووە و بە میللەتێکی دوواکەوتوو لە قەڵەمیان داوە. لە پاشانا ئەم کەسانە خەڵکی جیاوازن لە ڕووی خوێندەوارییەوە، قەشەی ئایینی مەسیحی و گەڕۆک و بازرگانیان تێدایە. هەروەها ڕۆژهەڵاتناس و زانای پزیشکی و ڕووەک و لایەنەکانی تری زانستیش لەناویاندا دەبینرێن.
ئەوانەی خزمەتی گەورەیان بە زانستی کوردناسی گەیاندووە لە نەتەوەکانی ڕووس و ئنگلیز و ئەڵمانن. بێگومان دیارترین کوردناس یاخود وەکوو پێی

وتراوە «باوکی کوردناسی» ڤلادیمێر مینۆرسکییە – ئینجا باسیل نیکیتین. لەناو ئنگلیزەکاندا دیارترینیان سۆن و ئەدمۆنسە. کارەکانی ئۆسکارمان و هارتمان و مەکسیمیلیان بیتنەری ئەڵمان جێگەی دیاریان لە گێتیی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپادا هەیە.

* بەڕێزتان بۆ خوێندن چوونە شوورەویی جاران. لە گەڵ گەلێ زانا و ئەدیبە کوردەکاندا پەیوەندیتان چاک بووە و شارەزای باری ژیانی سیاسی و کولتووریان بوون. گەلەک کەس بە ناوی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسییەوە باوەڕیان وایە کوردستان لەوێ نییە! بەڵکە کورد هەیە. وەک لازارێف... ئەو بەڵگەمێژوویی و جوگرافی و ئێتنیکییانە کامانەن بوونی کوردستان بسەلمێنن [پەیمانی گوڵستان ١٨١٣ی نێوان ڕووسیا و ئێران چییە]؟

ـ ڕووسیا لە پێش سۆڤییەتی کۆن دەوری گرنگی هەبووە لە زانستی کوردناسی، ئەمە بە میرات بۆ ڕژێمی سۆڤییەت مایەوە. بایەخدان لەم لایەنەوە کەمتر نەبوو لەوەی پێشوو. بەڵام ئەوەندە هەیە جیاوازی لە بابەتەکانی کوردناسیدا هەبوو، بۆ بەڵگە لەلایەن زمان و دەستووری زمان و زمانەوانی بە گشتی زۆر پێشکەوتوو بوو و کاری باشیش کرا. کەچی لە گۆڕەپانی مێژوودا وێنەکە ئاوەژوو بوو. هەوڵێست لە مێژووی کورد و مەسەلەی نیشتمانی کورد لە کوردناسێکەوە بۆ کوردناسێکی تر جیاواز بوو. لەناو مێژوونووسەکاندا ڕەنگە بیروڕاکانی خاڵفین و لازاریڤ بابەتیانەتر بووبن. هەندێ لە مێژوونووسە کوردناسەکانی ئەرمەنستان، یاخود مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکانی ئەرمەنی سۆڤیەتی کۆن بیروڕای سەیریان لە بابەت کوردەوە هەبوو. نەخشەی کوردستانیان لەناو نەخشەی ئەرمەنستاندا تواندبووەوە و کوردیان بە کەمایەتی حسێب دەکرد لەناو ئەرمەنستانی گەورەدا.

هەرچی لایەنی ئەدەب و فۆلکلۆریشە، ئەمەیان لە بابەت کۆکردنەوەی تێکستی ئەدەبی کاری گەورە لەم بابەتەوە کراوە. بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەمەیان تا پاش جەنگی دووەمی گێتی هەندێ کز بوو، کەچی لەپاش جەنگ زیاتر بەرەو پێشەوە چوو. لێرەدا دەتوانم نامەی دکتۆرای خۆم بە نموونە بێنمەوە لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردیی تازەوە بوو، لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاو کرایەوە. مەبەس لە ناوهێنانی ئەم بەرهەمەی خۆم ئەوەیە تەنیا نامەکەی من بوو بە کتێب و بڵاو کرایەوە، ئەوانی تر هەموویان بە دەستنووسی مانەوە.

* هۆی شکستەکانی کورد لە چیدان؟ کورد بۆ نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەییی خۆی؟

ــ هۆی شکست و نەبوونی بە دەوڵەت، یەک مەسەلەی تێهەڵکێشن. ئەمە بەلای منەوە دەگەرێتەوە بۆ مەڵبەندی جوگرافی لەنێوان سێ هێزی گەورە تورک و عەجەم و عەرەب، بەزۆری لەو پێنج شەش سەدەی دواییدا. هەروەها رژێمی دەرەبەگایەتیی تایبەت بە رۆژهەلات و کۆمەڵی کوردەواری خۆی، وا بزانم تا ئێستەش کورد رزگاری لەم عەقلییەتە بە تەواوی نەبووە. پێم وایە هەر کاتێک رزگاری ببێ وێنەی مەسەلەکە دەگۆرێ.
... خەباتی چەکدار لە کۆنەوە، واتە لەدوا سالانی سەدەی نۆزدەمەوە دەوری بووە تا ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عیراق و هەموو ناوچەکانی تری کوردستاندا. بەلام ئێستا نازانم رەنگە لە کوردستانی سەدەروو سوودی راگەیاندنی هەبێ و مەسەلەی کورد بە گێتی پیشان بدات، بەلام لە کوردستانی خوارووی مەگەر بۆ کوردکوژی بە کار بهێنرێ. ئەگەر دوێنێ خەباتی چەکدار بەرامبەر چەوساندنەوەی کورد بووبێ لەلایەن عیراقەوە، ئێستا ئەمەریکا ئەو کارە دەکا و کورد چاوەنۆری ئەوەیە ئەمەریکا مەسەلەکە چۆن دەگەیەنێتە ئەنجام.

* بۆچی بوونی پارتێکی نەتەوەییی بەهێز، لە کوردستاندا زەمینەی خەباتی نییە؟

ــ گومان لەوەدا نییە کە زەمینەی پارتێکی نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە، لە بنچینەشدا هەموو حیزبە کوردییەکانی لە کوردستاندا لە کۆنەوە دروستبوون هەموویان لەسەر بیروباوەری نەتەوایەتی بوون. دیارە ئەمە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کۆمۆنیستە کوردەکان ناگرێتەوە.
ئیتر زرووفی کوردستانی عێراق و پێوەندی دەوڵەت بە کوردەوە و هەڵوێستی دەرەبەگی کورد رێبازی ئەم حیزبانەی گۆری تا وەکو حیزبێکی نەتەوەیی لیبرالی بۆرجوازی کەوتنە روو و نەیانتوانی نوێنەری بیری نەتەوەیی بن بەو مانایەی ئێستا کەوتۆتە روو.

* ئێوە خۆتان بە نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن! کوردایەتی بۆ ئێوە چییە؟ بۆ رۆشنبیریی نەتەوەیی بە نووسراو لامان کەمە؟ کوردایەتی بە کام عشق و رێبازەوە مومارەسە دەکەن؟

ـ من ڕەنگە مەسەلەکە ئەوەندە خەست نەکەمەوە و بڵێم کوردایەتی بیروباوەڕ و فەلسەفەیە، بەڵام «بوون بە کورد» تێکەڵ بە خوێنم بووە، بەشێکە لە «بوون»م لێم جیا نابێتەوە. بە لای منەوە کوردایەتی و ویژدان و ڕێ و ڕەسم و گەڕەکی سەعدوناوای ئەوبەری بەستی هەولێر و گەڕەکی کانی ئاسکان و گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکووکە. هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی بووم خۆم لە گوندەکانی کانی بی و کێلەزیندان و زێی کۆیە و تەقتەق دەدی. چونکە مەڵبەندی باپیرانم بوون. ئەوان و خەڵکەکەش بە کوردی ژیان و بە کوردی مردن.
کوردایەتیی من کەسایەتییە لە چوارچێوەی کۆمەڵ چۆتە دەرەوە، لە گێتی هەیوولای سۆفیزمی کۆسمۆسی لەنجە دەکا، ئەم گیانە لەناو دڵمدا دەژی، بووە بە دنیای ڕۆمانتیک، هەر ئەمەشە پاڵی پێوە ناوم کار و کردەوەم لەسەر کورد بێ و بۆ کورد بێ. ئەوا نووسینەکانم لەبەر دەستتاندایە. دیاریی شوانەویلەش وەکو خۆتان دەزانن ئاڵەکۆکە.

* شتێک هەیە بە ناوی بزاڤی ڕۆشنبیری؟ ڕۆشنبیر چۆنە؟

ـ بنج و بناوانی گۆڕانی کۆمەڵ لە هەموو جێگەیەکی سەر ڕووی زەوی لەئەنجامی بزووتنەوەی ڕۆشنبیرییە. ئەم بزووتنەوەیە بەرهەم دروست دەکا هیی گیانی، هیی مەتریاڵی. یەکەمیان زاخاوی هەست و نەست و سۆز و ویژدان و چێژ و دڵە، دووەمیان باری ژیان ئاسان دەکا. ڕەنگە پێوەندییەکی ئەوتۆیی لەنێوان ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیر نەبێ، بەو مانایەی ڕۆشنبیر پێویستە خوو و ڕەوشتی تایبەتی هەبێ. واتە ئەوەی تیورییەکی تازە لە فیزیا دەدۆزێتەوە یا ئەوەی شیعرێکی بەرز دروست دەکا دەبێ دز و درۆزن و هەڵپەرست و سووک نەبێ. لەبەر ئەوە ئەمە مەسەلەیەکی ڕێژەییە. بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵدا هەیە، بەڵام خوو و ڕەوشتی لایەق بەو بەرهەمەی ڕۆشنبیر دروستی دەکا کەمە.

* تا کوێ لەگەڵ تەوژم و بانگەوازی ڕۆشنگەریی کوردیدان؟ گەرەکە ئەو ڕۆشنگەرییە چۆن بێت؟

ـ ڕۆشنبیریی کوردی دەسگایەکی دیاریکراو نییە بەرنامە دابنێ و هەوڵ بدا بڕیارەکانی بخاتە پراکتیکەوە، بەڵکوو بیرکردنەوەیە لە هێنانەبەرهەمی شتێکی پێویست بۆ چاکەی ئادەمزاد، بێ بیرکردنەوە کە لە کەسەکەوە

دەست پێ دەکا و لە پاشانا بۆ بەرژەوەندی و سوودی کۆمەڵ دەبێ. ئەگەر مەبەستیش لە پرسیارەکە ئەوە بێ کۆمەڵ پێویستی بە چییە، ئەوەی بە من بکرێ بیهێنمە دی لەم بابەتەوە دەڵێم هەموو نووسەرێک لەو کاتە سەرکەوتوو دەبێ بابەتێک دیاری بکا و بیهێنێتە دی، کە لەوە پێش نەبووبێ و کۆمەڵ پێویستی بێ. دیارە مەرجی پلەی ئیستێتیکی کارەکە دەبێ لە سەرەوەی هەموو شتێکی ترەوە بێ.

* ئامۆژگاریتان بۆ گەنجێکی تازە سەرگەرمی ئەدەب چییە؟ پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکات؟

ـ زۆر بخوێنێتەوە و کەم بنووسێ. پێویستە لە کوردەوە دەست پێ بکا. واتە ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە، ئەگەر لە شیعرێکی کلاسیکی نەگەشت با تووڕە نەبێ و هەڵیگرێ بۆ ڕۆژگارێکی تر. پێویستە ئاگاداری دیالێکتەکانی زمانی کوردی بێ، هەروەها بایەخێکی زۆر بە ئەدەبی میللی بدا،. جگە لەمە ئەدەبی دراوسێکان و ئەدەبی نەتەوە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا لە هۆمیرۆسەوە تا ئێستا بەردی بناغەیە بۆ مەرجەکانی بوون بە شاعیر و نووسەر و خوێندەوار و ڕۆشنبیر.

* کاتێ لەگەڵ ئەدیب و زانا بێگانەکاندا سەبارەت بە ئەدەبی کوردی دەدوێن، لە باخچەی ئەدەبی کوردی کام چەپکە گوڵیان پێشکەش دەکەن؟ ئەو کتێبە بەنرخانە کامانەن کە بوونەتە مایەی شانازیی نەتەوەییمان؟

ـ ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندە، میللەتی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی ئەدەبی نووسراویان لە پلەی پێشکەوتنی شارستانیەتییان بەرزترە. بەلای منەوە لەوانەیە ئەم قسەیە بۆ کۆمەڵی ئەمەریکیش دەست بدا، نازانم بەرهەمی ئەدەبییان لەڕووی جوانکارییەوە لە پلەی تەکنۆلۆجیایە!؟
لە ئەدەبی کوردیدا چەپکە گوڵ زۆرە شانازیی پێوە بکەین و پێشکێش نووسەرانی بێگانەی بکەین. لە کاتی خۆیدا کە نامەکەم «مێژووی ئەدەبی کوردیی تازە» درایە چاپخانە لە ساڵی ١٩٦٧ لە مۆسکۆ پێشەکینووسەکە ڤرۆژایکینا وتی شێخ ڕەزا شاعیرێکی گەورەیە، بۆچ زیاترت لە شیعرە کراوەکانی نەگۆڕییە سەر زمانی ڕووسی!
ئێمە دەتوانین شانازی بەم شاعیرانە بکەین لەلای بێگانە: باباتاهیر، مەلای جزیری، خانی، نالی، حاجی، مەحوی، شێخ ڕەزا، حەمدی، نووری شێخ

سـالّح، گۆران دیلان و گـەلێکی تر. نامـەخـانە تایبـەتییـەکـەمـان لە مـەڵبـەندی ڕووناکی لە هـەولـێر شـانازی بەم کـتێبـە نەتەوەییـانـەوە دەکا. شـەرەفنامـەی شـەرەفـخـانی بدلیـسـی، مـەم و زینی خـانی، دیوانی نالـی، مـێـژووی کـورد و کوردستانی ئەمین زەکی.

* گەلێ جاران گوێمان لە ناو و باسی «دایکی میدیا» دەبێت. ئەمە تارماییە؟ یاخود بەشێکی ڕاستەقینەی ژیانتان؟ دایکی میدیا نەبووایە چی دەبوو؟

ــ وەکـوو تۆ دەڵێی دایکی مـیـدیا هـەردووکـیـانـە، واتە تارمـاییـە و بەشـێکی ڕاسـتـەقینەی ژیـانمە. من زۆرجـاران ئەم ژنەم بە تەنیـا بە جـێ هێـشـتـووە لە گەشـتـە دوور و درێـژەکانی ژیانمدا کە سـاڵەهای سـاڵیـان خـایاندووە. لەو سـەردەمـانەدا کە لە نـیشـتـمـان و لەو دوور دەبووم تارمـایی ئەو و نیـشـتـمـانم پێکەوە بە خـەیاڵ دەدی لە ڕۆژگـارانی منداڵیـیـەتی ئـەوەوە، چونکە دایکی میدیا خزمی نزیکمـە و لەیەک گەڕەکدا ژیاوین و پەروەردە بووین. ئەم سۆز و خۆشـەویسـتـییـە بێـپـایانەی من پێـوەندی بە مـرۆڤـایەتی و وەفـا و ڕەوشـتی بەرزی ئـەوەوە هـەیە. تـۆ خـۆت لـێت پرسـیـوم ئەگـەر ئەو نـەبووایە مـن چی دەبووم؟ دەڵێم ئەگەر ئـەو نەبووایە من ئەمـەی ئێسـتـا نـەدەبووم، خـوێندنم بۆ تەواو نەدەکرا، خـاوەنی کتێب نەدەبووم، باوکی ئەو مـنداڵە باشانە نەدەبووم. ئەمە دەڵێم چونکە من لەگەڵیانا ماندوو نەبووم و پەروەردەی ئەون.
لەبەر ئەوەیە من ئێستا کە ئەم وەرامـانەت بۆ دەنووسمـەوە و دوور وڵاتم و لە شـاری بەرلینم، بەڵام دڵ و گیـانم لە نیشـتـمـانی گـەورە (کـوردسـتـان) و لە نیشتمانی بچووکم (مەڵبەندی ڕووناکی)ن لە هەولێر. بۆیە دەگەڕێمەوە، ئەمە گۆرانییـە کوردییەکە نییـە کە هـەر دەڵێ دەگەڕێمـەوە... و ناشگەڕێتەوە، بەڵام من دەگەڕێمەوە.

* بەڕێزتان هـەر لـە سـاڵانـی ١٩٦٠ وە بەردەوام سـاڵانـە گـەشـتـی دەرەوەی کـوردسـتـانتـان کـردووە. کـەچی وا لە ڕاپەڕینی ١٩٩١وە تا سـاڵی ١٩٩٨ بۆ یەکەم جار سەردانی دەرەوە دەکەن. نهێنی ئەم مەسەلەیە لە چیدایە؟ دەکرێ تیشکێکی بخەنە سەر!؟

ــ ئەوی ڕاسـتی بێ – کـاکی برا– لەم لایەنەوە لـەدوای سـاڵی ١٩٩١وە من دڵگیـر و بێ هەوەس بووم لەڕووی گـەشـتی دەرەوەی وڵات، چونکە وەزعـێکی تایبـەتی لەسـەر سنووری نێو دەوڵەتان دروست بوو. بە جـەربەزەیی نەبووایە

پیاو گەشتی دەرەوەی بۆ نەدەکرا. بەڵام لە دواییدا هەندێ ڕێکوپێک کرا. لەوساوە گەلێ داوەتنامەم بۆ هاتووە، لەوانە داوەتنامەی زانستگەی لەندەن، ئەمەیان خۆم نەچووم، چونکە وەزعی سنوور لەبار نەبوو. لەدوای ئەو داوەتنامەم لە ئیتالیاوە بۆ هات، ئەمەش هەر لەبەر هۆی پێشوو بۆم نەکرا بچم. خۆ داوەتنامەیەکی تریشم لە پاریسەوە بۆ هاتبوو، کاربەدەستان دوای بەسەرچوونی کۆنگرەکە ئاگاداریان کردم. وتیان بروسکەکە کەوتبووە ژێر مێزی ئەو مەسئوولە گەورەیەی بۆی نێرابوو، لە کاتێکدا دۆزرایەوە مەسەلەکە بەسەر چووبوو!
ئەمەی ئەم جارە من خۆم بڕیارم دابوو بۆ ڕووسیا بچم، چونکە دەساڵ بوو سەرم لەوێ نەدابوو. ئیتر وا ڕێک کەوت بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی کوردۆلۆجیی زانستگەی ئازادی بەرلین داوەت بکرێم. لەم ڕووەوە سوپاسی هەموو کاربەدەستانی سەرسنوور دەکەم لە ئیبراهیم خەلیل بۆ یارمەتییەکانیان، بەڕاستی دروشمی پیاوەتی و جوامێری بوون.

* مامۆستا لەم گەشتەتاندا کۆمەڵێ چالاکی و جموجۆڵی سەرکەوتوانەتان ئەنجام دا. دەکرێ لەم ڕووەوە ئاماژەیەک بۆ چالاکییەکانتان بکەن؟

ـ وەک لەوە پێش ڕوونم کردەوە لە بنجدا بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی کوردۆلۆجی هاتم لە زانستگەی ئازاد، باسێکم خوێندەوە بەناوی «ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لە پێناو مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا» لە دوای ئەوە ڕێکخراوە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و دۆست و برادەر و قوتابی و هەندێ لە خزمە نزیکەکانم ڕوویان تێ کردم. لە هەندێ کۆبوونەوەدا ئامادە بووم، لە هیی تریان باسم پێشکێش کرد لەبارەی ڕۆشنبیری کوردی و وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندنی قوتابخانە و ئامۆژگا و زانستگەکانەوە. لە کۆبوونەوە گشتی و تایبەتییەکاندا سۆز و زانستیمان تێکەڵ بە یەکتری کرد. هەندێ لە دۆست و قوتابیانم لە دەرەوەی بەرلین و ئەڵمانیا هاتن بۆ دیدەنیم، هەندێکی تر بە تەلەفۆن پێشوازییان کردم.
لووتکەی ئەو ڕێزلێنانە کۆبوونەوەکەی لاهای بوو پایتەختی هۆڵەندە، من تەنیا لەبەر ئەوە شانازیم بەو کۆبوونەوەیە نەکرد، چونکە بۆ ڕێزلێنان لەمن ساز کرابوو، بەڵکوو زیاتر لەوێ توانیم کۆمەڵێک لە دۆست و برادەر و قوتابیان و هاوڕێیان ببینم لە مامۆستاکانی لای خۆمان و ئەو شاعیر و نووسەرانەی تازە هەڵکەوتوون و ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا نەبوو.

* ژیان لە سایەی هەلومەرجی پاش ڕاپەڕین و دەسەلاتی کوردیدا چۆنە؟

ـ ئەگەر مەبەست لایەنی دارایییە ژیانم نەگەیشتە پلەیەک زگم بەخۆم بسووتێ، بەلام زگم بە خەڵکی کورد دەسووتا، ژن و پیاوی کورد زگیان بە پشتیانەوە نووسابوو لە برسانا، منداڵ بێ شیر و پێخاوس و بێ قوتابخانە بوو. زیاتر ڕەشبینی لەبەر ئەوە دایگرتبووم، چونکە نەمدەتوانی ئەم خەڵکە تێر بکەم. هەرچی لایەنی دەروونی ناوەوەم بوو کە ئێستا ڕزگاریم لێی نەبووە ئەو گرێ کوێرە سایکۆلۆجییەیە دەروونی هەلا هەلا کردووم و دایڕزاندووم.

* بە چییەوە خەریکن و پرۆژەکانی ئایندەتان چین؟

ـ زۆر شتم لە بەردەستدایە نازانم چۆن دەگەنە ئەنجام. دلم هەمیشە لای یادداشتەکانمە، دەمێکە خەریکم هێشتا بۆم تەواو نەکراوە. حەزدەکەم تەواوی بکەم، چونکە سیاسیانە نییە. بەڵکوو یادداشتی دڵدارێکە نیشتمانی بە بەهەشت و دۆزەخ داناوە، باس لە فریشتە و پەری و زەبانییە و پیاوکوژان دەکا. گۆرانی بۆ کتێب و گوڵ و منداڵ و ئافرەت دەڵێ، لەعنەت لە زۆردار و چلێس و خوێڕییان دەدا.

* چی بەو ئەدیب و نووسەرانە دەڵێن کە خۆیان کردۆتە پاشکۆی سیاسەتی ئەو حیزبانە و لەژێر سێبەری حیزبەکاندا خۆیان مەلاس داوە؟

ـ هەموو کەسێک سەربەستە لەوەی هەر جۆرە بیروباوەڕێکی هەبێ یا خۆی بکاتە ئەندام لە هەر ڕێکخراوێکی سیاسی «حیزب» یا هیی تر. لای ئێمە – داخی گرانم – هەر حیزبێک لەسەر سیاسەتی تاکە حیزبی دەڕوا و بیر دەکاتەوە، لەبەر ئەوە هەڵسوکەوتی دیموکراتیانە نابێ، ئیتر وا بزانم چۆن ڕۆشنبیر لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ئیدارەی نەدەکرد، هەروەها ئەدیب و نووسەری کورد لەگەڵ ئەم جۆرە حیزبانە ئیدارە ناکا. لای ئێمە وێنەکە زۆر سەیرە، نوسەر و ئەدیبەکە هەندێ جار خۆی وا دەردەخا کە ئەندامی حیزب نییە، بەلام کردەوەی لە ئەندامێکی بیرۆکراتی حیزبەکە حیزبیترە. ئەمانە پێویستە ڕێپێشاندەری حیزب بن، قەڵەم لە پێش شیر و تیر بێ، ئەگینا ئەگەر وا نەبێ ڕۆشنبیر دەبێتە پێشخزمەتی سیاسی، ئەمەش ئەوپەڕی کارەساتە.

* پێویستە کورد خەبات بۆ چی بکات؟ دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئێوە چییە؟

ـ پێویستە کورد خەبات لە پێناوی ئەوەدا بکا لە هەموو ئەو وڵاتانەی تیایاندا دەژی هاووڵاتی پلەی یەکەم بێ. بێگومان ئەگەر یەکێک بڵێ ئەمە بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبێ نایەتە دی، قسەکەی دەبێ بە ڕاست وەربگیرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی دەوڵەت لە سەردەمی ئێستاماندا چەمکی پاش جەنگی یەکەمی گێتی ناگەیەنێ.
گەلێ ڕێگە هەیە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی کورد ببێ بە هاووڵاتی پلەی یەکەم. ئەم مەسەلەیەش ئەوەندە پەرشوبڵاوە و قووڵە لەم گفتوگۆیەدا بۆمان ڕوون ناکرێتەوە.

* ئازاری ڕۆژە تاڵەکانی سەردەمی ڕژێمتان لە هەست و نەستدا ماوە؟

ــ لە ژیانمدا ڕۆژی تاڵ زۆر و هیی شیرین کەم بووە، سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیک و دوای هەرای عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨ و ڕۆژگارانی هەڵسانی ئەیلوول و ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و ئاداری ١٩٧٥ م لەبیرە. هەر هەموو ئێش و ئازار بووە بۆ میللەتی کورد، بەڵام من ئەم ئێش و ئازارەم لە بیر چۆتەوە، چونکە ئەوەی دوای بەهاری ١٩٩١ قورستر بوو لە کۆنەکان و لە پاشانا ئەوەی جێی داخە ئەمەیان لە خۆمانەوە هاتبوو نەک لە دوژمنەوە. ڕەنگە هیی وا هەبێ بڵێ ئەی هەرێمی ئاسایش و چەک و فڕۆکەکانی ئەمەریکا؟ دەڵێم: ئێمە یەک قەوارەی سیاسیمان دەویست ئەمانە کردیان بە دوو! ئەم کارە چۆن سەردەگرێ کاکی خۆم، لە گەڵ شاعیری مەزن شێخ ڕەزا با هەموومان بڵێین: نەعلەت لەبابی ڕۆمی!

* دەکرێ شتێ لەسەر کار و پیشەتان لە زانستگە، کەموکوورِی و گیروگرفتەکانتان، پرۆژە و داواکارییەکانتان باس بکەن؟

ـ لەسەردەمی ئێستاماندا هەفتەی شەش کاتژمێر لەبابەتی «ئەدەبی بەراوردکاری» دەرس دەڵێمەوە لە پۆلی سێیەمی بەشی زمانی کوردی، کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگەی سەلاحەدین، جگە لەوە سیمینارم هەیە لە بەشی ماجستێر و دوکتۆرا، هەروەها سەرپەرشتیکردنی نامەی ماجێستێر و دوکتۆراش هەندێکی کەوتۆتە سەرشانی من.
لە زانستگە کەموکوورِی زۆرە، گرنگترینیان زۆر لە مامۆستایانی ڕوویان

کرده هەندەران، بەلای منەوە نەدەبوو ئەمە بکەن، چونکە ئەگەر خەڵکێکی تر لە بێئیشی وڵاتیان بە جێ هێشتبێ، ئەوان ئیشوکاریان هەبوو. باری داراییان باش بوو، ئەوەی لە وڵات دەستیان دەکەوت لە دەرەوە دەستیان ناکەوێ، جگە لەوەی زانستی و بەهرەکەشیان بە فیڕۆ ڕۆیشتووە، چونکە لە دەرەوە بێ ئیش و کارن. هەروەها سەرچاوە و کەرەستە کەمە لە هەموو کۆلیجەکانی زانستگە. لەوەتەی ئازووقەی فرۆشتنی نەوتەکە بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرێ، کۆمەڵ هەندێ بووژاوەتەوە، ئەمە زانستگەش دەگرێتەوە، بەڵام خۆ نابێ ئەم بارە ناسرووشتییە هەتا هەتایە بەردەوام بێ!

* ئەو بزووتنەوەی چاپەمەنی و ڕۆشنبیرییەی ناوەوەی وڵات چۆن دەبینن؟

ــ ئەم پرسیارە وەرامی لەناو پرسیارەکانی تردا هەیە.

* بۆچی زمان بە داهێنانی یەکەمی ئەدەبی دادەنرێت؟

ــ ئەم پرسیارەش وەرامی لەناو پرسیارەکانی تردا هەیە.

* دیاردەی غەدر و فەرامۆشکاری لە ئەدەبەکەماندا بەهۆی چەند قەڵەم بەدەستێکی بێویژدان و نالەبارەوە خوڵقاوە! مەبەستمە بڵێم کۆمەڵێ شاعیر و ئەدیب لە بیر کراون. لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی یان ئیدیۆلۆژی. ئێوە چۆن ئەم دالەنگاوییە تێ دەهێننەوە؟

ــ ڕەنگە ئەم پرسیارە لە گەلێ کۆڕ و سیمینار و موحازەرەی زانستگە و دەسگا خوێندەوارییەکاندا باس کرابێ، مەسەلە لێکۆڵینەوەیە لەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و ڕاگەیاندن، واتە پێوەندی لەنێوان ئەم دوو شتەدا. ڕاگەیاندن گەیشتۆتە پلەیەک کارێکی جاران بە ساڵەهای ساڵ جێبەجێ نەدەکرا ئێستا بە چرکەیەک جێبەجێ دەکرێ. ڕاگەیاندن مایەی ناوبانگە، شاعیرێک شیعر بەسەر حیزبێک یا دەسەڵاتێکدا بڵێ و بڵێتەوە ناوبانگ پەیدا دەکا، بەڵام ئەگەر شیعرەکە ڕەسەنایەتیی تێدا نەبێ ئەو شاعیرە لە دواییدا لە بیر دەکرێ. ئەمە لە چوارچێوەی کوردەواریی لای خۆمان. بەڵام فەرموو لەو کاتەی من ئەم وەرامانە لە بەرلین دەنووسمەوە دووکەس پێچەوانەی یەکتری مۆنیکا لوینسکی و ئوسامە بن لادن ناوبانگی گێتییان پەیدا کردووە و ناویان لەسەر زاری هەموو کەسێکە.

تۆ وتەنی ئێمە شاعیرمان هەیە دەبێ شانازییان پێوە بکەین بەڵام گومناون، چونکە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نین، یا شیعریان بۆ ڕووداوی سەردەم نەوتووە، ئەمانە شاعیرن، ئەگەر ئێستاش ناویان لە ناوەوە نەبێ لە دوارۆژدا ناویان دێتە ناو ناوانەوە، ئەوانەی ڕاگەیاندنیش بەناوبانگی کردوون مێژوو ئەوان لەبیر خۆی دەباتەوە.

* [ئاوازی ڕۆژئاوا، ڕۆمیۆجولێت، ناڵەی دەروون] سێ بەرهەمی بەڕێزتانە کە بڵاوتان کردۆتەوە. وەلێ مەخابن بەشی زۆری خوێندەواران پێیان ئاشنا نین. ئێوە چ دەفەرموون و چ ڕوونکردنەوەیەکتان لەم ڕووەوە هەیە؟

ـ ئاوازی ڕۆئاوا کۆمەڵە شیعرێکی لیریکی هەندێ لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەورووپا بوو. لەکاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی «هەولێر – اربیل» ۱۹٥۰–۱۹٥۳ بە زنجیرە بڵاوم کردوونەتەوە، لەپاشانا کۆمکردنەوە و ویستم لە کتێبێکدا بڵاویان بکەمەوە، وا بوو لە دوا لاپەڕەی کتێبی «اغانی کردستان» بەغدا ۱۹٥٦ وەک هەواڵێک بڵاوم کردەوە، بەڵام هەلم بۆ ڕێک نەکەوت تا ئێستا بڵاوی بکەمەوە.
«ڕۆمیۆ و جولێت» بەشێک بوو لە ئاوازی ڕۆژئاوا بەڵام درێژ بوو، بە شیعر و پەخشان نووسرابووەوە و بە چەند زنجیرێک هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کرایەوە، ئەویش دەکرا تەنیا بکرێ بە نامیلکەیەک یا لەگەڵ «ئاوازی ڕۆژئاوا» بڵاو بکرێتەوە.
«ناڵەی دەروون» چیرۆکێکی شیعری بوو بە زمانی کوردی لەبابەت بەسەرهاتێکی دڵداری لەنێوان کوڕێکی دەوڵەمەند و کچێکی هەژار بە هەناسەیەکی ڕۆمانتیکی و مرۆڤایەتییەوە نووسیبوومەوە، ئارەزووم دەکرد چاپی بکەم، بەڵام نازانم چۆن ون بوو. غەمم بۆی نەخوارد و لە بیرم چووەوە.
ئەمەیە بەسەرهاتی ئەو نوسینانەی دەتانەوێ شتێکی لێ بزانن. هەندێ لە قوتابیانم دەتوانن «ئاوازی ڕۆژئاوا» و «ڕومیۆوجولێت» لە ڕۆژنامەی «هەولێر» وەربگرن و بڵاوی بکەنەوە. وا بزانم هەندێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی و لێکۆڵینەوەی ئەفەریقا لە زانستگەی لەندەن هەیە.

* چ بیرەوەرییەکتان لەبابەت کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپادا هەیە بۆمان بگێڕنەوە؟

ـ وەک دەزانن کـۆمـەڵەی خـوێندکـارانی کـورد لـە ئەوروپا لە سـاڵی ١٩٥٧ دروست بوو. ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی قوتابیانە بوو، مەرجی سەرەکیی بە ئەندامـبـوون ئەوە بـوو کـورد بێ لە هـەر پارچەیەکی کـوردسـتـان، هەروەها قوتابیش بێ.
من لە سـاڵی ١٩٦٠ بۆ خـوێندن ڕووم کـردە یەکـیـەتیی سـۆڤـیـەتی ئەو سـەردەمـە، لە نزیکەوە ئاگـاداری بووم، بەشـداریم لە دروسـتکردنی لقی کۆمەڵە کرد لە یەکیەتیی سۆڤیەت. لە هەندێ کۆنگرەکانیدا کە بە زۆری لە شارەکانی ئەڵمانیا دەبەسترا بەشداریم کرد.
لە سالی ١٩٦٤ کە دووبەرەکی سەری هەڵدا، کۆمەڵێک بەناوی «جەماعەتی برایم ئەحمەد» لە پارتی جیا بوونەوە. لە پێشانا ئەمە کارێکی وای نەکردە سەر کۆمەڵە. هەوڵیان دا کۆمەڵە ببێ بە لایەک، وا بوو مەسەلەکە بە جۆرێک شکایەوە کـۆمـەڵە بووە لایەنی جـەمـاعـەتی برایم ئەحـمـەد و دژی پارتی دیموکراتی کوردستـان و سەرکردایەتیی بارزانی. لەم هەڵوێستەدا کەمال فـوئاد دەورێکی باڵای هـەبوو. بێگومـان، ئەمـە کارێکی نابەجێ بوو، چونکە کۆمەڵە دەبوو هەر بە بێلایەنی و سەربەخۆیی بمێنێتەوە وەکوو لە بەرنامەی دامەزراندنی دیاری کرابوو.
من تەنیا بە قسە و کردەوە بێزاریی خۆم دەرنەبڕی، بەڵکوو بە نووسین. وا بوو وتارێکم لەم بابەتەوە نووسی و لە ڕۆژنامـەی «کـوردسـتـان»ی ئۆرگـانی حیـزبی دیموکـراتی کوردسـتـانی ئێـران «دەوری سێـیـەمی» بڵاوم کردەوە. ڕۆژنامـەکـە ئەو کـاتە لە شـاری «پراگ» دەردەچوو. لە وتارەکـەدا بوونی کۆمەڵەی خوێندکاران بە لایەنی جەماعەتی برایم ئەحمەد و دژی بارزانیم بە خـەتایەکی گـەورە پێـشـان دابوو. ئێـسـتـا و ئەوسـاش دەڵێم کـۆمـەڵە دەبێ بێلایەن بێ، چونکە هیی قوتابیانی هەموو کوردە نەک هیی حیزبێک.

* باوەڕتان وایە سەرباری ئەو پارچە پارچەیی و داگیرکراوییەی کوردستان، هێشتا نەتەوەی کورد خاوەنی ئەدەبێکی یەکگرتوو و دانەبڕاوە؟

ـ ئەدەبی کـوردی دابڕوا نیـیـە، دیاردەی پارچەپارچەبوون پێـوەندێکی بە یەکیەتیی ئەدەبەکەوە نییە. تەنیا ئەوە هەیە بارودۆخی تایبەتی کوردستان کارێکی وای کـردووە ئەدەبی کوردی بە دیالێکتـێک زیاتر لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی پەیدا ببێ، بەپێی ئەو ڕۆژگـارانەی بەسـەر مێـژووی کورددا تێـپـەڕیوە، ئەدەبەکـە لە ناوچەیەکـەوە بۆ ناوچـەیەکی تر دەربـاز بووە، وەک ئەوەی لە هەورامانەوە بچێتە جزیرە و بۆتان و لەوێوە بۆ وڵاتی سلێمانی و

گەرمیان. ئەم دیاردەیە لە گەلێ لە نەتەوەکانی تری سەر ڕووی زەویش هەیە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە مەسەلەی بوونی ئەدەبی کوردی بە چەند دیالێکتیک نابێ هیچ جۆرە گرێیەکی سایکۆلۆجی لای ڕۆشنبیری کورد دروست بکا، چونکە من وابزانم جیاوازی لەنێوان تێکستێکی شیعریی عەرەبی پێش ئیسلام و شیعری تازەی عەرەبی، یا لەنێوان شیعری شەکسپیر و شاعیرێکی تازەی ئینگلیز گەلێ زیاترە لە جیاوازیی نێوان غەزەلێکی مەلای جزیری و غەزەلێکی نالی و شیعرێکی بێسارانی. هەرچۆنێ بێ، ئەدەبەکەمان ڕەنگدانەوەی ژیانی نەتەوەی کوردە. بە چەند دیالێکتێک لە زمانی کوردی دابەش بووە.

* ئاشکرایە کە لە جیهانی ئەوڕۆدا بایەخ بە منداڵ زیاتر لە گەورە دەدرێت، سەبارەت بە منداڵی کورد، خاوەنی چ سەرمایەیەکی ئەدەبیین؟ ئایا بایەخی شیاو بەم لایەنە گرنگ و ناسک و هەستیارە دراوە؟ چ جۆرە بابەتێکی ئەدەبی بۆ منداڵ بە گونجاو دەزانن؟

ـ ڕەنگە ئەدەبی منداڵ لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا کارێکی تازە بێ، لەبەر ئەوە تاقیکردنەوە لەم لایەنەوە کەمە، لە پێشانا ئێمە لە کوردستانی عێراق ئەدەبی منداڵمان بە عەرەبی دەخوێندەوە. ئەویش بە زۆری لە میسرەوە دەهات. لە دوای جەنگی دووەمی گێتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا بایەخ بە ئەدەبی منداڵان درا، لە پێشانا بزووتنەوە بە وەرگێڕان دەستی پێ کرد، بە زۆری لە عەرەبییەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو ئەدەبە نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی پێویست بوو تێیدا بێ. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخە سیاسییە – کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکەی کوردی تێدا دەژی.

* چەند تەوژمێکی هزری و ئیدیۆلۆژی لەنێو کورددا وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی جیهان هەیە،. بەدیدی ئێوە لە کامە لەو ڕێباز و سەنگەرانەی هەن کورد دەتوانێ سوود و قازانجی ماکی و مینۆکیی خۆی زیاتر بەدەست بهێنێت؟ وە بە کام لەوانە کورد دەگاتە دوا هەواری سەرفرازیی خۆی؟

ـ ڕێبازی فەلسەفی و تیوریی زانستی و بیرکردنەوەی ئەکادیمی و بوونی حیزبێک یا زیاتر نابنە پرۆگرام بۆ دروستکردنی ستراتیجی ئێستای مەسەلەی کورد و بەکارهێنانی تاکتیک لەپێناوی ئەم ستراتیجە، یا بە واتایەکی تر ڕێبازێکی ئامادە لە ناوەوە نییە بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆین و

بگەینە ئەنجام. هێزی ناوەوە ئەو کەڵکەی نەماوە، هێزی دەرەوە گرنگە. ئێمە هەر کاتێک ئەگەر توانیمان بەرژەوەندی خۆمان لەگەڵ بەرژەوەندی هێزەکانی دەرەوە بگونجێنین بەتایبەتی ئەمەریکا ڕەنگە شتێک بە شتێک بکەین. تاقیکردنەوەی ساڵی ١٩٩١ زۆر گرنگ بوو، بەڵام تا ئێستاس لە دەستمان چووە، خەتای لەدەستچوونەکەش خۆمان بووین.

* کە دەڵێن [شەڕی کوردکوژی، براکوژی] و لەم ڕووەوە پرسیارت ئاراستە دەکەین ئێوە چ حاڵەتێکتان لا دروست دەبێت؟ بە باوەڕی ئێوە تای تەرازووی ئەدەبی لایەنگری ئەم دیاردە دزێو و نەفرەت لێبووە سەنگینە یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئەدەب دەتوانێ چ ڕۆڵێکی ئەرێتی یا نەرێتی لەم نەخشەدا بگێڕێت؟

ـ لەکاتی خۆیدا کە دووبەرەکی کەوتە نێوان دوو حزبەکەی کوردستانی عێراقیان بەرێوە دەبرد زاراوەی «براکوژی» پەیدا بوو. من لە دژی ئەو گوزارەیە بووم، چونکە دووکەس برای ڕاستەقینە بن یەکتری ناکوژن، ئەگەر یەکتری بکوژن دیارە برای ڕاستەقینە نین. لەوانەیە بۆ یەکەم جار من گوزارەی «کوردکوژی»م بە کار هێنابێ. هەرچۆنێ بێ بەرهەمی ئەدەبی بەرامبەر ئەم دیاردە نالەبارە چۆن بووە! تا ئێستا بەرهەمێکی ئەوتۆم چاوپێ نەکەوتووە دژی «کوردکوژی»بێ، یا هیچ نەبێ ناوبژی بکا. بەڵام بەرهەمی وا کەوتۆتە بەرچاو، گۆرانی بۆ لایەنێکی براکوژییەکە بڵێ، ئەمەیان تاوانێکی ئەدەبییە، چونکە بەشداربوونە لە شەڕی «کوردکوژی». بە لای منەوە هۆی بێدەنگیی هەندێ نووسەر و شاعیر لە ترسەوەیە، ئەوەی تریش هەڵپەرستییە لە پێناو بەرژەوەندی خۆی. دەبێ بە لایەک لە مەسەلەکە و خۆی دەدۆڕێنێ و شیعرەکەی لەدوای ماوەیەکی کەم مۆدەی بە سەر دەچێ.

* چۆن دەتوانین بە بیروباوەڕی کوردایەتی و ئەدەبەکەمان کەسایەتییەکی کوردیی ڕەسەن و هاوچەرخ پەروەردە بکەین و بخوڵقێنین؟

ـ هەوڵدان بۆ دروستکردنی گیانی کوردایەتییەکی ڕەسەن لە سامانی نەتەوایەتیی سەردەم، ئەدگاری قۆناغی ئێستایە. مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد و نەگەیشتنی بە ئامانج، سنووری پێویستییەکانی ئەم قۆناغەی کێشاوە. بێگومان لەوەدا نییە گەیشتنی بە ئامانج لە بنچینەوە پێویستییەکان دەگۆڕێ، واتە پێویستی تازە دروست دەبێ. ئێمە ئەوە باش

دەزانین بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ڕەنگدانەوەی پێوەندییە دڵسۆزییەکانی نێوان ئادەمزاد دەبێ و لەگەڵ سروشتدا تێکەڵ دەبێ، ئیتر نووسەر و هونەروەر هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵ بە کوردایەتییەوە دێنێتە ناو بەرهەمەکەیەوە، مەرجی سەرەکی لەو بەرهەمەدا ئەوەیە نرخی ئیستێتیکی نەفەوتێنێ، لە دوارۆژدا وەکوو یادگارێکی بەنرخ لە مێژووی ڕۆشنبیریی نەتەوەدا بمێنێتەوە.

# لەتیف هەڵمەت

# لەتیف هەڵمەت

* لای ئێوە هیچ دەقێکی «شیعری لوتکە» لە شاعیرانی پێش خۆتان یان هیی هاوچەرخی خۆتان هەیە پێیدا هەڵزنابن، بێ خلۆربوونەوەی «سیزیف»انە بە ئومێدی تێپەڕاندنی تاوتان دابێتە خۆ؟

ـ شیعری لووتکە لەلای شاعیرانی پێشوومان زۆرن، لەوانەیە بتوانم لە شیعری کۆنماندا سەد شیعر بەڵکوو زیاتریش بەبێ دوودڵی دەستنیشان بکەم... بەڵام من زیاتر هەوڵی ئەوەم داوە بەسەر لووتکە شیعرییە جیهانییەکاندا هەڵزنێم و ماڵێکی تایبەتی بۆ خۆم دروست بکەم... دەبا لێرەدا بێ گرێ و گۆڵ ئەوە بڵێم لە شیعری کوردیدا لەدوای گۆران هەتاوەکو سەرەتای حەفتاکان کە گروپی کفری سەری هەڵدا، شیعری لووتکە نەنووسراوە و لەوە بەدواش هەتا ئێستا هەرچی نووسراوە لاساییکردنەوەی ئەو شێوازەیە کە گرووپی کفری دایانهێنا... واتا ئەو شێوازە شیعرییەی کە من لە بەشێکی زۆری کۆمەڵە هۆنراوەی «خوا و شارە بچکۆلەکەمان» و فەرهاد شاکەلیش لە کۆمەڵە هۆنراوەی «پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی»دا بە کاری هێنا. ڕەنگە لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا لێرە و لەوێ هەوڵێکی تازە هەبێ بەڵام لە سەرەتادایە و هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی تێپەڕاندن.
بەهەرحاڵ من لە هەندێ شیعری سەرەتامدا نەبێ کاریگەرێتیی شیعری کوردیم پێوە دیار نییە و زیاتر دوای هەنگاوە گەورەکانی شیعری بیانی کەوتووم و بە پێچەوانەشەوە بۆن و کارێگەرێتیی شیعری من بە شیعری گەلێ شاعیری دوای خۆمەوە دیارە و من یەکەم شاعیری کوردم کە شیعر و پەخشانم تێکەڵی یەکدی کردووە و گەلێ شاعیر لەم بوارەدا لاساییی منیان کردۆتەوە و کەچی هیچ ڕەخنەگرێک ئاماژەی بۆ ناکات. هەروەها من یەکەم شاعیری کوردم لە ساڵانی حەفتادا شیعری پەخشانم نووسی و من (باسی ساڵانی حەفتا دەکەم) ئەگینا لە ساڵانی پێشتردا وەکوو تاقیکردنەوەی نابەردەوام و پچڕپچڕ لێرە و لەوێ هەندێ شیعری پەخشان نووسراون. هەر بۆ نموونە نووسەر و ڕۆماننووسی بەتوانای کورد مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە چلەکانی سەدەی بیستدا دەقی (بەرەو ڕووناکی) کە بە ڕای من دەقێکی شیعرییە لە فۆرمی پەخشاندا نووسیوە و هەروەها مامۆستا نووری وەشتی لەو بوارەدا چەند تاقیکردنەوەیەکی لە شەستەکانی سەدەی بیستدا هەبووە... و ئیتر کۆڵی داوە... بەڵام من بە بەردەوامی لە ساڵی حەفتاوە

شیعری پەخشانم بڵاو کردۆتەوە و بە نووسینیش بەرگریم لەم جۆرە شیعرە کردووە و شیعری کورت و درێژم لە فۆرمی پەخشاندا نووسیوە و لە کۆمەڵە هۆنراوەی «خوا و شارە بچکۆلەکەمان و ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر و پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە و گەردەلوولی سپی و ئەو هۆنراوەیەی تەواو دەبێ و تەواو نابێ و ئەو نامـــــانەی کــــــە دایکم نایانخوێنێتەوە و... وشەی جوان گوڵە گوڵ و گورگەکانی لەتیف هەڵمەت»دا سەدان شیعری کورت و درێژی پەخشانم بڵاو کردۆتەوە... واتا من ئەفرێنەر و گەشەپێدەری ئەم جۆرە شیعرەم، کەچی هەندێ ڕەخنەگری نوستوو دەیانەوێ بە زۆری زۆردارەکانی ئەم پێشەنگییە لە من بستێننەوە و بە کەسانی دیی ببەخشن.

* شیعر هەیە دوای مردنی شاعیریش هەر شیعر و زیندووە! هەشە هەر لەگەڵ لەدایکبووندا مەرگی خۆی پێیە! ئەو جۆرە شیعرانە کامانەن بە نموونەوە؟ ئەی بنەمای ژیانی هەمیشەیی «زیندوویەتی»ی شیعر چییە؟

ـ هەر شیعرێک بەپێی خواست و بەرژەوەندی لایەنێک یا پارتێک یا بۆ بۆنەیەکی تایبەتی تەسک بنووسرێ ڤایرۆسی مەرگی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ... پێم ناڵێی بە مەبەستێکی ئەرشیفی و بیبلۆگرافیاکاری نەبێ کێ ئەو سەدان شیعرە دەخوێنێتەوە کە بۆ چواردەی گەلاوێژ و عەبدولکەریم قاسم نووسراون؟... پێم ناڵێی کێ ئێستا لە سەرانسەری ڕووسیادا ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە کە بە شانوباهووی لینین و ستالین و شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هەڵدراون؟ کێ ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە کە بۆ جەمال عەبدولناسر نووسراون... ئەو جۆرە شیعرانە شیعری سات و کاتن و وەکوو زوقم لەژێر پێی مێژوودا دەتوێتەوە... جێی خۆیەتی بڵێم هەموو شیعرەکانی شاعیری گەورەی ڕووسیا مایکۆڤسکی زیندوون و هەر زیندوون. تەنیا ئەو شیعرە درێژەی نەبێ کە بۆ لێنینی سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری نووسیوە. بەڵام قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور»ی نالی و «جوانی بێ ناو»ی گۆران و «لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارولـولکی بابان بوو»ی شێخ ڕەزا و سەدان و هەزاران شیعری دیی کوردی و جیهانی کە دوورن لەوەی بەپێی خواستی حزبێک یا لایەنێک نووسرابن یا بۆ قایلکردنی لایەنێکی دیاریکراو نووسرابن، دەچنە خانەی جاویدانییەوە.

* شیعری کوردی لە هەنووکەدا دەتوانێ سەرێکی نوێ بەخۆیەوە بنێ؟ لە

کـاتێکدا وا هـەست دەکـرێت ڕێگە نادرێ و دەرگـا ئـاواڵە ناکـرێ و نیـیـە بۆ هەڵکەوتنـی شـاعیـری پەیامـێکی نوێ؟ ئایا کـات و زەمـینەکە داهـێنەرکوژ و خەسێنەر و تواناهەڵلووشە؟ یاخود چی ماوە بە شیعر بگوترێت؟

ــ شیعـری کوردیش وەکوو شیعری هەمـوو گەلانی جیهان لە کاتی پێویستدا ڕێگـایەکی نـوێی بـەرەو لووتکـەیەکی نـوێ گـرتـۆتە بەر... مـن لەگــەڵ ئەوەدام هەزار گـوڵ بپـشکوێ و هـەزار شـێوازی نوێی شـیـعری لە دایک بێ... شـیـعر هیچ شـێـوازێکی چەسـپـاو و نەگـۆڕی نیـیـە و شـاعـیـری زیندوو لە هەمـوو سـەدەیـەکـدا ئەو شـاعـیـرانەن کـە ڕچە دەشـکـێنن و لە قـاڵب و مـۆرک و چوارچێوە باوەکانی شیعر دەردەچن... من پێشم سەیرە دەڵێی [وا هەست دەکرێت ڕێگە نادرێ و دەرگـا ئاواڵە نـاکرێ و نییە بۆ هەڵکەوتنی شاعیری پەیامـێکی نوێ... هتـد] بە ڕای مـن شـاعـیـری ڕاسـتـەقـینە و داهێنەر چاوەڕوانی ڕێگادان و دەرگـا ئاواڵەکردن نییـە... بەڵکوو خـۆی ڕێگای نوێی خـۆی دروست دەکـات و خـۆی ئەو دەرگـایـانەش دەکـاتەوە کـە پێش خـۆی داخـراون... بەڵام لە بارەی پەیامی نوێوە من زۆر بە دڵنیاییەوە دەیڵێم پەیام گـەیاندن ئـەرکی پێـغـەمـبـەرانە، دروودی خـوایان لێ بێ، نەک ئـەرکی شـاعیران... «ئەمـە ئەگەر مەبەستت لە پەیام... پەیامێکی کۆمـەڵایەتی بێ»، من لەگـەڵ ئەوەدا نیم شـاعـیـر چارەسـەرکـارێکی کـۆمـەڵایەتی بێ، بـەڵکوو گەورەیی شاعیر لەوەدایە گەلێ لە بەند و باو و ئەفسانە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە لاوە و بازیان بەسەردا بدات و هەر لە کۆنیشـەوە شیعر و سیحر بە یەکەوە ناوزەد کراون و خوای مەزنیش لە قورئانی پیرۆزدا زۆربەی شاعیران بە هەڵەشـە و لەڕێ لادەر و سـەرگەردان دادەنێ و مـن دووبارە بە دڵنیـاییـەوە دەیڵێم شاعیر، کە بوو بەوەی پەیامێکی کۆمەڵایەتی بگەیەنێ... ئەوە دەبێ بە چارەسـەرکارێکی کۆمـەڵایەتی و هـەلومـەرجی شـاعیرێتی لە شـیـعرەکانیدا نامـێنـێ... چونکە شـیـعـر لە بنـەڕەتدا جـوانکارییـە و شـاعـیـر ئەگـەر هەر ئەرکێکی دی بخاتە سەرشـانی شیعر... ئەوە شیعر لە شیعر دوور دەخاتەوە و لە گوتاری کۆمەڵایەتی و پەند و ئامۆژگاریی نزیک دەکاتەوە.
پێم ناڵێی نالی کە دەڵێ:

کە تۆ «قیبلە»ی دەمت سابێنە قوربان
لەسەر «قوبلە» دڵم مەشکێنە قوربان

جگە لە جوانکاری چ پەیامێکی هەیە؟

* شاعیر و مێژوو چ پەیوەندییەکی ئۆرگانییان پێکەوە هەیە؟

ـ شاعیر دەتوانێ کەسایەتییەکی مێژوویی یا دیاردەیەکی مێژوویی بکاتە جەڤەنگێک و لە شیعرێکدا یا لە چامەیەکدا بە کاری بێنێ و بیکات بە کارێکی شیعریی سەرکەوتوو. من خۆم لە قەسیدەی «بتانەوێ و نەتانەوێ رۆژێ لەرۆژان نالی بۆ شارەزوور دەگەرێتەوە»دا نالیم کردووە بە پاڵەوانی قەسیدەکە و مەودایەکی دیم داوەتێ. ئەویش مەودای [گەرانەوەی شۆرش]، دوای ئەوەی کە لە پیلانی شوومی ئەلجەزایردا شۆرشی رزگاریخوازی کورد دامرکایەوە... بە دڵنیاییشەوە دەیڵێم هیچ کەسێ پێش من نالیی لە شیعردا بەو شێوەیە بە کار نەهێناوە... بەڵام ئەگەر شاعیر بیەوێ مێژوو بکات بە شیعر، بێگومان لەو حاڵەتەدا جەوهەری شیعر دەدۆرێنێ و وەکوو مێژوونووسێک سەودا لەگەڵ وشەدا دەکا. بێگومان ئەگەر بشمەوێ لەو بارەیەوە نموونە دیاری بکەم زۆر زۆرە و دەتوانم بڵێم هەندێ یا خود گەلێ لە شاعیرە گەورە و داهێنەرەکانیشمان لەو جۆرە شیعرەیان هەیە کە زیاتر مێژووە نەک شیعر و تەنانەت شاعیرێکی داهێنەری وەک گۆرانیش زیاتر لە شیعرێکی لەو بارەیەوە هەیە؛ وەکوو لە سەرەتای شیعری (بۆ هەڵۆ بەگ) و (شینی قالەی ئایشەخان)...هتد

* نوێگەری دیاردەیەکی بەدفەساڵ و دزێوە یان رازاوە و بەلەزەتە؟ ئەم کارە چۆن پێویستە و چۆن باشە بخرێتە گەر و مەیدانەوە؟ بە کورتتی گەر گۆران بە دی ناکەن، کەی شەمەندەفەری گۆران و بەرەوپێشچوون پێویستە بکەوێتە گەر؟

ـ نوێگەری ئەو ئاوی زیندەگانییەیە کە زیلقەرنەین بۆی گەرا و نەیدۆزییەوە و ئەو گیایەیە کە گەلگامش دۆزییەوە و مار لێی دزی... ئەفسانەیەک لەبارەی سەمەندەرەوە هەیە دەڵێ کە پیر دەبێ گر دەگرێ و لەژێر ژیلەمۆکەی خۆیەوە سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە. بەم جۆرە نەمری بۆخۆی مسۆگەر دەکات... ئەگەر سەمەندەر بەبێ سووتان نەتوانێ نەمر بێ... بێگومان نە شیعر و نە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری ناتوانن بەبێ نوێگەری نەمری بۆ خۆیان دابین بکەن.
شیعری کوردی هەمیشە لەگۆراندا بووە. من بەبێ سڵ و کۆ دەیڵێم (مەلای جزیری) (ئەحمەدی خانی) نییە و (مەحوی) (نالی) نییە و (شێخ رەزای تاڵەبانی) (مستەفا بەگ) نییە و (مەولەوی تاوەگۆزی) (بێسارانی) نییە و

(سافی هیرانی) (وەفایی) نییە و (تایەربەگی جاف) (ئەحمەد موختارجاف) نییە و (گۆران) (فایەق بێکەس و بێخود و کێ و کێ) نییە. هەروەها دەنگە یاخییەکانی سەرەتای حەفتاکانیش دووبارەکردنەوەی دەنگی گۆران نییە... بەڵکو گۆڕانکارییەکە لە جوگرافیای شیعری کوردیدایە... من کە بە شیعری کوردیدا دەچمەوە شاد دەبم بەوەی کە هەست دەکەم سەربارى ئەوەی کە خاک و زمان و مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد بەردەوام لە مەترسیدا بووە... دەبینین شیعری کوردی بەردەوام لە گۆڕانکاریی جواندا بووە... و لە هەموو سەدەکانی شیعری کوردیدا شاعیری مەزن و شیعری شاکار هەیە...

* داهێنان هەر بە لاسایی و خۆدان بەدەم تۆفانی مۆدێرنەوەیە یاخود بە سەرچڵی و چاوقایمیی دادەنێن و ئەم مەرجانە بۆ داهێنان بەپێویست دەزانن؟

ـ داهێنان بە ڕای من شێوازی لە قاڵبدراوی نییە. داهێنان هەیە بە پێڕەو و پرۆگرام ئەنجام دەدرێ و داهێنانیش هەیە بە یاخیبوون و شێتێتی و سەرچڵی و چاوقایمی دێتە دی... هەندێ داهێنانیش هەیە هەر بە ڕێکەوت دێتە کایەوە...
ئێمەی گرووپی کفری پێڕەو و پرۆگرام و یاخێتی و شێتێتی و سەرچڵی و چاوقایمیشمان تیادا بوو... واتا هەموو خەسڵەت و ئەدگارەکانی داهێنانمان تیادا بوو. توانیمان دژی هەموو بەند و باوە کۆنەکان ڕاوەستین و ڕێگای خۆمان ببڕین... شایانی باسە ئێمە دەرگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنمان لە ڕوودا داخرابوو لەو لایەنەوە ئاوڕمان لێ نەدرایەوە و بە پێچەوانەشەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەوسا لەڕووی برادەرانی ڕوانگەدا لەسەر پشت بوو. هەر بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا هەموو بیروڕا و شیعر و چیرۆک و بەیاننامە و وەڵام و بەرگری لەخۆکردنێکی ئەوان بە ئاسانی بڵاو دەکرایەوە، بەڵام بابەتەکانی ئێمە زۆر بەڕێکەوت بڵاو دەبوونەوە و هەزار و یەک تەگەرەیان دەخستە ڕێگای. بەتایبەت دوای ئەوەی کە ناکۆکیی نێوانی هەردوو گرووپەکە بە ئاشکرا تەقییەوە. ئەویش دوای ئەو بەیاننامەیەی کە گرووپی کفری لە ١٤ی تەمووزی ١٩٧١ لە کۆنگرەی نووسەراندا کە لە هەولێر سازکرا بڵاوی کردەوە. شایانی باسە لەو سەردەمەدا بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی کۆمەڵە هۆنراوەی «من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ»ی کاک شێرکۆ بێکەسی بە جوانترین شێوە چاپ کرد... بەڵام گرووپی کفری نە ئەو دەزگایانە لای لێ دەکردینەوە و نە

خۆشمان دەمانتوانی بە ئاسانی بابەتەکانمان چاپ بکەین... بەڵام چونکە ئێمە گرووپێکی ڕەسەن بووین هەر ماینەوە و ڕوانگە هەڵوەشایەوە.

* چی هانی «لەتیف هەڵمەت»ی داوە و دەدات بۆ شیعر وتن؟

ـ زۆر هۆکار هەبوون کە هانیان دام ببم بە شاعیر و دەتوانم بڵێم من بە زگماک و میرات جۆرێک لە جۆرەکانی شاعیرێتیم لە باوباپیرانمەوە بۆ ماوەتەوە و توانیومە پەرەی پێ بدەم و بیگەیێنمە ئەم پلەیەی ئێستا... جێی خۆیەتی بڵێم من کوڕی بنەماڵەیەکی ڕێبازی قادریم و باوباپیرانم خەریکی وەرزشی ڕۆحی و سۆفیگەری بوون و شیعریش پێویستی بە وەرزشی ڕۆحی و سەرنجدان و وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی سۆفییانە هەیە و باپیرم «شێخ مەحەمەدی کوڕی شێخ حەسەن»ی کەسنەزان یەکێک بووە لە سۆفییە گەورەکانی سەردەمی خۆی، وەکو دەڵێن شیعریشی هەبووە و کاتێ کە لە کەسنەزان دوورکەوتۆتەوە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێبازەی گرتوویەتی لە گەرمیان نیشتەجێ بووە... زۆرجار سۆزی یەکەم مەفتەنی دەروونی تەنیوە و بە دەنگێکی سۆفییانەوە شیعری گوتووە و دوو دێڕ شیعریم لە بەرە کە دەماودەم گەیشتۆتە من و لە گەرمیانەوە یادی کەسنەزان دەکات و ئەمەش دوو دێڕەکەیە:

بۆی بەیان مەیۆ... بۆی بەیان مەیۆ
بۆی بەیانەکەی کەسنەزان مەیۆ
(یا) بۆنی تەهلیلەی کەسنەزان مەیۆ

هەروەها باوکیشم شاعیرە و کتێبێکی بەناوی «میعراجی ڕاستی» لەساڵی ١٩٨٣ دا لە چاپخانەی «الحوادث» لە بەغدا چاپ کردووە، کە بریتییە لە ٦٨ لاپەڕە و هەمووی بە شیعر نووسراوە و بە کورتی چیرۆکی، یاخود ڕووداوی میعراجی لە دید و بۆچوونێکی تازەوە خستۆتە ڕوو... جگە لەوەش باوکم دەیان شیعری هەمەجۆری دیی هەیە کە هێشتا چاپ نەکراون..
جگە لەم هۆیانەش دەتوانم بڵێم دایکی جوانەمەرگیشم سۆزی شاعیرێتیی تیا بوو.. زۆرجار بە دەنگە خۆشەکەی شیعر و هۆنراوەی لایلایەی بۆ ئەو خوشک و برایانەم دەگوت کە لەخۆم بچکۆلەتر بوون... یا هەندێ جار بە شیعری سۆفییانە زاخاوی مێشکی مناڵیمانی دەدا وەک:

حەزرەتی غەوث خەرقەی سەوزە
ئوغرکا بۆ سەر ئەو حەوزە
لا اله الا الله
حەزرەتی غەوث خەرقەی شینە
ئۆغرکا بۆ مەکە و مەدینە
لا اله الا الله

جگە لەوەش هەندێ جار لە کاتی باران باریندا شیعری فۆلکلۆری بۆ دەگوتین وەک:

باران ئەبارێ تاو تاو
ئەدا لە پرچی ئافتاو
باران دەبارێ چین چین
ئەدا لە پرچی گوڵچین
باران ئەبارێ نم نم
ئەدا لە پرچی شەونم

ئەم بابەتانەی کە من بە منداڵی لەدایکم دەبیست کاری زۆریان تێ دەکردم و ڕەزمێکیان دەدا بە ناخی ژیانم و لە گەڵیاندا دەژیام و بوون بە هۆیەکی تری شاعیرێتیم.
هەروەها دەنگی قورئان خوێندنی باوکیشم بەتایبەتی لەبەربەیاندا کاریگەرییەکی تەواویان لە دەروونم دەکرد و وشە و مۆسیقای وشەیان لا خۆشەویست دەکردم و باوکم زۆربەی زۆری قورئانی پیرۆزی لە بەر بوو. هەموو بەیانییەک لە دوای نوێژکردن یەک دوو کاتژمێر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی لەبەر دەخوێند... زۆرجاریش قەسیدەی بوردییەی دەخوێندەوە و ئەوەش کاریگەرێتیی خۆی هەبوو... گەلێ جاریش هەندێ مەلا و سۆفی و دەروێش لە ماڵماندا کۆ دەبوونەوە و شیعری حافزی شیرازی و سەعدی و فەریدەدینی عەتتار و هتد دەخوێنرایەوە و ڕاڤەدەکرا و منیش گوێگر بووم کاریان تێدەکردم. ئەمە لە سەردەمی منالّی و هەرزەکاریمدا، بەلاّم کە گەورە بووم خۆم سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی خۆمم هەڵبژارد.

* ئێوە لەپاڵ شیعر نووسیندا دەستتان بۆ زۆر کاری دیکەی وەک ڕۆژنامەنووسی، ئەدەبی منالاّن، وەرگێڕان و نووسینی وتار لە بواری

جیاجیادا بردووە و ئێستاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەسەر دڵداری و تەسەوف. ئەمانە چۆن و چ ئامانجێکیان هەیە؟ شیعر تێرتان ناکات یاخود بەهرە تاقی دەکەنەوە؟

ـ هەر من نیم سەرقاڵی فرەبابەتی ئەدەبی بم، بەڵکوو گەلێ شاعیر و نووسەری تری کورد و ناکورد لە بوارە جیاجاکانی ئەدەب و هونەردا چالاکیی دیار و بەرچاویان هەیە. لەو بارەیەوە نموونە ئەوەندە زۆرە دەتوانین لە ناوەکانیان چەند کتێبێکی چەند سەد لاپەڕەیی دابنێین. بەڵام من لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە چەند ناوێکی ناسراو لە بواری ئەدەب و هونەردا دەخەمە ڕوو. وا بزانم مشتێک نموونەی خەرمانێکە. «تاگوور، شانۆنامە و شیعر و چیرۆکی نوسیوە و جەبران خەلیل جەبران چیرۆک و شیعر و نووسینی فەلسەفی و شانۆی نووسیوە و تابلۆشی کێشاوە... میخائیل نوعەیمەش گوتار و ڕەخنە و فەلسەفە و شیعری نووسیوە. ئەدۆنیس شیعر و لێکۆڵینەوە و تیۆریی شیعری دەنووسێ و ئیبراهیم ئەحمەد شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتاری سیاسیی نووسیوە... وا بزانم ئەم نموونانە بەسن و لە بیریشت نەچێ گوتەر گراس کە خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتووە شاعیر و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس و پەیکەرساز و وێنەکێش و سیاسەتمەدار بوو.. هتد.

* بڕیارتان داوە تا ساڵی ٢٠٠٠ شیعر بڵاونەکەنەوە! ئەمە غەدر و ناهەقی نییە بەرانبەر بە قۆناخێکی پڕ لە کارەسات و ڕووداو کە ئێوە بێدەنگی یا خۆدزینەوەتان تێیدا هەڵبژاردووە؟ ئەم باس و خواسانە چۆن ناتتەقێنن و ناتهەژێنن؟! چۆن دەتوانن بێدەنگ بن؟

ـ بە ڕای من هەموو ئەفرێنەرێک پێویستی بە پشوودان هەیە. دەزانم لەبارەی ئەم بێدەنگییەوە گەلێ مقۆمقۆ و قیل و قال هەیە.. بەڵام بیرت نەچێ ئەو ساڵانەش کە شیعرم زۆر بڵاو دەکردەوە بە جۆرێ لە جۆرەکان ژاوەژاو و گاڵەگاڵ هەبوو. هەرچۆنێ بێ من بەختەوەرم کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا سەرنجی ئەم و ئەوم ڕاکێشاوە..
دەڵێن جارێکیان بە بەرناردشۆیان گوت: خەڵک زۆر باست دەکەن.. گوتی قەیچێکە... سوپاسیان دەکەم.. گوتیان بە جۆرێک باست دەکەن لە بەرژەوەندیتدا نییە... گوتی نووسەر گرنگ نییە بە باش یا بە خراپ باسی بکەن.. کوێرەوەریی نووسەر لەوەدایە کە بە هیچ جۆرێ کەس باسی نەکات.

بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ لە مێژووی ئەدەبدا گەلێ حاڵەتی لەم جۆرە هەبووە. شاعیری ناسراوی عێراق «عبدالوهاب البیاتی» لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا باسی ئەوە دەکات دوای چەند دیوانە شیعرێک بۆ ماوەی ١٠ ساڵی ڕەبەق هیچی بۆ نەنووسراوە و ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە ئیتر لێ چووبێتەوە... بەڵام دوای ئەوە بە گوڕ و تینێکی نوێوە هاتۆتەوە مەیدانی شیعر... هەروەها هەندێ شاعیری عەرەبی پێش ئیسلام هەبوون ساڵێ جارێ شیعرێکیان دەنووسی..

ئەو ماوەیەی من دامنا بۆ بڵاونەکردنەوەی شیعر تەواو بوو. ئێستا ساڵی دووهەزارە و دەتوانم لافی ئەوە لێ بدەم کە ئەم شیعرانەی لەم حەوت هەشت ساڵەدا نووسیومن و بڵاوم نەکردوونەتەوە لە ناوەڕۆک و شێوازدا تا ڕادەیەکی زۆر تێپەڕاندنی شیعری خۆم و سەرجەم شیعری کوردییە. وەک چۆن گرووپی کفری تێپەڕاندنی سەرجەم شیعری کوردیی ئەو سەردەمە بوو. زۆر زۆر بە دڵنیاییشەوە دەڵێم هێشتا هەموو دەنگەکانی شیعری کوردی لە سەداسەد لە کاریگەریتیی شێوازی گرووپی کفری دەرباز نەبوون.

* هەستێک، خەیاڵێک، ڕووداوێک و بیرۆکەیەک هەبووە بە دەستییەوە دۆش دامابن و سوێتان بووبێتەوە و بۆتان نەبووبێت بە شیعر؟

ـ بەڵێ هەست و خەیاڵ و ڕووداو و بیرۆکە هەبوون و هەن بوونەتە مایەی دۆشدامان و سوێبوونەوە و نەمتوانیوە و ڕەنگە نەشتوانم بیانکەم بە شیعر. زۆر کچی جوانم بینیوە و بەرانبەر بە جوانییەکەی دۆش داماوم و نەمتوانیوە بە شیعر نە باسی شەنگ و شۆخیی کچەکە بکەم و نە باسی دەستڕەنگینی و مەزنیی ئەو خوایەی کە ئەو هەموو جوانییەی ئەفراندووە...

لەساڵی ١٩٦٣ دا کە تەمەنم نزیکەی ١٣ ساڵان دەبوو سوپایەکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی دەیان تانک و سەدان حەرەس قەومیی تورکمانی شاری کفرییەوە شاڵاویان بردە سەر گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کفری و لە گردۆڵکەکانی نێوان شاری کفری و گوندی –ناساڵح –دا نزیکەی بیست و حەوت، بیست و هەشت پێشمەرگە کەوتنە بۆسەوە و دوای شەڕێکی دەستەویەخە و سونگیتاق هەموویان شەهید بوون. هەندێ لە حەرەس ناقەومییە تورکمانەکانی کفری لاشەی لەخوێندا خلتانی چەند پێشمەرگەیەکیان هێنایەوە و بە تومبێل بەناو شاری کفریدا ڕایان دەکێشان و دەهۆڵ و زوڕنایان لێ دەدا. کە بە ڕێکەوت چاوم بەو دیمەنە کەوت دامە

پرمـەی گریان و چوومـەوە بۆ مـاڵەوە و شـیـعـرێکم نووسـی.. ئەمـە یەک دوو دێڕیەتی:

وەک گشت شارێکی کورد شاری کفری
جێگەی نەبەرد و قوربانی دانە
گشت ئەستێرەیەک کە تیشکی هەڵدێ
پێشمەرگەیەکی تیادا پەنهانە

شـایـانی بـاسـە ئەو ڕۆژە دوو پارچە شـیـعـرم نووسـی و لە ڕۆژنـامـەی (خـۆرنەوەزان)دا بڵاوم کردۆتەوە و هـەردوو شـیـعـرەکەش تا ڕادەیەک کرچ و کاڵن و پڕن لە سـەرگەرمـێتیی لاوی ... بەڵام من بە ئەقڵ و ئاوەزی ئەوسـای هەرزەکـاریـی خـۆم وام دەزانی جـوانتـرین شـیـعـرم بۆ ئەو شـەهـیـدە مـەزن و نەمرانە نووسیوە... بەڵام کە گەورە بووم و زیاتر لە شیعر نزیک بوومەوە بۆم دەرکەوت ئەوانە قسەن و شیعر نین. من لەوساوە هەتاکوو ئێستاکە دەمەوێ قـەسـیـدەیەک لەبارەی ئەو کـارەسـاتەوە بنـووسـم نەمـتـوانیـوە و هـەتاوەکـو ئەم ئان و سـاتەش سـوێی ئەوە ئەمـبـاتەوە کـە نـاتوانم شـیـعـرێک بنـووسـم بەرجـەسـتـەی بکات. زۆرجار ئێرەیی بە هونـەرمـەندانی شـێوەکـار دەبەم و دەڵێم ئەوان چەند بەختەوەرن دەتوانن بە فڵچە و بۆیە زۆر پاڵەوانیەتی و زۆر کارەساتیش دەقاودەق بەرجەستە بکەن.

من هـەندێ جـار وا هـەست دەکـەم ئەگـەر هەرچی دەنکە لم و چەوی دونیـا هەیە ببن بـە وشـە ناتوانن تامـوچێـژی مـاچێک یا ژان و سـوێی عـەشـقـێکی جوانەمەرگ بخەنە ڕوو. خۆ گۆران بە خۆڕایی نەیگوتووە:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

* لای ئێـوە شـیـعـر برووسکەئـاسـا یان پاش خـۆگـوشـین و ژانگرتن لە دایک دەبێ؟ جیاوازیی نێوان ئەم دوو حاڵەتە چۆنە؟

ـ لای من شیعر لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەیە. هەندێ شیعر وەک بروسکە لە دایک دەبن و هـەندێ شـیـعریش دوای ژان و ژوورێکی زۆر زۆر. بە لای منەوە چۆنییـەتیی لەدایکبوونی دەقـەکە گرنگ نییـە، بەڵکوو دەقـەکـە خـۆی گرنگە. جـاری وا هـەیە بەدوای چاوگـەئاوێکدا بیـرێکی پەنجـا، شـەسـت مـەتری هەڵدەکەنرێ. کـەچی ناگاتە ئاو، یا گـەیشـتبـێتیش ئاوەکـە تاڵ و سـوێرە و هەلومـەرجی خـواردنەوەی تیـادا نیـیـە. جـاری واش هـەیـە و بووە دوای

هەڵکەندنی چەند مەترێک زەوی لەپڕ ئاوێکی ڕوون و سازگار و شیرین هەڵقوڵاوە.
شیعریش هەروەهایە... جاری وا هەیە شاعیرێک چەند ڕۆژێک یا چەند هەفتەیەک یا چەند مانگێک یا چەند ساڵێک بە تاقە شیعرێکەوە سەرقاڵ دەبێ. کەچی دوای تەواوکردنی شیعرەکە دەردەکەوێ شیعرێکی کرچ و کاڵە و هەلومەرجی نەمریی بۆخۆی دابین نەکردووە. کەچی جاری واش هەیە لەناو پاسێکدا یا لەسەری کۆڵانێکدا... یا لە باخچەیەکدا یا لە کوێ و کوێدا شیعرێک ڕێت لێ دەگرێ و مێشکت دەتەنێ و دوای چەند چرکەیەک دەیخەیتە سەر کاغەز و هەست دەکەی کە شاکارێکی شیعرییە و لەپڕ لە دایک بووە.

* بەڕێزتان هەرچی دەنووسن دەیکەنە «جێی شانازی و تەحەددا و بە توندی پێ لەسەر گرنگی و سەرکەوتوویی» دادەگرن! ئایا ئەم کارە ڕەنگدانەوەی بارێکی نائارامی سایکۆلۆژییە کە ئێوەی گەمارۆ دابێت؟ یاخود مەسەلەکە بەرئەنجامی ڕەخنە و قسەی ئەم و ئەوە کە دەڵێن هەڵمەت شتی نوێی پێ نەماوە؟! ئەوەتا ئەو کۆمەڵە شیعرەی ساڵی ١٩٩٦ بە عەرەبی چاپتان کردووە، لە داهاتوودا بۆمان دەیکەیتەوە بەکوردی و بە تەحەدداوە پێمان دەفرۆشیتەوە؟

ـ لەڕاستیدا ژیان خۆی بەرەنگاربوونەوەیە، شیعریش ئەگەر کۆمەڵێ شت بێ، ئەوا لە پێشدا بەرەنگاربوونەوەی ژیانە. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا باسی خۆشی و جوانی و فراوانیی ئەو بەهەشتە دەکات کە بۆ مرۆڤانی خێرخوازی دروست کردووە. هەروەها باسی گەورەیی و میهرەبانیی خۆی دەکات. ئیتر تۆ یان کەسانی دی بۆ پێتان ناخۆشە و قەڵس دەبن، ئەگەر من وەسپی شیعرەکانی خۆم بکەم و تەحەددای شاعیرانی تری پێ بکەم؟ با شتێکت پێ بڵێم من لە سەرەتای شاعیرێتیمەوە بە تەحەدداوە نووسیومە و لەو شیعرانەدا کە لەکۆتایی ساڵانی شەستدا بۆ بەرنامە شیعرییەکانی کاک عەبدوڵڵا عەباس و کاک جەلالی میرزاکەریم دەمنارد کە لە ئێزگەی کوردیی بەغداوە پێشکەشیان دەکرد، لەژێر ئیمزاکەمدا دەمنووسی شاعیری گەورەی کورد و کوردستان.. ئێستاش خۆم بە یەکێ لە شاعیرە گەورەکانی جیهان دەزانم. کاک عەبدوڵڵا عەباس ماوە و لێی بپرسن. گەلێ شیعر کە بۆ بەرنامەکانی ئێزگەی کوردی و هاوکاریم دەنارد، دوور لە ڕووتان، دەمنووسی: بڵاوی دەکەنەوە هەر بە کێرمەوە، بڵاویشی ناکەنەوە هەر بە کێرمەوە.

* بۆ دەتانەوێ بە شیعر وتن بە عەرەبی تەحەددای عەرەبی هەموو ناوچەی (عەرەبستان) بە عێراقی عەرەبیشەوە بکەن؟ لەم ڕووەوە بەتوندی بە ڕووی شاعیرانی کوردیشدا ڕاست دەبنەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا «هەڵمەت» و شیعری عەرەبی کارێکی چاوەڕواننەکراوە و بگرە زۆر ناپێویستیشە! هەرنەبێ ٣٠٠ ملیۆن عەرەب یەکی لەسەر شیعری هەڵمەت بە عەرەبی نەکەوتووە؟

ـ ئەگەر پاڵەوانی مشتەکوڵە بۆی هەبێ بەر لە ڕووبەڕووبونەوەی هاوکوفە نەیارەکەی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا پروپاگەندە بۆ توانای خۆی بکات، و هەڕەشە بکات، شاعیریش بۆی هەیە دژی هەموو نەیار و ناحەزە هاوکوفەکانی لاف و گەزاف لێ بدات. من لە ساڵی ١٩٧٠وە سەدان جار نەیار و ناحەزانم قسەی ڕەقیان تێگرتووم و بە نای ناڕەوا شووشەی ناسکی شیعرەکانمیان بەر کوتەکی گومرگی دزەڕێ داوە.. تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە یەکی لەوانەت نەپرسیوە ئەم ناڕەواییە لەبەر چی؟ کەچی من بەرگرییەکم لە خۆم کردووە وا تۆ کردووتە بەم هەڵایە. من دەزانم زەمانی میری شاعیران نەماوە. بەڵام من لەبەر ئەوەی لەژێر چەتری هیچ حیزبێکدا نیم، ئەرکی گەورەم لەسەر شانە. دەبێ لە مەیدانەکەدا دەوری پاڵەوانی کاراتێ و مشتەکوڵە ببینم. ئەی نازانی ئەم سەردەمە سەردەمی کاراتی و مشتەکۆڵەیە..!

* چۆن شیعری شاعیرێ یان شاعیری نەتەوەیەک دەناسرێتەوە و بنەمای جیاوازی لە نێوان ئەدەبی گەلاندا کامانەن؟

ـ شیعری باش هەیە و شیعری خراپ. شیعری جوان هەیە و شیعری شاکار. لەوە بترازێ هیچی دی نییە. ئەوە نەبێ دەتوانین بۆنی پێستی ڕەش لە شیعری پێستڕەشاندا و بۆنی بیابان لە شیعری شاعیرانی بیابانشینیدا و بۆنی بەفر و لووتکە و دارستان لە شیعری شاعیرانی چیانشیندا و هتد.. بکەین. بۆنی خەم و سزا و ئازار و ئەشکەنجە لە شیعری شاعیرانی ئەو وڵاتانەدا بکەین کە ژێردەستەن و ئازادییان لێ قەدەغە کراوە.
هەر بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بۆنی شەت و پەتیی نیشتمان و داگیرکراوی و گریانی مناڵ و خوێنی شەهیدان و دیلیتیی ئافرەت و دواکەوتنی داگیرکاری ئیمپریالیزم و دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە لەسەرجەمی شیعری کوردیدا بکەین.
لە مەموزینی ئەحمەدی خانییەوە هەتا فایەق بێکەس و لە فایەق بێکەسەوە

هەتاوەكوو زۆربەی شیعرەكانی سالانی نەوەدی سەدەی بیست، ئەم دیاردەیە لە شیعری زۆربەی شاعیرانی نەتەوە و ولاتانی ژێردەستدا بە دی دەكرێ. بەلام لە شیعری كوردیدا بە شێوەیەكی زەقتر و دیارتر بە دی دەكرێ. ئەویش هۆی ئەوەیە دوژمنانی كورد درترن و كوردستان هەتاكوو ئێستاش ئەگەرچی بە جۆرێك لە جۆرەكان ئازاد كراوە بەلام بە جۆرێك لە جۆرەكان، هێشتا هەر ژێردەستەیە و لە گورزی دوژمن بە تەواوەتی ڕزگاری نەبووە و لە ڕاستیدا ئەمریكا – ئەم فیلمە كارتۆنە – درۆ دەكات، پشتی عەرەب و تێرۆر دەگرێ و كورد بە هیچ نازانێ.

* «ڕاستگۆیی» لەگەڵ باوەڕ بە كوردایەتی، هزر، ڕەوشت، شیعر و هەقیقەتدا چەند پێویستە؟

ـ من لە وەلامی پرسیاری سێیەمدا گوتم شیعر جوانكارییە، نەك پەیام. ئیتر حەز ناكەم شتێكی دیكە بكەم لەوە زیاتر. شیعر پێش ڕاستگۆیی و پێش بیروباوەڕی كوردایەتی و پێش هزر و ڕەوشت و حەقیقەتیش هەر هەبووە و دوای ئەوانیش هەر دەمێنێ. ئەرێ پێم نالێی –دۆزەخ–ی دانتێ چ پەیوەندییەكی بە ڕاستگۆیی و كوردایەتی و... هتد هەیە؟ خۆ شیعر موڵكی نەتەوەی كورد نییە تاكوو بیكەین بە پاشكۆی كوردایەتی.. بەڵكە شیعر موڵكی هەموو جیهانە و كورد بۆی هەیە ئەدگارە نەتەوەییەكانی خۆی لێ بار بكات. هەروەها نەتەوەكانی دیش وەكوو كورد بۆیان هەیە خەسڵەتە نەتەوەییەكانی خۆیانیانی لێ بار بكەن.. بەلام هەموو زیادەڕەوییەك لەم بارەیەوە ئەنجامەكەی پسان و داڕووخانی شیعرە.

* ئێوە لە ئەزموونی گرووپی كفری لەگەڵ كاك فەرهاد شاكەلی و ئەواندا بە پرۆگرام كارتان دەكرد یاخود مەسەلەكە ئێرە و ئەوێیی بوو؟ بەتایبەت ئێوە زیاتر لەژێر كاریگەرێتی و لاسایی شاعیرانی عەرەبدا بوون. هیچ بەڵگەیەكی پارێزراوتان لەلا هەیە، ئەو پرۆسەیەی لەبەرتان گرتبوو چۆن بەنیاز بوون پیادەی بكەن؟

ـ نەخێر، ئێمەی گرووپی كفری هەروا ڕەمەكی كارمان نەدەكرد. بێگومان بە بەرنامەیەكی تێروتەسەل و بە یاخیبوونێكی پڕ ئاگادارییەوە كارمان دەكرد و بۆ ئەو مەبەستەش سوودی گەورەمان لە شاعیرانی نوێخوازی عەرەب و جیهان وەرگرتبوو. بەلام گرووپی ڕوانگە لەژێر كاریگەرێتیی دەقە

بڵاوکراوەکانی ئێمە و بیرورا زارەکییەکانی ئێمەدا ڕاچڵەکین و تێگەیشتن کە لە کاروان بە جێ ماون و ئەنجا بە پەلەپرووزێ و چەواشەیی و بەبێ بەرنامە خۆیان بە هێڵی نۆکەریدا هەڵواسی و هەندێکیان توانییان لە بواری شیعر و چیرۆکدا دەقی سەرکەوتوو بنووسن. هەر بۆ نموونە برایانی بەڕێز کاکەمەم بۆتانی و حسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و خوالێخۆشبوو شاعیری جوانەمەرگ جەلالی میرزاکەریم توانییان بە هەندێ دەقی جوان بوونی خۆیان لە بوارەکەدا بسەلمێنن. بەڵام لەژێر کاریگەرێتیی گرووپی کفریدا و زۆر زۆر دوای ئەوان. هەر بۆ نموونە کاک حسێن عارف لە هەشتاکاندا بە کۆمەڵە چیرۆکی (گەلەگورگ) توانیی دەنگی خۆی بچەسپێنێ و شێرکۆ بێکەسیش لە ساڵی ١٩٧٨ دا بە کۆمەڵە هۆنراوەی (کازێوە) توانیی دەنگی خۆی بسەلمێنێ و دوای ئەوەش لە کۆمەڵە هۆنراوەی (ئاوێنە بچکۆلەکان)دا ئەو دەنگەی پاراست و لەدوای ئەوە لە لووتکەوە بەرەوخوار گەڕایەوە و کەوتە نووسینی شیعری دروشمکاری و حیزبایەتی و شیعری لە خانەی شیعر دەرکرد و کردی بە گوتاری سیاسی و دروشمی بریقەداری سیاسەت. بەمەش لە شاعیرێتی دوور کەوتەوە و بوو بە گوتاربێژێکی سیاسی. بەڵام من بمەوێ و نەمەوێ وەکوو لە گەلێ شوێنی تریشدا گوتومە شێرکۆ لە هەردوو کۆمەڵە شیعری (کازێوە و ئاوێنە بچکۆلەکان) دا شاعیرێکی ڕیزی پێشەوەی شیعری کوردییە و بواریش لە بەردەمیدا ماوە بە هەوڵێکی شاعیرانە و لە کۆمەڵە هۆنراوەیەکدا کە دوور بێ لە زمانی سیاسەت و حیزبایەتی و دروشمی بریقەداری سیاسەتکاری، بگەڕێتەوە بۆ ڕیزەکەی خۆی، ڕیزی پێشەوەی شیعری کوردی.

* کاک شێرکۆ بێکەس دەڵێ «ڕوانگە بەر لەوەی دەق بێت هاوار بوو، بەر لەوەی تێپەڕاندن بێ «طموح» بوو.. تا دەڵێ ڕوانگە بزووتنەوەیەکی فکری بوو بۆ بەرەوپێشچوونی مرۆڤی کورد لەباری وەستانەوە بەرەو گۆڕان، لە چەقی بەستنەوە بەرەو وەرچەرخان..» کەچی ئێوە دەڵێن ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا. ئەی ئەو هەموو شەڕەدەندووکەی ئەو سەردەمە لە سەرچی بوو؟! ئێوە وا ماوەیەکە بەرانبەر بەم ڕێبازە لە ئەزموونی کفری دەدوێن.. دەتانەوێ بەرانبەر بەو دیاردەیە شتێکی دیکە قووت بکەنەوە و لە کاریگەرێتیی ڕوانگە کەم بکەنەوە؟ یاخود مێژوو و هەقیقەتێ وا لە پشت ئەم ڕووداوانەوە و لای دروستیان بە لادا نەکراوەتەوە؟

ـ ڕوانگە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی – البیان الشعری –گرووپی– شعر

٦٩ی عیراقی بوو. وەکوو دەقیش لاسایی دەقەکانی گرووپی کفرییان دەکردەوە و هەتاکوو ئێستاش هیچ شاعیرێک لەو گرووپەدا، واتە لە گرووپی ڕوانگەدا کە دوای چەند ساڵێک تەفروتونا بوو، نەبووە بە هاوتای شاعیرانی گرووپی کفری. گرووپی کفری وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی شیعری کوردیدا. لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە سەرجەم نەتەوەی کورد سەرقاڵی سیاسەت و سیاسەتکاری بوو. گرووپی کفری وەکوو بۆمبایەک تەقییەوە و سیاسەتمەدارانی تۆقاند و بە شاعیران و نووسەرانیشی گوت ڕێگا و ڕێبازەکان کۆن بوون و ڕاپەڕن ڕێگا و ڕێبازی دی بدۆزنەوە. ئێمە ئەو سەردەمە کە ئەو بانگاشەیەمان دەدا ڕەوتی شیعری کوردی لە بازنەیەکی داخراودا بوو. شێرکۆ بێکەس بە -تریفەی هەڵبەست- و کەژاوەی گریان-ەوە دەنازی و وای دەزانی تەواو ئیتر لە ترۆپکی شیعردایە و بە خەونەوە لە یەکێ لە ژمارەکانی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا شاڵاوی بردە سەر من و شیعرەکانمی بە وشەی ئاجەڵ و باجەڵ و وڕێنە لەقەڵەم دا، گوتی لەتیف هەڵمەت تووشی هەلامەتێکی کوشندە بووە. بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەوەی ئەو ناوی لێ نا هەلامەت بوو بە داهێنان و خۆی و سەدانی دی کەوتنە لاساییکردنەوەی. من زۆر زۆر بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئەو دەقە شیعرییانەی کە من و فەرهاد شاکەلی پێش ڕوانگە بڵاومان کردبوونەوە، بوون بە ڕاوکەی نوێخوازی بۆ ڕوانگەییەکان. دووبارەشی دەکەمەوە، ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا، چونکە لە مەسەلەی نوێخوازیدا ڕەسەن نەبوو، بەڵکوو لاساییکەرەوەی کەسانی دی بوو. لەبەر ئەوە بوو گرووپی ڕوانگە هەر زۆر زوو پسا و هەڵوەشایەوە و هیچیان بە هیچ نەکرد.
بەڵام کارێگەرێتیی گرووپی کفری بەسەر شیعری کوردییەوە هەتاکوو ئێستاش هەر دیارە و گرووپی کفری ئەوەی بەسە کە یەکەم شۆڕشی شیعری بوو بەسەر شێوازی شیعری -گۆران-دا و یەکەمین گرووپیش بوو بانگەشەی ئەوەی کرد کە شێوازی گۆران بەسەر چوو.
ئەمەش خۆی لەخۆیدا یاخیبوونێکی گەورە بوو لەو سەردەمەدا..!

* باوەڕتان وایە هێشتا قۆناخی ئێوە هیچ شاعیرێ بە پەرێزیدا نەهاتووە؟ بۆ ئەو ئەزموونەی شیعری خۆتان چ پلەیەک دادەنێن؟

ـ بەڵێ باوەڕم وایە هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە لەبواری شیعردا لە سەدا سەد تێپەڕاندنی گرووپی کفری بێ. بەڵکوو دەتوانم بڵێم هەتا ئێستا بۆنی شیعری گرووپی کفری لە گەلێ لە شاعیرانی قۆناغەکانی دوای خۆیان هەڵدەقوڵێ.

یەکێ لەو نوێکارییانەی کە گرووپی کفری لە شیعری کوردیدا لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەفراندیان و پەرەیان پێ دا، پەخشانەشیعر یا شیعری پەخشان بوو، کە ئێستا بووە بە شارێبازی شیعری کوردی. بێگومان ئەگەر گرووپی کفری نەبووایە ڕەنگە بایەخدان بە شیعری پەخشان دوابکەوتایە. یا هەر نەهاتایەتە کایە، چونکە ئەو شێوازەشیعرە وەک وتم بەر لە ئێمە لێرە و لەوێ کەموکرت چەند دەقێک نووسرابوو، بەڵام برەوی نەسەندبوو. نەبووبوو بە شێوازێک. بەڵام ئێمە دوای سوود وەرگرتنمان لە شێوازی شیعرە پەخشانی عەرەبی و جیهانی، توانیمان شیعری پەخشان بکەین بە شێوازی سەرەکیی شیعری کوردی. من بە شانازییەوە دەیڵێم هەموو ئەو شاعیرانەی کە شیعری پەخشان دەنووسن لاسایی گرووپی کفری دەکەنەوە بە گشتی و لاسایی من بە تایبەتی.
با ئەوەش بڵێم ئەم شێوازە شیعرییە هەروا بە ئاسانی نەچەسپا و پەرەی نەسەند، بەڵکوو من و گرووپی کفری لەو ڕێگایەدا گەلێ سەرئێشە و دەردەسەری و چەمۆڵەی کۆنخوازانمان چەشت و تەنانەت کاک شێرکۆ بێکەس لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری سەرەتای ساڵانی حەفتادا چەند بەیت و بالۆرەیەکی پیادا هەڵبەستم و خوێنەرێکیش پێی گوتم دیوانەکەتم کڕی و میزم پیادا کرد، ئەوە کەی شیعرە؟.. مەبەستی لە دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) بوو.

* ئایا چەمک و ڕێبازی تازەگەری دەکاتە (X) هێنان بەسەر هەرچی پێش خۆتەوەیە؟

ـ هیچ ڕێبازێک... چەند نوێ بێ ناتوانێ ڕێبازەکانی پێش خۆی بسڕێتەوە. هەر بۆ نموونە شانبەشانی ڕێبازی ڕیالیزمی گەلێ ڕێبازی دی هاتە کایەوە. بەڵام هیچ ڕێبازێک نەیتوانیوە ڕێبازی ڕیالیزمی تەنگەتاو بکات. ئەمە خەسڵەتێکیشە لە خەسڵەتە دیارەکانی سروشتیش. ئەوەتا هیچ گوڵێک ناتوانێ تەنگ بە بوون و بۆنی گوڵێکی دی هەڵچنێ و هیچ شاخێک شاخێکی دی ناسڕێتەوە.
بە ڕای من هەتا هەتایە ڕێبازەکان شانبەشانی یەکدی دەمێنن و نووسەری بەتوانا و داهێنەر دەتوانێ لە فۆرمی هەموو شێوازێکدا کاری ئەدەبی و هونەریی نەمر و شاکار بئەفرێنێ.

* قسە و باسەکاتنان لێرە و لەوێ تانە و تەشەریان لە خۆ گرتووە و قسە و

وەرامەکان بە تویکڵن؟ پێت وایە چەند غەدر و ناهەقیت پێ کرابێ؟ یاخود مێتۆدەکە دەخوازێ وا قسە بکەیت؟

ــ لە سەرانسەری مێژووی کۆن و نوێی ئەدەبی کوردیدا کەس ئەوەندەی من ستەمدیدە نییە. من شاعیرێکی بێلایەنم ناتوانم بانگەشەی شەڕی براکوژی بدەم و شیعرم بکەم بە پڕوپاگەندەی پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەم حیزب و ئەو حیزب. لەبەر ئەوە هەمیشە پێشەنگایەتیی شیعری نوێی حەفتاکان لە من زەوت کـراوە -کـە من خـاوەنی ڕاسـتـەقـینەیم- و بە زەبر و هێـزی سیاسەتکاری دراوە بەم شاعیر و ئەو شاعیر کە شایەری لەقاڵبدراوی ئەم لایەن و ئەو لایەنن.
شایانی باسە کاک شێرکۆ بێکەس لە سەرەتای حەفتاکاندا شاعیرێکی هاکـەزایی و کـەم ناسـراو بوو. دەتوانم بڵـێم ئەگـەرچی دوو دیوانـی چاپ کردبوو -کەژاوەی گریان و تریفەی هەڵبەست- ئەگەر کوڕی فایەق بێکەس نەبووایە، ئەو دەمە ڕووناکیی هەر نەدەخرایە سەر. ئەویش هەستی بەوە کـردبوو. لەبەر ئەوە بۆ ڕێگایەک دەگـەڕا ناوی پێ دەرکـا و بچـێـتـە ناو کۆمەڵگاوە. ئەوە بوو هۆنراوەی (ئەمانەوێی) بۆ سەرۆک بارزانی نووسی و لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوی کردەوە و لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا دەیخوێندەوە. بەو جۆرە توانیی سەرنجی لایەنێکی سیاسی و جەماوەری سەر بەو لایەنە تا ماوەیەک ڕابکێشێ. شێرکۆ گرنگ نەبوو بە لایەوە لەسەر شێوازی کامەران موکری بنووسێ یا جەمال شارباژێڕی یا بۆ شێوازێکی تایبـەتی بگەڕێ بۆ خـۆی وەکـوو من و هاوڕێکانم هەوڵمـان دەدا. بەڵکوو مەبەستی شێرکۆ هەر ئەوە بوو سەرنجی ناوەندە سیاسییەکان ڕاکێشێ. ئێستاش هەرهەمان مەبەستی هەیە و بە شێوەیەکی لابەلاو و لاوەکی نەبێ هیچ دەورێکی نییە لە گەشەسەندن و ڕەگداکوتانی شیعری نوێی کوردیدا، کە ئێستا بە ڕای من لە ئاستێکی جیهانیدایە.
من تانە و تەشـەر لە کەس نادەم، بەڵکوو قسەی هەق دەکەم. تۆ بۆچی پێت وایە ئەگەر بڵێم دارستان سەوزە یا چیا سەختە قسەیەکی ناهەقم کردبێ! جگە لەوەش نووسین ململانێیە... ڕەنگە هەموو کەسێ شیعرەکانمی بە دڵ نەبێ و منیش شیعری هەموو کەسێکم بە دڵ نییە. مەبەستم لە کەس... کەسانی شاعیرن. ئا لەم نابەدڵییەشەوە قسەیەک دەکەم بە دڵی ئەوان نییە و ئەوانیش قسەیەک دەکەن بە دڵی من نەبێ.
برا ئەگـەر دوو بەرد لێک بدەن پزیسک هەر دەردەپەڕێ. ئەگـەر ژیان بە ئاشتی و تەبابییەوە خۆش بێ بەپێچەوانەوە شیعر بە ململانێوە خۆشە.

* ئێوە تەنیا کاک محەمەد عومەر عوسمانی شاعیر بە خاوەنئەزموونی پاش ڕوانگە دادەنێن؟ تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەم شاعیرە چین؟

ـ لەپاڵ کاک محەمەد عوسماندا گەلێ شاعیری دی هەن. ئەوە دەبێ ئەوانە باسی بکەن کە ئێستا یا لە دوارۆژدا ئەنتۆلۆژیی شیعری کوردی دەنووسن. من کە دەچم بۆ دیدەنیی خۆشەویستێک هەر گوڵێک یا دەستەگوڵێکی بۆ دەبەم و ناتوانم هەموو گوڵەکانی دونیای بۆ چەپک بکەم. ئەوە ئیشی بازاڕی گوڵفرۆشانە.

* مەرگ، شەهید، یاسا، پۆلیس، بکوژ، شەڕی کوردکوژی، منداڵ، دایک، کوردایەتی، هەق و ڕاستی چین بە لای ئێوەوە؟

ـ مەرگ = سەرەتای ژیانێکی ترە.
شەهید = قەڵغان و شمشێر و پەیژەی پیاوی سیاسین.
یاسا = پۆلیس.
پۆلیس= یاسا.
بکوژ = دڕندە.
شەڕی کوردکوژی = سڕینەوەی نەخشەی کوردستان.
منداڵ = ئەندازیاری خەون.
دایک = ئەفسانەیەکی پیرۆز
کوردایەتی = زاوزێکردنی گەلەحیزب.
هەق و ڕاستی = تەرازوویەکی قەدەغە.

* بۆ نیشتمان بە «بەهەشت، بەندیخانە، لانکە، تابووت» وەسف دەکەن؟ بۆ ئێوە ئێستا کوردستان کامیانە؟

ـ من ئێستا وا بیر دەکەمەوە زەویش بەندیخانەیەکی بچووکە. جاران منداڵ بووم وام دەزانی هەر کوردستان بەندیخانەیە. سوپاس بۆ ئادەم و حەوا ئەو گوناهەیان کرد و زەوییان پێ ناساندین. بەخوا ئەگینا ڕۆحمان ژەنگی هەڵدەهێنا لە بەهەشتدا.
وەکوو سارتەر ناڵێم، ئەوانی دی دۆزەخن، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی سۆفییانەی خۆمەوە دەڵێم ژیان دۆزەخە. مردنیش دۆزەخە و بیرکردنەوە لە مانەوەمان لەنێوانی ئەم دوو دۆزەخەشدا دیسانەوە خۆی لەخۆیدا دۆزەخێکی ترە. ئێرە

دۆزەخـە... ئـەویٚ دۆزەخـە... نیـشـتـمـان دۆزەخـە... هەندەران دۆزەخـە... دۆزەخ... دۆزەخ... تەنانەت شیعریش دۆزەخە ئەی ئەوە نییە تۆزقاڵ تۆزقاڵ دەمانسووتێنێ!!

* فەرهەنگی زمـانی ئێوە پڕە لە ڕاپەڕین؟ زمـان چەند هێز بە دەق دەدات و چەند پێوەرە بۆ داهێنان و ئەفراندن؟

ـ زمان بەوە دەوڵەمەند نابێ وشە دەگمەنەکان لە بەر بکەین و بیخزێنینە ناو دێڕی شیعرەوە، بەڵکوو بەوە دەوڵەمەند و چڕوپڕ دەبێ بتوانین وشەیەک کە سەدان جار و هەزاران جار بە کار هاتووە، ئێمە بە جۆرێکی نوێ بە کاری بێنین.
هەر بۆ نموونە مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ شـتـەکـانی سـرووشـتـدا دەکـرێ بە شێوەیەکی نوێ بکرێ.. هەر بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە شاعیرێکی کۆن دەڵێ:
شەماڵ بۆ لای لەیل.. شەماڵ بۆ لای لەیل
بۆ لای لەیلەکەی دروون لەخەم کەیل
هەروەها شاعیرێکی دی ڕوو دەکاتە بای شەماڵ و دەڵێ:
وەک عارەب دەخیل گەر چووی بۆ ئەولا
نەوەستی تاکو بەردەمی لەیلا
بەڵام شـاعیرانی ڕێبازی نوێگەری بە جۆرێکی نوێ مـامەڵە لەگەڵ -با-دا دەکەن. هەر بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، خۆم لە شیعرێکدا دەڵێم:
تا ڕەشەباش تاوانبارە
ڕۆژێ دەیدەین لە سێدارە
***
با سۆلێکی تەنک.. تەنک
لە پێ دەکات
***
با عاشقە
دەبێ با عاشقی کێ بێ
***
با ڕەشەبا
فڕێ بدا
تەوری ژەنگن... هتد
نموونەی دیش لەلای شاعیرانی هاوچەرخم زۆرە.

* «ڕۆشنبیریی نەتەوەیی» بۆ ئێوە چ دەگەیەنێ؟ ئایا کورد هەیەتی؟ چۆن دەوڵەمەند دەکرێ؟

ـ ئێمە نەمانتوانیوە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بە شێوەیەکی لەبار بنیات بنێین. هەزار بەڵگەم بۆ ئەم قسەیەم هەیە و تەنها یەکێکیان دەخەمە ڕوو. ئەویش ئەوەیە من ئێستا لە سلێمانیدا دەچمە هەر پاسێک و هەر تەکسییەکەوە لە سەدا نەوەدیان گۆرانیی تورکیی کردۆتەوە و وێنەیەکی قەحبە و حیزەکانی تورکیای بە کون و کەلەبەری ئوتومبیلەکەدا هەڵواسیوە.
بێگومان هیچ یەکێک لەم برا شوفێرانە تورکی نازانن و ئاگاداریش نەکراونەتەوە کە ئەم دیاردەیە زیان و زەرەر و زەبری گەورە بە بنەمای نەتەوایەتیمان دەگەیەنێ. جگە لەوەش تەلەفزیۆنی هەندێ لە حیزبەکان (ئێستا کەمتر) بەڵام تاکوو پار و پێراریش بووبوونە ئەزموونگەی گۆرانی و فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی و سەما و بادانی تورکی و عەرەبی و فارسی و هتد. خوا ئاگادارە سەرسەرییەکی وەکو – کاظم الساهر– و کوردێکی تورکبازی وەکو ئیبراهیم تاتلیسەس و سۆزانییەکی وەکو – سپیلکان– لە هەموو سەرکردەیەک و حیزبێکی کوردستانی جەماوەریان زۆرترە. ئەمەش هەمووی بە هۆی هەڵەشەیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەیە و ئەوەش دەسەلمێنێ کە هیچ حیزبێک حاڵی حازر لە کوردستاندا هیچ بەرنامەیەکی نەتەوایەتیی بۆ پاشەڕۆژ پیادە نەکردووە و ئاگاشیان لەوە نییە ئەم هەڵەشەییە و ئەم بێ بەرنامەییە، چ کارێکی نالەبار دەکاتە سەر ڕەوتی نەتەوایەتیمان لە پاشەڕۆژدا..
ئێمە ئەگەر بمانەوێ بنەماکانی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیمان بچەسپێنین و پەرەی پێ بدەین، دەبێ دەمودەست پێڕەو و بەرنامەی هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بگۆڕین و پێڕەو و بەرنامەگەلێکی نوێ پیادە بکەین کە لە کۆمەڵگای خۆمانەوە هەڵقوڵابێ و بۆ کۆمەڵگای خۆمان بێ و نەبینە کێڵگەی ئەزموونگەریی دابونەریت و هونەر و گۆرانی و سینەما و شانۆ و بەندوباوی وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژئاوا. با ئاگادار بین ئێستا دوژمنان دەیانەوێ بە ژەهری فیلم و بەرنامەکانیان بمانکوژن، نەک بە ئاگری ناپاڵم و ژەهری کیمیاوی.

* کاک حەمەی حەمەباقیی شاعیر دەڵێ «ئایدۆلۆژیا ژەهری ئەدەبە و دەڵێ ئێستاش ئەدەب ئەگەر یەک تاقە دوژمنی هەبێ نە دەسەڵاتی سیاسییە و نە هیچ بەڵکو دەسەڵاتی ئایدۆلۆژییە!!» ئێوەش شانازی دەکەن بە

شیعرەکانتانەوە کە تارماییی هیچ ئایدۆلۆژییەکی پێوە نییە! بۆ ئایدیۆلۆژی هێندە مەترسیی هەیە بۆ سەر شیعر یا هونەر؟

ـ ئایدۆلۆژیا واتا مەرگی داهێنان. ئەم مەسەلەیە لە دێرزەمانەوە مشتومڕی لەسەرە و لە زۆر دەمدا گەلێ لە شاعیران کەوتوونەتە داوی ئایدۆلۆژیاوە و مەرگی خۆیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.
لە بواری شیعردا نموونە زۆرە. سەرەتاکانی شاعیری عیراقیی ناسراو (عبدالوهاب البیاتی) ئایدۆلۆژیای مارکسی بەسەریدا زاڵە و گەلێ زەبری بە جوانکاریی شیعرەکانی گەیاندووە. بەڵام لە دواییدا توانیویەتی خۆی لەو گرێیە ڕزگار بکات و شیعری شاکار بنووسێ. لە لای خۆشمان –گۆران– لە هەندێ شیعریدا تارماییی ئایدۆلۆژیای مارکسیەت بە زەقی دیارە و ئەو جۆرە شیعرانەی گۆران دەخرێتە خانەی شیعرە لاوازەکانی گۆرانەوە. نموونەی دی زۆرە بەڵام ئەوەندە بەسە.

* خیتابێکی (ئاخاوتنی) شیعری هەیە ویست و داوا و ناسنامەی کوردی تێدا ڕەنگ بداتەوە؟

ـ لەو جۆرە خیتابە زۆرە، لەوانە –مەم و زین–ی ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، ئەحمەد موختاری جاف، ئەی ڕەقیب–ی دڵدار/ هەندێ لە شیعرەکانی ئەسیری و تەنانەت نالیش. خۆ ئەگەر ڕاستت دەوێ بە ڕای من بە کوردی کردنی ڕۆستەم و زۆراب و ئەمیرئەرسەلان و میعراجنامە و هتد خیتابێکی ئاخاوتنی شیعرییە و ویست و داوا و ناسنامەی کوردی تیادا ڕەنگ دەداتەوە. چونکە بە هەوڵی بەکوردیکردنی ئەو خیتابانە هەستی کردووە کە کوردیش زمانە و دەتوانێ لە ڕێگای ئەو زمانەوە ئەو جۆرە خیتابەی خۆی بە خەڵک بگەیەنێ. بێگومان بە خەڵکێک کە بە کوردی دەدوێن. جا ئیتر ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئایا ئەوجۆرە خیتابەی کە لە چوارچێوەیەکی شیعریدا دەخرێتە ڕوو، هەلومەرج و خەسڵەت و ئەدگارە بنەڕەتییەکانی شیعری ڕاستەقینە و نەمری تیایە، یا نە. ئەمەش مشتومڕی زۆری دەوێ.

* کەلەپووری کوردی، میتۆلۆژیا و ڕێبازی زەردەشتی «پەیامی ئاڤێستا» تا چەند کەرەسە و قیبلەنما و میحرابی شیعروتنی ئێوە بووە؟

ـ من لەناو کـەلەپووری ئیـسـلامـیـدا گـەورە بووم. کـاریگەریتـیی هەمـوو کەلەپووری پیرۆزی ئیسلام لە کاریگەریتیی هەموو کەلەپووریکی دی زیاترە بەسەر منەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لیرە و لەوێ لە هەندێ شیعرمدا کاریگەریتیی کـەلەپووری گـریک و ڕۆژئاوا و هیندسـتـان و چین بـە دی دەکـرێ. هەروەها کـاریگەریتـیی زەردەشـتیش، هـەرچەندە من ئێـسـتـا بە تەواوەتـی قـەناعـەتم کـردووە کـە زەردەشـت کـورد نیـیـە و ئاییـنی کـۆنی کـورد زۆر لە زەردەشت کۆنترە و ناشمەوێ دەرگای مشتومڕیکی لابەلا بۆ خۆم بکەمەوە.
هـەرچۆنـێ بـێ مـن دژی ئەوەم هـەنـدێ لە بـەنـدوبـاوەکـــانـی ڕۆژئـاوا بـێنـین و کۆمەڵگای کوردەواریی پیوە خەریک بکەین و لافی ئەوەش لێ بدەین کـە ئێمە دژی بـەنـدوبـاوی خــــورافـــــاتین. هـەر بـۆ نمـوونە مـن بـە ڕەوای نـازانم، بـە دیاردەیەکی زۆر نەگەتیڤی دەزانم، بێین بە ناوی پێشکەوێنخوازی و چی و چیـیـەوە کـەسـایـەتیی بـابـانـۆئێل بـهـێنین کـە کـەسـایـەتیـیـەکی ئەفسـانـەیی خـاچپـەرسـتـەکـانـی ڕۆژئاوایە، لـە جـەژنـی سـەری سـاڵـی نوێ و هەمـوو جەژنەکاندا منداڵانی کورد و کۆمەڵگای کوردەواریی پیوە خـەریک بکەین. چمـا ئێـمـە لە بەندوباو و خـورافـاتی خـۆمـان ڕزگـارمـان بووە! یا خـۆمـان خورافـاتمان کـەمـە و پەکـمـان لەسـەر ئەوە کەوتووە بـەندوباو و ئەفسـانـەی خـــەڵکی دیش قـــەرز بکەین. ئەم کـــۆمـــەڵگایە زیاتر و زیاتر لـە بنـەمـــا کـوردەواریـیـەکـان دوور بـخـەینەوە. ئـایا ناکـرێ مـامـەیارە کـە پاڵەوانێکی نەتـەوایەتیی خـۆمـانە بخـەینە جـێگای بـابـانوئێل. قـسـەیەکـە و دەیکەم. دوورکـەوتنەوە لە کـەلەپووری نەتەوایەتـی و کوردەواریمان نـزیکبـوونەوەیە لە هەڵوەشـانی کـۆمـەڵایەتـی. فـرانسـا داد و بێدادیەتی لە دەست ئەوەی کـە ڕۆشنبیریی ئەمەریکا خەریکە هەموو فرانسا داگیر کا، دڕ بـە ڕۆشنبیری فرانسایی بدات. جا بەم پێیە بێ لە ئێستاوە هەش بەسەر ئێمە!!

* نووسیوتانە «تەسـەوف لە بنەمـادا هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنانی هێزەکـانی ڕۆح، پاککردنـەوەی ڕۆح لە چڵک و چاوپیسی بەرانبـەر بە مـاڵی دنیـا و.. هتـد! ئەم ڕێبـاز و باوەڕە چەند لـەگەڵ دنیـای «مـاددی»ی ئەمـڕۆدا دژەیەکن! چۆن بۆ شـاعیر دەگونجێ پابەندی ئەم ئەرکە دژوارە بێت؟! گەر مرۆ لە ناوڕا بەهێزبێت، دیارە لە دەرەوەڕا «لەناو کۆمەڵدا» یاخی دەبێت؟

ـ تەسـەوف یەک ڕێبـاز نیـیـە و بـەس. بەڵکوو بریتـیـیـە لە کۆمـەڵێ ڕێبـازی جیـاواز و یەکێ لەو ڕێبـازانە هەوڵدانێکە بۆ بەکارهێنانی هێزەکـانی ڕۆح. ئەوەش مشتومڕی زۆری دەوێ و بەگشتی تەسەوف وەک لایەنی ڕۆحیی تیایە

لایەنی کۆمەڵایەتیشی تیایە و دەتوانم بڵێم (حسێن ی کوڕی مەنسووری ناسراو بە ـ الحلاج ـ) شۆڕشگێڕێکی کۆمەڵایەتیی گەورە بوو. شۆڕشێکی گەورەی بەرپا کرد دژی ڕژێمی دەوڵەتی عەباسی کە ئەوانیش وەکوو دوڵەتی ئومەوی هەر بەناو ئیسلام بوون. هەرچی خوا و ئیسلام پێیان خۆش نەبوو دەیانکرد.
هەروەها ـ ئیبن عەرەبی ـ کە یەکێکە لە سۆفییە گەورەکان و گوتوویەتی «دینکم دینارکم تحت قدمی» شۆڕشگێڕێکی گەورە بووە و هەزار ساڵ بەر لە مارکس «بەو گوتەیەی» سەلماندوویەتی کە پارە ڕسوایە و مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە و نابێ مرۆ کڕنووش بۆ پارە ببات. هەروەها حەزرەتی عبدلقادر گەیلانی سەرتۆپی سۆفییانی سەردەمی خۆی بووە و پێشەنگی مەزنی ڕێبازی قادرییە،. ملکەچی هیچ خەلیفە و سوڵتان و پادشایەک نەبووە و نەچووەتە دیوانیان و لە بەریان هەڵنەساوە،. ئەی گوایە ئەمە شۆڕشگێڕی نەبێ، چییە؟!
جگە لەوەش سەرجەمی سۆفییانی پشتیان لە ماڵ و دارایی دونیا کردووە و هۆگری سروشت و بەها پیرۆزەکانی ڕۆح بوون. ئەی گوایە ئەمە شۆڕش نییە دژی ئەوانەی بە سەڵتەنەتی دونیاوە دەنازن!
لەلای خۆشمان شێخ مارفی نۆدێ سۆفییەکی گەورە بوو و لە هەمان کاتیشدا شۆڕشگێڕێکی ڕۆشنبری گەورە بووە و ئەوەی بەسە کە فەرهەنگی –ئەحمەدی–ی بە عەرەبی و کوردی داناوە. بێگومان فەرهەنگ کارێکی کۆمەڵایەتییە نەک ڕۆحی. هەروەها مەولانا خالید کە سۆفییەکی گەورە بووە لە هەمان کاتدا بیرمەندێکی گەورە بووە و ویستوویەتی ڕۆح و سیاسەت وا لێ بکات لە خزمەتی یەکدیدا بن.
هەروەها شێخ مەحموودی نەمر توانیی ئاڵای تەکییەی ڕێبازی قادری بەرز کاتەوە و لایەنە ڕۆحییەکانی جەماوەر بورووژێنێ و شۆڕشێکی نەتەوایەتی بەرپا بکات..هتد.

* هۆی چییە ڕۆشنبیر کز و لاوازە؟ سەنگ و کاریگەرییان لەسەر پانتایی و جوگرافیای ڕووداوەکان نییە؟ ف. شاکەلی بەمانە دەڵێ ئەو توێژە بێئومێدەی کەس پشتی پێ نابەستێ و پەشێو داوا لەم دەستەیە دەکا هێزێک پێک بێنن بۆ تێکشاندنی میکانیزمی براکوژی! ئێوە چ ئەرێتی و نەرێتییەک لەم ڕووەوە دەبینن؟

ـ لە هەموو سەردەمێکدا ڕۆشنبیر کز و لاواز نییە. لە بیرت نەچێ شۆڕشی

فرانسا کۆمەڵێ نووسەر هەڵیانگیرساند. بە وشە، بەڵێ بە وشە، بە وشەی نوێ و ڕۆشنبیریی نوێ و دیدی نوێ فرانسایان لە قۆناغێکەوە گەیاندە قۆناغێکی دی و لەوێشەوە کارێگەرێتیی ئەو شۆڕشە مەزنەیان گەیاندە بەشەکانی دیی جیهان و گوێی مرۆڤایەتییان بە ئازادی و یەکسانی زاخاو دا. پێشەنگی ئەو شۆڕشە مەزنە هەردوو نووسەری گەورەی فرانسا «ڤۆڵتێر و جان جاک ڕۆسۆ» بوون.

لە کوردستانیشدا ڕۆشنبیران بە شێوەیەکی گشتی لە پێش شۆڕشی ئەیلوول و لەو شۆڕشەدا دەورێکی بالآیان بینیوە لە بلاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێرانە و هەست و سۆزی نەتەوایەتی لەناو جەماوەری خەڵکدا و ڕۆژنامەی –خەبات– لە سەرەتای شەستەکاندا خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی مەزن بوو بۆ وروژاندنی خەڵک. هەروەها لە دوای پیلانە شوومەکەی – الجزائر– کە لە ١٩٧٥ بووە هۆی نووچدانی شۆڕشی ڕزرگاریخوازی نەتەوایەتیی کورد... ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دەوری بالآیان بینی بۆ گەشاندنەوەی پزیسک و ژیلەمۆی شۆڕش لە دڵی جەماوەری کوردی تینووی ئازادیدا و قەڵەم شانبەشانی تفەنگ دەوری مەزنی خۆی جێبەجێ کرد. هەروەها ڕۆشنبیران لە ڕووسیای قەیسەری و لە شۆڕشی ڤیتنام و لە ولآتی جەزائیری ژێردەستی فرانسا و لە فەلەستین و گەلێ ولآتی تری تینووی ئازادیدا دەوری شکۆداریان بینیوە و دژی ستەم وەستاون بە وشە. هەروەها گەلێ جاریش بە وشە و چەک بەرگرییان لە ئازادی کردووە...

# فەرهاد شاکەلی

# فەرهاد شاکەلی

١. تابلۆی شیعری تۆ بە وشەی ناسک و ئاوازدار و پرشنگدار ڕازاوەتەوە، بە گشتی خوێنەر هەست بە گەڕان بە دووی ڕۆحێکی وێڵ، بە دڵێکی پڕخوڕپە دەکات... ئەمە ڕێکەوتە یاخود سەلیقەی شاعیرانەی تێدا خەرج کراوە؟

<> هەڵوێستی من بەرانبەر زمان، پێوەندیم لەگەڵ زماندا، دیارە لێرەدا لە پلەی یەکەمدا مەبەست زمانی کوردییە، ئەوەندەی لە بیرم بێت، هەمیشە هەڵوێست و پێوەندیی خۆشەویستی و عەشق، هاوکاتیش سەرسووڕمان، بووە. هێشتا نەچووبوومە خوێندنگە، کە باوکم بە کوردی فێری خوێندن و نووسینی کردم. یەکێک لەو وشانەی کە لە سەرەتای فێربوونی ئەلفوبێدا فێری نووسینی بووم، وشەی (گوڵ) بوو. ئەو ئێوارەیە باوکم تیپێکی تازەی فێر دەکردم، تیپی (ڵ). وەک نموونەی ئەو تیپە چەند وشەیەکی بۆ نووسیبووم کە منیش مەشقیان لەسەر بکەم، بەڵام ئێستا هەر وشەی (گوڵ)ەکەیانم لە بیر ماوە.
پێشتریش دوو سێ مانگێک، لە مزگەوت، لای مامۆستا مەلا سمایل دەرسم خوێندبوو. ئەو کاتە زۆر منداڵ بووم و ماوەی خوێندنەکەش ئەوەندە کورت بوو، کە باوەڕ ناکەم شتێک فێر بووبێتم. لە بیرمە دەرگایەکی تەختەی ئەستوورمان هەبوو، هەندێ خەتخەتۆکەم لەسەر کێشابوو، زۆریش لەسەر ئەوە سوور بووم ئەوەی نووسیومە دەبێ شتێک بێت و مەعنایەکی هەبێت. جارێکیان خواوراسان لەناو ئەو شتانەدا خەتێکی تێدا بوو لە وشەیەک دەچوو، ئێستا نازانم چی بوو، کاکم، کاک ئەمجەد، وتی ئەمە وات نووسیوە. نازانی چەندە بەوە دڵخۆش بووم کە شتم نووسیوە.
یەکەم زمانێ خوێندبێتم زمانی کوردی بوو. دواتر کە چوومە قوتابخانە، لەبەر ئەوەی کەمێک خوێندن و نووسینم دەزانی، یەکسەر لە پۆلی دووەم وەرگیرام، بەڵام ئەم جارە بە عەرەبی دەمانخوێند. ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت کە پێوەندیی پتەوم بە خوێندنەوە و نووسینی کوردییەوە هەر بەردەوام بێت.
باوکم کتێبخانەیەکی باشی هەبوو. ئەندامێکی چالاکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیش بوو. لە ڕۆژنامەی (خەبات) و گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا و دواتریش لە حەفتەنامەی (کوردستان)دا ئابوونەدار بوو. پێشتریش لە گۆڤاری (هیوا) و (هەتاو)دا. پێم وایە لەوساڵانەدا هەرچییەک بە کوردی

دەرچووبێت، ئێمە هەمانبووە. من زۆربەی ئەم شتانەم دەخوێندەوە. نامەوێ بڵێم لێشیان تێدەگەیشتم. چونکە لە بیرمە دیوانی مەولەویم بە منداڵی خوێندۆتەوە، بەڵام بێ تێگەیشتن. (مەم و زین)یشمان هەبوو، هەندێکم لێ دەخوێندەوە، بەڵام هەر زوو وازم دەهێنا چونکە لێی تێنەدەگەیشتم. هاوینی ساڵی ١٩٦٣ بە هۆی شەڕەوە قوتابخانەکەی لای ئێمە داخرابوو. دوو جاریش ناچار بووین بار بکەین و شاکەل بە جێ بهێڵین. دیوانی (بەهەشت و یادگار)ی مامۆستا گۆران و (گوڵ ئەستێرە)ی کامەرانم ئەوەندە خوێندبوونەوە، لە بەرگەوە تا بەرگ لە بەرم کردبوون. زستانی ئەو ساڵەش یەکجار سەخت و سارد بوو. باشترین شتێک خۆمان پێوە خەریک بکردایە خوێندنەوەی کتێب بوو. ئەمە لای من بوو بە خوو. لە هەموو ئەم ساڵانەی ژیانمدا، ئەو بەختەوەرییەم دەستگیر بووە کە هەمیشە بەشی هەرە زۆری کاتم بۆ خوێندنەوە تەرخان کردووە. ئەمە لە پاڵ خۆشی و لەزەتەکەیدا، کۆگای وشە و دەربڕینێکی دەوڵەمەندی بۆ پێک هێنام. دیارە لە ڕووی دیکەوە ڕەنگە زیانیشی هەبووبێت، کە ئەگەر لە بیرم بمێنێ دواتر باسی دەکەم. هەر ئەم خوێندنەوەیەش بوو بە هۆی تەقینەوەی بەهرەی شیعری و ئەدەبیم. لە تەمەنی دوانزدە ساڵاندا دەستم کردە شیعرنووسین، شیعری منداڵانەی بێ سەروبەر.

لە قوتابخانەشدا هەر زوو فێری عەرەبی بووم و هێشتا لە پۆلی سێیەمدا بووم کە بە چاکی کتێب و چیرۆکی منداڵانم پێ دەخوێندەوە. ڕێزمانی عەرەبیم زۆر چاک دەزانی. تازە چووبوومە ناوەندی کە دەمتوانی بە عەرەبییش بنووسم. وردەشتم پێ دەنووسی؛ بیری ڕاگوزاری و وتاری ئەدەبی، بەڵام بە کەڵکی ئەوە نەدەهاتن بڵاو بکرێنەوە. مامۆستای زمانی عەرەبیمان، تالیب ڕەئووف بوو، نازانم دەژی یا نا، یادی بە خێر، پێشبڕکێیەکی ڕێک خست بۆ قسەکردنی ڕاستەوخۆ بە عەرەبی، لەتیف هەڵمەت و من بردمانەوە. یەکی قەڵەمێکمان بە خەڵات پێ درا.

پێم وایە پێکهاتەی بنەماڵەکەیشمان کارێکی زۆری کردۆتە سەر بەهرەی ئەدەبی و زمانەوانیم. مامێکم، شێخ مەحموودی شاکەلی، لە چلەکاندا ئەندامێکی چالاکی پارتی (هیوا) بووە و زۆریشی حەز لە شیعر بووە. دوای کۆچی خۆی کەشکۆڵێکی گەورەی لێ بە جێ مابوو کە سەدان پارچە شیعری جوانی تێدا تۆمار کردبوون. لە زۆر جێگای لاپەڕە نەنووسراوەکانیشدا دروشمی هەستێکی گەرمی کوردایەتی و کوردستانپەروەریی نووسیبوو. من بەو منداڵییە بە دیار ئەم کەشکۆڵەوە دادەنیشتم و لاپەڕە لە دوای لاپەڕە دەمخوێندەوە. مامێکی دیکەم، شێخ

ئەحمەدی شاکەلی، شاعیرێکی کلاسیکی ناسراوە، بەشێک لە شیعرەکانی لە (گەلاوێژ)دا بڵاو کرابوونەوە و دواتریش وەک دیوان، سێ جار چاپ کراوەتەوە. مامێکی باوکیشم، شێخ عەلی، شاعیر بووە. پێم وایە لە کەشکۆڵەکەی مامماندا یەک دوو شیعرێکی ئەم شێخ عەلییە هەبوون.
ئێمە لەبەر ئەوەی ماڵەشێخ بووین و دیوەخانی گەورەمان هەبوو، میوانێکی زۆر، لە ناوچەی جۆربەجۆرەوە، ڕوویان تێ دەکردین. شارباژێڕی دەهاتن بۆ ترێ فرۆشتن. هەورامی و هەجیجی گوێز و میوەی وشکەوەکراو و کەرەستەی دارین و شتی دیکەیان دەهێنا، قەراخی بە بارە تووتنەوە دەهاتن و ڕوویان دەکردە گەرمیان و خوارتریش، قەڵەوزییەکانی دەوەروبەری مەندەلی خورما و دۆشاویان دەهێنا و بەرەو قەراخ دەڕۆیشتن، ئەمانە هەموو دوو شەو و سێ شەو لای ئێمە لایان دەدا. جاری وا هەبوو بە هۆی باران و تەڕ و تووشییەوە زیاتریش دەمانەوە. دەمەوێ بڵێم ئەم بارە کۆمەڵایەتییە بووبوو بە پاشخانێکی پتەو بۆ حەزکردن لە شیعر و ئەدەبییات و بۆ بیرکردنەوە لە زمان و هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنی وشەی جۆربەجۆر و کرانەوەی مێشک بۆ شتی تازە و جیاواز. ساڵانێکی دواتر کە فێری چەند زمانی دیکە بووم و فێری هەندێ زاراوای دیکەی زمانی کوردی بووم و زمانە کۆنەکانی ئێرانم خوێند و زمانەوانیم بە شێوەیەکی زانستی خوێند، ئەم پاشخانە یارمەتییەکی زۆری دام.
من کە شیعرێک دەنووسم زۆر خۆم بە هەڵبژاردنی وشەوە خەریک ناکەم. هەر نەبێ لە یەکەم داڕشتندا وا ناکەم. ئەو کۆگای وشەیەی لە مێشکمدایە خۆی دێت بە هانامەوە و دەبێتە کەرەستەی دەربڕین. بەڵام ئیدی لەوە بە دوا، دەستکاریی زۆر دەکەم. لە هەڵبژاردنی وشەی لەبار و دەربڕینی گونجاودا تا ڕادەی ماندووبوون پێوەی خەریک دەبم. دەبێ لێرەدا پێ لەوەش بنێم کە ئەمەی دەیڵێم زیاتر دیوانی (ژێ) و بەرهەمەکانی دواترم دەگرێتەوە، نەک ئەو سێ نامیلکەیەی لە حەفتاکاندا نووسیومن. لە نووسینی پەخشاندا، چ پەخشانی هونەری بێت یا وتار و لێکۆڵینەوە، بواری دەستکاریی زمان زۆر بەرفراوانترە. نووسەر دەتوانێت زۆر شت بگۆڕێت، چەندە بکرێت بەکورتی مەعنا و ناوەڕۆک بدا بە دەستەوە. ئەمە لەشیعریشدا زۆر گرنگە. تۆ دەبینی شاعیری وا هەیە وێنەیەکی شیعری لە تێکستێکدا پێنج جارە و شەش جارە دەکاتەوە. ئەمە تێکستەکەی جوانتر ناکات. ئەمە وەک ئەوە وایە کچێکی ناسک و جوان و نەشمیلە بێت، کیلۆ لە دوای کیلۆ خۆی قەڵەو بکات. هەستەوەری بەرانبەر وشە هەر ئەوە نییە، وشەی جوان بۆ تێکستەکەت هەڵبژێری. دەبێ بیر لە لایەنی ئاهەنگ و مۆسیقایش بکەیتەوە،

بیــر لەو دەنگانـە، لەو تیـپـانەیش بکەیتـەوە، کـە لە تێکسـتـەکـەدا دووبارە دەبنەوە. مـەسـەلەی زمـان ئەو شـتـە سـادە و سـاکارە نییـە کە بەشـێکی زۆری نووسـەر و خوێنەرانی کورد تێی گەیشتوون.
بەشی دووەمی پـرسـیـارەکە پێـوەندیـی بە ناوەڕۆکی شـیـعـرەکـانمەوە هەیە. ڕەنگە لەم ڕووەوە نـەتوانم زۆر شت بڵـێم. ڕۆحی مـرۆڤ، بەتایبـەتیش ڕۆحی شـاعـیـرێک، بێگومـان وێڵـە و بە دووی شـتـێکی نـادیار و نەناسـراودا وێڵـە. ئەگـەر تەمـاشـایەکی یـەکـەمین دیـوانم، پرۆژەی کـوودەتـایەکی نهـێنی، کـە بەهاری ١٩٧٣ چاپ کـراوە، بکەیت، دەبـینیت لە پێـشکەشکردنـەکـەدا ئاوام نووسیوە: پێشکەشـە، بەوەی نازانم کێیە؟ لەکوێیە؟ چۆنە؟ بەڵام هـەر بە دوایا وێڵـم... ئەمـــە دەربـڕینێکی ســـادە و ڕاســـتگۆیانـەی هـەست و نـیگـەرانی و دوودڵیی مـرۆڤێکە کە هێشـتـا لە سـەرەتای ڕێگەی ژیاندایە و دەیەوێ لە زۆر شت تێ بگات و هـەرچی پەنا و کـەلـەبەر و نهێنی گـەردوونە بپشکنێت. هـەر ئەم کـونجکـۆڵیـیـەش بوو وای لێ کـردم خـوو بدەمــە خـوێندنەوەی بیـر و فەلسـەفە، بەو هیوایەی شـتێ لەبارەی ژیان و جیـهان و گەردوونەوە فێر ببم. بەشـێکی زۆری شـیـعـرەکانم دەربڕی ئەم تینوێتـییـەیە، گـەڕانە بە دوای ئەو ڕاسـتیـیـەدا کـە ڕەنگە مرۆڤ هـەمـوو ژیانیـشی بباتە سـەر بێ ئەوەی بە هیچ بگات. حـەزرەتی ئیبـراهیم، دروودی خوای لێ بێت، پەیامبـەری خـوداش بوو، کەچی هـەر دەیویست چاوی بە خـودا خـۆی بکەوێت. خـودا دەیزانی هێشـتـا دوودڵـە، بۆیە لێی برسـی: بینینـی منت بـۆ چیــــــە، بـاوەڕت نـەهـێناوە؟ وەرامەکەی ئیبـراهیم زۆر بەناوبانگە؛ فـەرمووی: «بلی، ولکن لیطمئن قلبی»، واتە: بـەڵێ، بەڵام با دڵنیـا بم! ئەگـەر پەیامـبـەرێکی خـودا ئاوا نیگەران و دوودڵ بووبێت، دەبێ حـاڵی ئێمـەمـانان چی بێت؟. لەم ڕووەوە کـەس هێندەی ئیمـامی عەلی، ئەگەرچی پەیامبەریش نەبوو، باوەڕی بتـەو نەبووە. عەلی هـەم وەلی و پیاوچاک بوو هەمیش شاعیر.

٢. باوەڕ وایە هـەر شـاعـیرێ کاریگەریی شـاعیرانی پێش خـۆی بە گشـتی وا بە سـەرەوە. گەلەک جـاران ڕێچکەی یەکێ لەو شاعیرانە دەگیرێتە بەر... لای ئێوە کام شـاعیر بۆتە نموونە و پێشڕەو؟

◇ من لە هەمـوو ژیانی شـیـعـرنووسـینمدا لە بیـرم نییـە بە دڵ ویستـبێـتم و حـەزم کردبێت وەک فڵانە شـاعیر بنووسم. زۆر شـاعـیـر هـەن کە بە دڵ پێم خۆش بووە شیعریان بخوێنمەوە و لە بەر بکەم. هێشـتـا دوانزدە ساڵان بووم بەشێکی شیعرەکانی گۆران و کامەرانم لە بەر کردبوو. لە تەمەنی حـەڤدە و

هەژدە ساڵاندا کۆمەڵێک شیعری بەدر شاکر سەییاب و مەحموود دەرویش و هەندێ شاعیری دیکەشم لە بەر بوون. بەڵام لەوە دڵنیام کە دەیان شاعیر هەبوون و هەن، لە دڵەوە حەزم کردووە وەک ئەوان نەنووسم. تازە، ئێستا پێویست ناکات ناویان بهێنم.
دوای فێربوونی هەندێ زمانی دیکە، ڕووبەرێکی فراوانترم بۆ کرایەوە بۆ ناسینی شیعر و تێکستی جوان و ئاشنابوون لەگەڵ ئەدەبییات و فەرهەنگی جۆربەجۆری ئەم دنیایە. کاتی خۆی من بە عەرەبی ڕۆمانەکەی هەمینگوەیم خوێندبووەوە، ماڵئاوایی لە چەک، بەڵام چوارده ساڵ دواتر کە بە ئینگلیزی خوێندمەوە، بەڕاستی خەریک بوو شاگەشکە ببم، هێندە بە لامەوە جوان و شاعیرانە بوو.
لە تەمەنێکی کرچ و کاڵدا شیعر و دیوانی زۆر لە شاعیرانی کلاسیکی کوردم خوێندبوونەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم توانیبێتم لە نرخە هونەری و عەقڵییەکانی ئەو کارانە نزیک ببمەوە. نەدەکرا، ناکرێ لەو تەمەنەدا لایەنە هونەری و ئاڵۆز و پێچەڵپێچەکانی شیعری نالی تێ بگەیت. ئەمە ئەگەر باسی زمان و فکر بکەین. ئەوجا هەندێ هەستی مرۆڤانە هەن، بێ ئەوەی خۆت ئەزموونێکی وەها، یا بارتەقایت هەبێ، ناتوانیت تێ بگەیت کابرا دەیەوێ چی بڵێت و باسی چی دەکات. تۆ وەرە بۆ منداڵێکی پێنج شەش ساڵان باسی ئەوینی نیشتمان، یا سووتان بەدەم تاسەی عەشقی ژنەوە بکە، ئەو چوزانێ باسی چی دەکەیت؟. منداڵێک، هەموو نیشتمان و هەرچی ژنی دنیایش هەیە، دایکی خۆی لێ دەرچێت، بە مشتێ نوقڵی ترش و شیرین دەفرۆشێت. هەقی خۆیشیەتی و نۆشی گیانی بێت.
پانزدە، بیست ساڵێ لەوەودوا بە وردی دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، ئەم جارە تام و چێژێکی دیکەی هەبوو. مەم و زین ئەوەندە قووڵ و هونەرمەندانە نووسراوە کە تەنیا بە دە جار و دوانزدە جار خوێندنەوە ناتوانی تێی بگەیت. دەبێ شارەزای کۆمەڵێ زانست و بیر و هونەری دیکەیش بیت، بۆ ئەوەی بچیتە ناو وردەکارییەکانیەوە. شیعری مەلای جەزیری و نالییش هەر وایە. بیروباوەڕی تەسەوف یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی. بەڵام تۆ ئەگەر شارەزای بنەما گرنگەکانی فەلسەفەی تەسەوف نەبیت، ناتوانی بزانیت مەلای جەزیری چی دەڵێت. من زۆر جار باسی هەندێ وردەکاریی شیعری جەزیریم بۆ خوێندەوار و ڕووناکبیری کورد کردووە. بینیومە سەری بۆ لەقاندووم، بەڵام دڵنیاش بووم تەقەی سەری دێت و خواخوایەتی زووتر بیبڕمەوە. شیعر هەتا زیاتر بە فکر و عەقڵ و فەلسەفە ئاخنرابێت، تێگەیشتنی ئەستەمترە. تۆ

دژوارییەکی وەهات لە شیعری گۆراندا، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیی زۆریشمدا بۆ مامۆستا گۆران، تووش نابێت. لە شیعری زۆربەی شاعیرانی ئەمڕۆی کوردیشدا دیسان هەر وایە.

حافزی شیرازی و مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی و مەولانای جامی لەو شاعیرانەن کە ناکرێ بە یەک یا دوو جار خوێندنەوە وازیان لێ بێنیت. زمانی ڕۆمی لە زمانی حافز ئاسانترە، ئەگەرچی لای ئەمیان فکر و تەسەوف قووڵترە. حافز هێندەی گیرۆدەی فکر بووە، باوەڕ ناکەم سۆفی بووبێت، دە هێندە گیرۆدەی هونەری بەکارهێنانی زمان و مێتافۆر بووە. دە ئەوەندەیش ئەوینداری مۆسیقای وشە بووە. لە شیعری تازەی فارسیدا شاملوویش وەک حافز زیاتر عاشقی زمان و وێنە و نیشانەیە، بەڵام بیرکردنەوەی سوهرابی سیپەهری قووڵترە، هەر نەبێ کاتێ ڕوو دەکاتە سروشت یا بەرەو لای ڕۆح و هەوارگەکانی ڕۆح شۆڕ دەبێتەوە.

ڕەنگە لە سەرجەمی شیعری شاعیرێکدا هەندێ شت بدۆزیتەوە کە شیعرێک یا بەیتێکی شاعیرێکی دیکەت بهێنێ بە بیردا. ئەگەر شاعیر دوای ئەزموونی کۆمەڵێساڵیش دیسان لە تەئسیری شاعیرانی دیکە ڕزگار نەبووبێت، کەواتە نەیتوانیوە ببێتە شاعیر، نەیتوانیوە کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی دروست بکات. لە ئەدەبی فارسیدا لەوەیە ناوی دە شاعیری گەورەی سۆفیت بۆ هەڵدەم، بەڵام هەر یەکەیان تام و بۆنی خۆی هەیە و هەر یەکەیان بە شێوەی خۆی ئەو عەشقەی دەربڕیوە. دڵداری و خۆشەویستییش هەر وایە. لەوەتی ژن و پیاو هەیە و لەوەتی شاعیر هەیە، دڵداری بابەتی هەرە گرنگی شیعر بووە، بەڵام تۆ دەبینی ئەگەر لای شاعیرێک دێڕێک، وێنەیەکمان بەرچاو بکەوێت لە هیی شاعیرێکی دیکە بچێت، یەکسەر دەڵێین ئەمەی دزیوە، ئەمە هیی خۆی نییە. هەر شاعیرێک، هەر شاعیرێکی باش، شێواز و زمانی تایبەتی خۆی هەیە. کولووی بەفر هەموو لە یەک دەچن، کەچی ئەگەر بە میکرۆسکۆپ تەماشای بکەیت، هیچ کولوویەک لە یەکێکی دی ناچێت. لە هەموو دنیادا دوو کولوو نادۆزیتەوە لە یەک بچن. گەڵای داریش هەر وایە. شاعیر و نووسەر و هونەرمەندیش هەر وەهان. دەبوو بڵێم شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی ڕاستەقینە و بەهرەدار! وا نییە؟

٣. لە هەر شاعیرێ داوای پێناسە و تێڕوانین و بۆچوون لەسەر شیعر دەکرێت... تۆ چیمان لەم ڕووەوە پێ دەڵێیت؟

<> نازانم بۆ دەبێ هەر شاعیرێک پێناسەیەک بۆ شیعر بێنێتە کایەوە؟. من پێم وایە لەوە گرنگتر دەبێ پێناسەیەک بۆ شاعیر هەبێت. یا هەر نەبێ جاروبار چاوێک بە چەمکی شاعیردا بگێڕینەوە، یا چەمکی شاعیر بێنینەوە بیری ئەو خەڵکە. لەو ڕۆژهەڵاتەی خۆمان، بە تایبەتیش لە کوردستان، چەمکی شاعیر زۆر شێوێنراوە. ئەم شێواندنە ئەگەر بە چاوێکی ڕۆژانەی کورتخایێن تەماشای بکەین ڕەنگە سوودێکی شاعیری تێدا هەبێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی فراوانی شارستانی و فەرهەنگییەوە تەماشای بکەین دەبینین بە زیانی شاعیر خۆی و بە زیانی نەتەوەکەی و بە زیانی فەرهەنگەکەی شکاوەتەوە. سوودە ڕۆژانەکەی شاعیر لەوەدایە دەتوانێت بازاڕێکی پان و پۆڕ بۆ خۆی پەیدا بکات، بێ ئەوەی داوایەکی زۆری لێ بکرێت، بێ ئەوەی چۆنایەتی بکرێتە مەرج بۆ ئەوەی پێشکەشی دەکات. ئەم دەردە سیاسەت و ڕێکخراوی سیاسی و سیاسەتمەدار دروستی کردووە. لەم ڕووەوە پاشا و میر و دەستەڵاتداری جاران پێشکەوتووتر و هونەرپەروەرتر بوون لە دەستەڵاتداری ئەمڕۆ. ئەوان ئەگەر داوای وەفاداری و ئەرکناسیشیان لە شاعیر کردبێت، بەڵام دیسان لایەنی هونەری و ئێستێتیکییان فەرامۆش نەکردووە و وەک مەرجێک هێشتوویانەتەوە. بۆ شاعیرێک ئەوەندە بەس نەبووە داوای تەمەندرێژی و سەرکەوتن بۆ پاشا بکات، دەبوو بە شێوەیەکی هونەری ئەمەی بکردایە. بەڵام شاعیری سیاسیی ئەمڕۆ، ئەوانەی وەفاداری حیزب و سیاسەت و ئیدیۆلۆگین، بە وتنی کۆمەڵە دروشمێکی سواو و بێتام خەڵاتی خۆیان هەر وەردەگرن. حیزب و دەستەڵات بەمەش واز ناهێنن، بەڵکە دەیانەوێ بە زۆر مێشکی خەڵکەکەش بەوە بئاخنن کە ئەدەبی چاک و سەرکەوتوو ئەمەیە و شاعیری گەورە و شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر ئاوا دەبێت. بۆ بەڕێکردنی ئەم کاڵایە کۆمەڵێ تیۆریی ئاڵۆواڵاش دەخەنە بازاڕەوە و دەیکەنە بناخەیەک بۆ پێوانی کارێکی هونەری. کە سیاسەتمەدار و حیزبی سیاسی گەزوگرێی هونەر دیاری بکات، ئیتر دیارە چ کاولستانێک دروست دەبێت. لە ڕابوردوودا شاعیر پێش هەموو کەس خۆی ڕەخنەی لە خۆی گرتووە، خۆی بۆتە سانسۆری خۆی، چونکە ئەو دەوروبەرەی ئەو تێیدا چالاک بووە ئەمەی ویستووە و ئەمەی سەپاندووە.

هیچ گومانم لەوە نییە کە بەهرە مەرجێکی گرنگی شاعیری و هونەرمەندییە، بەڵام ئەمە تەنیا ڕەنگە یەک لە دەی مەسەلەکە بێت، نۆ بەشەکەی دیکە خۆپێگەیاندن و ڕۆشنبیری و زانست و زانیارییە. زمان نەخشێکی یەکجار گرنگی هەیە، نەک تەنیا زمانی شاعیر خۆی، بەڵکە زمانی دیکەش، بۆ ئەوەی بتوانێت فەرهەنگی جۆربەجۆری ئەم دنیایە بناسێت. خوێندنەوە،

شارەزابوون، پشکنین و سەردەرکردن، هەموو گرنگ و کاریگەرن. شاعیر و هونەرمەندی ئەمڕۆ دەبێ ڕووناکبیرێکی وریا و گەورەی سەردەمەکەی خۆی بێت. ئەمە مەرجێکی گران نییە. مەرجێکی تازەش نییە. بەڵکە گەڕانەوەیە بۆ مەرجێک کە پێشتر هەبووە و ئێستا تا ڕادەیەک، هەر نەبێ لای بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد، فەرامۆش کراوە. تۆ تەماشای بەرهەمی کەسانێکی وەک مەلای جەزیری، خانی، نالی و شێخ ڕەزا بکە، بزانە چۆن بە تیشکی دەیان زانیاری و فەرهەنگ دەدرەوشێتەوە. لای فارس و عەرەب و تورکیش هەر وا بووە. ئەم مەرجە لە ڕۆژاوا ئەگەر گرانتر و سەختتر نەکرابێت، ئاسانتر نەکراوە. شاعیری ڕۆژاوایی، شاعیرە چاکەکانیان، ڕووناکبیری گەورەشن. شاعیرێکی وەک گۆرانیش، پیاوێکی خوێنەوار بووە. بەڵام کاتێ لە پێناوی سیاسەت و ئیدیۆلۆگیدا پێوەری هونەریی، ناڵێم واز لێ هێناوە، بەڵام فەرامۆش کردووە، بەرهەمەکەی هاتۆتە خوارەوە. گۆرانێک کە (دەروێش عەبدوڵڵا) و (هەڵبەستی دەروون)ی نووسیوە، دواتر (مام چەوەنەر) و (کورد ئەم لاقم، عەرەب ئەو لاقم)ی داناوە.
ئێمە ئەگەر توانیمان چەمکی شاعیر و هونەرمەند لە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بازاڕی دوور بخەینەوە، کە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە، ئەوسا دەشتوانین پێناسەی شیعر بە شێوەیەکی دیکە بکەین. ئەوسا شاعیر خۆی بە بەرهەمەکەی، بە شیعرەکەی، بە بۆچوون و باوەڕ و تیۆرییەکانی بناخەیەک بۆ ناسینی شیعر دادەنێت. لەوەیە پێناسەیەکی تازە دابنێت، بەڵام دڵنیام مەرجەکانی سادە و ئاسان نابن و نرخە هونەری و ئینسانییەکان دەبنە بڕیاردەر.

٤. بۆچی شیعر ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئەدەبی کوردیی داگیر کردووە؟ ئەم دیاردەیە ئەرێتییە یا نەرێتییە؟

<> منیش نازانم بۆچی. ساڵانێکە ئێمە هەر ئەم پرسیارە دەکەین و تا ئێستاش وەرامێکی وامان چنگ نەکەوتووە کە ئیتر پێویستمان بەو پرسیارکردنە نەمێنێ. زۆرجار وەک بیانوویەک دواکەوتوویی و سەرەتاییبوونی گەلێک و کۆمەڵگەیەک باس دەکرێت، بەڵام من زۆر باوەڕ بەمە ناکەم، چونکە نموونەی زۆری واش هەن کە ئەم بۆچوونە لەق دەکەن. کۆمەڵگەکانی دەوروبەری کورد ڕەنگە زۆر لە ئێمە پێشکەوتووتر نەبووبن، بەتایبەت لە ڕابوردوودا، کەچی دەبینین لای ئەوان پەخشان دەمێکە دەستی پێ کردووە و پلەیەکی باشی بڕیوە و لە زۆر بواردا بە کار هێنراوە. هەر بۆ

نموونە دەکرێ باسی ئێرانییەکان، ئاسوورییەکان و ئەرمەنییەکان بکرێت. لەوەیە نەبوونی دەستگایەکی ناوەندی کە کاروباری کۆمەڵگەیەک ڕێک بخات و ببات بە ڕێوە، وەک دەوڵەت لای ئێرانییەکان و کڵێسە لای ئاسووری و ئەرمەنییەکان، هۆیەکی گرنگ بێت کە کورد زۆر درەنگ دەستی بە نووسینی پەخشان کردبێت. ئەگەرچی ئەمەش بەتەواوی قەناعەت بە من ناکات. تۆ دەبینی پیاوێکی وەک شەرەفخانی بەدلیسی کە زۆر خوێنەوار و سیاسەتزان و دنیابینیو و شارەزا بووە و زۆریش هەستی کوردایەتیی لە لا بەهێز بووە، کە دەستی داوەتە نووسینی مێژووی کوردستان بە فارسی نووسیویەتی نەک کوردی. ڕەنگە بگوترێ لەبەر ئەوە بووە کە شارەزای کوردینووسین نەبووە، یا پێشینەی کوردینووسین لە کاتی ئەودا نەبووە. چاکە، بەڵام خۆ پێشینەی نووسینی شیعر بە کوردی لە کاتی مەلای جەزیرییشدا نەبووە، ئەی چۆنە جەزیری شیعری بە کوردی نووسی؟ ئەویش چ شیعرێک؟ هەتا بڵێی بەرز و هونەرمەندانە. لەوەش بترازێ شەرەفخان سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی بووە، کە بەڕاستی دەیتوانی لە دەوڵەتەکەی خۆیدا کوردی بکاتە زمانی ڕەسمی.
دواتریش دەبینین کەسانێکی وەک شێخ حوسەینی قازی و مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە نە دەستەڵاتدار بوون و نە سەرۆکی گەورەی دینیش بوون، پەخشانیان بە کوردی نووسیوە. بە کورتییەکەی من ڕوونکردنەوەیەکی ئاوەزکارانەی ڕێکوپێکم لا نییە.
ئەوەی کە شیعر شێوەی هەرە زاڵی دەربڕینی ئەدەبییە لای کورد، بێگومان، دیاردەیەکی باش نییە، ئەگەرچی پێم وایە ئێستا ئەم دیاردەیە بڕێک گۆڕاوە و پەخشان تا ڕادەیەکی باش تەکی بە شیعر هەڵچنیوە. تۆ ناتوانی ئەدەبییاتی نەتەوەیەک لە چوارچێوەی شیعردا بەند بکەیت. بێجگە لەوەش شیعر بە هۆی ئەوەوە کە کۆمەڵێ مەرجی قورسی هەیە، ناتوانێت ببێتە کەرەسەی دەربڕینی، یا نووسینی، هەموو شتێک.
من کە باسی پەخشانیش دەکەم دیارە مەبەستم تەنیا پەخشانی ئەدەبی نییە. دەمەوێ بڵێم ئێمە پێویستمان بەوەیە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی ئەم سەردەمە بگوێزینەوە بۆ زمانی کوردی: فەلسەفە، سایکۆلۆگی، کۆمەڵناسی، تەکنیک، فیزیک، دەرماننناسی و سەدان زانستی دیکە. خۆ ئەمانە ناکرێ بە شیعر بکرێن بە کوردی.

٥. ئایا وا بووە بە نیازی ڕەخنە و بڕیاری سەخت ڕەفز و دڵی بێڕەحمانەوە بە شیعرەکانی خۆتدا بچیتەوە؟ چ بڕیارێکت داوە؟

◇ کە تازە دەستم بە نووسین کردبوو، زۆر گوێم بەوە نەدەدا کە بە تێکستەکاندا بچمەوە، چ شیعر چ پەخشان. ئەمە هۆیەکی سایکۆلۆگی و ڕەنگە بڕێکیش میتۆلۆگیی هەبوو. بەرهەمی ئەو وێنەیە بوو کە نووسەر و هەنەرمەند، بەتایبەتیش شاعیر، لە وڵاتی ئێمەدا هەیانە. شاعیر وەک پەیامبەرێک، یا کەسێک کە بەهرە و پەیامی لە ئاسمانەوە، لە نادیارەوە بۆ دێت، تەماشا دەکرا. لەبەر ئەوەیش ئەوەی دەینووسێت دەبێ وەک شتێکی پیرۆز تەماشا بکرێت، وەک نووسراوێکی ئاسمانی و دینی. بێجگە لەوەیش کەمئەزموونی و تەمەن لەم شتەدا گرنگە. لە تەمەنی لاوێتیدا پیاو کەس لە سەرووی خۆیەوە نابینێ و پێی وایە ئەوەی لە قەڵەمی ئەو دێتە خوارەوە ئیتر شاکارە و مێژووگۆڕە و داهێنانە.

من ساڵانێکی زۆرە خۆمم بەوە ڕاهێناوە پێش هەموو کەسێک خۆم ڕەخنە لە بەرهەمی خۆم بگرم. ڕەنگە خۆم بڕیارێکم لەم ڕووەوە نەدابێت، بەڵام لە ئەنجامی خوێندنەوە و گۆڕانی هەستی زمانەوانی و جوانناسیم و پێوەندی لەگەڵ ڕووناکبیرانی ئەوروپادا، ئەم میکانیزمەم لا دروست بووە. ئێستا هێندەی بتوانم بە نووسینەکانمدا دەچمەوە و بە چاوی ڕەخنەگرانە دەیانخوێنمەوە. بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر و بەرهەمی دیکەم هیچ پەلەم نییە و دوای نووسینیان ماوەیەکی باش بە جێیان دەهێڵم. درەنگێ دیسان دێمەوە سەروکاریان. دەڵێی شەرابم لە کووپەدا گرتۆتەوە. تا دڵنیا نەبم کە گەیشتوون و بۆ ئەوە دەشێن بخرێنە بەردەم خەڵک، لە کووپە دەریانناهێنم. نووسەری وا هەیە هێشتا مەرەکەبی نووسینەکەی وشک نەبۆتەوە، بۆ چوار گۆڤار و ڕۆژنامەی دەنێرێت و لە هەمووشیاندا بڵاوی دەکاتەوە. خۆشبەختانە من لەو بابەتە نیم. بەم حاڵەیشەوە دیسان مرۆڤ گەلێ جار تووشی هەڵە دەبێت و وا ڕوو دەدات کە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی پەشیمان دەبێتەوە، یا حەز دەکات بە جۆرێکی دیکە بینووسیایە و دایڕشتایە.

من لەم بوارەدا بۆ خۆم پێوەرێکم هەیە. کە کتێبێک بڵاو دەکەمەوە، ماوەیەک دواتر، ساڵێک، یا زیاتر، جارێکی دیکە بە وردی دەیخوێنمەوە. جاری وا هەیە ڕووی داوە، کە لە بڵاوکردنەوەی بەشێک، پارچەیەک، یا وشەیەک پەشیمان بوومەتەوە. وتوومە ئەگەر بە عەقڵی ئێستام بووایە، ئەو بەشەم وا نەدەنووسی، یا لە جێی فلانە وشە وشەیەکی لەبارترم بە کار دەبرد. دوو کتێبم هەن کە ئەوە ساڵانێکە بڵاوم کردوونەوە، بەڵام هەتا ئێستاش تەنانەت لە یەک دانە وشەشیان پەشیمان نیم و پێم وایە لە ڕووی هونەرییەوە هێزێکی ئەوتۆیان هەیە کە بەرگری لە خۆیان بکەن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە

کە یەکێکیان لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندیشەوە یەک هەڵەی تێدا نییە. لە ئەوی دیکەشیاندا، تەنیا نوختەیەک و وێرگول (کۆما)ێک بە هەڵە دانراون. بەڵام کێ دەڵێ لە تەمەنێکی هەڵکشاوتردا لە هەمووی پەشیمان نابمەوە؟ نیگەرانبوون بەرانبەر نووسین و بەرهەم، پێوەرێکە بۆ ئەوەی کە هونەرمەند، نووسەر یا بەرهەمهێن بە گشتی، چەند بەرانبەر بەرهەمەکەی و بەرانبەر پیشەکەی دڵسۆز و جددییە. من کە بە بەرهەمی کرچوکاڵ و لاوازی خۆم ڕازی بم و چاوپۆشی لە شتی نەگەیشتوو بکەم، نەک هەر خوێنەر دەخەڵەتێنم، بەڵکە لە پێش هەموو کەسێکدا خۆم هەڵدەخەڵەتێنم. لە لایەکی دیکەیشەوە بەم کارەم ڕێگە لە خۆم دەبەستمەوە کە بتوانم و لە ڕووم بێت ڕەخنە لە بەرهەمی کەسانی تر بگرم چونکە ترسی ئەوەم هەیە ئەوانیش شتە خراپەکانی خۆم بدەنەوە بە چاوما.
پێداچوونەوە و ڕەخنە لە خۆ گرتنی هونەرمەند زۆربەی جار ئەنجامی ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر چێژ و هەڵسەنگاندنی هونەری و زمانەوانیی ویدا دێت. هەڵکشانی هەستی هونەری وئێستێتیکی وا دەکات کە هونەرمەند، نووسەر و شاعیر، بە شتەکانی پێشووی خۆی ڕازی نەبێت و بە چاوێکی دیکە تەماشایان بکات. ئەمە هەستێکی زۆر ئاسایی و گەشەکردنێکی زۆر سرشتییە لای هونەرمەند کە ڕەنگە هەتا مردن هەر لەگەڵیدا بژی. بەرانبەر بەم دیاردەیە ئەوەیش هەیە کە ڕەنگە هونەرمەند بە هۆی گۆڕانی ئیدیۆلۆگییەوە، سەلیقە و چێژی هونەرییشی بگۆڕێت، بەڵام نەک بەرەو چاکتر و جوانتر، بەڵکە بەرەو نشێوتر، بەرەو سیاسەتاندنی هونەر. ئەودەم بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دەبێتە کەرەستەیەکی حزبی و سیاسی، جۆرە نرخ و پێوانەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هونەر، کە بەزۆری دەبێتە هۆی دارووخانی جوانیی هونەر. نموونەی لەم بابەتەشمان لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە و هەیە.

٦. شیعری سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت و چۆن شاعیر لە گەیاندنی پەیامەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت؟!

<> ئەمە بەوەوە بەستراوەتەوە کە تۆ شیعرت بۆ چی، بۆ چ مەبەستێک، دەوێ. ئەگەر دەتەوێت شیعر بکەیتە کەرەسەیەک بۆ ڕاگەیاندنی پەیامێکی سیاسی، دینی یا ئەخلاقی ئەوە ئاشکرایە کە تۆ بارێکی یەکجار سەخت و گران دەخەیتە سەر شانی. نموونە هەرە جوان و بەرز و سەرکەوتووەکانی شیعری ئەم دنیایە ئەوانە نین کە بۆ پەیامێکی ئاوەها تەرخان کراون. بەڵام

کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە شیعری چاک و سەرکەوتوو ناتوانێت ناوەڕۆکێکی وای هەبێت لەگەڵ کۆمەڵێ نرخی مرۆڤانە و ئاسمانیدا یەک بگرێتەوە. بەڕاستی لەوەتی مرۆڤ دەستی داوەتە داهێنانی شیعر، هەمیشە ئەو شیعرە بە نەمری ماوەتەوە کە لەگەڵ باس و نرخە نەمرەکانی مرۆڤدا تێکەڵە. بە پێچەوانەشەوە ئەو شیعرەی لەگەڵ باسوخواسی ڕۆژانە، بە تایبەت سیاسیدا، خەریک بووە، هەر زوو سیس بووە و کوژاوەتەوە.
شتی هەرە گرنگ ئەوەیە شاعیر لەگەڵ خۆی و لەگەڵ هونەرەکەی و لەگەڵ خوێنەردا ڕاستگۆ بێت. ئەوەی باوەڕی پێیەتی و لە ناخیدا دەژی و پێوەی دەتلێتەوە، ئەوە بگێڕێتەوە. بۆ ئەم گێڕانەوەیەش دەبێ کەرەسە هونەرییەکانی بە شێوەیەکی چاک و سەرکەوتووانە بە کار ببات، کە لەناویاندا زمان ڕۆڵی هەرە بناخەیی و گرنگی هەیە. لێرەدا باسێکی تریش دێتە پێشەوە کە پێوەندیی بە ناوەڕۆکەوە هەیە. من خۆم زیاتر حەز لەو شیعرە دەکەم کە باسی ناوەوەی مرۆڤ
دەکات. هەوڵ دەدەم لە شیعرەکانمدا باسی ئەو هەرێمە بکەم کە خەڵکانی دیکە شارەزای نین و نەیانبینیوە. باسی ئەزموونێک دەکەم کە خۆم پێیدا تێپەڕیوم، بەڵام بەشێکی زۆری خوێنەران هەر ئاگاشیان لێ نییە. ڕەنگە خەڵکانێکیش هەبن لە ئەزموونی ئاوەهادا ژیابن، بەڵام ئەزموونی ناوەوەی مرۆڤ، بە تایبەتی ئەزموونێکی ڕۆحی، هێندە تایبەت و وردە کە هەر کەسێ بە شێوەی تایبەتی خۆی لێی تێ دەگات و بە شێوەی تایبەتی خۆی بیری لێ دەکاتەوە. سۆفییەکان دەڵێن «ژمارەی ئەو ڕێگایانەی خەڵک دەگەیێننە خوا، هێندەی ژمارەی خەڵکەکە خۆیەتی»، واتە هەر کەسێک کە دەگاتە خواناسین و لەو ئەزموونەدا دەژی، بە شێوەی تایبەتی خۆی ئەم کەشفە دەکات. ڕەنگە ئەزموونی هیچ خواناسێک لە هی یەکێکی دیکە نەچێت. کەواتە باسکردن و گێڕانەوەی ئەم جۆرە ئەزموونانەی لە ناوەوەی مرۆڤدان و لە بەرچاو نین وزەیەکی هونەرمەندانەتر و جوانکارانەتری پێویستە، زیاتر لەوەی باسی شتێ بکەم کە تۆیش و یەکێکی دیکەش شارەزای بن و چاوتان پێ کەوتبێت. ئەو شاعیرانەی شیعری سیاسی و شیعری مەسەلە ڕۆژانەکان دەنووسن، وەک ئەوە وایە باسی دیمەن و کۆڵان و کووچە بە کووچەی شارەکەی خۆتت بۆ بکەن، کە تۆ خۆت لەو چاکتری دەزانی و دەناسیت. کارەکەی ئەو هەر ئەوەندەیە ڕەنگە لە قاڵبێکی جوان و ڕازاوەدا پێشکەشی بکات، وەک ئەوەی باسی شارەکەی خۆت لە کاتالۆگێکی توریستیدا بخوێنیتەوە و بەرچاو بکەوێت. بەڵام کە شاعیر باسی ئەزموونێکی ناوەوەی خۆی دەکات، باسی ئەزموونێکی ڕۆحی دەکات، ئەمە باسی وڵاتێک و هەرێمێک و شارێکە کە تۆ

نەتبینوە و نازانی لە کوێیە و چۆنە. باسی نەبینراوت بۆ دەکات. من خۆم ئەم جۆرە شیعرەم پێ خۆشترە و ئەم جۆرە شیعرەش دەنووسم. بەڵام بێگومان ئەم جۆرە شیعرە هەر وا بە ئاسانیش ناتوانێ خۆی بباتە پێشەوە و ببێتە ئەو شیعرەی هەموو کەس تێی بگات و حەزی لێ بکات و نرخی بزانێت. ئەمە خوێنەری وریا و شارەزای دەوێت، بەڵام لەوەش گرنگتر، ڕەخنەیەکی وریا و لێزان و قووڵی دەوێت.
نازانم شاعیر پەیامێکی دیاریکراوی هەیە یا نە، بەڵام دەزانم وەک هەر هونەرمەندێکی دیکە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیە کە دڵسۆزی هونەرەکەی بێت و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بێت بەرەو چڵەپۆپەی کامڵبوون و جوانی و چاکی بەرزی بکاتەوە. ئەمەش ئەرکێک نییە بەو مەعنایەی کەسێک یا لایەنێک یا دەستەڵاتێک داوای لێ دەکات و ئەمەی بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵکە بەو لێکدانەوەیەی کە بەشێکە لە سرشتی هونەرمەند خۆی و لە میکانیزمی پێشکەوتن و گەشەکردنی. ئەم هەوڵدانە، بێگومان، ئەو لایەنەش دەگرێتەوە کە دەبێ کۆمەڵە نرخێکی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستانە لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکەیدا بگونجێنێت و تێکەڵاو بکات.

٧. تۆ شاعیرێکی دیاری ئەزموونەکەی ناوچەی "کفری" و سەردەمی ڕوانگەیت، ئێستا چۆن لەو دوو ئەزموونە دەڕوانیت؟

◇ تا ئێستا گەلێ جار پرسیاری ئەم باسەیان لێ کردووم. ساڵێ لەمەوبەریش وتارێکم بڵاو کردەوە بە ناوی «پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک» و بە وردی باسی ئەزموونی شاعیرانی کفریم تێدا کردبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە باسەکە لە بنەڕەتدا زۆر شێوێنراوە و بە شێوەیەکی وا خراوەتە ڕوو کە لەگەڵ ڕاستی و مێژوودا یەک نەگرێتەوە. ئەم ڕاستی شێواندنە گەلێ هۆی هەیە کە ڕەنگە نەتوانم هەمووی لێرەدا باس بکەم. پێم وایە ئەم مەسەلەی گرۆی کفری و ڕوانگەیە، پێویستی بەم هەموو خۆپێوەخەریککردنە نییە. کێ پێشتر بووە یا نەبووە، شتێکی زۆر گەورە لەوە ناگۆڕێت کە نووسەری باش بە بەرهەمدا دیارە، نەک ئەوەی ڕۆژێ زووتر یا درەنگتر نووسیبێتی. لەم ڕووەوە وا هەست دەکەم هاوڕێی خۆشەویستم کاک لەتیف هەڵمەت لە هەموومان زێتر پەرۆشی ئەم چەسپاندن و جەختکردنەیە. من لای خۆمەوە لەبەر ئەوەی ساڵانێکە لە دەرەوەی کوردستان دەژیم و، ڕاستەوخۆ، وەک لەتیف هەڵمەت، ڕووبەڕووی کارکردی ئەو شێواندنە نەبوومەتەوە، تەنیا ئەو وتارەم نووسیوە کە لە سەرەوە ناوم هێنا.

جارێ خۆی هەر باسکردنی ئەزموونی نوێگەرییەکەی ئێمە وەک ئەزموونی ناوچەی کفری یا گەرمیان سنووربۆدانانێکی ئاشکرایە و هەوڵدانێکە بۆ کەمکردنەوەی بایەخ و کارکردی ئەزموونەکە. ئێمە تەنیا شاعیرانی ناوچەی کفری یا گەرمیان نەبووین، بەڵکە ئێمە ئەو شاعیرە کوردانە بووین کە بۆ یەکەم جار دوای گۆران شیعری کوردیمان تازە کردەوە و ناوەڕۆک و فۆرمێکی نوێمان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە.
پێم وایە هەر کەسێک بە ویژدانەوە بڕوانێتە ئەو پرۆسێسە ئەدەبییەی لە دوا ساڵانی شەستەکان و سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا گەشەی کرد دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر و نووسەرانی کفری یا گەرمیان زۆر پێش نووسەرانی ڕوانگە تێکستی نوێیان پێشکەش کردووە؛ تێکستێک کە لە ڕووی زمان و لە ڕووی شێوە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە ئاشکرا خۆی لە ئەزموونەکەی مامۆستا گۆران جیا کردۆتەوە و دەیەوێ بە شێوەیەکی دیکە خوێنەر بدوێنێت. بێگومان ئەو تێکستانە لە سەرەتاوە هەموو مەرجەکانی نوێکردنەوەیان نەگەیاندبووە پلەی کامڵبوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە شاعیرەکان بە ئاگاداربییەوە، بە زانینەوە، هەوڵیان دەدا تێگەیشتنی هونەریی خۆیان لە چوارچێوەی تێکستدا جێ بکەنەوە و بە زمانێکی دیکە مەلی دەروونیان بهێننە گۆ.
من گەلێ جاریش ئەوەم وتووە و دووبارە کردۆتەوە کە ئێمە هەرگیز وامان بیر نەکردۆتەوە کە خۆمان بە تاقمێک و بە گرۆیەک دابنێین و سەنگەرمان لە کەسی دیکە گرتبێت. بە ڕاستی باوەڕ ناکەم ئێمە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان و جارێک لە جاران پێکەوە دانیشتبێتین و نەخشە و پلانمان داڕشتبێت بۆ دژایەتیکردنی هیچ کەس و لایەنێک یا تەنانەت بۆ ئەوەی کە چۆن بنووسین و چی بنووسین. ئەوەی ئێمەی بە ڕواڵەت یەک خستووە و وای کردووە وەک گرۆیەک دەربکەوین، جۆری بیرکردنەوە و بۆچوونە هونەری و ئێستێتیکی و ئەدەبییەکانمانە. ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەش دیارە بەرهەمێک بوو کە لە هیی نووسەرانی دیکەی ئەو سەردەمە جیاواز بوو. ئێمە لەو ڕووەوە کە چەمکی نوێکردنەوە و نوێخوازی ڕوونتر تێگەیشتبووین و دەمانزانی سیمای ئەو ئەدەبەی بە لامانەوە تازە بوو دەبوو چۆن بێت، یا هەر نەبێ دەمانزانی کە دەبێ چۆن نەنووسین، زووتر توانیمان قاڵبێکی هونەری بۆ دەربڕین بدۆزینەوە، قاڵبێک کە تازە بێت و جیاواز بێت. ئەم تێگەیشتنەی ئێمە لە پلەیەکدا بوو کە ئێمەی لە هەموو نووسەرانی نوێخوازی سەردەمەکەمان جیا دەکردەوە.
بێگومان برایانی ڕوانگەیش و نووسەرانی دیکەیش پێیان خۆش بووە و

هەوڵی ئەوەیان داوە شـتـێکی تازە پێـشکەش بکەن، بەڵام حـەزکـردن و هیـواخـواستن شـتـێکە و توانسـتی بەدیهـێنانی، شـتـێکی دیکەیە. ئەوان ئەگـەرچی بە نەخـشـە و پلان کـاریان دەکـرد و زۆر لە هـۆڵی کـۆبوونەوە ڕێکخستن و بەیان دەرکردندا بوون، بەڵام چەمکی ئەو نوێخوازییەی حەزیان دەکرد بیـهێننە دی ڕوون نـەبوو. پێشکەشکردنی بەرهەمی تازەیش لە لایەن ئەوانەوە دوا کەوت، چەند سـاڵێک دوای ئێمـە، چوار پێنج سـاڵێک، ئەوسـا توانییان هەندێ نموونەی تازە پێشکەش بکەن.
لەگـەڵ هەمـوو ئەوەیشـدا من نامـەوێ لەبەر مـەبەسـتـێکی شـەخـسی و خـۆپەرسـتـانە، لە توانست و بەهرەی ئەو برایانە دابشکێنم و ڕۆڵی ئەوان بکەم بە ژێر لێـوەوە. ئەدەبی نوێی کـوردی، ئەو ئەدەبەی کـە دوای لووتکە ئەدەبییـەکەی مامـۆستا گۆران، لووتکەیەکی دیکەی دروست کرد ئەنجامی بۆچوون و بەرهـەمی هەمـوومـان بوو. من شـانازی بە تاکـە وشـەیەکـیشـەوە دەکەم کە شتێکی نوێی هێنابێتـە ناو فکر و ئەدەب و داهێنانی کوردییـەوە، خاوەنەکەیشی کێ دەبێت با ببێت.

٨- قـەدەرێکـە سـەرگـەرمی لێکۆڵینەوە و توێژینـەوەیت لە ئەدەبی تەسـەوفدا. ئەم بیرکردنەوەیە چۆن سەری هەڵدا؟ ئایا دەرئەنجامێکت دەستگیر بووە؟

<> ئەمە چیرۆکێکی درێژی هەیە. هەوڵ دەدەم هەر بە کورتی شتێکی کەمیت بۆ بگێڕمـەوە. لەوەیە پاشـخـانی کـۆمـەڵایەتی و فـەرهـەنگیم دەخـڵێکی زۆری هەبووبێت بەسـەر پێوەندیی ئێستـامـەوە بە سـۆفیگـەرییەوە، بەڵام پێوەندییـە ڕاستەوخۆیەکە بە جۆرێکی دیکە دەستی پێ کرد.
من کـە هـاتمە ئەورووپا، بەڕاسـتی دوای ئـەزمـوونێکی چڕ و پڕی ژیان و لە گەلێ بواری جیاوازدا بوو، کە ڕۆژهەڵاتم بە جێ هێشت. لە ناخەوە هەستم دەکرد ئەو ئەزمـوونانە هەموویان گـەیشـتـبـوونە تێکشکان و بنبـەست، دەنا هەر وا بە ئاسـانی ئەو ڕۆژهەڵاتە و ئەو بوارانەی ژیانم بە جێ نەدەهێشت و واز لێ نـەدەهێنا. من کـەسـێک نەبووم لەبەر سـەربازی هەڵاتبـێـتم، یا بۆ خـوێندن هـاتبـێـتمـە دەرەوە و دواتر ڕێگای گەڕانەوەم لێ گیـرابێت. من ئەو کاتە خـەباتی سیاسیم دەکرد، ئەندامی کۆمەڵەیەکی سیاسی بووم و زۆریش بە دڵگەرمی و دڵسـۆزی خـۆمم بـۆ خزمـەتی بیروباوەڕە سیـاسی و قـەناعـەتە فکری و کۆمەڵایەتییەکانم تەرخان کردبوو. وەک سـەربازێکی گومناو بە دڵ و بە گیـان شـەووڕۆژم دەگەیاندە یەک. وەک لـە شـیـعری (گـەڕانـەوەیەک)یشدا ئیشـارەتێکم پێ داوە، ژیان و مردنم بە لاوە یەکسـان بوو، بەڕاسـتی بە هیچ

جۆرێ باکم له مـردن نەبوو. ڕەنگە ئەمـانە هـیـچـیـان لەبەر ئازایی و عـاقـڵـیم نەبووبێت، بـەڵام چاک بێت یا خـراپ، من وا بـووم و ڕاسـتـیـیـەکـەت بۆ دەگێـڕمـەوە. لە ڕووی پلە و پایـەیشـەوە تا ڕادەیەکی باش لـە سـەرەوە بووم و چەندیشم بویستایە هەڵدەکشام. بەڵام ئەمـانە هیچیان دادی منیـان نەدەدا، دەروونی تینووی منیـان پاراو نەدەکرد و وەرامی ئـەو دڕکـەپرسـیـارانەیان نەدەدایەوە کە دڵ و هەناومیان خوێناوی دەکرد.
دوای ئەوەی هـاتمە ئـەوروپا، مـاوەی یەک دوو سـاڵێک بە ڕاسـتی تووشی گێژاوێکی یەکجـار ناخـۆش بووبـووم. خـۆیشم نەمـدەزانی چی دەکـەم و بە تەمای چیم. ئێستا کە بیر لەو ساڵانە دەکەمەوە هەستێکی وام بە دڵدا دێت کـە بە هـیچ شـێـوەیەک بڕیارم بە دەست نـەبووە و هێـزێکی دیکە، هێـزێکی نەبینراو هـەمـوو شـتـەکانی ڕێک خـسـتووە و پێشـەکی بڕیاری لەسـەر داوە. ڕەنگە ئەودەم نە لەو باسـە گـەیشـتبـێـتم و نە بمتـوانیبـایە تێ بگەم. بەڵام ئێستا، خۆشبەختانە، ئەو شتانە ڕوونتر دەبینم.
سـاڵی ١٩٨١ بە نیـازی خـوێندنی شـتێک کە لەگەڵ پاشـخـانی فـەرهەنگیم و لەگەڵ تـوانستی مندا بگونجێت ڕووم کردە زانسـتگەی ئوپسـالا. بۆ ئەوەی بتـوانم دەست بە لێکۆڵینـەوە بکەم دەبوو هەنـدێ کـۆرسـی تـازە بخـوێنـم کـە پێـشـتر لە بـەشـە کـوردییـەکـەی زانسـتگەی بەغـدا نەمـخـوێندبوون. دەبوو کارێکی زانستییش پێشکەش بکەم. کارەکەم ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو کە لەسەر کوردایەتی لە مەموزینی خانیدا نووسیم. هـەر ئەوەش بوو کە گیرۆدەی خانی و جیهـانی خـانیی کردم. بە هۆی خـانییـەوە مـەلای جـەزیریشم ناسی. دیارە پێشتریش خانی و جەزیریم خوێندبوونەوە، بەڵام خوێندنەوە لە کوێ و ناسین و ئاشنایەتی لە کوێ؟؟ ئەم ئاشنایەتییە ڕایکێشـامـە ناو دنیـای تەسـەوف و بیـری عـیـرفـانییـەوە. دەسـتم کـردە خـوێندنـەوەی شـوێنـەوارە هونەری و فکرییەکانی شاعیر و بیریارانی سۆفی. نەمدەویست هەر بەوەشەوە بوەستم کە هـەر بەرهـەمەکانیان بخوێنمەوە، دەبوو مێژووی تەسـەوف خۆیشی بناسم و لێی بکۆڵمـەوە. پێیشم خـۆش بوو بزانم سـۆفییـەکانی کوردستان چییان پێشکەش کـردووە. تەریقـەتی نەقـشـبـەندی لە مـێـژووی کـوردسـتـان و لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هێنده گەورە و گرنگە کە هیچ خـوێنەر و لێکۆڵەرەوەیەک نـاتوانێ هـەروا سـەرپێـیی بـە لایدا ڕابووری. دەبێ پیـاو بە قـووڵی سـەرنجی بدات و هـەوڵی تێگەیشـتنی بدات. لەم بوارەدا کەسـایەتیی پرشنگدار و تیشکهاوێژ و ڕووناکیپژینی مەولانا خـالیدی شـارەزووری هـەر بە تەواوی دڵ و دەروونـی داگیـر کـردم. هـەر لەم دنیـا ڕەنگینەی تـەسـەوفـدا هەوڵم دا ئاشنایەتییەکی چەندە کەم و کورتیش بێت، لەگەڵ ئیمامی غەززالی و مەولانا جەلالودینی ڕۆمی و ئیبن عەرەبی و جامیدا پەیدا بکەم.

پێت وا نەبێت، بە قەولی مام هێمن، لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵدابێتەوە. باوەڕ بکە ئێستاش کە ئەوە چواردە پانزدە ساڵێکە خۆم بەم شتانەوە خەریک کردووە، هەست دەکەم هیچی تێ نەگەیشتووم. هەست دەکەم لە جاران زیاتر عەوداڵی ئەوەم دوو حەرف فێر ببم. تەسەوف هیی ئەوە نییە لێی بکۆڵیتەوە و بیخەیتە ئەم قاڵب و ئەو چوارچێوەوە. تەسەوف عەشقە، هەتا زیاتر بە دڵ و دەروونتدا بچێتە خوارێ و هەتا زۆرتر ڕەگ و ڕیشەت لە بن دەربێنێ، چاکتر چێژی لێ وەردەگریت.

٩. تا کوێ هەوڵت داوە بە شیعر هەڵوێست لەسەر دیاردە و پێشهاتەکانی ناوەوەی وڵات وەربگریت؟ وەک دەزانین شیعریش هەڵوێستی گەرەکە؟ ڕۆڵ و هەڵوێستی ئێوەمانان لەم قۆناخەدا گەرەکە چۆن بێت؟! [مەبەستم لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانە]

◇ باوەڕ بفەرموو من هەندێ جار تا ڕادەی بێزهاتنەوە، لە گەمەی هەڵوێست و هەڵوێستبازی بێزارم. دروستبوونی ئەم هەستەش، دەزانم، لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە ناهەموار و ناقۆڵا و بێ سەروبەرەی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێ و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ڕۆڵی بەشێکی ڕووناکبیرانی کورد خۆیان کە هەلپەرستی و درۆ و بێڕەوشتی و بیرنزمییان کردۆتە پیشە. من هیچ گومانم لەوە نییە کە ڕووناکبیرێک، شاعیر یا نووسەرێک، دەبێ هەڵوێستی هەبێت و دەبێ بەرامبەر ڕووداو و پێشهاتەکانی وڵاتەکەی و ناوچەکەی و بگرە جیهانیش بە پەرۆش بێت و تەنانەت خۆیشی بە بەرپرسیار بزانێت. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم کە پێویستە و ئیللان و بیللان و دەبێ ئەم هەڵوێستە بخرێتە چوارچێوەی کارێکی هونەرییەوە؛ شیعرێک یا ڕۆمانێک یا کورتەچیرۆکێک. من ئەمەش جیا دەکەمەوە لەو هونەرەی کە بۆ خۆشەویستیی نیشتمان و گەل دەنووسرێت، یا مێژووی نەتەوەی پێ زیندوو دەکرێتەوە. ئەوەی من بە تەواوی پێی سەغڵەت دەبم هەڵوێستە بەرانبەر ڕووداوی ڕۆژانەی سیاسی. لە ماوەی ژیانی هەمووماندا دەیان ڕووداوی گرنگی سیاسی لە مێژووی کوردستان و ناوچەکەدا ڕوویان داوە، کە دەبوو و دەبێ پیاو هەڵوێستی هەبێت لە ئاستیاندا. ئەگەر بڕیارە هەموو هونەرمەندێ؛ شاعیر بێت، نیگارکێش، چیرۆکنووس، دەهۆڵژەن یا پەیکەرتاش، هەڵوێستی هەبێت و هەڵوێستەکەی لە ئافەریدەیەکی هونەریدا دەرببڕێت، کەواتە ئەدەب و هونەر دەبێتە تۆمارگا و ئەرشیف و (جريدة الوقائع العراقية).

کــە شــۆڕشی چواردەی تەممووز لە عــیــراق ڕووی دا، زۆر شــاعــیــر و چیـرۆکنـووسـی کـورد شـتـیـان بۆ شـۆڕشـەکـە و بۆ عـەبدولکەریم قـاسـمی سەرکردەی نووسی. حوسێن عارف (لە کۆڕی خەباتا)ی نووسیوە، نەریمان شـانۆنامـەی (ڕووخـا)، گـۆران و ئیبـراهیم ئەحـمـەد شـیـعریان بۆ ڕێژیمی جەمـهووری و بۆ پەسندانی کاکە کەریم نووسیوە، بێجگە لە دەیانی دیکە کە ئێسـتا نە ناویان مـاوە و نە بـەرهـەمیـان. هێمن و هەژار بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیـان بۆ ڕووداوی سیاسی تـەرخان کردووە، بەڵام ئەمڕۆ تازە کەس بە بیستنی (دە بڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێیـەت بێ) ناڵێ هونەر یا شـیـعـر. ڕەنگە خـوێنەری ئەمـڕۆ هەر نەزانـێ شـا کـێیـە و بۆ بە خـائین دانراوە. هـەر لەم ســەردەمــەیشــدا زۆر نمـوونەی لـەم بابەتەمــان هـەن. لە کـوردسـتـان پـەرلەمـان دادەمـەزرێت، شـاعـیـرێک دێت (قـەصـیـدەیەکی عـەصـمـاء)ی بۆ دەدوورێ، عـەبدوڵڵا ئۆێجـالان دەگـیـرێت، یەکـێکی دیکە شاکارێکی بۆ هەڵدەڕێژێت.
دەکرێ ئەم هـاوکێشـەیە لە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان هونەر و سیاسەتدا باس بکرێت و لێی بکۆڵرێتـەوە. لەم بارەیەشـەوە ئەوەندە شت نووسـراوە کە ئیدی پێویست ناکات ئێمە زۆری لەسەر بڕۆین. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە نووسینەکانیدا، بە تایبـەت لە (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا، ئەم باسـەی زۆر جوان بە سەر کردۆتەوە.
کـەمـجـار وا ڕێک دەکـەوێت کـە شـیـعـری سـیـاسـی یا هونەری سـیـاسـی هونەرێکی بەرز و باش بێت. لە کلاسیکی کوردیدا، خۆشبەختانە، نموونەی شیعری سیاسی یەکجار کەمە. مـەلای جەزیری دوو شیعری بۆ پەسندانی میـر شـەرەفخان نـووسیـوە، وا پێ دەچێت هەردوویانی لە ماوەیەکی کورتدا نووسیبێت، چونکە لە ڕووی کێش و و قافییەشەوە هەر وەک یەکن. خانی لە سەرەتای مەموزیندا ئیشارەت بۆ میری جەزیرە دەکات، جارێک ڕەخنەی لێ دەگـرێت و جـارێکیش پـەسنی دەدات. نالی بە شــانازییــەوە باسی تـاقـمــە مـومـتـازەکەی تایبـەتی پاشای بابان دەکـات. جـەزیری و خـانـی و نالی، بە ڕادەی یەکــەم هـونەرەکــەیان بـە لاوە گــرنگتــر بووە، بۆیە کــارەکــانیــان دانەبەزاندووەتە ئاستی سیاسەتی ڕووت. لە ئەدەبی جیهانیدا هەندێ نموونە هەن کە شـاعیر توانیـویەتی بە شێوەیەکی سـەرکەوتووانە هونەر و سیـاسـەت لە یەک نزیک بکاتەوە؛ نازم حیکمەت، پێم وایە، لە هـەموو کەسێک زیاتر ئەم دوو دژەی پێکەوە گونجاندووە. بەشێک لە شیعرەکانی لۆرکا، پابلۆ نێروودا و مــەحـمـوود دەرویش، ئەگـەرچی شـیـعـری سـیـاسـین، بەڵام هونـەرێکی جوانیشن.

له سـەرەتای حـەفتـاکانـدا، مـاوەی پێنج شـەش سـاڵێک کـەوتبوومـە نـاو کـاری سیاسییەوە. دیارە ئەم خۆبەستنەوەیە وەک شاعیرێک کاری تێ کردبووم، ئەگەرچی تا ڕادەیەک بایی ئەوە ئاگام لە خۆم بوو کە هونەرەکەم نەدۆڕێنم. لەو سـاڵانەدا هەندێ شـیـعرم نووسـیون کـە ڕاسـتەوخـۆ دەربڕینی سـیاسین. ڕەنگە یەک دوویەکیـان بـە کـەڵکی ئەوە بێن ناوی شـیـعریان لێ بنێم، ئەوانی دیکە زڕەشیعرن. ئەگەر چەند ساڵێکی دیکە لەناو سیاسەتدا یا لە نزیکی سیاسـەتەوە بمامـایەتەوە، بێگومـان مـنیش دەبوومـە دەهۆڵژەنێکی بێبەهرەی دەرباری سیاسەت و حزبایەتی.
لایەنێکی دیکەی ئـەم باسـە ئەوەیە کـە مـەرج نیـیـە شـاعـیـر و هونـەرمـەند هەڵوێسـتی سـیـاسـیـان دەبێ هەر لـە چوارچێوەیەکی هونەریدا دەرببـڕن. ئەمـانیش وەک خـەڵکانی دیکە مـرۆڤن و هـاونیـشـتـمـانی وڵاتێکن و ئەرکی دیکەی کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆدایە. ئەمانیش سەربازی دەکەن و باج دەدەن و ئەگەر لە ڕێگاوباندا، لە سنووری دیاریکراو زیاتر لێ بخـوڕن، با بڵێین لە سـەدوپەنجا یا دووسـەد کیلۆمـەتر خێراتر لە سـەعاتێکدا، دەبێ سزا بدرێن. هەر بەو پێـیـەش دەکـرێ هەڵوێسـتـی سـیـاسـیـی خـۆیان بە شـێـوەی دیکە دەرببڕن.

١٠. زمـان بە ڕۆحی ئەدەب و ئەدەبیش بـە ناسنامـەی نەتەوە دادەنرێت. ئێـوە چ ڕوونکردنەوەیەکتان لەسەر ئەم ڕاستییە هەیە؟

◇ پرسیـارەکە لە ڕاسـتییەکی زۆر پانوپۆڕ و گشـتییەوە سـەری دەرهێناوە و دەکـرێ بـە زۆر شـێـوەی جـیـاواز وەرام بدرێتـەوە. من لـە گـۆشــەیەکی زۆر تایبــەتەوە بۆی دەچم، کـە پێـوەندییـەکی ڕاسـتـەوخـۆی بە کـورد و ئەدەبی کوردییەوە هەیە.
ئەدەب، مــەبەســتــیــشم ئەدەبی داهێنانە، نـەک لێکۆڵینەوە، بە لای منەوە ناسنامـەیەکی خۆی هەیە و بە ناوی گـەلێکەوە یا وڵاتێکەوە تۆمـار دەکرێت. لەم ڕووەوە زمـان نەخشی هەرەگرنگ و بنەڕەتانەی هەیە. نووسـەر و شـاعیر بە کـامـە زمـان نووسـیـان، بەرهـەمـەکانیـان دەبێتـە مـوڵکی ئەو زمـانە، بێ ئەوەی گـوێ بـەوە بدرێت خـۆی، وەک تاکـەکەس، سـەر بە کـام گـەل و وڵات و نەتەوەیە.
لە زۆر جـێگای ئەم دنیـایە دیاردەی دزێوی کـۆلۆنیـالیـزم بۆتـە هۆی ئەوەی خـەڵکی وڵاتێکی داگـیـرکـراو زمـانی خـۆیان لە بیـر بچێـتـەوە، یا هەر نەبێ نەتوانن وەک زمـانی ئەدەب و داهـێنان بە کـاری بهێنن. ئەنجامـەکەشی ئەوە

بووە کە نووسەرە داهێنەرەکانی نەتەوەی داگیرکراو بە زمانی داگیرکەران بنووسن: نووسەرانی جەزائیر بە فرانسی، نووسەرانی هەندێ وڵاتی ئەفریقا و هیندستان بە ئینگلیزی، نووسەرانی کوردستان بە عەرەبی و فارسی و تورکی.

لێرەدا دەبێ دوو قۆناخی جیاواز لە مێژووی بەکارهێنانی ئەم زمانانە لە لایەن نووسەرانی کوردەوە دەستنیشان بکەین. لەو سەردەمانەدا کە دەوڵەتی ناوەندیی ئیسلام حوکمی کۆمەڵێ وڵات و نەتەوەی پێکەوە کردووە، زمانی عەرەبی (لینگوا فرانکا)ی هەموو ئەو نەتەوانە بووە و ناکرێ مەسەلەکە بخەینە چوارچێوەی داگیرکردن و سەپاندنی زمانەوە، چونکە نووسەرانی زۆر نەتەوەی دیکەش زۆر جار هەر بە عەرەبی نووسیویانە. بێجگە لەوەش لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکان و سەپاندنی زمانی عەرەبی لە ئارادا نەبووە. بەڵام دەوڵەتانی تازەی ئێران و عیراق و تورکیا، سیاسەتێکی داڕێژراویان هەبووە و پێڕەوی کردووە و بە پلانێکی تۆکمەوە هەوڵی تواندنەوەی کورد و سەپاندنی زمانەکانی خۆیانیان داوە.

ئێستا کۆمەڵێ نووسەری چاکمان هەن کە خۆیان وەک تاکەکەس کوردن و هەندێکیان کوردی زۆر نیشتمانپەروەر و دڵگەرمی کوردایەتییشن، بەڵام بە زمانی یەکێک لە داگیرکەران دەنووسن. ئەو ئەدەبەی ئەم نووسەرانە بەرهەمی دەهێنن، بمانەوێ و نەمانەوێ، لە خانەی ئەدەبییاتی ئەو زمانەدا کە پێی نووسراوە دادەنرێت.

لە بیرمە سەردەمێک هەندێ نووسەری کورد زۆر پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە بۆچی لێکۆڵەرەوەکانی عیراق کاتێ باسی ئەدەبی عیراقی دەکەن، ئەدەبی کوردییش بە بەشێک لەو ئەدەبە دانانێن. دیارە ئەمە تێزێکی سیاسیی ناکوردانە بوو. دەنا نە ئەدەبی کوردی دەبێتە بەشێک لە ئەدەبی عیراقی و نە ئەدەبێکیش هەر هەیە ناوی ئەدەبی عیراقی بێت. دەکرێ باسی ئەدەبی عەرەبی لە عیراقدا بکرێ، بەو مەعنایەی ڕەنگە هەندێ تایبەتێتیی خۆی هەبێ کە جیای دەکاتەوە لەو ئەدەبە عەرەبییەی، بۆ نموونە، لە مەغریب یا لە بەحرەین دەنووسرێت. هەروەهاش دەتوانین باسی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی خواروو یا لە عیراق بکەین.

ئێستا لە سوێد ئەوەندە نووسەری کورد هەن کە ڕەنگە پیاو بتوانێت باسی ئەدەبی کوردی لە سوێد بکات. هەر لە یەکێتیی نووسەرانی سوێددا نزیکەی ٣٠–٤٠ ئەندامی کورد هەن. نووسەرانی سوێدی زۆر جار بە گاڵتەوە دەڵێن گەورەترین یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێتیی نووسەرانی سوێدە. بەشی هەرە زۆری ئەم نووسەرانە هاونیشتمانی سوێدن. بەڵام ئەو ئەدەبە

کوردییەی لە سوێد دەنووسرێت نابێتە بەشێک لە ئەدەبی سوێدی و لە مێژووی ئەدەبی سوێددا جێی نابێتەوە. هەر لە سوێد، دیسان، نووسەری دیکە هەن، یۆنانی یا هەنگاری یا نەتەوەی تر کە بە گەنجی هاتوونەتە سوێد و بە سوێدی دەنووسن. بەرهەمی ئەمانە بۆتە بەشێک لە ئەدەبی سوێدی.
گرنگیی ئەدەب بۆ زمانی نەتەوەیەک لەوەدایە کە هەموو گەنجینەی ئەو نەتەوەیە هەڵدەگرێت و دەیپارێزێت. ئێمە ئێستا ئەگەر تەنیا دە دوانزدە دێڕ نووسراومان لە سەردەمی مادەکانەوە یا لە سەردەمەکانی دواترەوە بە کوردی پێ بگەیشتایە، زۆر لەو گێچەڵ و شەڕانەی ئەمڕۆ بەرۆکمانی پێ دەگرن، لە کۆڵمان دەبوونەوە و بە جۆرێکی دیکە باس دەکراین. بەڵام ئەوەتا ئێستا بە هۆی تێکستەکانی مەلای جەزیری و خانی و نالی و حاجییەوە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و زمانەوانیی کوردمان بۆ ساغ بۆتەوە.
ئەدەب و زمانی ئەدەبی لە پێکهێنانی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتییشدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە. نەتەوەی عەرەب ئەمڕۆ لەبەر گەلێ هۆی سیاسی و ناسیاسی زۆر پارچە پارچە و لەیەک هەڵبڕاوە، بەڵام بە هۆی زمانی عەرەبییەوە دیسان یەکێتیی خۆی پاراستووە. ئەم دیاردەیە لای کورد بە پێچەوانەوە کەوتۆتەوە. لەبەر ئەوەی لە سەردەمێکی زوودا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی پێک نەهێناوە، ئێستاکە بۆتە خاوەنی دوو زاراوای سەرەکی، کە گەلێ جار ئەمە بۆتە هۆی کزکردنی هەستی نەتەوایەتی و کەلێنێکیش بۆ ئەوەی دوژمنانی کورد بە کاری بێنن بۆ هاتنە ژوورەوە و دەستتێوەردان.

١١. ئەزموونت لەگەڵ دەرکردنی ٣١ ژمارەی گۆڤاری (مامۆستای کورد) چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ بە لاتانەوە ئاستی چاپەمەنیی کوردی بە کوێ گەیشتووە؟ ئەی گۆڤاری مامۆستای کورد بۆ وەستا؟

◇ مامۆستای کورد ئەزموونێکە تازە بۆتە بەشێک لە مێژووی فەرهەنگیمان و زۆر جاریش لەبارەیەوە پرسیاریان لێ کردووم و وەرامم داوەتەوە. با ئەم جارەشی بچێتە سەر.
ئەگەر لە بیرمان مابێت لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بزووتنەوەی کوردایەتی تا ڕادەیەکی زۆر خراپ کەوتبووە ژێر کارتێکردنی بیری سۆڤێتپەرستییەوە و بێ ئەوەی هیچیشی دەست کەوتبێت خۆی بەدناو کردبوو. ئەم ڕێبازە سیاسییە کارێکی زۆری کردبووە سەر هەڵسوکەوتی تاقم و گرۆ و هێزە سیاسییەکان کە لە ناوخۆی ڕێکخراوەکانی خۆیاندا و بەرانبەر مەسەلەکانی ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی دەربڕین بە شێوەیەکی ستالینستانە بیریان

دەکردەوە. هەر لەو سەردەمەشەوە زۆر لە نووسەرانی کورد شارەکانیان بە جێ هێشتبوو، ئیتر یا لە شاخ بوون و خۆیان دابووە پاڵ هێزێکی سیاسی، یا روویان کردبووە ئەوروپای رۆژهەڵات و رۆژاوا. بۆ نووسەر و رووناکبیرانی کورد دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان یەکجار تەسک بوو. نەیاندەتوانی لە چاپەمەنییەکانی بەغدادا بڵاویان بکەنەوە. هێزە سیاسییەکانی کوردیش رێگەیان نەدەدا خەڵکی بە ئازادی بنووسێت و بڵاو بکاتەوە. لە وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیشدا بواری هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی نەبوو. تەنانەت لە ئەوروپای رۆژاواش ئەو چاپەمەنییانەی هەبوون هیی هێزە سیاسییەکان بوون کە دیسان لێرەش رێگەیان بە هیچ بیرێکی جیاواز نەدەدا.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا بوو بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ سەکۆیەک هەبێت لە سەکۆی هێزە سیاسییەکان جیاواز بێت و ببێتە جێگەیەک بۆ ئەوەی رووناکبیر و نووسەرانی کورد بتوانن بە ئازادی تێیدا بنووسن و باوەڕەکانی خۆیان بگەیێننە خوێنەری کورد. مامۆستای کورد ئەو سەکۆیە بوو، کە خۆشبەختانە لە ماوەی یانزدە ساڵدا خەڵکێکی یەکجار زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. بۆ یەکەم جار تەکنیکی تازەی هێنایە ناو رۆژنامەگەریی کوردییەوە و لە رووی دەرهێنان و مۆنتاژەوە هەنگاوی زۆر گرنگ و پێشرۆیانەی هاوێشت. هەر دوای پێنج شەش ژمارە گۆڤارەکە وای لێ هات لە زۆر وڵات و جێگەی دنیادا دەخوێنرایەوە و داوا دەکرا. لە هەموو ژمارەیەک نزیکەی ٤٠–٥٠ دانەی دەگەیشتەوە کوردستان، بەتایبەت شارەکانی کوردستانی عیراق کە لە ژێر دەستی رژێمی بەعسدا بوون. لە کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراقیش بە نهێنی سەرلەنوێ کۆپی دەکرایەوە و ئەم دەست و دەستی دەکرد.

من هەر لە سەرەتایشەوە دەمزانی ئەو دێمۆکراسی و ئازادییەی رێبازی نەگۆڕی گۆڤارەکە بوو، هەر وا بە ئاسانی لەلایەن خوێنەری کوردەوە، بەتایبەت خوێنەری سیاسەتێنراوەوە، وەرناگیرێ و تێی ناگات. بەڵام زۆر جاریش ئەوەم دووبارە دەکردەوە کە ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی بە هۆی ئازادیی بیروباوەڕەوە پەیدا دەبێت، زۆر لەو هێمنی و ئاسایش و رێکخستنە چاکترە کە بە هۆی زۆر و داپڵۆسین و سەرکوتکردنەوە دێتە کایەوە. هەروەها ئەوەشم لا روون بوو کە ئەوە گرنگ نییە بە وتار و لێکۆڵینەوەی دووروودرێژ (باسی) دێمۆکراسی و ئازادی بکەین و بنووسین، بەڵکە دەبێ بە کردەوە، بە نموونەی بەرچاو و زیندوو ئەو نرخانە لای خوێنەر دامەزرێنین و بیکەینە بەشێک لە نەریتێکی چەسپاو. تۆ ئەگەر ژمارەکانی گۆڤارەکە

تەماشا بکەیت دەبینی دەیان جار وامان کردووە کە دوو یا سێ بیروباوەڕی جیاواز و تەواو دژ بە یەک، لە یەک ژمارەدا جێگەیان دراوەتێ و بڵاو کراونەوتەوە. بەڵام دیسانیش کەسانێکی نەخۆش و ڕەوشتنزم و ترسنۆک هەبوون کە دەیانویست ئەو ئەزموونە لە ناو ببەن و بۆ مەبەستی پیس و چەپەڵی خۆیان بە کاری ببەن. لە زۆر لاوە هێرشی ناڕەوا دەکرایە سەر گۆڤارەکە و دەیانویست وەک نموونەی ئاژاوە و پاشاگەردانی ناوی بزڕێنن. بەڵام دوای پێنج شەش ساڵ، کە گۆڤارەکە ە تەواوی خۆی چەسپاند و لای خوێنەری کورد جێیەکی گرنگ و خۆشەویستی پەیدا کرد، هەر ئەو لایەنانە دەستیان کردە ماستاو ساردکردنەوە و دەیانویست هەرچۆنێک بێت ناویان بهێنرێت و چاپەمەنییەکانیان باس بکرێت.
لایەنێکی دیکەی گەشی گۆڤارەکە، پێم وایە، ئەوە بوو کە وتارەکان لە ڕووی زمانەوە چاک بژار دەکران و هەوڵ دەدرا زمانێکی پاراو و کوردانە بە کار بهێنرێت. هەروەها لە ڕووی ڕێنووسیشەوە هەنگاوێکی یەکجار گەورەمان نا و نووسینەکانمان هەموو دەخستنە سەر یەک شێوە ڕێنووس کە بە ڕێنووسی مامۆستای کورد ناسراوە و خەڵکێکی زۆر دەستیان کردە پێڕۆییکردنی. بە هۆی مامۆستای کوردەوە زۆر نووسەری تازەپێگەیشتوو پێشکەش کران و دواتر نووسەری باشیان لێ دەرچوو.
بەڕاستی کاری دەرکردن و بڵاوکردنەوەی مامۆستای کورد ئەرکێکی یەکجار سەخت بوو. من تا ماوم سوپاسی ئەو دۆست و برایانە دەکەم کە زۆر پیاوانە هاتنە پێشەوە و کاریان تێدا کرد و خۆیان پێوە ماندوو کرد. بێ هەوڵ و ماندووبوونی ئەوان مامۆستای کورد هەرگیز نەدەبوو بەو گۆڤارەی کە بوو.
لە کۆتاییدا کار گەیشتبووە ڕادەیەک کە بەڕاستی من خۆم ئیدی دەرۆستی نەدەهاتم. هۆی ڕاستەوخۆ ئەوە بوو کە من هاوکات گۆڤارێکیشم بە زمانی سوێدی بڵاو دەکردەوە، کە ڕەنگە تەنیا خوێنەرانی سوێد ئاگایان لێی بێت، هەروەهاش مامۆستایەتیم دەکرد. نەخشەکەی من ئەوە بوو کە ڕاست وایە ئێمەی کوردیش ئەوە فێر ببین کە کەسێک سەرەتای کارێک، یا دەستگایەک دادەمەزرێنێ و دەست پێ دەکات و چەند ساڵێک دەیبا بە ڕێوە، بەڵام با دواتر کەسانێکی دیکە وەریبگرن و لەسەری بڕۆن و تێیدا بەردەوام بن. گۆڤار و دەستگای وا لە دنیادا هەیە کە سەدوپەنجا ساڵە دەژی و دەیان کەس سەرپەرشتییان کردووە و دواتر یا مردوون، یا خۆیان وازیان هێناوە و خەڵکی دیکە هاتوونەتە جێیان. ئەودەم باسەکەم لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی نزیکدا کردەوە، کە خۆشبەختانە ئێستا ماون و سپ و ساغن. بەڵام کەسیان

نەیاندەتوانی ئەرکێکی وا بگرنە ئەستۆ. من تێ دەگەم کە ئاسان نەبوو. لەم ئەوروپایە مرۆڤ ناچارە کار بکات. کە کاریشت کرد، ئیدی کاتی ئەوەت نامێنێتەوە فریای زۆر شتی دیکەش بکەویت. ئەگەر دەتەوێ کەسێک خۆی بۆ کارێکی وا، یا هەر کارێکی فەرهەنگیی رێکوپێک و جددی، تەرخان بکات، تۆ ژیان و ئابووریی بەڕێوەچوونی بۆ دەستەبەر بکە، جا بزانە چۆن سەر دەگرێت. با لە کورتی بیبڕمەوە. دوای یانزدە ساڵی ماندووبوونی تا ڕادەی پڕووکان، ئیدی نەمدەتوانی بەردەوام بم و، ژیان و ئەرکی ناخۆشی گۆڤاری مامۆستای کوردی کوشت.
هۆیەکی گرنگیش بەڕاستی ئەوە بوو کە دوای ڕزگاربوونی بەشێکی باشی کوردستانی باشوور و دامەزرانی حکومەتی کوردستان، من پێم وا بوو، ئێستاش پێم وایە، کە کورد دەبێ بیر لە داوودەستگای گەورە و زانستی و نوێباو بکاتەوە و، هەموو کاروباری خوێندن و پێگەیاندن و دەستگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری لە چوارچێوەی سیاسەتێکی فەرهەنگیدا، سیاسەتێکی بەرچاوڕوونی نیشتمانپەروەرانەی زانستیدا، جێبەجێ بکات. بەداخەوە ئێستاکەش، واتە نزیکەی دە ساڵ دوای ڕزگاربوونی ئەو بەشەی کوردستان، بار و هەلومەرج و ئاسۆی پێشکەوتنی فەرهەنگ و زمان و ژیانی خوێندەواریمان نەک چاکتر و گەشتر نەبووە، بەڵکە خراپتر بووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو هەڵدێر دەبرێت.

١٢. "شاعیر و حیزبایەتی" لە کوێدا هاوجووت و هاوشانن و سوود بە یەکتر دەگەیەنن؟ لە کوێدا ناکۆکن بە یەک؟

◇ شاعیریش وەک هەر کەسێکی دیکە مافی ئەوەی هەیە حزبێک هەڵبژێرێت و بەپێی بڕوا و قەناعەتی خۆی کاری تێدا بکات. گرفتەکە لەوێوە دەست پێ دەکات ئەگەر شاعیر یا هونەرمەند، یا هەر مرۆڤێکی داهێنەر، تا ئەو ڕادەیە خۆی بخاتە خزمەت حزب و ئیدیۆلۆگییەوە کە هەم هونەرەکەی خۆی بدۆڕێنێت و هەم لە گەل و نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە و حزبی پێ گرنگتر و پیرۆزتر بێت لەوانە.
لە هەندێ وڵاتی ئەوروپا کە هێشتا سیستەمی پاشایەتی ماوە، پاشا لە دەرەوەی سیاسەتی حزبایەتی و شەڕی ئیدیۆلۆگیی ناو وڵاتەکەی ڕادەوەستێت و بەپێی دەستوور مافی دەنگدان و ڕادەربڕینی لەبارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە نییە، چونکە لەو وڵاتانەدا پاشا بە سیمبۆڵ و بە نیشانەی پیرۆزی یەکێتیی خاک و نیشتمان دادەنرێت. بەڕاستی دەبوو

شـاعیـر و هونەرمـەندیش وا بوونایە. خـۆیان نـەخـسـتـایەتە ناو شـەڕی حزبایەتییەوە، بەتایبەت حزبێک کە گەیشتبێتە دەستەڵات، ڕۆڵی یەکخستن و کۆکردنەوەیان ببینیایە و ئەو هێزە بوونایە کە خەڵک لە تەنگانە و لە قەیرانە گەورەکاندا پەنایان بۆ ببردنایە.
لە پێوەندیی نێوان شاعیر و حزبدا دیارە هەردوو لایان سوود وەردەگرن و بازرگانییەکی دوولایەنەیە. لە پلەی یەکەمدا شاعیر دەدۆڕێنێت، چونکە حزب بە هۆی دەستەڵاتی سیاسی و ماددیی خۆیەوە، شاعیر دەستەمۆ دەکات و دەیکاتە ئەو مەیموونەی کە بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەپەڕێنێت و پێشانی خەڵکی دەدات. دیارە بەرامبەر بەو خزمەتەش، وەک هەر مەیموونەوانێک، باش دەیژێنێت و گەردن و سینگ و بەرۆکی بە زریزەی زێڕ و بە هەموو جۆرە تەتکە و لەرزانەیەک دەرازێنێتەوە. شاعیریش خۆی و هونەرەکەی دەخاتە خزمەتی حزبەوە و ناچار دەبێت تەنانەت نرخە هونەری و مرۆڤایەتییەکانی خۆیشی پێماڵ بکات و ئەوەی کە نەدەبوو بیڵێت و بیکات، دەیڵێت و دەیکات.
لێرەدا پێم وایە دەبێ دوو قۆناغی جیاواز لە ژیانی حزبدا ڕەچاو بکەین. حزبێک کە لە شەڕی ڕزگاریخوازیدایە بەرانبەر داگیرکەر و دوژمنەکانی نیشتمان، نەتەوە یا چینەکەی لەگەڵ حزبێکدا دەستەڵاتی گرتبێتە دەست جیاوازە. لەم قۆناخەشدا حزب دیسان هەر نموونەیەکی بچووکی دەستەڵاتە، میکرۆدەستەڵاتە، بەڵام ڕەنگە شاعیر دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبێت لەوەدا کە بداتە پاڵی. بەپێچەوانەوە ڕەنگە ئەم پێوەندییە بکێشێتەوە بۆ زیندان و دەربەدەری و کوشتن و زۆر نەهامەتیی دیکە. بەڵام حزب کە گەیشتە دەستەڵات ئیدی بەرەو گەنین دەچێت و شاعیریش و نیشتمانیش و هەموو شتێکی دیکەیش لەگەڵ خۆیدا ڕادەپێچێت.

١٣. بۆ ڕووداوی مێژوویی و کەلەپووری میللی کەم لە شیعرەکانتدا ڕەنگ دەدەنەوە؟

<> نازانم مەبەستت شیعری کام سەردەمەیە؟
شاعیر دەتوانێت ڕووداوی مێژوویی و کەلەپوور وەک ڕەمز لە شیعردا بە کار ببات، یا چوارچێوەیەکی دیکەی بۆ بدۆزێتەوە و بیخاتە گەڕ. مەرجیش نییە تەنیا کەلەپووری گەلەکەی خۆی بە کار بهێنێت. تۆ دەبینی میتۆلۆگیای یۆنانی هێندە دەوڵەمەند و ناسراوە کە زۆر شاعیری دنیا پەنایان بۆ بردووە و پێکهاتەی سیمبۆڵی شیعری خۆیانیان لەسەر دامەزراندووە. ڕووداوی مێژووییش هەر وایە. زۆر شاعیری کورد هەن لێنین و فەهد و ئاورۆرا و

کۆمـونەی پاریسـیـان کـردۆتە ڕەمـز. کـوژرانی لۆرکـا و گـوێڤـارا و نێروودا تێکەڵی بەرهەمی دەیان شاعیر بووە.
من لە دیوانی یەکەممدا کۆمەڵێ ڕەمزم لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی کـوردەوە وەرگـرتووە: وەک شـێخ مـەحـمـوودی حـەفـیـد، قـازی مـحـەمـەد، چوارچرا، بـەردەقـارەمـان، کـچـە نەغـەدە، مـەولەوی و عـەنبـەر خـاتوون و تاوەگۆز، ئەختەر، چەمی ڕێزان، قامیشلی، مەهاباد، دیاربەکر، داریکەلی، مەم و زین و ئاگری. بێجگە لەوانەش کۆمەڵێ ڕەمزی دیکەم بە کار بردوون کـە لە کـەلەپووری سـیـاسـی و دینـی و فـەرهـەنگیی گـەلانی دیکەوە هاتوون: عـیسـا و مـریەم و ڕۆمـیـۆ، سـیـزیف، سـپـارتـاکۆس، گـوێڤـارا، کـاسـتـرۆ، خەوەرنـەق و سینیـمـار. (فاتکە)ش کـەسێکی ڕۆمـانەکەی ئیڤۆ ئەندرێڤیچە (پردەکەی سەر درینا).
ئێـسـتـا ئیـدی بە شـێـوەیەکی دیکە شـیـعـر دەنووسم. بەشـی هەرەزۆری شیعرەکانی ئەم پانزدە ساڵەی دواییم زێتر لەگەڵ بابەتەکانی فەلسەفە و ئۆنتۆلۆگی و تەسـەوفدا خـەریک دەبن. لەم شـیـعرانەشـدا ڕەمـز قورسـاییی خـۆی هەیە، بەڵام کـەمـجار پەنا دەبەمە بەر ئـەو ڕەمزە کۆنکرێتانەی جاران ئاشـنـایان بووم. بـەشـێک لە تێـرمـینـۆلۆگی و ڕەمـزەکـانی ئێـسـتـای ناو شیـعرەکـانم هەر ئەوانەن کە شـاعیـرانی سۆفی پێشکەشیـان کـردوون و بوونەتـە بـەشـــێکی بنـەڕەتانەی ئـەدەبی تـەســـەوف. ڕەنگـە بـکرێ باسـی فـەرهەنگێکی، قـامـووسـێکی تـایبـەتی وشــە و ڕەمـز و دەربڕینی ئـەدەبی سـۆفـیـیـانـە، ئەدەبی عـیـرفـانـی بکەین، بەڵام ئـەوەش دەزانین کـە زۆر جـار شـاعیرانی سۆفی هەر یەکەیان ڕەمـزەکانیـان بە شێوەی جیاواز و تایبەتی خۆیان بە کار هێناون.
شـاعـیـر لە ئـەنجامی کـارکردنێکی درێژخـایێندا قـامـووسی تایبـەتـی خـۆی دروست دەکـات، کـە تـا ڕادەیەکی زۆر دەکـرێ نیـشـانەکـانی بکرێنە کلیلی کردنەوە و تێگەیشتنی تێکستـەکـان. بـەڵام لە هەندێ ڕوویشـەوە تەئسـیـری شاعیرانی پێش خۆی لە قامووسەکەیدا دەردەکەوێت.

١٤: بە وەرگـێـڕانی کـۆمـەڵێ بەرهەمـی ئەدەبی لە کـوردییـەوە بۆ سـوێدی، توانیـوتە چ ئاشنایەتی و دۆسـتـایەتییـەک بۆ ئەدەبەکەمان لای سـوێدییـەکان بخوڵقێنی؟

◇ خـوێنەری ئەورووپایی لە بـەردەم هـەڕەشـەی مـێشـکشـۆردنەوەدایە و هـەر بە ڕاسـتی بەشێکی زۆریشـیـان مـێشـکیـان شـۆراوەتـەوە. فـەرهەنگی ئـەمڕۆی

ئەوروپایش فەرهەنگێکی ڕەگەزپەرستانەیە و بە سەدان پێشبڕیاری ناڕەوا و نامرۆڤانە ئاخنراوە. لە بارێکی ئاوادا باوەڕ ناکەم مرۆڤ بتوانێ چاوەڕێی ئەوە بێت مەسەلەیەکی ڕەوای گەلێکی یا وڵاتێکی جیهانی سێیەم، یا ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیش گەلێکی موسوڵمان، لە مێشک و ویژدانی مرۆڤی ئەوروپاییدا جێگایەکی باشی دەست بکەوێت. ئەوپەڕی هاودەردیی کابرای ئەوروپایی لە پلەی بەزەیی ناچێتە سەرەوە. ئەوجا ئەگەر دۆستایەتییەک بە هۆی ئەدەبیاتەوە دروست ببێت، دیارە ڕووبەرێکی یەکجار تەسکیش دەگرێتەوە. ڕووداوی سیاسی و ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دنیای ئەمڕۆ دەخڵێکی زۆری بەسەر خوێندنەوە و تێگەیشتنی خوێنەر و ڕووناکبیری ئەوروپاوە هەیە. ڕووناکبیری سوێدی، کە پێم وایە چاکیان دەناسم، ترسنۆکترین ڕووناکبیری دنیایە. هەمیشە هەوڵ دەدات بە زمانی ڕەسمیی ماسمیدیا (دەستگاکانی ڕاگەیاندن)ی وڵاتەکەی قسە بکات. هەرگیز ناوێرێ بێ پێچوپەنا پشتگیریی مەسەلەی ڕەوای گەلێکی داگیرکراو و ستەمبینیو بکات. زۆر زۆر پیاوەتیت لەگەڵ بکات ئەوەیە کە خۆی بە بێلایەن پێشان بدات لە نێوان تۆ و دوژمنەکانتدا. ڕەنگە تاکوتەرا ڕووناکبیری چەپ یا بەڕاستی هیوومانیست هەبن، کە بڕێک باشتر بن. بەڵام ئەمانەش یەکجار کەمن و نابنە نموونە و بنەما، بەڵکە ڕێزپەڕن.

لەم سوێدە گەلێ جار چاوم بە سەرژمێری ئەو کتێبانە کەوتووە کە لە ماوەی ساڵێکدا کراون بە سوێدی. ئێستا ژمارەکانم لە بەردەستدا نین، بەڵام ئەوەم لە بیرە کە ئەگەر لە ماوەی ئەو ساڵەدا ۲۰۰۰ کتێب تەرجەمەی سوێدی کرابێت، ئەوا نزیکەی ٦٥ تا ۷۰٪ لە ئەمەریکایی و ئینگلیزییەوە دەکرێت، نزیکەی ۲٥٪ لە فرانسی و ئەڵمانی و ئیتالییەوە، نزیکەی ٥,٤٪ لە زمانانی دیکەی وەک هۆڵاندی و ڕووسی و ژاپۆنییەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە، واتە نزیکەی نیو لە سەدا (٥,٠٪)، کە دەکاتە ۱۰ کتێب لەو دوو هەزارە، لە زمانانی وەک هندی، ئوردوو، فارسی، تورکی، عەرەبی و کوردییەوە دەکرێتە سوێدی.(جاری وا هەیە لە حەوت ساڵدا یەک دانە کتێب لە کوردی یا ئۆردووەوە ناکرێتە سوێدی). ئەمە وێنەیەکی زۆر ڕوونی هەلومەرجەکەیە. بەشی هەرەزۆری تەرجەمەکان وەک ئەرکێک لەلایەن پەخشخانەکانەوە بە وەرگێڕەکان دەسپێردرێت و پارەیەکی باشیشیان دەدەنێ. بەڵام پەخشخانەکانی سوێد خۆیان بەوەوە ماندوو ناکەن کەسێک ڕاسپێرن ئەدەبی خەڵکی کورد یا ئەرمەن یا جابوڵقا بکەنە سوێدی. لەم بوارەدا هەرچییەکیش کرابێت بە چاوقایمیی ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد خۆیان کراوە و بە هۆی دۆستایەتی و پێوەندیی شەخسییەوە ئەنجام دراوە. کورد لە

سوێد یەکێکە لە گرۆ بزێو و چالاکەکانی ناو بێگانەکانی سوێد. ڕووناکبیر و نووسەر و خوێنەواری کوردیش لە گوێرەی گرۆیەکانی دیکە کەم نین و بە بەرچاوەوەن. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا، وەک کتێبی سەربەخۆ، تەنیا دیوانی چوار شاعیری کورد تەرجەمەی سوێدی کراوە: گۆران، شێرکۆ بێکەس، فەرهاد شاکەلی و ڕەفیق سابیر (ڕێزکردنەکە کرۆنۆلۆگییە). ئیدی ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ! تا ئێستا هیچ ڕۆمانێک یا کۆمەڵەچیرۆکێک لە کوردییەوە نەکراوەتە سوێدی.

دوو سێ ساڵێک دوای هاتنم بۆ سوێد، کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە دەبێ هەندێ نموونەی ئەدەبی کوردی بکەمە سوێدی و ئەو وێنەیەی لای سوێدییەکان لەبارەی کوردەوە دروست بووبوو، بگۆڕم. ئەوان پێشتر تەنیا کوردی کوردستانی تورکیایان ناسیبوو، لەناو ئەوانیشدا هەندێ کۆلکە خوێنەوار هەبوون، کە بەڕاستی بووبوونە پەڵەی شەرمەزاری بۆ کورد. سوێدییەکانیان وا تێگەیاندبوو کە کورد نە زمانی هەیە و نە ئەدەبییات. خۆیان لێرە هەرچییەکیان دەنووسی، دەیانوت ئەمە یەکەمین جارە کورد ڕۆمان، کتێبی منداڵ، شانۆنامە یا هەر شتێکی دیکەی نووسیوە، بۆ ئەوەی خۆیانی پێ گەورە بکەنەوە و پارە لە دەستگا سوێدییەکان وەربگرن.

یەکەمین کار ئەوە بوو کە لەگەڵ کاک بەختیار و شاعیری سوێدی لارش بێکستروێمدا کۆمەڵێ شیعری مامۆستا گۆرانمان کردە سوێدی. کتێبەکە دەنگێکی باشی دایەوە و ١٣ جار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە باشی لەسەری نووسرا. دوو کوردیش زۆر بە خراپی لەسەریان نووسیبوو. یەکێکیان نەک کوردیی خواروو، بگرە کرمانجییش نازانێ. ئەوی دیکەشیان وتبووی گۆران شیعری چاکتری هەیە، دەبوو ئەوانە تەرجەمە بکرێن، وەک (لێنینی مەزن و بۆ مۆسکۆی جوان)!

ساڵی ١٩٨٥ دەستمان کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی فەرهەنگی بە زمانی سوێدی، ژۆرناڵی سوێدی – کوردی، کە من سەرنووسەری بووم و چەند دۆستی کورد و سوێدی لە دەستەی نووسەراندا بوون. لە ماوەی چوار ساڵدا ١٦ ژمارەمان لێ بڵاوکردەوە و گۆڤارەکە دەگەیشتە دەست باشترین ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی سوێدیش. لە هەموو ژمارەیەکدا شاعیرێکی کورد، چیرۆکنووسێکی کورد و کوردناسێکمان پێشکەش دەکرد. هەروەها وتار و لێکۆڵینەوەمان لەبارەی زمان، مێژوو، کۆمەڵگە و ئەدەبی کوردییەوە بڵاو دەکردەوە. لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٩١دا شیعرەکانمان لە ئەنتۆلۆگییەکدا کۆ کردنەوە و چاپمان کردن (بۆنی هەوری وڵاتەکەم)، کە بەرهەمی چواردە شاعیری کوردی گرتەوە. ئەمەش دەنگێکی باشی دایەوە و لەسەری نووسرا.

هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا ئەو لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی لەسەر بیری کوردایەتی لە مەموزینی خانیدا بە ئینگلیزی نووسیبووم، کرایە سوێدی و وەک کتێب بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٩٩٨یش کۆمەڵێ لە شیعرەکانی خۆم، کە سێ وەرگێڕی سوێدی تەرجەمەی سوێدییان کردبوو، بە کتێب بڵاو کرایەوە: مرواریییەک لە گۆمی لێڵی خەوندا، کە تا ئێستا دوو جار خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتووە. هەر لەم ساڵانەشدا بە هاوکاریی چەند دۆستێکی سوێدی نزیکەی ٢٥ کورتەچیرۆکی ١٥-١٦ چیرۆکنووسی کوردمان تەرجەمەی سوێدی کردووە و خۆیشم پێشەکییەکی دووردرێژم بۆ نووسیون، بەو هیوایەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەویش وەک ئەنتۆلۆگییەک بڵاو بکرێتەوە.
من ناڵێم ئەم کارانەی ئێمە هیچ تەئسیرێکیان نییە، بەڵام تەئسیرەکە یەکجار کز و لاوازە. ئەمە مەسەلەیەکی سیاسیی ڕووتە و مەعنای ئەوە نییە ئەدەبی کوردی یا ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئەدەبێکی خراپ و نزمە و بە کاری خوێندنەوە و لێوردبوونەوە نایەت. مرۆڤی ئەورووپایی مێشکی پڕ کراوە لە درۆ و دەلەسە لەبارەی ڕۆژهەڵات و لە پێش هەمووانیشدا لەبارەی ئیسلامەوە. ئەمە شتێک نییە بە نەزانی بکرێت، یا جارێک و دوو جار بە هەڵکەوت ڕوو بدات و هەڵەیەکی هونەری یا تەکنیکی بێت. ئەمە سیاسەتێکی نەخشەبۆکێشراو و چەسپاو و داڕێژراوە. کاتێ کاریان بە خەڵکی ئەفغانستان هەبوو، بۆ دوژمنایەتیکردنی سۆڤێت و کۆمونیزم، بە ملیۆنان دۆلاریان خەرج دەکرد بۆ باسکردنی ئەو وڵاتە. دەیان فەرەنجی لەشانی ئەفغانییان دەهێنا بۆ ئەورووپا و وەک قارەمان و پاڵەوان پێشکەشیان دەکردن. ئەگەر نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی دژی ئیسلام بنووسێت، بەتایبەتیش ئەگەر ژن بێت، بەرهەمەکانی تەرجەمەی دەیان زمان دەکەن و سەدان جار دەیهێننە سەر تەلەڤیزیۆن و گەورەی دەکەنەوە: سەلمان ڕۆشدی، نەوال سەعداوی و تەسلیمە نەسرین. ژنە ئەمەریکایییەکی بێفەرهەنگی وەک (بێتتی مەحموودی) دەکەنە ڕۆماننوس و ڕۆمانە ڕەگەزپەرستانە و فاشیستییەکەیشی (بەبێ کچەکەم، نا Not without my daughter) تەرجەمەی دەیان زمان دەکەن و بە ملیۆنان دانەی لێ دەفرۆشن و دواتر دەیکەنە فیلم و لە سەرتاسەری سینەما و تەلەڤیزیۆنەکانی ڕۆژاوای خاوەن شارستانییەتدا جار لە دوای جار و ساڵ لە دوای ساڵ دووبارە و دەبارەی دەکەنەوە و هەزاران سووکایەتی بە ملیاردێ مرۆڤی ئەم جیهانە و فەرهەنگێکی هەزاروپێنجسەد ساڵە دەکەن.
لە وڵاتانی لای خۆمان و لە زۆر جێگای ئەم دنیایەش خەڵاتی نۆبێل (نەک نۆبڵ!!!) وەک ڕووداوێکی زۆر گەورە و پاداشتێکی ئەدەبیی یەکجار پیرۆز

تەماشا دەکرێت. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە سەرنج بدەیتە پرۆسێسی هەڵبژاردن و بڕیاردانی ئەم خەڵاتە، بۆت دەردەکەوێت کە هەمووی مەیموونبازییەکی بێتامی درۆزنانە و چەواشەکارانەیە. با بە کوردییەکەی عەرزت بکەم، مێشکی خوێنەواری ئەوروپایی و ڕۆژاوایی، بەگشتی، دیلی دەستی سیاسەتی سەرمایەداری وئیمپەریالیزمە و دیلی چڕنووکی ئەژدیهای دەستگاکانی ڕاگەیاندنە و لەبەر ئەوەش خوێنەوارێکی کۆنفۆرمیستە Conformist (نازانم بە کوردی چیی پێ بگوترێ باشە؟).

١٥. وا بۆ ٢٠ ساڵ پترە پەراگەندەی ئەوروپا بوون. ژیانی تاراوگە چ ئەزموونێکی لا دروست کردوون؟ تاراوگە گەشەپێدەر و یارمەتیدەرت بوو، یاخود...؟! تاراوگە لاتان چی دەبەخشێ؟

<> ئێمە زۆر جار بە هەڵە وا تێگەیشتووین کە خۆمان بڕیاری چارەنووسی خۆمان دەدەین و ئەمە خۆمانین کە نەخشە بۆ قۆناغی جیاوازی ژیانمان دەکێشین. بەڵام باوەڕ بفەرموو هیچ وا نییە. پیاو کە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ بیر لە بەسەرهاتی ژیانی خۆی یا کەسانی دیکە دەکاتەوە، وای دێتە پێش چاو وەک بڵێی، ئێمە هەموو خرابێتینە ناو لابیرینتێکەوە و بێ ویستی خۆمان، مشکئاسایی، بەم کۆڵان و بەو کووچەیدا دێین و دەچین و پێیشمان وایە، ڕێگەمان هەڵبژاردووە و ڕێگەمان دۆزیوەتەوە. ئەگەر هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان بە دەست خۆم بووایە، ڕەنگە بەشێکی زۆریم بە شێوەیەکی دیکە دابڕشتایە. من خۆم تاراوگە و ژیانی تاراوگەم هەڵنەبژارد، بەڵکە تاراوگە یەکێک بوو لە سێ یا چوار ئەلتەرناتیڤی خراپ، بەڵام، پێم وا بوو، خراپییەکەی ئەمیان لەوانی دیکە کەمترە. ئەزموونی ژیانی تاراوگە یەکجار زۆر و سەرشار و دەوڵەمەندە، کە ناکرێ لێرەدا کورتیان بکەمەوە و هەر پێویستیش ناکات.
من هەر لە سەرەتاوە، خۆشبەختانە، بە چاوکراوەیی بیرم لە ژیانی ئەوروپا دەکردەوە. زۆر لەو هاوڕێ و دۆستانەی کە هەر لەو ساڵانەدا، یا ساڵانی دواتریش، هاتنە ئێرە ڕێگەی دەوڵەمەندبوونیان هەڵبژارد. خوا پێیان ڕەوا ببینێت، زۆریان گەیشتنە ئامانجی خۆیان و هەندێکیان بوونە ملیۆنێریش. منیش ڕێگەی دەوڵەمەندیم گرتە بەر، بەڵام جۆرێ دەوڵەمەندیی دیکە و جیاواز. من حەزم لەوە بوو هێندەی بتوانم خۆم لە بواری زانست و زانیاریدا پێ بگەیێنم و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم دنیا پانوبەرینەدا پەیدا بکەم و هەر وایشم کرد. بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگەم گرتە بەر: یەکەم، خوێندنەوە و

خـوێندن و دووەمـیش سـەفـەرکـردن و گـەڕان. سـەرمـایەی من ئێـسـتـا ئەو هـەزاران کـتـێـب و گـۆڤـار و سـەرچاوانـەیە کـە هـاوڕێ و هـاودەمـی خـۆشـەویسـتـمن و ئـەو یادگـار و بیـرەوەرییـانەیە کـە لە سـەفـەری وڵاتی جۆربەجۆری ئەم دنیایە بۆم ماونەتەوە.
ژیانی تاراوگـە ئەزمـوونێکی یـەکجـار قـووڵە. ئەوەی بە شـیـعـر و چیـرۆک و هونـەر دەرمـبـڕیوە تـەنیـا بـەشی سـەرەوە و بـەرچاوی سـەهـۆڵەچیـایـەکـە (ئایسـبێرگ Iceberg) کە کەسی دیکە بـەشە نادیارەکـەی نە دەیبـینێت و نە ئاگـای لێـیـەتی. هـونەر و ئـەدەبیـیـاتیش ناتوانێت ئەو بەشـە شـاراوەیە دەرببڕێت. لە وتاری (بە جامی ئەوینێک گیان مەستە و تەن وێران)دا شتێکم لەبارەی ئەزموونی دوورەوڵاتییەوە نووسیوە.

١٦. زمـانی شـیـعـری هـاوچەرخی کوردی لە چ ئاسـتێکدا دەبینن؟ بـە بینینی ئێوە خودی ئەدەبەکەمان لەم سەردەمەدا لە کوێدا دەبینن؟

◇ زۆر زەحـمـەتـە هـەر وا بە شـێـوەیـەکی گـشـتی لە بارەی زمـانی شـیـعـری سـەردەمێکەوە قسە بکرێت. لە هـەمـوو سـەردەمێکدا شـاعیری چاک و خـراپ هـەن. تەنانەت لە ژیانی ئەدەبیی شاعیرێکیشدا قۆناغی جیاواز هـەن. لەوەش بتـرازێت، ئێمـە کە باسـی زمـانی شـیـعـر دەکـەین دەبێ لە دوو لایـەنی گـرنگـەوە سـەرنجی بدەینێ؛ لە ڕووی ڕێزمـان و بەکـارهێنانی ڕاست و دروسـتـەوە و لە ڕووی هـونـەری و جـوانییـەوە، کـە وێنـەی شـیـعـری و سـەلیـقـەی هـەڵبـژاردنی وشـەش دەگـرێتـەوە. ئەو شـاعـیـرانـەی کـە هـەردوو ئـەو بـوارانـەیـان سـەرکـەوتووانە پێکەوە گونجـاندووە یـەکجـار کـەمن. ئـەمـە جـیـاوازییـەکی گـەورەی نێـوان سـەردەمی ئێـمـە و سـاڵانی چل و پەنجـا و شـەسـتـەکـانی کوردستانە. لەو سەردەمەدا مامۆستا گۆران لووتکەی جوانی و بەبڕشتیی زمـانی کوردی بوو. بەڵام هاوکات کۆمـەڵێ شـاعیری دیکە هەبوون کە ئەگەر لە ئاستی گۆرانیشدا نەبووبن، دیسـان لە بەکارهێنانی کوردیدا سـەرکەوتوو بوون. هـەر لە سـەردەمی ژیان و چالاکیی شاعیرانەی گۆراندا، شاعیری وەک ئەسـیـری، دڵدار، کـامـەران، عـەونی، هـەردی، دیلان، هـێـمن، هـەژار و قـانع هـەبوون. ڕەنگە تۆ و من نـاوەڕۆکی شیـعـری هـەندێ لەمـانەمـان بە دڵ نەبێت، بەڵام ناتوانین چاو لەو ڕاستییە بنووقێنین کە زمـانیان چاک و ڕاست بە کار هێناوە.
ئـەمـڕۆ شـاعـیـری کـورد یـەکـجـار زۆرن. بێگومـان زۆریان شـیـعـرنووس و شـیعـربازن نـەک شاعیر. لەناو ئەم هـەموو شـاعیـرەدا ئەوانەی کە بە ڕاستی

شارەزای زمانی کوردین و جوان دەنووسن و کەرەستە هونەرییەکەیان بە تەواوی دەستەمۆ کردووە، یەکجار کەمن. شاعیرانی هەشتا و نەوەدەکان، سێ چوارێکی لێ دەرچێت، لە رووی زمانەوە کۆڵەوارن و زمانە کوردییەکە بە دەستیانەوە داماوە. شارەزای رێزمان نین، گەنجینەی وشەیان لە نیوە زیاتری هەر بە چۆڵی ماوەتەوە، ئاگایان لە زمانی شیعری کلاسیک نییە و ئەو وردەکارییە زمانەوانییەی دەبێ شاعیرێک فێری ببێت، هەر نەشیانبیستووە و نازانن بەری چ دارێکە و بنچکی کامە بیابانە. ئەمەی لەبارەی شیعرەوە دەیڵێم، لە چیرۆکیشدا هەر وایە، ئەگەر خراپتریش نەبێت.
بەشی دووەمی پرسیارەکەتم، وا بزانم، لە جێگەیەکی تردا وەرام داوەتەوە.

١٧. لە کارنامەی دۆکتۆراکەتاندا بە ناوی لایەنی کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا چ ئەنجامگیرییەکی نوێت تێدا کردووە؟

◇ با جارێ پێشەکی ئەوە راست بکەمەوە کە من کارنامەی دۆکتۆرام نەنووسیوە. ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر کوردایەتی لە مەموزینی خانیدا کردوومە، بەشێک بوو لە پێشمەرجەکانی وەرگیران بۆ خوێندنی دۆکتۆرا.
کتێبی (مەم و زین) یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە هەر لە منداڵییەوە لە کتێبخانەکەی باوکمدا بینیبووم و چەند جارێکیش هەروا دەستم دابوویێ و لێرە و لەوێ چەند دێرێکم لێ خوێندبووەوە، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆی تێ بگەم. کە لە زانستگەی بەغداش خوێندکار بووم (مەم و زین)مان دەخوێند، بەڵام خوێندنێکی سەراوی و بێ ئەوەی لە لایەنە هونەری و زمانەوانی و فەلسەفییەکانی نزیک ببینەوە. کە هاتمە سوێد، جارێکی دیکە دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد. ئەم جارە باشتر و قووڵتر (مەم و زین)م خوێندەوە. زۆرم حەز دەکرد شتێکی لەسەر بنووسم. کە لە زانستگەی ئوپسالا دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت. سەیر ئەوەیە لەوەتی مەم و زین نووسراوە هەر باسی ئەوە دەکرێ کە بناخەی کوردایەتی لەوێوە دەست پێ دەکات، کەچی کەس نەهاتووە بە حیساب و بە کیتاب ئەمە روون بکاتەوە و لێی بکۆڵێتەوە. لایەنەکانی دیکەی مەم و زین کەموزۆر شتیان لەسەر نووسراوە، بەڵام لایەنی بیری کوردایەتی، یا ناسیۆنالیزم، هیچی ئەوتۆی لەسەر نەنووسرابوو. بۆیە بە چاکم زانی لەسەری بنووسم.
لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵم داوە بیرە بنەڕەتییەکانی خانی لەبارەی

هەلومەرجی کوردستان و ڕێگاچارەی ڕزگاربوونەوە شی بکەمەوە. خانی ئەو بیرانەی زیاتر لە دیباچەی کتێبەکەیدا دەربڕیوە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەشدا بیروباوەڕی وا هەن کە دەکرێ بۆ تێگەیشتنی شێوەی بیرکردنەوەی خانی یارمەتیدەر بن. ئەنجامگیرییەکەی من لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو بەرنامەیەیە کە خانی لە بارەی کوردی سەردەمی خۆیەوە هەیبووە. من هەوڵم داوە بیرەکانی خانی لە قەوارە و چوارچێوەی خۆیاندا دابنێم و بخوێنمەوە، نەک ئەوەی بێم بە زۆر بیر و بۆچوونی خۆم بەسەر تێکستێکدا بسەپێنم، کە ئەوە هەڵناگرێ. لە یادی سێسەد ساڵەی نووسرانی مەم و زیندا ئەوەی تەنیا بەرگی کتێبەکەشی چاو پێ کەوتبوو دەستی دایە قەڵەم و لەسەر مەم و زینی نووسی. هەر یەکێکیش خانیی بە لای خۆی و بە لای حزب و تاقم و بیروباوەڕێکدا ڕادەکێشا. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاژاوە و پشێوییە سیاسییە بوو کە لە ناو خوێنەوار و ڕووناکبیرانی کورددا تەشەنەی کردبوو. بەڕاستی مەم و زینی شێخی خانی هی ئەوەیە دەیان لێکۆڵینەوەی جددی و زانستانەی لەسەر بنووسرێت.

١٨: ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ "خانی" دەکرێت لە مەم و زینی خانییەوە ساتەوەختی هزری و مێژووی ڕۆشنبیری کورد دابنرێت؟ پەیوەست و کاریگەرێتیی ئەو خوێندنەوەیە لەسەر دنیای هەنووکەی مێژوویی و سیاسی و هزریمان چەندە؟ چ جۆرە لێک نزیکی و دوورییەک لەم میانەدا هەیە؟

◇ زۆر گرنگە کاتێ خانی، یا هەر شاعیرێکی کلاسیک، دەخوێنینەوە، ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی مێشک و ئاوەز و توانستی بیرکردنەوەمان قەتیسی ئەو سەردەمە و نرخەکانی ئەو سەردەمە ببێت، دەنا ئێمەش دەبینە بەشێک لە ڕابوردوو. ئەگەر کەسێک خۆی لە ڕابوردوودا ژیابێت و ئێستا بووبێتە بەشێک لە ڕابوردوو، دیارە ئەمە زۆر ئاسایی و سرشتییە، بەڵام تۆ ئێستا کە خۆت هەیت و دەژییت و لەم سەردەمەدا چالاکیت، بە دەستی خۆت، خۆت بکەیتە بەشێک لە ڕابوردوو، ئەمەیان کارەساتە، وشکبوونەوەیە... خۆلادان لەم مەترسییە بەوە نابێت، کە ڕابردوو، کلاسیک، یا کۆن پشتگوێ بخەین و خەتێکی چەپ و ڕاستی بەسەردا بێنین. ئەوە خۆدزینەوەیە لە ئەرکێکی هونەری، خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارییەکی گرنگ، کە بۆ کامڵکردنی ئەمڕۆ و داهاتوویش پێویستە. دەزانم هیی وا هەن خۆیان بەوە دەپەڕێننەوە، کە گاڵتە بە ڕابوردوو بکەن و خۆیان ئەوەندە بە مۆدێرن و پێشکەوتوو دابنێن کە بۆ ئەوان نەهاتووە توخنی ئەو شتە کۆن و پواوە بکەون. ئەمە کۆنەپەرستییە، کۆنەپەرستییەکی ترسنۆکانە.

خوێندنەوەی ڕابوردوو دەبێ لە چوارچێوەی دینامیزمێکدا بێت کە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو پێکەوە ببەستێتەوە. دیارە دەبێ ئەوەیشمان لا ڕوون بێت کە خوێندنەوەی ڕابوردوو کارێکی هەر وا ئاسان نییە بە هەموو خوێندەوار یا ڕووناکبیرێک بکرێت، چونکە ئەمە بێجگە لە وریایی و هۆشیارییەکی یەکجار زۆری هونەری و مێژوویی، خوێندنەوەی قووڵی کۆمەڵێ زانستی گرنگیشی پێویستە، کە ڕەنگە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا فێربوونیان خۆماندووکردنێکی زۆری بوێت. من لێرەدا هەر وەک نموونە باسی دوو لایەن دەکەم کە پێوەندییان بە شێوە و ناوەڕۆکەوە هەیە. بۆ ناسین و نرخاندنی شیعری کلاسیکی، بێ شارەزایی لە زانستی (عەرووز)دا خوێنەر و لێکۆڵەرەوە دەستەپاچە دەبێت و ناتوانێ لە هەموو نرخە هونەرییەکانی شیعر بگات، ناتوانێ لە بەهرەی زمانەوانیی شاعیر بگات و ناتوانێ ڕادەی گونجاندنی بیر و قاڵبە هونەرییەکە تێ بگات. بەشێکی گرنگی ئەو لێکۆڵینەوە ستروکتورالیستییانەی لە بارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسییەوە دەکرێن، بایەخێکی زۆر بە لایەنی کێش دەدەن. کەمال ئەبوودیب ڕەخنەگرێکی ناسراوی عەرەبە و لە نووسینەکانیدا ڕێباز و تیۆریی ستروکتورالیزم بە کار دەبات. ئەبوو دیب کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی یەکجار نایابی لەسەر شیعری کلاسیکی عەرەبی نووسیوە، کە بە ڕاستی خوێندنەوەیان ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم خوێنەردا دەکاتەوە بۆ ناسینی ئەو ئەدەبە و ئاشنابوون لەگەڵ نرخە هونەری و زمانەوانی و ڕۆحییەکانی عەرەبی پێش ئیسلام. بەشێکی گرنگی کارەکانی ئەبوودیب لەبارەی فۆرمی ئەو شیعرەوەیە، کێشی شیعرەکان و توانستی شاعیر لەوەدا کە لەو چوارچێوەیەدا میتافۆر و بیر و هەستەکانی خۆی جێ بکاتەوە. نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەکی لێهاتووی دیکە لەم بوارەدا دۆستی بەڕێزم (شتێفان شپیرل)ی مامۆستای ئەدەبیاتی عەرەبییە لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگەی لەندەن. ئەویش لە لێکۆڵینەوەی شیعری کلاسیکی عەرەبیدا ڕێبازێکی ئاوای گرتۆتە بەر و کاری نایابی پێشکەش کردووە. هەروەها ئاشنایەتی و ناسین و شارەزابوونی تەوژمە فکری و فەلسەفییەکانی ڕابوردوو مەرجێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی شیعری کلاسیکی. یارۆ کە نەزانێ تیۆریی (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی چییە، چۆن دەتوانێ لە شیعری مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، مەولەوی یا مەحوی بگات؟

خانی بیریارێکی گەورەی سەردەمەکەی خۆیەتی. بە خوێندنەوەی شاکارەکەی، مەم و زین، مرۆڤ تێ دەگات کە ئەم پیاوە چەندە شارەزا و ئاشنای زانستی جیا جیا بووە. بەڵام هاوکاتیش ئەوە ئاشکرایە کە خانی

خـاوەنی بیـری خـۆیەتی و زۆر سـەربەخـۆیانە بیـر دەکـاتەوە، واتە خـۆی نابەسـتـێتـەوە بە قـاڵبە ئامادەکـانی فکرەوە و فکری لە لا نەبووەتە دۆگما. خانی ئەڵقەیەکی گرنگە لە زنجیرەی زێرینی مێژووی بیـر لای کورد. ئەو خۆی بە بەردەوامییەکی مەلای جەزیری و شاعیرانی دیکەی پێش خۆیشی دەزانێت. لەرووی هونەری و فکریشەوە بەشێکە لە سیستەمی هونەری و فکریی رۆژهەڵاتی ئیسلامی. خانی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەو لقەی کە راستەوخۆ لە ئاسیای ناوەراستەوە هاتووە و لە بیر و رێبازی شای نەقشبەند، شێخ محەمەدی بەهائوددینی بوخاراوە (١٣١٨-١٣٨٩)، کەوتۆتەوە. لەبەر ئەوەش زیاتر رێی تێ دەچێت کە باوەری بە تیۆریی (وەحـدەت ئەلوجـوود)ی ئیبن عـەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠) هەبووبێت، نەک (وەحدەت ئەلشوهوود)ی شێخ ئەحمەدی فاروقی سرهندی (١٥٦٣-١٦٢٤). خانی ئەگەر تەنانەت ناوی نیزامی و جامیی لە شاکارەکەیشیدا نەهێنایە، ئەوە هەر دیار دەبوو کە لە رووی هونەرییەوە رێبازی ئەوانی گرتووە و خۆی بە ئەندامێکی خوێندنگەکەی ئەوان دادەنێت.

باوەر ناکەم خانی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا کارێکی زۆری کردبێتە سەر خوێنەوارانی کورد یا لایەنگری هەبووبێت، بەڵام تا رادەیەکی یەکجار زۆر کاری کردۆتە سەر نەوەکانی دوای خۆی. فکری قووڵ و تازە وایە، هەر وا بە ئاسانی بڵاو نابێتەوە، بەڵکە کاتی دەوێ تا خەڵک تێی بگەن. بیری خانی لەناو بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا زۆر کاریگەر بووە و بێگومان کاری کردۆتە سەر شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان. ئەو هەستی کوردایەتییەی لای زۆربەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دەبینین و جێدەستیان بە مێژووی سیاسی و رۆشنبیریی کوردەوە ئەوە نیشان دەدات کە ناکرێ نەکەوتبێتنە ژێر تەئسیری بیری خانییەوە. هەر لە رێگای ئەوانیشەوە ئەم فکرە گەیشتۆتە شاعیر و رووناکبیرێکی گەورەی وەک حاجی قادری کۆیی (١٨١٦؟-١٨٩٧). ئەمـیش ئەو بیـرەی زیاتر پێش خـسـتـووە و گـەشـەی پێ داوە و بڵاوی کردۆتەوە. کەواتە سیلسیلە و شەجەرەی بیری رزگاریخوازانەی ئەمرۆی کورد، بمانەوێ و نەمانەوێ، هەر دەچێتەوە سەر ئەحمەدی خانی.

خانی لە رووی هونەرییشەوە یەکێکە لە باوباپیرانی فەرهەنگ و رۆشنبیریی کورد. رەنگە هەر کەسە بەپێی بۆچوونی خۆی ئەم خزمایەتییە لێک بداتەوە. من پێم وایە بۆ کەسێکی هونەرناس، بۆ نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێکی ئەم سەردەمە، مەم و زین ئەوەی فێر دەکات کە شاعیر وهونەرمەند دەبێ پلەی بەرزی ئێستێتیکی و کامڵبوونی هونەری وەک ئامانجێک تەماشا بکات و نابێ هونەر بکاتە قوربانی ئیدیۆلۆگی. خانی ئەگەر هەر تەنیا پەیامە

سیاسییەکەی مەبەست ببووایە، دەیتوانی زۆر بە ئاسانی دەستی بکردایەتە هۆنینەوەی دروشمی بێتام و بێپێزی سیاسی: کوردنۆ، ئەم بەلەنگازن، ئەم بێتفاقن. کوردنۆ یەک بن، ڕابن! تۆ دەبینی دووسەدوپەنجا، سێسەد ساڵ دوای خانی، تازە بە تازە جگەرخوێن، یا ئاپێ جاسم دێن ئەم دروشمانە دەکەنە شیعر. ئەنجامەکەیش ئەوەیە شیعرەکانی ئەمان لەگەڵ کۆچی خۆیاندا، ڕەنگە پێشتریش، پێچرانەوە، بەڵام مەم و زینی خانی ئێستایش دەیان لایەنی هونەریی شاراوە و نادیاری ماوەتەوە، کە دەبێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێت.

١٩. جگە لە شیعر و وەرگێڕان لەم ماوەیەدا کۆمەڵێ چیرۆکت بڵاوکردەوە. ئەمە بەڵگە و نیشانەیە بۆ ئەوەی هەر بە(تەنیا) شیعر دەرەقەتی خەم و ئازار و ئەندێشەکان نایەت؟ یاخود دەتەوێ لە بوارێکی دیکەشەوە تێی هەڵچیت؟ بە ئاگایی من تۆ زیاتر لەگەڵ کاری پسپۆری و تەرخانی لە یەک بواردا، نەک توانا پەرش و بڵاوکردن و بەشاندنەوەی بە چەند بوارێکدا؟

◇ وا بزانم لەو کورتە پێشەکییەدا کە بۆ کۆمەڵەچیرۆکی (بۆنی تاریکی)م نووسیوە شتێکم لەم بارەیەوە وتووە. بەڕاستی من نە چیرۆکنووسم و نە بەتەمایشم ببمە چیرۆکنووس. بەڵام زۆر بیری وا هەن کە لە چوارچێوەی شیعرێکدا جێیان نابێتەوە و شیعر بە تەنیا دەرۆستیان نایەت، لەبەر ئەوە دەبێ چوارچێوەی دیکەیان بۆ بدۆزمەوە. بەڵام نووسینی چیرۆک مەعنای ئەوە نییە کە من توانست و بەهرەی خۆم پەرش و بڵاو دەکەمەوە، چونکە چیرۆکیش و شیعریش دەچنە بازنەی داهێنانەوە، داهێنانی ئەدەبی و، بۆ هونەرمەندێک گرنگترین شت ئەوەیە هەستی خۆی دەرببڕێت، ئیدی چوارچێوەکەی چ دەبێت با ببێت. ئەمە لەگەڵ نووسینی دیکەدا جیاوازە، مەبەستم ئەو نووسینانەیە کە دەبێ نەخشەیان بۆ بکێشیت و پێشەکی خۆتیان بۆ ئامادە بکەیت، وەک وەرگێڕان یا لێکۆڵینەوە. جاری وا هەبووە بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەک من ناچار بوومە نزیکەی یەک ساڵ خۆمی بۆ ئامادە بکەم و کار بکەم. ئەو دوو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر کوردایەتی لە مەموزیندا و پەخشانی کوردی نووسیومن، هەر یەکێکیان ساڵێک کاتی خایاند. لێکۆڵینەوەکان لەسەر قەسیدەی کوردی، تەریقەتی نەقشبەندی و ڕووناکبیرانی کورد هەر یەکەیان مانگ و نیو و دوو مانگ پێوەی خەریک بووم.
من کە باسی خۆ تەرخانکردن دەکەم، مەبەستم ئەوەیە بوارەکانی زانست و

زانیاری لەم سەردەمەی ئێمەدا هێندە قووڵ و فراوان بوونەتەوە کە ئیدی ناکرێ ڕووناکبیرێک خۆی بە هەموو شتێکەوە خەریک بکات. ڕەنگە ئەگەر بمانەوێ بە تەواوی لە مەسەلەیەکی زانستی، یا بوارێکی زانیاری تێبگەین، هەموو تەمەنیشمان تەرخان بکەین بۆ خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی لەو بوارەدا نووسراون، ناتوانین پێنجیەکیان بخوێنینەوە. کەواتە ڕێگە ئەوەیە ڕووناکبیر خۆی بۆ یەک، دوو، یا سێ لایەنی نزیک لە یەک تەرخان بکات و پەل بۆ هەموو شتێک نەهاوێژێت. من ناتوانم شیعریش بنووسم و تەرجەمەیش بکەم و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئەدەبیش بنووسم و خەریکی فۆلکلۆر و سایکۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆگی و برێک فیزیا و کەمێکیش بایۆلۆگی ببم. دەزانم ناتەواوی و دواکەوتنی فەرهەنگی کورد گەلێ جار وا دەکات کە ڕووناکبیرێکی کورد دەست بۆ هەموو لایەنێکی زانست و زانیاری و فەرهەنگ ببات، بە تایبەت کە پیاو دێتە ئەم ئەورووپایە و ئەو هەموو پێشکەوتن و بابەتە سەرنجڕاکێشانە دەبینێت و دەخوێنێتەوە. من خۆیشم کە هاتمە ئێرە حەزم دەکرد، هەموو شتێک بخوێنمەوە، هەوڵ بدەم هەموو شتێ بکەمە کوردی، یا هەر نەبێ، ئەوەی ئەوان کردوویانە، ئێمەیش بە کوردی هەمانبێت، بەڵام هەر زوو تێگەیشتم کە ئەمە ناکرێت و مەحاڵە. بە ڕاستی خۆی وەک خەونێک و وەک پرۆژەیەک مەحاڵ نییە، بەڵکە دەکرێ کاری بۆ بکرێت و لە چوارچێوەی نەخشەیەکی فەرهەنگیدا، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ڕۆشنبیریدا بەشێکی باشی ئەو خەونانە بهێنینە دی. مەبەستم ئەوەیە بۆ تاکەکەس مەحاڵە. جارێکیان لە قاتی سێیەم یا چوارەمی کتێبخانە گەورە و دەوڵەمەندەکەی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەفریقاناسیی سەر بە زانستگەی لەندەن ڕاوەستابووم و تەماشای ئەو ملیۆنان سەرچاوەیەم دەکرد کە لەوێ هەبوون. لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئەگەر بمەوێ تەنیا ئەو سەرچاوانە بخوێنمەوە کە خۆم حەزم لێیانە و لەگەڵ چێژ و کار و سەلیقەی مندا دەگونجێن، دەبێ هیچ نەبێ بیستهەزار ساڵ بژیم. حەز و کار و سەلیقەی من گەردیلەیەکی بچووکی دنیای زانست و زانیارین لەم سەردەمەدا.

ئەگەرچی من لە پلەی یەکەمدا شیعر دەنووسم، بەڵام بەڕاستی زۆر حەزم لە چیرۆک و ڕۆمانە و زۆریشی دەخوێنمەوە. ڕەنگە هەر ئەو حەزەیش بووبێت پاڵی پێوە نابم هەندێ کورتەچیرۆکیش بنووسم. زۆر جار بیرم لەوەیش کردۆتەوە ڕۆمانێک بنووسم، بەڵام ناوێرم دەستی بۆ ببەم. ڕۆمان ئامادەکاری و نەخشەی درێژخایێنی دەوێ.

٢٠. پێ دەچێت ماوەیەکە بە دووی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی سەر بە ڕۆژهەڵاتناسی کەوتوون، بە گومانن لە کاروکرداری هەندەک لەوانە! باوەڕتان وایە ڕۆژاوا هێشتا زامی شەڕی خاچەکانی بە جەستەوە مابێت؟ لە ئاست ئەو زام و برینانەدا قازانج و زیانی بۆ کورد چۆن دەبێت؟

<> تا ئەو کاتەی کە لە کوردستان دەژیام، بە ڕاستی زۆر شارەزای کار و بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان نەبووم، لەبەر ئەوەش هەڵوێستێکی ڕوون و دیاریکراوم لە بارەی خۆیان و بەرهەمیان و نیازیانەوە نەبوو. هەندێ کتێب کرابوونە کوردی و عەرەبی، بەڵام ئەمە وێنەیەکی تەواوی ڕۆژهەڵاتناسی، یا ڕاستتر کۆردناسی نەبوو. وەک خوێنەرێک زۆرم پێ خۆش بوو کە دەمدیت کابرایەکی ئەمەریکایی یا ئینگلیز یا فرانسی کتێبی لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە و خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەیدانەدا تەرخان کردووە. لەناو ئەو نووسراوانەدا جاروبار هەستم بە جۆرە نارەوایی و ناهەقییەک دەکرد، هەستم دەکرد ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەو ڕاستییە نییە کە ئێمە تێی گەیشتووین. بەڵام ئەم هەستەی من هێندە ڕوون نەبوو کە گومانم لە دڵدا بەرامبەر کاری ڕۆژهەڵاتناسان پەیدا بکات.
یەکەمین ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێک لە نزیکەوە ناسیبێتم مارتین ڤان بروننەسسێنی هۆڵاندی بوو، کە ئێستاکەش هەر ناسیاومە و زۆر جار لێرە و لەوێ چاومان بە یەکدی دەکەوێت. مارتینم ساڵی ١٩٧٦ لە کوردستانی سووریا چاو پێ کەوت. ئەودەم ئینگلیزییەکەی من ئەو باشە نەبوو کە هەموو قسە و باسێکی پێ بکەم، ناچار ئەو دوو سێ سەعاتەی پێکەوە بووین بە ئینگلیزی و بە کوردییش قسەمان دەکرد. بەڵام کە هاتمە ئەوروپا و دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەشێکی باشی ئەو سەرچاوانەی بە ئینگلیزی لە بارەی کوردەوە نووسراون، جار لە دوای جار باشتر لەوە دەگەیشتم کە ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان، با بڵێین بەشی هەرە زۆریان، نەک هەموویان، چەندە بێویژدان و ناڕاست و نازانستین و هەڵوێستێکی چەند دوژمنانەیان بەرانبەر کورد و ڕۆژهەڵات و ئیسلام هەیە. دیارە ئەوان نایێن هەروا بە ئاشکرا دوژمنایەتیت بکەن، بەڵکە بە ناوی کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادێمییانەوە گومان دەخەنە سەر هەموو شتێکت و کۆمەڵێ تیۆریی درۆ و نارەوا دادەمەزرێنن بۆ پووچاندنەوەی ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوویشت.
لە ماوەی ١٥–٢٠ ساڵی ڕابوردوودا لە کۆمەڵێ کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و ئەکادێمیدا لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و کەنەدا و تورکیا بەشداریم کردووە. بەم هۆیەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری

کوردناسەکاندا هەیە و زۆر جاریش تووشی گفتوگۆ و دەمەقاڵ و کێشەش هاتووم لەگەڵیاندا.
ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان کە بە ناوی زانست و کاری زانستییەوە زۆربەی ڕاستییەکان دەشێوێنن و مێژوو ئاوەژوو دەکەنەوە، لەبەر نەزانی و ناشارەزایی نییە کە وا دەکەن. ئەمانە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشێکن لە بیرکردنەوە و پرۆژە و نەخشەیەکی سیاسیی ئیمپەریالیستانە کە ئامانجەکەی ناسینی ڕۆژهەڵاتە بە نیازی ڕێخۆشکردن بۆ دەستەمۆ و ڕاوکردنی.
ڕەنگە جاروبار وا هەڵبکەوێت کە هەندێکیان بە هۆی ئەوەوە کە تێکەڵاوییەکی زۆر لەگەڵ کورد و کوردەواریدا پەیدا دەکەن، هەستی مرۆڤانەیان دەبزوێت و دەکەونە ژێر تەئسیری ئەو هەموو بەدبەختی وماڵوێرانییەوە کە بەسەر کورددا هاتوون و، بەو پێیەش هەڵوێستیان دەگۆڕێت و ڕاستگۆیانەتر لە کورد دەدوێن و دۆستایەتییەکی بێ فرۆفێڵتری دەکەن، بەڵام ئەمە زۆر دەگمەنە. لە نووسینەکانی (مینۆرسکی)دا، بۆ نموونە، هەست بە جۆرێ ویژدان و هەندێک دۆستایەتی دەکرێت. هەروەهاش، تا ڕادەیەک، (فرەدریک بارت)ی نۆروێژی و (هێننێ هاراڵد هانسن)ی دانمارکی.
ئەمڕۆ دەیان ڕۆژاوایی هەن وەک کوردناس ناسراون و لەو بوارەدا چالاکانە کار دەکەن. بەشی هەرە زۆریان لەگەڵ باری سیاسیی کوردستاندا خەریکن. هەندێکیش هەن کە خەریکی زمان، کۆمەڵناسی، مەسەلەی ژن و ئەنترۆپۆلۆگین. کوردناسەکانی سەردەمی ئەمڕۆ لە هیی نەوەکانی پێشوو زۆر هێرشبەر و شەڕانیترن Aggressive. ئەمانە بە ڕۆژی نیوەڕۆ دوژمنایەتیی کورد دەکەن و هەوڵ دەدەن پارچە پارچەی بکەن و گومان بخەنە سەر هەرچییەکی هەیە و نییە. تۆ ئەو لێکۆڵینەوانە بخوێنەوە کە لەم ١٥ ساڵەی ڕابردوودا نووسراون، دەبینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گومان لە بوارە جیاوازەکانی بابەتەکانی سەر بە کورد و کوردەواریدا هەر بەرەو زیادبوون دەچێت. ئێستا کابرای کوردناس زۆر بە ڕاشکاوی پێت دەڵێ کوردیی باشوور و کوردیی باکوور دوو زمانی جیاوازن، هەورامی و زازایی و لوڕی زمانی سەربەخۆن و کوردی نین، یەزیدی کورد نین، کورد یەک نەتەوە نییە چونکە زمان و جیۆگرافیا و مێژوویەکی هاوبەشی نییە، ئەوەی ئەحمەدی خانی باسی کردووە بیری نەتەوایەتیی کوردی نییە، بەڵکە داخوازێکی فیۆدالانەیە، شەڕی یەکێتی و پارتی شەڕی سۆران و بادینانە، یا شەڕی قادری و نەقشبەندییە و دەیان بەیت و باڵۆرەی لەم بابەتە. هەر ئەمانن زۆر

بە گەرمی پشتگیریی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بۆ یەزیدی و بۆ عەلەوی و بۆ زازا و بۆ گرۆی دیکە دەکەن. هەر ئەمانن لە ئەوروپا و لە کوردستانیش دەیان و سەدان دامەزراو و دەستگای بەناو فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و زانستی دادەمەزرێنن و خەباتێکی بێوچان دەکەن بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەما ئەخلاقی و دینی و سیاسی و فەرهەنگییانەی بوونەتە کۆڵەکەی خۆڕاگرتنی کورد و مانەوەی وەک نەتەوەیەک. مەرج نییە ئەم پرۆژە ئیمپەریالیستییە هەمیشە لەژێر چەتری کوردناسیدا بکرێت. زۆر جار دەیان ڕووپۆشی دیکە دەدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی نیازەکانیان. بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوە ناحوکوومەتییانەی NGO بە دنیادا بلاو بوونەتەوە و بە ڕواڵەت یارمەتیی خەڵکی لێقەوماو دەدەن، بۆ مەبەستێکی ڕووتی سیاسی لەوێن و بە جۆرێک زیان بە کورد، یا بەو گەلانە، دەگەیێنن کە ڕەنگە داگیرکارانی کوردستان نەتوانن بەو چەشنە تێی بسرەوێنن. داگیرکارەکە چونکە دوژمنی ئاشکراتە، تۆ دەتوانی خۆتی لێ بپارێزی، بەلام ئەم بە ناوی دۆستایەتی و کۆمەککردنەوە دێتە ماڵەکەت.

هەندێک ڕۆژهەلاتناس لە ترسی ئەوەی نەوەک لەو چوارچێوەیە دەرچن یا شتێک بڵێن لەگەڵ باوەڕ و بۆچوونە باوەکەدا نەگونجێت و دواجاریش کارەکانیان بە نازانستی دابنرێت، ناچارن بکەونە دوای قسەی باو و لەگەڵ تەوژمەکەدا مەلە بکەن. من ڕۆژهەلاتناسی ئەوروپایی دەناسم کە کاتێ وەک تاکەکەس پێکەوە دادەنیشین دەڵێ ڕاستە دەزانم ئەو باوەڕانەی گومان دەخەنە سەر هەندێ لایەنی مێژوویی و فەرهەنگیی کورد، باوەڕی سیاسین. کەچی ناوێرێ بە ئاشکرا و لەبەردەم ڕۆژهەلاتناسەکانی دیکەدا ئەم قسەیە بکات یا بنووسێت، چونکە دەترسێت. لەوە دەترسێت بەوە تاوانبار بکرێ کە نازانستییانە بیر دەکاتەوە. دیارە ئەوەش هەیە ئەگەر کەسێکی ئەکادێمی بە تەواوی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوان قسە بکات و بنووسێت، ئەوان بە ئاسانی ئەفەرۆزی دەکەن، دەیان تاوانی درۆی بۆ هەڵدەبەستن و زیانی پێ دەگەیێنن. نموونەیەکی زۆر زەق ئەو نووسینەیە کە کاتی خۆی مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆ وەرامدانەوەی مەکەنزی نووسیبووی. هیچ گۆڤار و ژۆرناڵێکی زانستی و ئەکادێمی بەرهەمەکەی مامۆستا وەهبییان بلاو نەکردەوە، چونکە دەیویست بەرپەرچی ئەو باوەڕانەی مەکەنزی بداتەوە کە دەیوت بنەچەی کورد مادەکان نییە. مامۆستا وەهبی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی لە بواری کوردناسیدا نووسیبوون بە ئینگلیزی، بەلام ئێستا و ئێستایش نەیانهێشت دانەیەکی لە گۆڤارە بەناو ئەکادێمی و زانستییەکانی زانستگەکانی ئەوروپادا بلاو ببێتەوە. مامۆستا جەمال نەبەزیش زۆر جار

ڕێی لێ گیراوە و نەیانهێشتووە لێکۆڵینەوەکانی لە ژۆرناڵە زانستییەکاندا بڵاو ببنەوە. نموونەی دیکەش زۆرن. کەچی بە پێچەوانەوە دەبینین ئەگەر یەکێک شتێک لەسەر زازا، عەلەوی یا یەزیدی بنووسێت، یا لێکۆڵینەوەکەی گومان بخاتە سەر یەکێتیی زمانی کوردی، یەکسەر بۆی ڕێک دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە.

لەناو ڕووناکبیرانی گەلانی ڕزگاریخوازدا زۆر دەمێکە کەسانێک هەبوونە کە بە تەوسەوە و بە گومانەوە تەماشای کاری ڕۆژهەڵاتناسانیان کردبێت. ڕەنگە ئەم هەڵوێستە نەخرابێتە چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە و دەربڕینەکەی زیاتر بە شێوەیەکی سیاسی بووبێت. بەڵام بیریاری فەلەستینی ـ ئەمەریکایی ئیدوارد سەعید بە نووسینی کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی Orientalism)، ئەم هەڵوێستەی خستە چوارچێوەیەکی زانستییەوە و لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و سیاسیەوە، بە شێوەیەکی نوێ، ڕۆژهەڵاتناسیی شی کردەوە و خوێندەوە. ئێستا ڕێبازەکەی سەعید بۆتە بەشێکی گرنگ لە دنیای لێکۆڵینەوەدا و لەناو تیۆرییەکانی ئەدەبدا وەک تیۆریی پۆستکۆڵۆنیالیزم Postcolonialism ناو دەبرێت.

لێکۆڵینەوەکەی ئیدوارد سەعید لەسەر ڕۆژهەڵاتناسییە بە گشتی. من پێم وایە ڕووناکبیرانی کورد هەر بەو مێتۆدەی سەعید دەتوانن لە بواری کوردناسیدا کارێکی لەو بابەتە بکەن، بۆ ئاشکراکردن و بەدرۆخستنەوەی زڕەتیۆری و زڕەزانستی کوردناسەکان و ئەو ئەنجامگیریانەی لەبارەی زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردەوە نووسیویانە و دەینووسن. ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە تەنیا بە یەک کەسیش نەکرێت. تەگەرەیەکی یەکجار گەورە لەم ڕێگەیەدا خوێنەوار و ڕووناکبیری کورد خۆیەتی. من گەلێ جار لەگەڵ هەندێ ڕووناکبیری تەنانەت گەورە و ناسراوی کورددا کەوتوومەتە باس و گفتوگۆ. دەردەکە ئەوەیە ئەمانە ئەو هەڕەشەیە نابینن و لە مێکانیزمی شێواندنی فەرهەنگ و زمان و مێژووی کورد نەگەیشتوون.

٠٢١ ئاستی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی چۆن دەبینن؟ جیاوازی لە نێوان ئەم بزاڤە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بە دی دەکەن؟

◇ فەرهەنگی کورد فەرهەنگێکی دواکەوتووە، زۆریش دواکەوتووە. من دەزانم، کاتێ مرۆڤ شتێکی وا بڵێ، زۆر کەس هەن یەکسەر بەیت و باڵۆرەی نەبوونی دەوڵەت و کارەساتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی کوردستان دووبارە دەکەنەوە وەک هۆیەک و پاساوێکی دواکەوتنی کورد و

فەرهەنگەکەی. منیش ئەو شتانە دەزانم و چاکیش تێیانگەیشتووم، بەڵام ناتوانم بەم جۆرە بیانووانە خۆم فریو بدەم و دڵی خۆم بەوە ئاسوودە بکەم کە دواکەوتنی فەرهەنگەکەمان ئەنجامی بێدەوڵەتییە و هەر کاتێ دەوڵەتمان دامەزراند، ئیدی هەموو دەردەکانمان تیمار دەکرێن. بۆ ئەوەی وا تێ نەگەی من تەنیا لایەنی ڕەش و تاریکی شتەکان دەبینم، دەبێ عەرزت بکەم، کە لەناو ئەو تاریکییەدا پڕیشکیش دەبینم.

چارەسەرکردنی ئەم ئاژاوە و پشێوی و بێسەروبەرییەی زمان و فەرهەنگ و ڕێنووس و سیستەمی خوێندن و پێگەیاندن کارێکی نەکراو و موستەحیل نییە. من ناتوانم لە گفتوگۆیەکی وەک ئەمەدا بێم پلانێک بۆ ئەو بارە و بۆ چارەسەرکردنی دابڕێژم، بەڵام دەتوانم تۆیش و هەموو ڕووناکبیر و خوێنەر و دەستەڵاتدارانی کوردستانیش دڵنیا بکەم کە ئەگەر ئێمە بە وردی بیر لە هەموو لایەنەکانی فەرهەنگی کورد بکەینەوە و لە گرفت و کێشەکانی بکۆڵینەوە و سوود لە ئەزموونی خەڵکی دیکە وەربگرین، دەتوانین لە ماوەی ٧–١٠ ساڵدا ئەو دواکەوتنە بنجبڕ بکەین. زۆر جاری دیکەیش من ئەمەم وتووە، کە فەرهەنگ لەم سەردەمەدا هەر لە خۆیەوە ناتوانێ پێش بکەوێت و هەموو شتێک بە نێت و داخواز و ئارەزووی باش ناچێ بە ڕێوە. هەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی Cultural Policy کە واقیعی نەتەوەی کورد و پاشخانی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکات و گەشەکردن و گۆڕانەکانی دنیای ئەمڕۆ لە بەرچاو بگرێت و لە مەودایەکی دووربینانەدا پاشەڕۆژی کورد ببینێت، دەتوانێ ڕووناکبیریی کورد بگەیێنێتە ڕێزی پێشکەوتن و بیکاتە بەشێکی چالاک و زیندووی فەرهەنگی مرۆڤایەتی.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت مەسەلەی ئەدەبی کوردی لە تاراوگەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستاندا گەلێ جار ورووژێنراوە و ئێستایش هەر بەردەوام باسی دەکرێت و دەهێنرێتە پێشەوە. هۆیەکی ڕاستەوخۆی ئەم پرسیارکردنە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لە ماوەی هەشت نۆ ساڵی ڕابوردوودا پێوەندییەکی گەرم و پتەو لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی دەرەوە و نیشتمان و گەلی خۆیاندا پەیدا بووە. ئێستا ڕۆژانە دەیان و ڕەنگە سەدان کەس لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی دنیاوە دەچنەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ خۆیشیاندا دیارە کۆمەڵێ زانیاری و ڕەوشت و خووی تازە و تەنانەت شێوەی بیرکردنەوەش دەبەنەوە، بێگومان بێجگە لەو هەموو دیارییە ماددییانەی کە لەگەڵ خۆیاندا بۆ کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خۆیانی دەبەنەوە. ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیاتربوون و گەشەکردنیش دەچێت. ئێستا وای لێ هاتووە کە پێوەندیی نێوان کوردی

دەرەوە و وڵاتەکەیان بە کەناڵێکی ڕێکوپێکتردا تێدەپەڕێت و لە کوردستانیش دیاردەکە ئاساییتر وەردەگیرێت و وەک بەشێکی سرشتی و ئاسایی چاوی لێ دەکرێت.

ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا ئەدەبێکی کوردی لە تاراوگە هەیە، یان ئەدەبی تاراوگەی کوردی هەیە یا نە؟ من پێم وایە هەر پەیدابوونی پرسیارێکی ئاوا وەرامیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بێگومان ئەدەبی کوردی لە تاراوگە وەک دیاردەیەکی فیزیکی و جیۆگرافی هەیە و لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردییشدا جێگایەکی گرنگی وە دەست هێناوە. ئەگەر دیاردەیەکی وەها نەبووایە باوەڕ ناکەم پرسیارەکەش بەم گەرمییە بکرایە.

کاتێ لەوە تێگەیشتین کە ئەدەبی کوردی لە تاراوگە هەیە، لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم باسە ئەوە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە شێوە و قەوارە و ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبە چۆنە؟ تایبەتمەندییەکانی چین و لە چ ڕوویەکەوە لەو ئەدەبەی کە لە کوردستاندا دەنووسرێت جیاوازە. پێم وایە تا ئێستا ئێمە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جددیمان لەم بوارەدا لە بەردەستدا نییە. هیچ لێکۆڵەرەوەیەکی کورد نەهاتووە ئەم دیاردەیە و ئەم بوونە فیزیکییە بکاتە بابەتی سەرنجدان و وردبوونەوە و شیکردنەوە. کەچی سەیر ئەوەیە لێکۆڵەرەوەی بێگانە هەندێ جار خۆیان پێوە خەریک کردووە و ویستوویانە لێی بکۆڵنەوە. هێندەی من ئاگادار بم هەر لەم سوێدە یەک دوو لێکۆڵەرەوە، کە کورد نین، لەم ساڵانەی ڕابوردوودا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لەبارەی فەرهەنگی گرۆ و تاقمە بێگانەکانی نیشتەجێی سوێدەوە، کە دیارە کوردیش بەشێکی گرنگی بووە.

لە کوردستانی خوارووی هەر کە باسی ئەدەبی تاراوگە دەکرێ یەکسەر بیرمان بۆ (ادب المهجر)ی لوبنانییەکانی کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەچێت و ناوی وەک (جبران خلیل جبران، میخائیل نوعەیمە و ئیلیا ئەبوو ماضی)مان بیر دەکەوێتەوە کە لە ئەمریکای باکوور و ئەمریکای باشوور دەژیان و ئەدەبەکەیان تام و بۆنێکی تایبەتی هەبوو. ڕەنگە بکرێ ئەدەبی کوردیی تاراوگە لەگەڵ ئەو ئەدەبە عەرەبییەی تاراوگەدا بەراورد بکرێت، بەڵام جیاوازیی پاشخانە فەرهەنگییەکە و جیاوازیی سەردەمەکان تا ڕادەیەک لە یەکیان هەڵدەبوێرێت.

ئەو سەردەمەی کە نووسەرانی لوبنانی لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان دەژیان، هاتوچۆ و پێوەندی بە شێوەیەکی دیکە بوو. تەنانەت ناردنەوەی نامەیەک کاتێکی یەکجار زۆری دەخایاند. ئەمڕۆ پەیدابوونی تەکنیکی نوێ و کاریگەر، هەبوونی دەیان شێوە و کەرەسەی پێوەندیکردن بۆتە هۆی ئەوەی

کە مـرۆڤ بەسـەر دووریی جیـۆگرافیدا زاڵ ببێت و دووریی جیـۆگرافی و فیـزیکی هەر بە تەواوی کەم بکاتەوە. ئەمرۆ ئێمـە بە هۆی فاکس و مۆبایل تەلەفـۆن و کـۆمـپـیـوتـەر و ئینتـەرنێـتـەوە دەتوانین زۆر خـێـرا ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەم گۆی زەوییە پێکەوە ببەستین. بەڕاستی تازە ئیدی ئەو دابڕانە جیـۆگـرافی و زەمـەنی و فـیـزیکیـیـە ناتوانن ببنە ئاسـتـەنگ. بۆ ئەوەی لە چوارچێـوەی باسـەکـەمـان دوور نەکـەوینەوە دەڵێم، ئەمـرۆ ئێـمـە بە هۆی دیسکێکەوە، بە هۆی فاکسەوە یا ڕاستـەوخۆ بە هۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانین وتارێک یا شیعرێک بنێرینەوە بۆ کوردستـان و ڕۆژی دواتریش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بکرێتەوە. هەر دیسـان بە هۆی ئینتـەرنێـتـەوە من لێرەوە دەتوانم هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەکانی هەولێر و سلێمانی بخوێنمەوە، تەماشای کـەناڵەکانی تـەلەڤیـزیۆنی سـاتیـلایت بـکەم و ئاگاداری هـەمـوو دەنگوباسـە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان بم.

ئەم نزیکییەی بە سایەی پێشکەوتنی تەکنیکییەوە کەوتۆتە دەستـمان، بۆتە هۆی نزیکی لە جۆری بیرکردنەوەشـماندا. ئەمرۆ سەرچاوەکانی زانیاری لە بەردەسـتـی زۆربەی هەرە زۆری خـەڵکدایە. ڕەنگە ئەوەی ڕووناکـبـیـرێک لە دەرەوەی کوردستـان دەیخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕووناکبیرێک لە کوردستان دەیخوێنێتەوە زۆر جیاواز نەبێت. لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە لە کوردستـان لە بەردەستی هەموو ڕووناکبیراندا نەبێت و تەنیا کەمایەتییەکی بچووک سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام دڵنیام ئەمەش مەسەلەی سـاڵ و دوو ساڵە. هەر هێندەت زانی کوردستـانیش پڕ بوو لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. بازاڕی سەرمایەداری ئەوەی دەوێت. دەبێ کاڵای خۆی بگەیێنێتە تەنانەت کوێرەدێیەکانی هەموو جەنگەڵستـان و شاخستانـەکانی دنیاش. لەم ڕووەوە تاکـە ئـاسـتـەنگێک بە بیـرمـدا بێت مـەسـەلەی زمـانە. ڕەنگە لە کوردستـان شارەزایی لە زمانێکی گەورە، ئینگلیزی، فرانسی یا ئەڵمانی، زۆر ئاسـایی نەبێت، بەڵام ئەوەش دیسـان چونکە بەشـێکی زۆری زانیـاریی ڕۆژانە دەکرێتە فارسی و عەرەبی، ڕەنگە تا ڕادەیەک سووکتر بووبێتەوە.

ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە و ئەم پێوەندییە گەرم و خێرایە دیاردەیەکی تازەیە و کـارکـردەکـەی مـاوەیەکی دەوێت تـا بە تەواوی دەربکەوێت. ئێـمـە باس لە ئەدەبێک دەکەین کە ساڵانێکە هەیە و دەژی و پەلوپۆ دەهاوێت.

٢٢. لە چەخـمـاخـەی ناوهێنانی ژندا بە (جـوانی، خـۆشـەویسـتی و ئەندێشـە)کانیـەوە چیت دێتە یاد؟ ژن چۆن دەبێتە کەرەسـەی شـعر لای تۆ؟ دایکت هیچ شوێنی لە پانتایی بیرکردنەوەت داگیر کردووە؟

◇ زۆر نرخی مرۆڤانە هەن کە لە هەموو سەردەمێکدا هەوێنی داهێنان بوون و لەناو شاکارە هونەرییەکاندا بە زیندوویی و پاراوی ڕاگیراون. دوو لەم نرخانە، جوانی و خۆشەویستی، زۆر جار، لە ژندا کۆ دەبنەوە. ڕاستت دەوێ تەنیا هونەرمەندان و داهێنەران نین کە ژنیان کردبێتە ڕووگەی خەیاڵ و بیر و هۆش و کرداریان. تۆ مێژوو بخوێنەوە دەبینی زۆر گەورەپیاو هەن کە دنیای سەردەمی خۆیانیان هەژاندووە و هەتا ئەمڕۆیش جێپێی خۆیان و سەربازەکانیان و شوێنپێچکەی گالیسکە و تۆپەکانیان بە ڕوومەتی دنیاوە دیارە، کەچی لە بەردەم ژندا بێدەستەڵات وەستاون و خۆیان داوە بە دەستەوە. ژن تەنیا هاوسەر و خۆشەویست و دۆست نییە، کە ئەم ڕۆڵانە پێوەندییەکی زۆریان بە غەریزە و ئارەزۆی خۆڕسکی زایەند و فرەبوونەوە هەیە، بەڵکە دایک و خوشک و کچ و خزم و کەسیشە. ژن لەوەیە دوژمنیش بێت.

من ژنم پێشتر وەک دایک و خوشک ناسیوە و دواتر وەک خۆشەویست و هاوسەر و کچ. بەداخەوە ئەوە بیستوپێنج ساڵە من لە دایکوباوک و کەسوکارەوە دوورم و لەم ماوەیەدا تەنیا دوو جار چاوم پێیان کەوتووە. هەتا لەوێ بووم، لە کوردستان، ئەوان بەشێک بوون لە ژیانی ڕۆژانەم و پێم وا بوو ئەو بارە هەر بەردەوامە و تا سەر دەمێنێت. بەڵام لەپڕ، بە جۆرێک لە یەکدی دابڕاین کە هەرگیز بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو. تازە ئیتر درەنگە و شتەکان ناچنەوە جێی خۆیان. بەڵام ئەوە لە دڵمدا بۆتە گرێیەک کە نەکرا زیاتر پێکەوە بژیین و نەمتوانی وەک کوڕ و وەک برا لە نزیکیانەوە بم، بەتایبەت لەو کاتی تەنگانە و نەبوونییانەدا کە ڕەنگە بمتوانییایە چاکییەک و کەڵکێکم هەبێت بۆیان. دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە دوورکەوتنەوەم لەوان لەپێناوی مەسەلەیەکی پیرۆزدا بوو، کە مەسەلەی نیشتمانەکەمە و، ئەوانیش بەشێکن لەو نیشتمانە.

لە تەمەنێکی کرچوکاڵدا کچێکم خۆش دەویست و ئەو پێوەندییە سێ چوار ساڵێکی خایاند. بەشێک لە شیعرە دڵدارییەکانی ئەو سەردەمەم بۆ ئەو نووسیون. بەڵام بە هۆی خەباتی سیاسییەوە ئەویشم بە جێ هێشت و ئیتر نەمبینییەوە. سێ مانگ پێش ئەوە، دیسان بە هۆی سیاسەتەوە، ساردی کەوتبووە نێوانمانەوە. کە لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠دا، دوای بیستوپێنج ساڵ، چوومەوە بۆ ئەو گەرمیانە، بیستم کە دوو مانگێک لەوەوبەر کۆچی کردبوو. یادی بە خێر و ڕۆحی شاد بێت. دواتر (زینەت)م ناسی و خۆش ویست و ئەوە بیستودووساڵیشە پێکەوە دەژیین. شیعرە دڵدارییەکانی دیوانی (ژێ)م بۆ ئەو نووسیون.

ژن بەڕاستی نهێنێکی یەکجار گەورەیە و ناسینیشی یەکجار زەحمەتە، ئەگەر نەڵێم نەشیاوە. وا بزانم پێشتریش وتوومە. ئێمە زۆر جار ئەم باسە گەورە دەکەینەوە و بە هەزار ئۆیە و پلـپلـەی خەیاڵی ڕۆمانتیکییانەی دەرازێنینەوە. ژنیش مرۆڤە و لەوەیە نەک هەر دۆست و خۆشەویست نەبێت، بەڵکە ببێتە دوژمنیش و لەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی ژیانت لێ بکاتە دۆزەخ. ئەمە بەتایبەت لای شاعیر و هونەرمەندان دێتە دی. شاعیر و هونەرمەند لە هەموو کەسێک زیاتر پێویستیان بە ئازادییە. جاری وا هەیە مرۆڤ خۆی دەبێتە هۆی بەربەستکردنی ئازادیی خۆی، ئەوجا یەکێکی دیکە، چەند جوان و چەندیش خۆشەویست بێت، بۆ نەبێت؟ لە دەروونی مرۆڤدا، سنووری نێوان ڕق و خۆشەویستی یا دۆست و دوژمن لە تاڵەموویەک باریکترە. ڕەنگە لە پەرینەوەی سنوورێکی وەهادا هەر هەستیشی پێ نەکەیت.
باوەڕ ناکەم هیچ تێکستێک توانیبێتی هێندەی قورئانی پیرۆز بە جوانی و بە قووڵی باسی ژن بکات. جارێک وەسفی فێڵ و دەهۆیان دەکات، جارێکی دیکە وەک دایک و جاری سێیەمیش وەک هاوسەر. بەڕاستی دەربڕینە هونەرییەکە لەم سێ جێگەیەدا دەگاتە لووتکەی جوانی و ڕەوانبێژی.

٢٣. ئەو بارە ناسروشتییە سیاسییەی کوردی تێدایە بۆتە مایەی دروستبوونی دیاردەی زیانبەخش و لێکدابڕانی مەترسیدار. وەک ئەوەی نیوەئاگاین لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و نیوەزانایین و تێگەیشتنمان لە ئاست زمانەکەمان و بە کورتی ئەدەب و نووسراومان بە "کرمانجیی سەروو و خواروو، پیتی عەرەبی و لاتینی" ئەم دیاردەیە چۆن دەبینن و لە ڕوانگەی ئێوەوە چ ڕێگا چارەیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەدەبەکەمان بەرگی سەرتاسەری بکاتە بەر خۆی؟

◇ دیاردەی لەیەکدابڕانی کورد، یەکەم جار، دوای دابەشبوونی کوردستان و چەسپانی سنوورە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێ کرد. بەڵام دابڕانی دووەم، کە خەتەرناکتر و قووڵتر بوو، دوای پەیدابوون و تەشەنەکردنی ئەلفوبێی لاتینی ڕووی دا. تۆ دەبینی دابڕانی یەکەم ڕواڵەتی بوو، نەک فەرهەنگی، چونکە پێوەندی مرۆڤی کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەر مایەوە، ئەگەرچی هەندێ کۆسپی ڕەسمی خرایە نێوانیانەوە، وەک هاونیشتمانێتی و پاسپۆرت و ڤیزە. کەچی دابڕانی دووەم زۆر خراپتر بوو، ئەنجامی کاریتری لێ کەوتەوە و درزی قووڵتری خستە نێوانەوە. ئەمە نەخشەیەکی دوژمنانەی

نوێتر بوو. ئەوانەی وڵاتەکەیان دابەش کرد و سنووریان لە نێوان بەشەکاندا دامەزراند، هەر ئەوانەش بوون و ئەوانەشن سنووریان خستۆتە نێوان دیالێکت و ڕێنووس و ڕێزمان و ئەلفوبێکەمانەوە و ئەمڕۆش دەیانەوێ بە زۆر بیسەپێنن.
ئەمڕۆ هەندێ کەس لەبەر نەزانی و چاوبەستراوی بە دڵگەرمییەوە پشتگیری لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی دەکات. من دڵنیام بەشێکی زۆری ئەمانە لە ڕووی دڵسۆزییەوە و وەک پەرۆشێک بۆ باری نالەباری فەرهەنگ و زمانی کوردی وا بیر دەکەنەوە، بەڵام دڵنیاشم زۆربەیان بە ڕواڵەت هەڵخەڵەتاون و لە گرنگی و ئەندازەی ڕاستەقینەی باسەکە ئاگادار نین. زۆر ڕووناکبیر و نووسەری گەورەی کورد ئێستاش لە بایەخ و ناسکیی ئەم باسە نەگەیشتوون.
من پەیدابوونی ئەلفوبێی لاتینی لە ناو کورددا جیا ناکەمەوە لەو هەلومەرجە سیاسییەی لە سالانی دابەشبوونی کوردستان و شەڕی دووەمی گێتیدا سەردەست بوو. دەبوو کوردستان دابەش بکرێت و لە نێوان ئەو دەوڵەتە تازانەدا پارچە پارچە بکرێت. دەبوو کێشەیەک لەو ناوەڕاستەدا بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە وەک بۆمبێک ئامادە بێت بۆ تەقینەوە. دەبوو جێدەستێک بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژاوا هەر کاتێ پێویستی پێ بوو، دەستی بۆ ببات و بە کاری بهێنێت. دەبوو کوردیش بە جۆرێک دابەش بکرێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبێتە هێزێکی یەکگرتووی وەها کە زیانی هەبێت و ببێتە مەترسییەک بۆ ڕۆژاوا و ئیمپەریالیستان. نەبێتە ئەو دێوەی جادووگەرێک ئامادەی دەکات و دواتر دەبێتە بەلا بەسەر خۆیەوە و سەری خۆیشی دەخوات. دەبوو دینامیزمێک دروست بکرێت، بتوانرێت کوردی پێ بکرێت بە گژ یەکتردا، وەک چۆن لای نەتەوەکانی دیکەیش ڕووی داوە، تا نەتوانێ هەرگیز یەک بگرێت؛ دینامیزمێکی فەرهەنگی و سیاسی. ئەمڕۆش خەڵکێکی زۆر هەن کە بە ژاراوی دەستگای ڕاگەیاندنی ئیمپەریالیستەکان مێشکیان شۆراوەتەوە و پێیان وایە هەر شتێک هەنگاوێک لە ئەورووپا و لە ئەمەریکاوە نێزیکیان بخاتەوە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و سەربەخۆیی و ئازادیی کورد و نیشتمانەکەی. ڕۆژاواپەرستی مۆدەیەکی دڵگیرە و مرۆڤی لاواز زوو فریو دەدات و خەڵک بە ئاسانی شوێنی دەکەون. ڕۆژاوا دەتوانێ ملیۆنان دۆلار خەرج بکات و دەیان دەستگات بۆ دامەزرێنێ، بەو ناوەوە کە گوایە خزمەتی فەرهەنگ و زمانی کوردی دەکات، بەڵام هەموویشیان دەکاتە پەردەیەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و نیازە ئیمپەریالیستانەکانی خۆی.
دەرچوونی هاوار و گۆڤارەکانی دیکە لە شام و بەیرووت لە سییەکان و

چلەکانی سەدەی بیستەمدا سەرەتای پیادەکردنی نەخشەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو. ڕەنگە هەندێ لەوانەی لە سەرەتادا کاریان تێدا دەکرد، پێیان وا بووبێت بەم کارە خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی دەکەن و گوایە، بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان، سوودێک لە فرانسییەکان دەبینن، کە لە کاتی شەڕی دووەمی گێتیگردا دەیانویست دەنگی کوردیش دژی بەرەی نازیزم بە کار بێنن. بەڵام ناکرێ هەموویان هێندە خۆشباوەڕ بووبێتن، بەتایبەت باوەڕ ناکەم بەدرخانییەکان، کەسانێکی وەک جەلادەت و کامران، ئەوەندە دەبەنگ و ناهۆشیار بووبێتن کە نەیانزانیبێت کۆلۆنیالیستانی فرانسی بۆچی پشتیان دەگرن و، ئەو ئەلفوبێ لاتینییە بە چ نیازێک پێشکەش دەکرێ و پەرەی پێ دەدرێت. ئەوان زۆر لەوەوپێش پێوەندییان لەگەڵ کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز و فرانسی و دەستەودایەرەیاندا هەبووە و تەنانەت لەگەڵ بەشی زانیاری و پۆلیسی نهێنیی ئەو وڵاتانەشدا کاریان کردووە. بەڵام هۆی ڕازیبوونیان بەم نەخشە گوماناوییە ناحەزانەیە ئەوە بوو، دەیانویست ئەوەی لە مەیدانی سیاسەتدا دۆڕاندبوویان، لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەستیان بکەوێتەوە. بەدرخانییەکانیش ئەم کارەیان نەکردایە، کۆلۆنیالیستانی ئەوروپایی خەڵکێکی دیکەیان هەر بە کار دەهێنا و نەخشەکانی خۆیانیان پێ دەبردە پێشەوە.
زمانی کوردی یەک ڕێگەی لە بەردەمدایە بۆ خۆپاراستن و مانەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو کورد بە یەک ئەلفوبێ بنووسێت و ئەو ئەلفوبێیەش دەبێ ئەلفوبێی کوردی بێت (ئەلفوبێی گونجێنراوی فارسی ـ عەرەبی، کە بە ناڕەوا و لەبەر مەبەستێکی تەڵەکەبازانەی سیاسی هەر بە ئەلفوبێی عەرەبی ناو دەبرێت). دەنا نە ئەلفوبێی لاتینی و نە هیی کریلیک (ئەمیان ئێستا بەرەو نەمان دەچێت) ناتوانێ هیچ بۆ کورد و بۆ فەرهەنگ و زمانەکەی بکات و، بگرە دەبێتە هۆی ڕووخاندن و تێکشکاندنی ئەو هێندەیش کە لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا بنیاتمان ناوە. ئەلفوبێی لاتینی هەر لە بنەڕەتیشدا بەو نیازە هێنراوەتە ناو کوردەوە. بایەخ و گرنگیی ئەلفوبێی کوردی هەر ئەوە نییە کە جوانە، یا بۆ نووسینی دەنگەکان لەبارترە، بەڵکە ئەوەیشە کە دوای سەدان ساڵ بەکارهێنانی بۆتە گەنجینەی پاراستنی ئاوەز و بیر و هۆش و فەرهەنگ و شارستانێتیی کورد. هەروەک ئەو داوە زێڕینەیشە کە فەرهەنگی کورد و فەرهەنگی بەشی هەرە زۆری گەلانی ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێ دەدات و لە مەودایەکی مێژوویی و فکری و شارستانەتیدا دەیانکەتە یەکەیەکی مەعنەوی و سیاسی. هەر بڕیار و هەر گۆڕانێک کە بیەوێ ئەلفوبێی لاتینی بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنێ

دوژمنایەتیکردنێکی ئاشکرای یەکێتیی کورد و فەرهەنگ و زمانەکەیەتی و زۆر بە ڕاشکاوییش دەیڵێم خیانەتێکە بەرانبەر کورد. ئەگەر بە ڕێژەیش وەریبگرین ئەوەی بە ئەلفوبێی کوردی دەنووسرێت لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت، بەراورد ناکرێت، نە لە ڕووی چەندایەتی و نە لە ڕووی چۆنایەتییەوە. ئەمڕۆ ئەوەی بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت ناگاتە ١٥٪ (پانزدە لە سەددا)ی سەرجەمی نووسینی کوردی. ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە کوردی باکوور بگەڕێنەوە سەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی و خۆیان لە ئەلفوبێی تورکی ڕزگار بکەن. هەنگاوێکی وەها لە ڕووی سیاسیشەوە بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە.

هەندێ کەس پێیان وایە ئەلفوبێی ئێستای کوردی گیروگرفتێکی زۆری هەیە و بە گۆڕینی نەبێت چار ناکرێت. لەوانەیە ئەلفوبێیەکە هەندێ ناتەواویی تێدا هەبێت، بەڵام نە ناتەواوییەکان ئەوەندە گەورەن کە چارەسەر نەکرێن و نە چارەسەریش بەوە دەکرێت کە بە جێی بهێڵێن و وازی لێ بێنین و دەست بە ئەلفوبێیەکی تازە بکەین، لە کاتێکدا سوور دەزانین ئەو ئەلفوبێ تازەیە، ئەگەر مەبەست لاتینییەکە بێت، هەر لەگەڵ هاتنیدا و لەگەڵ لەدایکبوونیدا دەیان گیروگرفت و ناتەواویی گەورەتری تێدایە، ئەگەر باسی لایەنە فۆنەتیکییەکەی بکەین. خۆ ئەگەر لە ڕووی دیکەوە بیری لێ بکەینەوە، ئەوا تێ دەگەین کە ئەلفوبێیەکە بەو ئامانجە هێنراوەتە ناو کوردەوە کە مێشکی نەتەوەیەک بشۆرێتەوە و لە ڕابردووی خۆی دووری بخاتەوە و بیکاتە دارێکی زڕی بێ ڕەگ و ڕیشە و پارچە پارچەی بکات. بەکارهێنانی حەرفی لاتینی بۆ نووسینی کوردی لاساییکردنەوەیەکی تورکەکان بوو کە بە نیازی دوورخستنەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵات ئەلفوبێی خۆیانیان گۆڕی و لە هەموو شتێکدا دەستیان کرد بە لاساییکردنەوەی ئەوروپا و، بەوەش بوون بە گەلێکی بێفەرهەنگ. میلان کوندێرا لەم ڕووەوە قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێ: «یەکەم هەنگاو بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک سڕینەوەی بیریەتی. دەبێ کتێبەکانی، فەرهەنگەکەی و مێژووەکەی لەناو ببرێت، دوایی دەبێ کەسێک هەبێ کتێبی تازە بنووسێت، فەرهەنگێکی تازە بە درۆ دروست بکات، مێژوویەکی تازە دابهێنێت. دوای ماوەیەکی کورت نەتەوە ئەوەی لە بیر دەچێتەوە کە هەیە و کە هەبووە. دنیای دەوروبەریش هەموو شتێکی تەنانەت خێراتریش لەبیر دەچێتەوە.»

ترکزەی ئەلفوبێی لاتینی هەر ئەوە نییە کە ڕەنگە خوێنەری بەشێکی کوردستان نەتوانێت تێکست و بەرهەمەکانی بەشێکی دیکە بخوێنێتەوە، کە ئەمەش مەترسییەکی کەم نییە، بەڵکە ئەوەشە کە بیرکردنەوە و مێشکێکی

دیکەی جیاواز دێنێتە کایەوە و فەرهەنگێک دەچەسپێنێ کە بەتەواوی لە فەرهەنگی هەزار ساڵەی کورد جیاوازە و لە ڕابردوویەک دادەبڕێت کە کۆڵەکەی مانەوە و یەکێتیی نەتەوە و دینامیزمی پێشکەوتن و گەشەکردنی بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم بارە فەرهەنگی و سایکۆلۆگییە بە ئاشکرا لای بەشێکی یەکجار زۆری ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کوردستانی تورکیا دەردەکەوێت. ئێستا نەوەیەک دروست بووە کە هەر بە تورکی خوێندوویەتی، ئەگەر زمانەکەی خۆیشی خوێندبێت، ئەوا بە ئەلفوبێی لاتینی خوێندوویەتی و لەبەر ئەوە فری بەسەر ئەدەب و فەرهەنگ و مێژووی کوردستانەوە نییە و هیچی لێ نازانێ. ئەمە هەر وا ڕێکەوت نییە کە خوێنەوارێکی کوردی تورکیا زۆر بێپەروا دەتوانێ بڵێت، من زمانی کوردیم داهێناوە، منم یەکەم جار ڕۆمانم بە کوردی نووسیوە، کەس پێش من کتێبی منداڵانی بە کوردی نەنووسیوە، پێش من کەس شانۆنامەی بە کوردی نەنووسیوە. مێژووی ئەدەبی کوردیی تازە لە منەوە دەست پێ دەکات. کەس پێش ئێمە کوردایەتیی نەکردووە. سەرکردەکانی پێشتر هەموو ئاغا و شێخ و مەلا و فیۆدال بوون. ئێمەین کە گەلی کوردمان هۆشیار کردۆتەوە و، سەدان قسەی نەزانانە و گەوجانەی لەم بابەتە. ڕووناکبیرانی کوردستانی تورکیا باسی خراپە و مەترسیی سیاسەت و ئیدیۆلۆگیی کەمالیزم دەکەن، بەڵام لەوە نەگەیشتوون کە دڵسۆزترین شاگرد و قوتابیی کەمالیزم و دڵگەرمترین برەوپێدەری کەمالیزم خۆیانن. بەڕاستی من پێم وا نییە لە کوردستانی تورکیادا ڕووناکبیری کورد هەبێت. ئەو ڕووناکبیرانەی خەڵکی کوردستانی تورکیان، ڕووناکبیری تورکن. نەک کورد. ئەوان ڕەنگە ڕووناکبیری گەورەیشیان تێدا هەڵکەوتبێت و هەڵبکەوێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ڕووناکبیری کورد نین.

هیچ گەلێکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانێتی نایێت بە دەستی خۆی ئاگر بەر بداتە ماڵەکەی خۆی و ئەوەی لە هەزاران ساڵدا بنیاتی ناوە، هەمووی هەڵوەشێنێتەوە و هەڵتەکێنێ. زۆر گەلی دیکە هەن کە ئەلفوبێی تایبەتی خۆیان بە کار دەهێنن و لەوەیە لە هەندێ ڕوویشەوە گیروگرفت لە ئەلفوبێکەیاندا هەبێت، بەڵام دیسان بە شانازییەوە بە کاری دەبەن، بۆ نموونە جوولەکە، چین، عەرەب، هندستان، ئێران، ئەرمەنی، ئاسووری، ئەریتریا، حەبەشە، بەنگلادیش، گورجستان، ژاپۆن، کۆریا و زۆری دیکەش. خوێنەرێک یا ڕووناکبیرێکی کوردستانی باکوور کە ئەمڕۆ تەنیا بە ئەلفوبێی لاتینی ڕاهاتووە و شتێک بەو ئەلفوبێیە نەنووسرابێت ناتوانێت بیخوێنێتەوە نەک هەر خۆی لە بەشی هەرە زۆر و فراوان و گرنگی ئەدەبی کوردی بێبەش

دەکات؛ ئەو ئەدەبەی بە کوردیی خوارووو نووسراوە، بەڵکە لە بەشی هەرە گەورەی ئەدەبی کرمانجییش بێبەشە؛ ئەو ئەدەبەی لە بادینانی کوردستانی عیراق دەنووسرێت. لەوەش بەولاوە لە هەموو کلاسیکی ئەدەبی کوردی بێبەش بووە. تەنانەت ئەو کەمە تێکستەی کلاسیکی کرمانجییش کە خراوەتە سەر تیپی لاتینی دادی نادات، چونکە لە تیپە لاتینییەکاندا وێنەی هەموو دەنگەکان نییە و ئەوەش دەبێتە هۆی شێواندنی تێکستە کلاسیکییەکان. لەوەش بترازێ، کەسێک کە تەنیا ئەو ئەلفوبێ لاتینییە بناسێت ناتوانێ لە نرخە هونەرییەکانی کلاسیک بگات. هەر بۆ نموونە دەڵێم، کە شاعیرێکی کلاسیک باسی (ئەلفی قەد) دەکات، کەسێکی شارەزای کلاسیک یەکسەر تێ دەگات، مەبەست ئەوەیە بەژنی یار وەک تیپی (ئەلف: ا) ڕاست و ڕێکە. یا کاتێ چاوی یار دەچوێنێتە تیپی (عەین: ع)، ئەمە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی شێوەی تیپەکە لە چاو دەچێت و لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی (عەین) بە عەرەبی واتە (چاو). بەڵام کەسێک ئەو ئەلفوبێ کوردی ـ عەرەبییە نەناسێت، ناتوانێ ئەم تایبەتییە هونەری و ئێستێتیکییە تێ بگات.

لەم ساڵانەدا ڕۆمانێکی نووسەری دیاری تورک (ئۆرهان پاموک)م دەخوێندەوە کە ناوی (من نێوم سووره) بوو. من ڕۆمانەکەم بە ئینگلیزی خوێندەوە، چونکە تورکی نازانم. ئەگەرچی پاموک شارەزاییەکی باشی لە فەرهەنگی کلاسیکیی تورک و ڕۆژهەڵاتدا هەیە، کەچی لەبەر ئەوەی خۆی بە تورکیی نوێ، ئەو تورکییەی بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت، خوێندوویەتی، کەوتووەتە هێندێ هەڵەی هونەرییەوە کە خۆی لێیان بێئاگایە. لە جێگەیەکدا پاڵەوانەکە باسی تەڵەموویەکی قژی خۆشەویستەکەی دەکات کە بەسەر سەرینەکەوە بە جێ ماوە، دەڵێ تاڵەمووەکە بە جۆرێک خوار بووبووەوە دەتگوت حەرفی عەین (ع)ی عەرەبییە. چوارسەد ساڵ پێش ئێستا، عاشقێکی کۆلکە خوێندەوار ناکرێ بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەلفوبێی دیکەیش هەیە، بۆیە ئەوەی جەخت کردبێت کە داوە مووەکە لە تیپی عەینی عەرەبی چووە. ئەو دەبوو تەنیا بیگوتایە تاڵەمووەکە لە حەرفی عەین دەچوو. ئەوەی کە لە ڕۆمانەکەدا باسی حەرفی عەینی (عەرەبی) دەکات، ئۆرهان پاموکی ڕۆماننووس خۆیەتی نەک پاڵەوانەکە.

شێواندنی دەنگ و فۆنێمەکانیش یەکێکە لە لایەنە هەرە گاڵتەجارەکانی ئەلفوبێی لاتینیی. لەو ئەلفوبێیەدا هیچ نیشانەیەک بۆ دەنگەکانی (ئـ ، ح، ع، غ، ڵ، ڕ، وێ) دانەنراوە، بەو بیانووەوە کە هەندێکیان دەنگی عەرەبین (!!). تۆ هەر بەرهەمێکی کلاسیک و تازەی ئەدەبی کوردی بگری بە دەستەوە،

ســەدان جــار ئەم دەنگانەت بەرچاو دەکــەوێت. ئیــدی چۆن دەتوانــی هەروا سووک و ئاسان لە زمان دەریانبهێنی و فڕێیان بدەیت؟ ئەمە تەنیا عەقڵێکی فاناتیکی ڕاســتینەناس دەتوانێ ئاوا بیر بکاتەوە. لە مەموزیندا زۆر جار هونەری خانی لەوەدایە قافییەی بەیتەکان بە جۆرێک دادەنێت کە لە یەکدی بچن و تــەنیــا لە حــەرفێکدا جیــاواز بن. بۆ نموونە (مــوهــەییــا، مــوحــەییــا) (ئەصل، ئەسل) (مەئمــوور، مەعمــوور) (عاجیل، ئاجیل). کە ئەمانە دەخرێنە ســەر ئەلفوبێی لاتینی شتێکی پێکەنیــنهێنیــان لێ دەردەچێ. ئەگەر بە وردی بیر لە بەڵگە و بیانووە نازانستییەکان بکەیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە بیرێکی ڕەگــەزپەرســتــانە لە پشت ئەلفــوبێی لاتــینیــیــەوەیە؛ بیــری دژایەتیی هەمــوو فەرهەنگ و شارستانەتیی عــەرەب و کورد و ئێران و ئیسلام و ڕۆژهەڵات. کە لە ســەرەتای بیــســتــەکانی ســەدەی ڕابوردوودا مســتــەفــا کــەمــاڵ (ئەتاتورک) ئەلفــوبێی لاتینیی بەســەر نــەتەوەی تورکدا ســەپاند و زۆر شــتــی ڕوواڵەتانەی ئەورووپای وەرگرت، لە بیرێکی ڕەگــەزپەرســتــانەوە بۆی دەچوو. هەشــتــا ســاڵ دوای دروســتــبوونی تورکیای «تازە و مۆدێرن و ئەوروپایی»، گەلانی تورکیــا، بە کوردیشەوە، زۆر ڕووی شــارســتــانــەتی و نرخ و فەرهەنگی ڕۆژهەلاتییــان لە دەست چوو، بەڵام نەبوون بە ئەوروپایی... و، ناشبن.

کە باســی قــەیرانی زمانــی کوردی دەکرێت، دوو ڕاســتیی زۆر گــرنگ دەکرێن بە ژێر لێوەوە و لە گەرمــەی باســەکاندا بێســەروشوێن دەکــرێن: یەکەمــیــان ئەوەیە کــە کــوردیی خــوارو زمــانــێکی ســتــانداردە و بە هەمــوو پێــوەرێکی زانســتــی و زمــانەوانی ســالانێکە ڕۆڵی زمــانێکی ئەدەبیی ســتــانداردی هــەیە (یەک شــێــوە، خــوێندن، دەســتگاکــانی ڕاگــەیاندن، کــارگــێــڕی...هتــد) و دووەمــیش: ئــەو گــیــروگــرفت و ناتــەواوی و فــرەیی و جیــاوازییــەی لەبارەی ئەلفــوبێــوە بــاس دەکــرێ، تــەنیــا پێــوەندی بــە کــوردیی ســەرووەوە هــەیە (کرمــانجی). تەنیــا کــرمــانجیــیــە بە سێ (یا چوار) ئــەلفــوبێ نووســراوە و دەنووســرێت، دەنا کوردیی خــواروو ئەلفــوبێی دامــەزراوی خــۆی هــەیە. ئەگــەر ئەو ئەلفوبێ کوردییە لەگەڵ ئەلفوبێ و ڕێنووســی ئەو زمانانەدا کە ئەلفوبێی گونجێنراوی فارســی ـ عــەرەبی بە کار دەهێنن، بەراورد بکەین، دەبینین کورد لە هــەمــوویــان زیاتر و چاکــتر تــوانیــویەتی ئەلفــوبێیــەکە لــەگەڵ ســیســتــێمی فۆنێمەکانی زمانەکەدا بگونجێنێ و دەنگەکان بپارێزێت و نیشانەی نوێنەری دەنگەکــان دابنێت. هیــچ نــەتەوەیــەک لەو نەتــەوانەی بە ئەلفــوبێی عــەرەبی (ئارامی، فــارســی) یا ئەلفــوبێی هــەمــوارکــراوی عــەرەبی فــارســی دەنووســن هێندەی کورد بە ڕێکوپێکی نەیتوانیوە بزوێنەکان (ڤاوڵ، ڤۆکال، دەنگدار) بە نووسین، بە دانانی تیپی تایبەت دەربــبڕێت.

٢٤. چۆن بەسەر خەم و ئازار و برینەکانتدا بە تایبەتی لە تاراوگە زاڵ بوویت یا دەبیت؟ شیعر چ یارمەتییەکت لەم ڕووەوە دەدات؟

<> جا کوا بەسەر خەم و ئازارەکانمدا زاڵ بوومە؟ باوەڕ بفەرموو خەم و ئازار وەک تۆپەڵەبەفرن، هەتا تۆ بەرەوە ژێر، بەرەو هەڵدێری گەورەبوون و پیری برۆی، تۆپەڵەکەش هەر گەورە دەبێتەوە. لەگەڵ گەورەبوونی خۆماندا خەمەکانیشمان گەورە دەبن. لێتی ناشارمەوە کە زۆر جار بە ئەوپەڕی ڕەشبینییەوە تەماشای دەوروبەر و دنیا و هەموو شتێ دەکەم.
لەوەیە شیعر جاروبارێ دڵ و دەروونمان پڕ بکات لە هەناسەیەکی بۆنخۆشی ئاسمانی، بەوەی لە ڕاستییە ساردوسڕ و ڕەقوتەقەکانی واقیع و ژیان دوورمان بخاتەوە. بەڵام ئەمە دوورخستنەوەیەکی کاتییە و بەسەر دەچێت.
من پێم وایە بەشێکی یەکجار زۆری خەمەکانمان ئەنجامی نیگەرانییەکی ماددین، ئەنجامی خۆبەستنەوەمانە بە نرخە مادییەکانی دنیاوە، کە پەرۆشی ماڵ و سامان و دەستەڵاتمان دەکەن. بۆ ئەوەی بەسەر ئەم نیگەرانییەدا زاڵ بین، دەبێ بیر و بۆچوون و نرخەکانمان بگۆڕین. ناڵێم (بگۆڕین) چونکە ئێمە لەم گۆڕینەدا (گۆڕانەدا) باوەڕ ناکەم دەستەڵاتێکمان هەبێت. تۆ باش بیری لێ بکەرەوە بزانە ئەم هەموو شەڕ و شۆڕ و خراپە و خوێنڕشتن و بەدکارییانەی هەمیشە لە دنیادا هەبوون و هەبوونە و هەن، لە چییەوە پەیدا دەبن و چییە ئاگرەکەیان خۆش دەکات. من پێم وایە هۆی هەرە گرنگ حەز و چاوبرسێتیی مرۆڤە: ماددە، دەستەڵات، ناوبانگ و سێکس. هەر کاتێ مرۆڤ توانیی لەم ئارەزووە خراپ و شەڕانییانە ڕزگار ببێت، دڵنیا بە دنیا دەبێتە ماستی مەییو و وەک دەڵێن مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. لەم ڕووەوە تەسەوف هێزێکی گەورەیە. ئەو کەسانەی خوا خۆشی ویستوون و خستوونیە سەر ڕێگای تەسەوف، لە هەڵپەهەڵپی ژیانی ماددی، لە پەرۆشی دەستەڵات و سێکس و سامان و ناوبانگ ڕزگاریان بووە. سۆفییەکی ڕاستەقینە نە خەمی ئەم دنیای هەیە و نە هیی ئەو دنیا. ڕابیعەی عەدەوییە دەفەرموێت: خوایە! هەر بەشێکت لەم دنیا بۆ داناوم، بیدە بە دوژمنەکانت، هەر بەشێکیشت لەو دنیا بۆ داناوم، بیدە بە دۆستەکانت؛ تۆ خۆت بەسمی.
بەداخەوە تا ئێستا نە ڕێگایەکم دۆزیوەتەوە لە خەم و پەژارە و نیگەرانی دوورم بخاتەوە، نە باوەڕیشم بەوەیە تەمەنی مرۆڤ بەشی ئەوە بکات بە دوای ڕێگایەکی وەهادا بگەڕێت.

٢٥. تێگەیشــتنی ئێـوەش وایە زمـانی ئـەو بەرهـەم و نووسـینانەی مـامۆسـتـا هـەژار بە کـاری هێناوە بکرێ بـە بنچینەی زمـانی یەکگرتووی کوردی؟ چۆنە ئەم کارە بە لای ئێوەوە؟

◇ هـەژار بـە هـۆی ئەوەوە کـە زۆربەی ناوچـەکـانی کـوردسـتـان گـەڕابوو و تێیـاندا ژیابـوو، ئەو هـەلەی بۆ هەڵکەوت کە وشـەی جـۆراوجـۆر فێر ببێت و شـارەزای هەندێ زاراوەی کـوردییش ببێت. فێربوونەکەشـی هـەر ئەوە نەبوو وشــە کـۆ بکاتـەوە، بەڵکە هـەر زوویش لە بـەرهـەمــەکـانیـدا، بە تایبـەتـی لە وەرگێڕاندا بە کاری دەهێنان. ئەمە یارمەتییەکی زۆری مام هەژاری دا کە لە بەکارهێنانی زماندا دەستەڵاتدار بێت و بۆ وشە و دەربڕین پەکی نەکەوێت. ئەو جۆرە ژیانە و ئەو ئەزموونە نەبووایە نە دەیتوانـی مەم و زین وەربگێڕێت و نە دیوانی جــەزیری شـــەرح بکات. دوای ئەوســـاش، ئەوەی دەیزانـی لە فـەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا کـۆی کـردەوە. لەم ڕووەوە بـەرهـەمـەکـانی مـام هەژار گرنگن و دەکرێ سوودێکی زۆریان لێ وەربگیرێت.
زۆر جـار ئەم مــەسـەلەیە بە هـەڵە دەهێنرێتـە پێـشــەوە و ئەنجـامگرییـەکی ناڕاستی لێ دەکرێت. من پێم وا نییە مـام هەژار زمانناس بووبێت و بە هیچ جــۆرێ ســەری لە زمــان، وەک زانســتـێک، دەرچووبێت. هەژار وشــەی کــۆ کــردۆتەوە بـەڵام تەتـەڵەی پـێ نەکــردوون، بژاری نەکــردوون. ئەو هەزاران وشــەیەی ئەو لە فــەرهەنگەکــەیدا کـۆی کـردوونـەوە بناخــەیەکی چاکن بۆ لێکۆڵینـەوە، بۆ ئەوەی کاریان لەسـەر بکرێت. مـام هەژار ڕێزمـانی نەزانیـوە، لەبـەر ئەوە نۆرمـێکی دامــەزراوی نیـیــە بۆ نووسـین و بەکـارهـێنانی زمــان، هەرچیی هـات بە بیــرا تـۆمــاری دەکــات و بە کــاری دەهـێنـێ و پیـێ وایە دەوڵەمەندی ئەوەیە هـەموو فۆرم و شێوەکان بەیەکەوە بە کـاربـبرێن. کە دیارە ئەمە ئاژاوە و پشێوی دروست دەکات، وەک کردووشیەتی.
زمـان تا بەرەو ئەوە بچـێت یەک نۆرمی ڕێزمـانیی هـەبێت باشـتـر کـاری پـێ دەکرێت. من هـەر بۆ نموونە، هـەوڵ دەدەم لایەنێکی بچـوکی ئەم باسـە ڕوون بکەمەوە. لە زاراوای کوردیی خواروودا، کە وەک زمانێکی ستاندارد ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، گێنووس، واتا زایەند یـا جنسـی ناو، ڕۆڵێکی نییـە. ناو ئەگـەر نێــر بێت یا مـێ، لە دۆخـی کــارادا بێت، یـا یەکـێ لەو دۆخـــانەی کــە لـە چوارچێوەی (ئۆبلیک)دا کۆدەکرێنەوە، دیسـان هیچ ناگۆڕێت. تەنیا لە دۆخی بانگکردندا (نداء، ڤـۆکاتیڤ) جیـاوازییـەک مـاوە. بۆ نموونە ئێمـە دەڵێین: کـوڕە، مـامـە، بابە، خـاڵە.. بەڵام دەڵێین: کـچـێ، خـوشکـێ، پووری. تـەنانـەت لەمەشدا گۆڕان ڕووی داوە. زۆربەی خەڵک دەڵێن (دایە)، کە بەڕاستی دەبوو

بگوترێت دایێ. لە کوردیی سەروودا (کرمانجی) گێنووس ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و ناوەندیی هەیە. تەنانەت لە کرمانجییشدا ڕۆڵی گێنووس گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە ئەو یاسا سەختەی کە دەبێ ناوی نێر لە دۆخی ئۆبلیکدا (ی)ی بچێتە سەر بە تەواوی کز بووە و کەم کەس گوێی دەداتێ یا بە کاری دەهێنێ. لە زاراوای موکریاندا پاشماوەیەکی شێواو و ناڕێکوپێکی نێر و مێ ماوە و لە قسەکردندا بە کار دەبرێت، بەڵام بە شێوەیەکی، وەک وتم، ناڕێکوپێک. تۆ ناتوانی بنەما و قانوون بۆ ئەو جۆرە بەکارهێنانە دابنێیت.. ئێستا یەکێک بێت بە کوردیی خواروو شتێک بنووسێت و شێوەی ئۆبلیکی ناو بە کار ببات، بێگومان من بە هەڵەی دەزانم و پێم وایە ئەمە تێکدانی زمانە.
مام هێمنیش، لەم ڕووەوە، هەر وەک مام هەژار بوو. ئەویش زمانناس نەبوو و بە شێوەیەکی زانستی لە زمان نەدەگەیشت. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران و دامەزراندنی سروە، دیار بوو هەستی بەراوردکردنی لە لا دروست بووبوو، چونکە ئەو تێکستانەی نووسەران و خوێنەرانی کوردستانی ئێران بۆ سروەیان دەنارد، لەوانە جیاواز بوون کە مام هێمن ساڵانێک بوو لە کوردستانی عیراق پێیان ڕاهاتبوو. لە بیرمە کە هاوینی ١٩٨٥ چوومە سەردانی، یەکێک لەو شتانەی بۆی باس کردم ئەم مەسەلەیە بوو. دیارە ئەو نەیدەتوانی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا و بە تێرمی ڕێزمان و زمانناسی باسی بکات. بەڵام بە هێنانەوەی نموونە مەبەستەکەی تێ گەیاندم. مام هێمن دەیویست بڵێ ئەو دۆخی ئۆبلیکەی (کاسووسی ئۆبلیک) کە لە موکریان لە قسەکردندا بە کار دەهێنرێت، پێویست ناکات، لە نووسینیشدا سەر هەڵبدات.
ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای نووسینەکانی مام هەژار یا مام هێمن بکەین، لە ڕووی ڕێزمانەوە، لە ڕووی سینتاکسەوە، دەیان و سەدان هەڵە دەدۆزینەوە. مەبەستم ئەوە نییە، خوا نەخواستە، لە نرخ و جوانیی ئەو بەرهەمانە کەم بکەمەوە. ئەو دوو پیاوە هەموو ژیانی خۆیانیان بۆ خزمەتی زمان و فەرهەنگی کورد تەرخان کرد و کاری زۆر گەورەیان بۆ نەتەوەکەیان بە جێ هێشت. ڕەنگە بۆ ساڵانی حەفتاکان، کە هێشتا زمان و فەرهەنگی کوردی وەک ئەمڕۆ پەرەی نەسەندبوو، ئەو شێوە بەکارهێنانەی زمان کە لە نووسراو و تەرجەمەکانی مام هەژاردا بەرچاو دەکەوێت، باش بووبێت و هاندەرێک بووبێت بۆ شکاندنی بیری تەسکی ناوچەگەری و دیالێکتگەری و بۆ ئاشنابوون لەگەڵ گەنجینەی وشەی زاراواکانی تری کوردیدا. بەڵام ئەمڕۆ پێویستییەکانی زمانی کوردی و بیرکردنەوەی درێژخایێنانە لە

پاشـەڕۆژی زمـانی کوردی وا پێویست دەکات بە شـێوەیـەکی جددیتر بیر لە زمان بکرێتەوە.
لە زمـانی سـتانداردی کوردیدا ناکرێ جێگەی هەمـوو شـێوە جیـاوازەکانی ڕێزمـان بـکرێتـەوە و جـێـیـان پێ بدرێت. هەر بۆ نموونە، لە مـەهاباد ڕاناوی لکاوی (تان) هەندێ جـار دەکـرێ بە (وو): نانـوو خـوارد، لە باتیـی نانتـان خوارد. یا دۆخ (کاسـووس)ی ئۆبلیک لەگەڵ ناودا دەردەکەوێت: ئەو شارەی، مـاڵە ئـەحـمـەدی. یا بەکـارهێنانی (ببـوو) لەجـێی (بـووبوو). لە سلێـمـانی پاشگری (ـەوانێ) دەخرێتـە سـەر هەندێ کردار (بەزۆری کرداری تێنەپەڕ، بەڵام دەمکاتەکانـی دیکەش): ئەڕواتەوانـێ، ئەخـواتەوانـێ. یا هەندێ وشـە بە شێوەیەکی سـەیر بێژ دەکرێ: (ئەوەنگە) لە جێی (ئەوەندە)، (یامێ) لە جێی (دامێ). لە گەرمیان و لە سنە پارتیکڵی ئیزافە نەماوە: (ماڵ باوک ئازاد)، لە جـێی (مـاڵی بـاوکی ئازاد)، (کـوڕ ئازا) لە جـێی (کـوڕی ئـازا). لە هەولێـر پـاشگری ڕابـوردووی تەواو بـە (ی) دادەڕێـژرێت نـەک (وو): (خـــواردییـــە، بردییـە)، لـە جـێی (خـواردووە و بردووە)، یا (هـەیتم، نووسـیـتم) لە جـێی (هەمـە، نووسـیومـە). ئەم فۆرمـانە هیـچیـان ناچنە ناو ڕێزمانی سـتانداردی کوردییـەوە و بەشـێک نین لە زمـانی ئەدەبی. تۆ دەتـوانی ڕۆژانە چۆنت دەوێ وا قسـە بکەیت، من کـارم بەوە نییە، بەڵام کـە دەرست بە منداڵی کـورد وتەوە، کـە وتارێکت بۆ ڕۆژنامـە نووسی، دەبـێ زمـانی ئـەدەبی بە کـار بـهێنی. ڕەنگە بکرێت لـە ڕۆمـانێـک، چیرۆکـێک، یا شـانۆنامـەیەکـدا هەندێ لە گـفـتـوگـۆی کەسـەکان بەو زمانە ڕۆژانەیە بنووسرێت، بەڵام ئەوە شتێکی دیکەیە. من پێم وایە زمـانی کـوردی دەبـێ لە دوو پـلـەی جـیـاوازدا بـە کـار بـهێـنرێت؛ زمـانی ڕۆژانە، کە زمـانی قسـەکردنە و زمـانی سـتانداردی نووسـین. سـنووری نێوان ئەم دوو پلەیەی زمـانەکە بۆ کەسـێک هەسـتی زمـانەوانیی هەبێت ئاشکرایە و دەبێ ڕەچاو بکرێت. هەبوونی ئەم دوو پـلـەیە بەو مـەعـنـایە نیـیـە کـە ئێـمـە لە زمـانی خـەڵک دوور دەکەوینەوە، بەڵکە پێشاندەری دوو پلە و دوو سـیسـتێمی بیـرکـردنەوەیە، کـە لە زۆربەی زمـانانـی دنیـادا ئەم دیاردەیـە هەیە. هەر وەک ئاسـانکردن و سادەکردنی زمان ئەوە ناگـەیێنێ کـە ئێمـە لە گەل و لە زمـانی گـەل نزیک دەبینـەوە. تێنەگـەیشـتنی ئەم جیـاوازییـە دەبێـتـە هۆی ئەوەی زۆر جار نـووسـەران لە سنووری تەسکی شـۆڤینیـزمی ناوچەگەریدا قـەتیس بمێنن و زیان بە خۆیشیان و بە زمان و فەرهەنگەکەیشیان بگەیێنن.
بەکارهێنـانی وشـە و تەنانەت دەسـتـەواژەی دیالێکتە جیـاوازەکانی کوردی لە زمـانـی ئـەدەبیـدا نـە هەڵەیـە و نە تاوانە، ئـەگـەر بە شــێـوەیـەکی گـونجـاو و لێزانانە بە کار ببرێن. ئاژاوەی زمـان و ناسـەقامگیری لەوەوە دروست دەبێت

کـە تۆ لە نۆرمی دامـەزراو دوور بکەویتـەوە و دەسـتکاریی ڕێزمـان بکەیت و پێت وا بێت بەمە زمـان دەوڵەمەند دەبێت. ناکرێ تۆ ئەو پێکهاتە ڕێزمـانییەی تایبـەتی دیـالێکتێکە، بیـهێنێتـە ناو زمـانە ئەدەبییـەکەوە. من هـەر یەک دوو نموونەی بچـووک دێنمـەوە. لە کوردیی سـەروو (کرمـانجی)دا ئەگـەر ناو لە شێوەی ئیـزافەدا هـاتبوو، ئەوا ئاوەڵناو ناتوانێ یەکسـەر بە دوای ناودا بێت، بەڵکە دەچێتـە دوای دەسـتـەواژەکـەوە، بەڵام لە کـوردیی خـوارووی ئاوەڵناو یەکـسـەر بە دوای نـاودا دێت. نموونە: کـەچا من ئا بـچـووک، برایێ من یێ خوەندەکار. ئەمانە بە کوردیی خواروو ئاوا دەوترێن: کچە بچووکەکەی من، برا خـوێندکارەکەم. تۆ ئەگـەر ئەم دوو ڕسـتـەیە بەپێی نموونە کرمانجییەکە دابڕێـژیتـەوە، ئاوەهـایـان لێ دێت: کـچـەکـەی منی بچـووک، براکـەی منی خـوێندکار. لێرەدا کچ و برا بێ ئاوەڵناو مـانەوە و (من) ئاوەڵناوی بچـووک و خـوێندکـاری وەرگـرت. یا تۆ بێیت فـۆرمی پاسـیڤ (کـارابزر) بە شـێـوەی کــوردیی ســەروو دابـڕێژیت؛ لە جـێی (نووســرا) بڵــێی (هـات نـووسـین). نزیککردنەوەی زاراواکان دەتوانێ ببێتە هـۆی دەوڵەمەندکردنی زمـان، بەڵام بە مـەرجێک کەسـانێکی کوردیزان و زمـانناس و شـارەزای مێژووی زمـان و ڕەچەڵەکی وشە (ئێتیمۆلۆگی) بیکەن، نەک کۆلکە خوێندەواری شـۆڤینیست. ئەنستیتووتە (بە ناو) کوردییەکەی پاریسیش ئەوە دە دوانزدە ساڵە ملیۆنان دۆلار وەردەگرن گوایە خزمەتی زمانی کوردیی پێ بکەن، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیکەن دژایەتیکردنێکی ئاشکرای زمـانی کـوردییـە. ئەوەندەی ئەوان زیان دەگـەیێننە کـورد و زمـانەکـەی تەنانـەت داگـیـرکـارە فـاشـیـسـتـەکـانیش نەیانتوانیوە بیکەن.

٢٦. ئایا زمـان لە ڕووی زانسـتـەوە کـامڵ دەبێت؟ یا دوا پلـەی زانسـتی کـامـڵـبـوون هـەیە؟ ئەی ڕۆڵی زمـان لە زیندوویەتیی ئەدەب، بیـرکـردنەوەی ئەقـڵانی، نووسـینی ڕەسـەن و هـاوچەرخ، داڕشـتن و لەزەتی مۆسـیـقـایی وە ناسنامەی فەرهەنگیدا چەند گرنگە و چۆنە؟

◇ ڕەنگە پرسـیـارەکـەی تۆ گشـتی بێت، بەڵام من دەیبـەمـەوە سـەر زمـانی کوردی و تەندروسـتیی زمـانی کـوردی. لە حـەفـتاکـاندا بـزووتنەوەیەکی باش کـەوتە نـاو زمـانی کـوردییـەوە و لە مـاوەی ئەو چـوار سـاڵەی ئاشـتـیـدا گەشـەکردن و پێشکەوتنێکی سـەیر هـاتە دی، کە کـاری کردە سـەر تێکڕای پلەی بیـر و خـوێندەواری و فـەرهـەنگ لە کـوردسـتـاندا. ئەودەم ئەوانەی بە تەواوی خـەریکی نووسـین بـوون و بەرهـەمـەکـانیـان بـەشـێک بوون لـە ژیانی

ڕۆژانەی خـوێنەری کـورد ڕەنگە خـۆی دابـێ لە ٦٠–٧٠ کـەسـێک. لەناو ئەمـانەدا کەسـانێک هەبـوون کە کوردییەکی لاوازیان دەنووسی و شـارەزای ڕێزمان و ڕێنووس نەبوون، بەڵام لە پاڵ ئەمانەشدا ١٠–١٥ کەسێک هەبوون کە کوردییەکی چاک و جوانیان دەنووسی و دەبوونە نموونە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەیش شـتـیـان لێـوە فێـر بن. ئەم کـوردیزان و زمـانناسـانە ڕێگەیان لە خـراپەکـاریی ئەو خـەڵکە ناشـارەزایە دەگـرت و نەیاندەهـێـشت تەئسـیـرە خراپەکەیان تەشەنە بکات.

ئەمـڕۆ ژمـارەی ئەوانەی دەنووسن یەکجـار زۆر بووە. خـەڵکێکی زۆر بە هۆی زمـانی کـوردییـەوە دەژین، واتە زمـانی کـوردی نان دەدات. بە پێـچـەوانەی سـەردەمـێکی کـۆنەوە کە بەکـارهێنانـی زمـانەکـە مـایەی دەردیسـەرەی بوو. دیارە زۆر خۆشـە زمانی کوردی بگاتە ڕادەیەک کە وەک زمـانێکی ڕەسمی بە کار بێت و بە جۆرێکی هێندە فراوان بە کار ببرێت کە خەڵکانێک بتوانن پێی بژین. ئەمە شـانازییەکی یەکجـار گەورەیە بۆ کورد و بۆ فـەرهـەنگەکەی. بەڵام دەردەکـە ئەوەیە پلـە و ئاسـتـی بەکـارهێنانی زمـانی کـوردی هـەتا بڵـێی دالەنگاوە و بەرەو خـراپی و لاوازی ڕۆیشـتـووە. ئەمـڕۆ بەشـی هەرە زۆری ئەوانەی دەنووسن کوردییەکی زۆر خراپ و سـەقەت دەنووسن، نە شـارەزای ڕێزمـانن و نە شـارەزای ڕێنـووس. بەڕاسـتی ئەتک بـە زمـانـەکـە دەکـەن و ئەوپەڕی سـووکایەتی بە فـەرهـەنگی کورد و خـوێنـەری کورد دەکەن. ئەمـانە دەبوو هـەر نـەبێ وەک سـەرچاوەیەکی بژێوی خـۆیان و وەک کـەرەسـتـەیەکی پیـشـەیی و وەک ئامـرازێک، وەک ئەسـپـابێکی کار و پیـشـە هەوڵیـان بدایە زمـانەکەیان چاک بکەن. کابرای کرێکار کە چەکۆش بە کار دەهێنێ، هەوڵ دەدات هەمیشـە خزمەتی چەکوشەکەی بکات، پاکی بکاتەوە، مشتووی باشی بۆ دابنێت. وەرزێرێکیش تا بتوانێ خزمەتی داسـەکەی دەکات، لە هەسـانی دەدات، دەمەزەردی دەکات و لە شکان و درزبردن دەیپارێزێ و ناهێڵێ ژەنگ بگـرێ. نووسـەر و ڕۆژنامـەنووسـانیش دەبـوو هیـچ نەبـێ لەبـەر خـاتری پیشەکەی خۆیان و نانەکەی خۆیان، بـە تەنگ کەرەسـەی کار و پیشەکەیانەوە بوونایە، زمـانەکەیان ئـاوا سـەقـەت نەکردایە. ڕەنگە ئـەمڕۆ لە کوردسـتـاندا ٤ تا ٥ هـەزار کەسێک هەبن کە خـەریکی کارێکن پێـوەندی بە زمـانەوە هەبێت. بەڵام دەردەکـە ئەوەیە لـەناو ئەم ژمـارە زۆرەدا ژمـارەی ئـەوانەی کـە دەتوانی پێـیـان بڵـێی زمـانزان و کـوردیزان نـاگـاتە ٢٠–٢٥ کـەس. ئەوجـا ئەم کوردیزانانە لەوانـە نین کە ڕۆژانە تەئسیر لە خوێنەر و بینەری کورد دەکەن. کوردیزانەکانی سـاڵانی حـەفتاکان خـۆیان ڕاسـتـەوخـۆ لە کاری ڕۆژنامـە و ڕاگەیاندندا بەشدارییـان دەکرد و بەو پێیـەش جێدەسـتیـان دیار بوو. بەشـی

هەرە زۆری ئەوانەی لە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە وەرزنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکاندا کار دەکەن، لە زانستگە و خوێندنگەکاندا کار دەکەن، ئەوانەن کە ڕاستەوخۆ کار لە زمان و فەرهەنگی خەڵک دەکەن و دەبنە هۆی شەکڵپێدانی زمانەکە لەناو خوێنەرانی ئاساییدا. هەر ئەوانەیشن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی کوردی بەرەو هەڵدێر و بەرەو پوان و بەرەو داڕزان دەبەن. کوردیزانەکانی ئەمڕۆ کەمتر ئەو دەرفەتەیان بۆ دەلوێ ڕاستەوخۆ زمان بخەنە ژێر چاودێرییەوە و کۆنترۆڵی بکەن.
کامڵبوونی زمان بەستراوە بە قۆناخێکی دیاریکراوەوە و، تا ڕادەیەک، مەسەلەیەکی تاکەکەسییە. ئەو زمانەی لە سەردەمی بابانەکاندا بە کامڵ دانراوە، نموونەکەی لە شیعری نالی و شێخ ڕەزادا دەبینین. زمانی سەردەمی شێخ مەحموود لەگەڵ زمانی پەنجاکاندا زۆر جیاوازە. زمانی ئەمڕۆ و زمانی حەفتاکانیش زۆر لە یەک ناچن. هەموو زمانێک ئاوایە. ئەگەر ئینگلیزێک ئەمڕۆ وەک شەکسپیر بنووسێت، باوەڕ ناکەم کەسێک بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە، یا ڕەنگە گاڵتەیشی پێ بکەن. نووسەرێکی باشی عەرەبیش ئەمڕۆ وەک (جاحظ و ابو حیان التوحیدی) نانووسێت. بەڵام ئەم زمانانە لە هەموو سەردەمێکدا نۆرمی دامەزراوی خۆیان هەیە و نووسەران و ڕووناکبیران پێڕۆییی دەکەن و لێی لا نادەن. کامڵبوونی زمان هەر ئەوەیش نییە جوان پێی بنووسیت. دەوڵەمەندیی زمان بەوە دەپێورێ کە بتوانی لە بوارە جیاوازەکانی زانیاری و زانستدا بە کاری بهێنیت.

٢٧. مەرجە زمانناس و زمانزان هەر دەرچووی دەزگایەکی خوێندنی ئاکادێمی و خاوەنی بڕوانامەی بەرز بێت؟ گەر وا بێت، وا چی دەربارەی مامۆستا مەسعوود محەمەد و چەندانی دیکە دەڵێن کە بەو بەرهەمە شاکار و دانسقانەیان زمانی کوردییان پۆشتە و پەرداخت کردۆتەوە؟

◇ نەخێر، نەوەڵڵا هیچ مەرج نییە. لەوەیە زمانناس یا زمانزانی باش «نە حەرفی مەکتەبێکی خوێندبێت و نە ئوستادێ پەلی گرتبێت». دیارە پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاستە، واتە دەیان کەس هەن کە بڕوانامەی بەرزی ئەکادێمییان لە بواری ئەدەبییات و تەنانەت زمانیشدا هەیە و کەچی ناتوانن نامەیەکی ڕێکوپێکی بێهەڵە بە کوردی بنووسن. شاهیدی موعتەبەریشمان لەم ڕووەوە زۆرن. بەشێکی زۆری ئەوانەی کاتی خۆی دۆکتۆرایان لەبارەی زمانی کوردییەوە لە سۆڤیێتی جاران کردووە، کاک ئەوڕەحمانی حاجی مارفی لێ دەرچێت، کەسیان کوردیزان نین، کەسێکیان تێدا چنگ ناکەوێ

بتـــوانێت نامـــەیەک یا وتارێک بە کـــوردییـــەکی پاراو و ڕاست و پوخـــتـــە بنووسێت. کەواتە بڕوانامە دادێکیان نادات و بەوە نابنە کوردیزان.
من کـە دەڵێم خـوێندنی ئەکـادیمی مـەرج نییـە، ئەوە لە بەرچاو دەگـرم کـە نووسەرێک یا ڕووناکبیرێکی کوردی خۆکرد، بە کۆششی خۆی، خۆی فێری زانسـتـە جیاوازەکان بکات و بە کاریان بهێنێت. ئەگەر زمـانناس بێت، خۆ دەبێ شارەزای زانستەکە بێت. ئەگەر کوردناس و کوردیزان بێت، خۆ دەبێ مێـژووی زمانانی ئێـرانی و دیالێکتـەکانی کـوردی بزانێت و لە زمـانـەکانی دەوروبەری کورد سـەر دەربکات و شارەزای ئێتیمۆلۆگی بێت. ئەم زانسـتانە ڕەنگە لە زانسـتگەیەکدا باشـتـر بخـوێنرێن، بەڵام ئەگـەر کـەسـێک بیـەوێ سەربەخۆ فێر ببێت، نەشیاو نییە.

٢٨. هەر کـە دەمی هەندێ لە شـاعـیـرانی کـورد دەکـەیـتـەوە، دوێنـێ بە نازم حیکمـەت و بەیاتی و ئەمڕۆ بە شاملوو و ئەدۆنیس سەرسـام بوون و هـەمـوو وێنەیەکی شیعری و پێناسە و پێوانەیەکیان تێدا دەبیننەوە. ئەم دیاردەیە چ لایەنێکی ئەقـڵـی و ئاکـاری لای شـاعـیـری کـورد دەنـوێنـێ؟ خـۆ دیلکردن و توانەوە لە بازنەی ئەم ناوانەدا مانای چییە؟

◇ سـەرسـام بوون بـەرانبـەر شـاعـیـری گـەورە عـەیبـێکی تێـدا نـیـیـە. ئەو شـاعیرانەش شاعیری گەورەن و دەکرێ خوێنەر تا ڕادەیەکی زۆر حەزی لە شـــیـــعـــرەکـــانیـــان بێت، بەڵام نابێت ئەم حـــەزلێکردنە لـەبەر هۆی دیکەی نائێستێتیکی و ناهونەری بێت. نابێ لەبەر ئەوە بێت خوێندنەوەی شیعری ئەمـــانـە وەک مـــۆدەیەکی ســـەردەم تەمـــاشـــا بـکرێت و خـــۆ هـەڵواسـین بە بەرهەمەکانیاندا ناسنامەی پێشکەوتنخوازی و مۆدێرنی بدا بەو کەسـە، یا لەبەر خـۆبەکـەمـزانینی خـوێنەرەکـە بێت و پێی وا بێت شـیـعـری گـەورە و شـاعیری گەورە تـەنیا لای خـەڵکی دیکە هەیە و پەیدا دەبێت و ناکرێ کورد شیعر و شاعیری گەورەی هەبێت. نابێ ئەمـە لەسـەر حیسـابی داهێنەران و شـاعیرە گەورەکانی خـۆمـان بێت. با ڕووناکبیـرێکی کورد هەمـوو شیعری ناوداری دنیـای خـوێندبێـتـەوە، بـەڵام ئەگـەر شـیـعـری کـلاسـیـک و نـوێی نەتەوەکـەی خـۆی نـەناسـی و تێکەڵـی خـوێن و دەمـار و هـەست و نەســتی نەبووبێت، بە هەمـوو ژیانی ناتوانێ ببێتـە نووسەرێکی یا شاعیرێکی کورد. ئەمڕۆ ئەمە بە ئاشکرا لای بەشێکی زۆری نووسەرانی کوردستانی تورکیا و سـووریا بە دی دەکرێت. ئەوەی دەینـووسـێت بە کوردییـە، بەڵام فڕی بەسـەر چێـژ و ئێسـتـێـتـیکا و شـیـعـری کـوردییـەوە نیـیـە. کـچـێکی ئەوروپایی،

ئەمەریکایی یا عەرەبە و جلێکی کوردییان لەبەر کردووە، بەڵام هەر کە دەمی کردەوە دەزانی کورد نییە.
شیعری هەموو دنیا و فەرهەنگی هەموو دنیا لە جێگەیەکدا و بە شێوەیەک یەک دەگـرنەوە و تێکەڵ بە یەکـدی دەبن، وەک ڕووبار و چەم و زەریاکـان. بەڵام هەر ڕووبارێک و هەر چەمێک و هەر زەریایەک تایبەتیتیی خۆی هەیە و لە جـێگە و ناوچەیەکی تایبـەت و دیاریکراودا، تام و بۆن و ڕەنگ و دەنگی تایبـەتی خـۆی هەیە. دیجلە و سـیـروان لە ئەمـازۆن ناچن و یانگتـسی لە میسیسیپی ناچێت. شیعریش دەبێ وا بێت. شیعری کوردی لە کاتێکدا بەشێکە لە شیعری جیهان، بەڵام تام و ڕەنگ و بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە شیعری هەموو دنیا جیای دەکاتەوە.

٢٩. ڕێبازی بونیاتگەری لە شیعر و نووسین و ڕەخنەی کوردیدا ماوەیەکە سەری هەڵداوە. هەڵگرانی ئەم ڕێبازە گلەییی زۆریان لەسەرە چونکە هەم لە نووسینەکانیاندا هیچ بە دەستەوە نادەن! هەم زمانەکەیان لاواز و تێکەڵ و پێکەڵە و جۆرە شـێـواندنێکیـان خـوڵقـاندووە! لە لایەکی دیکەشـەوە کـەم شارەزای باری ژیانی کۆمەڵایەتی و میژوویی کوردن. دەیانەوێ بەو تیۆرییە خوازراوانە هەموو دەقەکان هەڵبوەشێننەوە و سەرلەنوێ بە گەز و مقەست و پێوانەی خۆیان بیبڕن و دایبڕێژنەوە! هەبوون و نەبوونی ئەم مێتۆدە چۆن دەبینن و چ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟

◇ ئەگەر ڕێبازی یا تیۆریی ستروکتورالیزم (بونیادگەری) تا ئێستا ئەنجامێکی باشی لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی تێکستی کوردیدا نەبووبێت، تاوانی تیۆرییەکە یا مێتۆدەکە نییە، بەڵکە تاوانی ئەو کەسەیە کە بە ناشارەزایی بە کاری دەهێنێ. ستروکتورالیزم یەکێکە لە کۆمەڵێ تیۆریی ئەدەبی و خزمەتێکی باشیشی بە ناسین و شیکردنەوەی تێکست کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کێ بە کاری دێنێ و چۆن؟ وا بزانم لە جێیەکی دیکەدا باسی لێکۆڵینەوەکانی کەمال ئەبوودیب و شتێفان شپێرلم کردووە. لەبارەی ئەدەبی فارسیشەوە دیسان لێکۆڵینەوەی چاک لەبەر ڕووناکیی ئەم تیۆرییەدا کراوە. بێگومان لە بواری ئەدەبی ئەوروپاییدا هەزاران لێکۆڵینەوە لە بەردەستدان. من بۆیە باسی ئەدەبی فارسی و عەرەبی دەکەم، چونکە ئەمانە لە ئەدەبی ئێمەوە نزیکن.
گەلێ کەس ئەمڕۆ لە کوردستاندا وای پێشان دەدەن کە لایەنگری ئەم تیۆرییە ئەدەبییەن و لەبەر ڕووناکیی بنەماکانی تیۆرییەکەدا تێکستی کوردی

دەخوێننەوە و شی دەکەنەوە، بەڵام ئەو ئەنجامانەی تا ئێستا لە بەردەستدان وا ناڵێن. زۆربەی هەرە زۆریان بە هیچ جۆرێ لە تیۆرییەکە نەگەیشتوون و سەرچاوەی خوێندنەوە و زانیارییەکەیان کتێب و وتاری دەستی دووەم و سێیەمی فارسی و عەرەبییە.
لەوەش سەیرتر ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەمانە وەک مافیایەکی فەرهەنگی کار دەکەن، چونکە ئەوەی دەینووسن تەنیا لە سەر تێکستی برادەر و دۆست و لایەنگرانی خۆیانە، واتە ئەمانە ڕوو لە تێکست ناکەن، بەڵکە بە لایانەوە گرنگە یەکدی هەڵنێن و پلە و پایەی درۆزنانەی پووچ بۆ یەکدی دروست بکەن. کورد دەڵێ ئەو کچەی دایکی مەدحی بکات، مەگەر خاڵی بیخوازێ. تێکست و ناوبانگی ئەمانەش مەگەر هەر خۆیان باوەڕی پێ بکەن، دەنا کەس شتی ساختە و دەستهەڵبەست ناکڕێت.

٣٢. چەند پرسیارێک نێوەندی باسوخواسی ئەدەبی کوردی داگیر دەکات و هەتا هەنووکە وەرامێک و چەمکێکی بابەتی و گونجاوی پێناسەی ستانداردی بۆ پەیدا نەبووە، وەک: نەبوونی سەرچاوەیەک کە هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیی گرتبێتە خۆی؛ پەرش و بڵاوبوونی شاعیر و نووسەرانی کورد، نەبوونی یەکێتییەکی نووسەرانی چالاک، نەبوونی ناوەندێکی ڕۆشنبیریی یەکگرتوو، نەبوونی خێتابێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، نەبوونی دامودەزگایەکی چالاک و خزمەتگوزار چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی کوردستان، وە نەبوونی شتەهایەکی دیکەش. بە باوەڕی ئێوە هۆکاری ئەم شتانە چین و ڕێگاچارەی ئەم نەبوونانە چۆنە؟

<> ئەمە کۆمەڵە پرسیارێکە دەکرێ هەموویان لە چوارچێوەی مەسەلەی پاشکەوتنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و یەکنەگرتنی تێڕوانین و گوتاری ڕووناکبیرانەماندا جێیان بکرێتەوە.
لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابوردوودا چەند کەسێک هەوڵی ئەوەیان داوە مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسنەوە، بەڵام دیارە ئەمە کارێکی ئاسان نەبووە و نییە. دوو ئاستەنگی گرنگ ئەمانەن: ئەدەبی کوردی لە مێژوودا بە کۆمەڵێ دیالێکتی جیاواز نووسراوە و کەسێک بیەوێ مێژووی ئەدەبەکە بنووسێت، دەبێ شارەزای ئەو دیالێکتانە بێت. ئاستەنگی دووەمیش ئەوەیە بەشێکی گەورەی مێژووی ئەدەبی کوردی هێشتا، لەبەر کۆمەڵێ هۆی سیاسی، بە شاراوەیی ماوەتەوە. ئێمە تەنانەت هەتا ئێستا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ژیان و بەرهەمی نالی و حاجی قادرەوە، لە دەرەوەی کوردستان، نازانین کە

زۆریش لە ڕۆژگاری ئێمەوە دوور نین. باشترین نموونەی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، هەتا ئێستا، کارە بەنرخەکەی مامۆستا عەلائەددین سەجادییە. تەنیا ئەوە کە نە سنووری سیاسی و نە سنووری دیالێکتی ڕەچاو نەکردووە و هەرچییەک بە کوردی نووسرابێت، بە سامانی کوردی داناوە و تۆماری کردووە. دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە مێژوویەکی فراوان و تازە و یەکگرتووی ئەدەبی کوردی بنووسرێت.

پەرشوبڵاویی نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد دەکرێ بە دوو سێ جۆر لێک بدرێتەوە. لە ڕووی جیۆگرافییەوە دیارە، ڕووناکبیران و نووسەران بە هەموو دنیادا بڵاو بوونەتەوە و لەم ڕووەوە هیچیشمان پێ ناکرێ، ئەوە نەبێ هیوادار بین ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کوردستاندا ڕەوشێکی وا بێتە پێشەوە کە خەڵکەکەی، بە ڕووناکبیرانیشەوە، بتوانن بە ئازادی و سەربەستی تێیدا بژین. ڕووەکەی دیکە نەبوونی دەستگایەک یا ڕێکخراوێکە نووسەران و ڕووناکبیران لە چوارچێوەیدا کۆ ببنەوە. ئەمە وەک پێویستییەکی ژیانی تازە، وەک سەندیکایەک بۆ بەسەرکردنەوە و پارێزگاریی مافی ڕووناکبیران، گرنگە.

لە وڵاتی ئێمەدا یەکێتی یا کۆمەڵەی نووسەران و ڕووناکبیران، هەمیشە وەک دەستگایەکی سیاسی یا کەرەسەیەکی لەبار بۆ بەکارهێنانی سیاسی تەماشا کراوە. ئەمەش زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی فەرهەنگیی کورد گەیاندووە. من چاکم لە بیرە لە حەفتاکاندا چۆن پارتی دێموکراتی کوردستان و کۆمونیستی عیراق دادەنیشتن بۆ دابەشکردنی جێگەکانی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد. بیستوومە لە دوای چواردەی تەمووزیش هەر وا بووە. لە ئەمڕۆی کوردستانیشدا دەبینین چۆن شەڕی براکوژی بوو بە هۆی لەناوچوونی یەکێتیی نووسەران و زۆر دەستگای یەکگرتووی دیکەیش. هۆیەکی گرنگی سیاسەتاندنی کۆمەڵەی نووسەران ئەوەیە کە دەزگایەکی ئازاد و پانوپۆڕ و فراوانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا نەبووە و نییە. ئەگەر دەستگایەکی وەها هەبووایە، یەکێتیی نووسەران دەبوو بە سەندیکایەکی (نەقابەیەکی) پیشەیی بۆ پاراستن و پارێزگاریی نووسەران. من ئەوە بیست ساڵی ڕێکە (لە ساڵی ١٩٨٠ وە) ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێدم. هەتا ئەمڕۆ تەنیا دوو جار لە کۆنگرەی یەکێتییەکەدا ئامادە بوومە، کە لە ساڵێکدا دوو جاریش ڕێک دەخرێت. لەو کۆنگرانەدا نە باسوخواسی فکری هەیە و نە کاروباری فەرهەنگی. ئەو باسانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تا ڕادەیەکیش لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە دەکرێن و بە ئاشکراش دەکرێن. لە

کـۆنگرەی نووســەراندا باسـی مــافی نووســەران یا گـفـتـوگـۆ لەگـەڵ پەخشکارەکاندا دەکرێت. ئەندامەکان تەنانەت تاقەتی دەنگدانیشیان نییە. بەڕێوەبەری کۆنگرە هاوار دەکات، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیازە یا ئەم بڕیارەیە؟ کەس دەست هەڵنابڕێت. کێ دژە؟ دیسان کەس دەست هەڵنابڕێت. هەموو پەلەی ئەوەیانە وچانێک بدرێت، بچن قــاوە بخــۆنەوە، یا بگاتە ئێــوارە و پێکەوە شیـو بخۆن و شەراب هەڵقوڕێنن. تازە نووسـەر و ڕووناکبیری ئەم وڵاتانە لەوە بوونەتەوە چاوەڕێی ئەوە بن بزانن جـەنابی سـیـاسـەتمەدار، یا سیاسەتباز، چییان بۆ دەکات و چییان پێ دەڵێ. نووسەر هەیە یەک ملیۆن جنێو هەواڵەی پاشا و سەرەکوەزیران دەکات، کەسیش نە وەرامی دەداتەوە و نە خۆی پێوە خەریک دەکات. لە سەرەتای هەشتاکاندا کچە شاعیرێکی سوێدی لە چێشتخانەیەک دانیشتبوو، ئۆلوف پاڵمێی سەرەکوەزیری ئەو کاتەی سوێدیش لەوێ نانی دەخوارد. کچە ڕاستوڕاست لێی چووە پێشەوە و فنجانێ قاوەی کرد بە سەروچاوی پاڵمێدا. کەسیش لە گوڵ کاڵتری پێ نەوت. پاڵمێ یەک مافی هەبوو، دەیتوانی بە کاری بهێنێت؛ بچێ لای پۆلیس و دادگــا شکاتی لێ بکات. ئەوەش هیچ نەبێ سێ ســاڵی دەخــایاند تا دەگەیشتە ئەنجامێک.
نووسـەری کـورد داوای ئەوەی نەکـردووە مـافی جنێـودانی بە سـەرۆکەکـان هەبێت، یا بیـەوێ پیاڵەچای بکا بە سـەروچاویاندا، بەڵام دەبێ سـوور بێت لەســەر ئـەوەی ئازادیی تەواوی هەبێت، وەک مــرۆڤ و وەک داهـێنـەر ڕێزی بگیرێت و مافەکانی بپارێزرێن، بایەخ بە فەرهەنگ و زمانی کوردی بدرێت و بەشــێکی باشـی بودجــەی دەوڵەتیــان بـۆ تەرخــان بکرێت و گــەلێ داوا و داخوازی دیکەی پیشەیی و فەرهەنگیش. دەوڵەت دەبێت بە هەموو شێوەیەک بە تەنگ ڕووناکبیران و نووسەرانەوە بێت و هەموو هەلومەرجێکیان بۆ دابین بکات تـا بتــوانن بـە ئـازادی و بە تێــروتەســەلی خــەریکی داهـێنـان و پێشکێشکردنی بەرهەم و خۆپەروەردەکردن بن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ لایەنگرییەک بێت لێیانەوە، یا داوای هیچ شتێکیان لێ بکرێت.
یەکگرتنی نووسـەران دوو لایەنی هەیە. ئەگەر مەبەست ئەوەیە سـەندیکایەکی یەکگرتوویان هەبێت، ئەمـە زۆر پێـویستـە. بەڵام ئەگـەر مـەبەست ئەوە بێت نووسەران و ڕووناکبیران وەک پارتییەکی سیاسی یەکگرتوو بن و یەکبیر و یەکقسە و یەککردار بن، من نەک هەر هیچ پێویستـییەکی وا نـابینم، بەڵکە پێم وایە جیاوازیی بیروڕا و شێوەی بیرکردنەوە و شەڕەوشـە و شەڕەبیری ناو ڕووناکبیـران دەوڵەمـەندییـەکە بۆ فـەرهـەنگی کـورد، بەو مـەرجـەی بە شێوەیەکی شارستانیانە ئەنجام بدرێت. جیاوازی لە بواری داهێنان و بیردا

دەوڵەمەندییە. فەرهەنگی وڵات و نەتەوەیەکیش هەر بەو جۆرە پێش دەکەوێت. پێم وایە کورد دامودەزگای زۆرە، بە تایبەت هیی فەرهەنگی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەم دەستگایانە، چ هیی ناوەوەی کوردستان و چ هیی دەرەوە، هەر هەموو دەستگای سیاسەتاوین و بڕیاردەری یەکەم و دوایی لە کاروبارییاندا سیاسەتە. بەشی هەرە زۆریان کەسانێکی بێبەهرە و ناشارەزا و نەخوێندەوار دەیانبەن بە ڕێوە. ئەو تاکوتەرا ڕووناکبیرە باش و چالاکانەش کە ڕێیان کەوتۆتە ئەوێ، یا خۆیان خستۆتە خزمەت سیاسەتەوە و لەوە چوونەتەوە بتوانن ڕووناکبیر بن، یا ئەوەتا دەست و پێیان بەستراوەتەوە و هیچ دەستەڵاتێکیان نییە.
من لەوە دەگەم کە هۆیەکی گرنگی ئەم هەموو ناگەواری و ناهەموارییە، ڕەوشە سیاسییە ناسەقامگیرەکەی کوردستان خۆیەتی، کە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشە و لەژێر تەئسیری داگیرکاران و هێزە گەورەکانی دنیادایە. بەڵام دەبێ ڕێبەری کورد کارێکی وا بکات ڕووناکبیرەکە (و خەڵکیش) متمانەی پێی هەبێت. بە نوێنەری خۆیانی بزانن و لەوە دڵنیا بن کە درۆیان لەگەڵ ناکات، ئەمانی بۆ خزمەتکاری و دادۆشین ناوێت، لە نیوەی ڕێگەدا بە جێیان ناهێڵێت و بۆ تاڵانکردن و ڕووتاندنەوە و ڕووخاندن و خوێنڕشتن نەهاتووە.

٤٠. لە ڕۆژاواوە (مەڵبەندی ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆژیا و قوتابخانە مەعریفی و فەلسەفییەکانەوە) گەڕانەوە بۆ تەسەوف و لە وڵاتی تەسەوفەوە هەڵوەدابوون و خەونبینین بە ڕۆژاواوە، ئەم دیاردەیە لای هەندێ ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتیی پەراگەندەی ئەوروپا و ئەمەریکا و زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوین بەرچاو دەکەوێت، بۆ ئێوە ئەمە مانای چی دەبەخشێت؟ ئایا مەسەلەکە وەرامێکە بۆ ئەوەی کە هەر بە تەنها ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا موتڵەق و تەنیایە، یاخود بە تەنها ئەو ڕۆشنبیرییە بەس نییە بۆ بوونە ڕۆشنبیرێکی ئەنسیکلۆپێدی و خاوەن کاریگەری؟ یاخود ونبوون و خۆدۆزینەوەی ڕۆحییە؟

<> ناسینی ڕۆژاوا بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ڕۆژاوا ئەو ئاوێنەیەیە کە ئێمە وێنەی خۆمانی تێدا دەبینین؛ هەم وێنەی خۆمان وەک هەین، ئەگەر بوێرین تەماشای بکەین، هەمیش وێنەی خۆمان، یا ئەو وێنەیەی خۆمان، کە ئەوان دەیبینن و دەیانەوێ نیگاری بکێشن. ئێمە لە ڕۆژاوا زیاتر دەرفەتمان هەیە کە خۆمان بناسین، چونکە لێرە دەتوانین دوو شێوەی دژبەیەک، دوو دیاردەی

ناکۆک، دوو فەرهەنگی جیاواز و دوو ڕەنگی ناتەبا بەرانبەر یەکتر ڕاگرین و بەراوردیان بکەین.
ڕۆژاوا ئەمڕۆ ناوەندی فکر و تەکنۆلۆگی و زانست و سیاسەتیشە. ناوەندی جڵەوکێشی و بڕیاری سیاسییە. لە زۆر بواردا پێشەنگ و سەرکردەی دنیای ئەمڕۆن. ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە هەموو شتێکی ڕۆژاوا چاکە یا دەبێ ئێمە بە چاکی بزانین و پێمان خۆش بێت و قەبووڵی بکەین. زانست و فکر و تەکنەلۆگی خۆیان نوێنەری خراپە نین، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری هەموو شتێکی کردۆتە کاڵایەکی بازرگانی و لە پێناوی قازانجدا بە کاری دەهێنێت، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ نرخێکی مرۆڤایەتی بدات، بێ ئەوەی لە هیچ تاوان و خراپەکارییەک بپرینگێتەوە. هەر بۆ ئەوەیش ئەم کاڵایانە چاکتر برەو پەیدا بکەن و بازاڕەکانی دنیا بتەنننەوە و مێشک و ئاوەزی مرۆڤی دنیای ئەمڕۆ داگیر بکەن، سەرمایەداری بە جۆرێک پێشکەشیان دەکات کە لەگەڵ لایەنە نزم و ماددی و شەڕانییەکانی دەروون و ڕۆحی مرۆڤدا بگونجێت.
سەردەمێکی دووروودرێژ ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەندی فکر و زانست و زانیاری بوو، ناوەندی فەرهەنگ و شارستانەتی بوو، بەڵام لە ڕێنیسانس بە دواوە ئەورووپا بۆتە پێشەنگ. لەوساوە ڕۆژهەڵات، بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە پاشەکشێدایە و ڕۆژبەڕۆژ بۆ دواوە دەچێت. لەم سی چل ساڵەی دواییدا ژاپۆن تەکانێکی باشی داوە و لە هەندێ بواردا شان لە شانی ڕۆژاوا دەدات، بەڵام پێشەنگایەتی دیسان هەر بە دەست ڕۆژئاواوەیە. ڕۆژاوا خاوەنی شارستانەتییە، بەڵام شارستانەتییەکی ماددی، بێداد، زۆردارانە، ناڕەوا و نامرۆڤانە. بەکارهێنانی ئەم چوار ئاوەڵناوەی دوایی، دەمخاتە سەر ئەو گومانەی کە ئەگەر وا بێت، ئایا دەکرێ ئەمە بە شارستانەتی دابنێین؟.
هەڵوەدابوونی ڕۆشنبیرێکی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ڕۆژاوا هەمیشە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی زانست نەبووە، بەڵکە زۆر جار هەڵخەڵەتانە بە زریقوباقی ئەورووپا و ڕۆژاوا. بەڵام هۆکارێکی یەکجار گرنگی پەڕەوازەبوونی مرۆڤ، لە پێش هەموویشیانەوە ڕووناکبیران، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا ئەوەیە کە ڕۆژهەڵات لە ڕووی ئازادیی بیروباوەڕەوە، لە ڕووی سینگفراوانی و تەحەممولەوە، لەڕووی پێکەوەژیانی بیری جیاوازەوە، لە ڕووی دادی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی دێمۆکراسییەوە، لە ڕووی مافی هەڵبژاردنەوە و لە سەدان ڕووی دیکەشەوە قوڕی پێوە دراوە و وێرانەیەکە بۆ خۆی. لە بارێکی ئاوا تەسکدا کە دەرفەتی هەناسەدانی تێدا نەبێت، بە سەیری نازانم

خەڵکێکی زۆر ملی ڕێ بگرێت و خۆی بگەیێنێتە ڕۆژاوا. سیاسەتمەدار و دەستەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات دەیانەوێ تۆ نیشتمانپەروەر بیت و ملکەچی یاسا و بنەماکان بیت و خۆت بۆ نیشتمان بەخت بکەیت، بەڵام ڕێگەت نادەنێ لە ڕازاندنەوەی ڕەنگوڕووی ئەو نیشتمانەدا تۆیش قسەیەک بکەیت. ڕێگەت نادەنێ لە دانان و هەڵوەشاندنەوەی قانوون و بنەماکاندا دەنگت هەبێت. ڕێگەت نادەنێ لە هەڵبژاردنی سەرکردەکان و لابردنیاندا تەنانەت لەناو دڵی خۆیشتدا بیری لێ بکەیتەوە. بە ناوی نیشتمانەوە هەزاران و ملیۆنان مرۆڤ بە کوشت دەدەن، بێ ئەوەی پرسێ بە خەڵک بکەن بزانن ئەوان چی دەڵێن و چییان دەوێ. ئەم نەریتە تەنیا لای پاشا و سەرۆکە «ڕەسمییەکان» نەبۆتە باو، بەڵکە تەنانەت سەرکردەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش وا بیر دەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن. ئەوان کە گوایە دژی زۆرداری و چەوسانەوەن و لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، کەچی لەناو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا هەر یەکەیان فەرخەدیکتاتۆرێکە. کە دەستەڵاتیشیان گرتە دەست ڕێک لاساییی داگیرکار و دوژمنەکانیان دەکەنەوە.

زۆر ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی هەن کە دەگەنە ڕۆژاوا، خۆیان دەگونجێنن و، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، دەبنە بەشێک لەو کۆمەڵگایە و لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی. دەبێ ئەوەیشی بخەمە سەر کە ڕۆژاوا لەم ڕووەوە یەک شتی پتەو و یەکپارچە و یەکڕەنگ نییە. ئەمەریکا وەک ئەورووپا نییە و وڵاتانی ئەورووپاش خۆیان پلەی جیاوازیان هەیە.

ڕووناکبیری جددی هەڵوەدای ئاڵووالا نییە و بە شتی سووک و سەراوی دڵی ئاو ناخواتەوە، بەڵکە عەوداڵی وەرامی قووڵ و ڕاستگۆیانەیە بۆ پرسیارەکانی. ڕووناکبیرێکی لەم جۆرە ڕەنگە کە لە سەرەتادا دێتە ڕۆژاوا تووشی ماتی و حەپەسان ببێت، چونکە لەپڕ دەکەوێتە ناو سیستێمێکی یەکجار جیاوازەوە. ماوەیەکی دەوێ تا بتوانێت مێشکی خۆی و سیستێمی بیرکردنەوەی سەرلەنوێ ڕێک بخاتەوە. لەوە بەدوا دەتوانێ سوود لە دیسیپلین و مێتۆدە زانستییەکانی ڕۆژاوا وەربگرێت، بەڵام بە بیرێکی ڕەخنەگرانەوە لە بەشەکانی زانست و فەرهەنگ نزیک ببێتەوە. دەبێ زۆر وریا بێت و چۆن دەست بۆ دووپشک دەبات، ئاوایش دەست بۆ زانستی ڕۆژاوا ببات. خەڵک هەیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ دووپشک بگرێت بێ ئەوەی بهێڵێ پێیەوە بدات. مەرجێکی دیکەی گرنگیش بوێرییە. ڕووناکبیر دەبێ هێندە بوێر بێت کە ئەگەر ڕاستیی بینی، چاوی خۆی دانەخات، بوێرێ باسی بکات. سۆڤێتی جاران لە ڕووی زانستەوە وڵاتێکی پێشکەوتوو نەبوو.

ئەوەی ئازادی بێت لەو وڵاتەدا نەبوو. پڕ بوو لە نموونەی ناڕەوایی و بێدادی و درۆ. هەموومان دەزانین کە دەیان خوێندکاری کورد چوونە ئەوێ. بەڵام دواتر کە دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، چەندیان ڕاستیی ئەو وێرانەیە و ئەو زیندانەیان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە؟ زۆربەیان نەک هەر ڕاستییەکەیان دەشاردەوە، بەڵکە کە باسی سۆڤێتیان دەکرد، دەتگوت باسی بەهەشت دەکەن. من ئەمە بە ترسنۆکی دادەنێم. ترسنۆکییش یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕووناکبیری دەرووخێنێ.

لە وڵاتی خۆماندا لێکۆڵینەوەی زانستی یەکجار کەم و پاشکەوتووە. ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتدا لە زۆر زووەوە زانستگە هەبووە و ڕۆڵێکی گەورەیشی هەبووە لە پەرەپێدان و پێشخستنی زانستدا، بەڵام نەیتوانیوە پێ بەپێی دنیای ئەمڕۆ خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆگی و توێژینەوەی زانستیدا خۆی بگونجێنێت. زانستگەکان تووشی جۆرە سڕبوونێک هاتوون. من ئەوە تێدەگەم کە گەلێ هۆی سیاسی و ناسیاسی، لەپاڵ کۆمەڵێ ڕاستیی دیکەدا، ئەم وەزعەیان دروست کردووە، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە لە ئارادایە. کە ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی دێتە ڕۆژاوا هەست بەم پاشکەوتنەی وڵاتی خۆی و پێشکەوتنی ڕۆژاوا دەکات. هەر بەو پێیەش دەتوانێت ئەم دیسیپلین و مێتۆدە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە، مێژوو، دین و گەلێ لایەنی دیکەی وڵاتەکەی خۆی یا هەر جێیەکی دیکە بە کار بهێنێت. دیارە ئەمە کارێکی هەر وا ئاسان نییە کە ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی دێتە ڕۆژاوا ساختە و ڕاستی، زانست و زرەزانست لە یەکدی هەڵاوێرێت. دەبێ لە بنەڕەتدا ئەو توانستەی لا هەبێت و خۆیشی پەرەی پێ بدات. دەبێ بتوانێت لە مێکانیزمی پێوەندیی سیستێمی سەرمایەداری و دەستگا سیاسی و زانستییەکان بگات.

ئەگەر ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی لێرەوە، لە ڕۆژاواوە، بەرەو تەسەوف بڕوات، پێم وا نییە پێویست بێت بەمە بگوترێت گەڕانەوە. جارێ با لەوەوە دەست پێ بکەم کە خەریکبوون بە تەسەوفەوە لەوەیە بە دوو شێوە بێت؛ یەکێکیان ئەوەیە توێژەرەوەیەک لەو بوارەدا دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات و دەیەوێ لە تەسەوف بگات وەک بزووتنەوەیەکی فکری و دینی و فەلسەفی و هونەری، وەک سیستێمێکی فکری و ئەپستمۆلۆگی لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا. کەسێکی ئاوا مەرج نییە باوەڕی بە سۆفیزم هەبێت، بەڵکە وەک هەر بوارێکی دیکەی لێکۆڵینەوە تەماشای دەکات. خەڵکی لەم بابەتە لە ڕۆژاوا زۆرن. لەناویشیاندا، بێگومان، هیی وا هەن کە بە نیازێکی خراپ و دوژمنانەوە لێی نزیک دەبنەوە و هەتا بشتوانن هەوڵی شێواندن و ناوزڕاندن

و بەدبەکارهێنانی دەدەن. بەڵام زۆریش هەن کە بەڕاستی کاری زانستیی یەکجار بەنرخ و گەورەیان پێشکەش کردووە. لە دنیای زانستیی ئەمڕۆدا پرۆفێسۆر (ئانماری شیممەل)ی ئاڵمانی (١٩٢٢–٢٠٠٢) و پرۆفێسۆر (حامید ئالگار)ی ئینگلیز و زۆری دیکەیش جێدەستیان بە لێکۆڵینەوەی تەسەوفەوە ئاشکرایە. شێوەی دووەم ئەوەیە کە کەسێک بە باوەڕ و بە دڵ دەگاتە ئەوەی کە تەمەسسوک بە تەریقەتێکەوە بکات و ببێتە سۆفی. ئەمەیش دەبێ وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی فکری تەماشا بکرێت. خەڵک هەیە دەبێتە مارکسیست، یا ئەنتیمارکسیست، دەبێتە بوودی، کریشنا، گیڤاریست یا نازانمچی.

نە فەرهەنگی ڕۆژاوا بە تەنیا و نە فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ئەفریقایش بە تەنیا دەبنە نوێنەری بەرهەمی عەقڵی مرۆڤایەتی. مرۆڤایەتی لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا گەنجینەیەکی یەکجار گەورە و سەرشار و دەوڵەمەندی ئەزموون و شارەزایی و زانیاریی پێکەوە ناوە و لەسەر یەک کەڵەکە کردووە. ئەمە بەرهەمی ناوکۆی مرۆڤە و دەبێ هەموو مرۆڤایەتییش تێیدا هاوبەش بن. ئەم گەنجینەیە هیی هەموو ئەوانەیە کە هاتوونەتە سەر ئەم زەوییە، ئێستا لەسەر ئەم زەوییەن یا لە پاشەڕۆژدا دێنەر سەر ئەم زەوییە. نەک تەنیا هیی مرۆڤە، بەڵکە هیی هەموو گیانەوەر و ڕووەک و تەنانەت زەوییشە. تۆ دەبینی ئێستا مەسەلەی پارێزگاریی ژینگە ئەوەندە گرنگیی پێ دەدرێت کە هەموو پارتییە سیاسییەکان ناچارن، تەنانەت ئەگەر باوەڕیشیان پێی نەبێت، بەشێک لە بەرنامەکانی خۆیان بۆ ئەم باسە تەرخان بکەن. زانستەکان لە خۆیانەوە نابنە کەرەستەی چاکە یا خراپە. ئەمە مرۆڤ خۆیەتی بۆ چاکە یا خراپە بە کاریان دەبات. باروت کەرەستەیەکە دەکرێ چەکی وێرانکەری لێ دروست بکەیت و مـــرۆڤی پێ قـــڕ بکەیت، بەڵام دەشتوانی شاخی پێ کون بکەیت و تونێلی هاتوچۆی لێ هەڵکۆڵیت.

هیچ مرۆڤێک بە تەنیا ناتوانێ شارەزای هەموو زانستەکان بێت. ئەمڕۆ زانست هێندە زۆرن و هێندە لق و پۆپیان لێ بۆتەوە کە ئیتر مرۆڤ ناچارە خۆی بە بەشێکی یەکجار بچووکەوە خەریک بکات و سنوورێک بۆ خۆی دابنێت. دەست بۆ هەر زانستێک و هەر بوارێکی زانیاری ببەیت، دەیان و سەدان کەس هەن کە لە تۆ چاکتری لێ دەزانن. قورئان زۆر جوانی فەرمووە (و فوق کل ذی علم علیم = لە سەرووی هەموو خاوەنزانستێکەوە زانایەک هەیە). ڕووناکبیری ئەنسیکلۆپێدیایی مەعنای ئەوە نییە کە هەموو شتێک دەزانێت، بەڵکە ئەوەیە کـە لە بوارێکدا، لە بوارەکەی خـۆیدا، هەمـوو، یا بەشێکی زۆری، ئەو وردەکارییانەی دەبێ بیزانێت، دەیزانێت.

لایەنێکی دیکەی ئەم باسە ئەو ونبوون و خۆدۆزینەوە ڕۆحییەیە کە لە پرسیارەکەتدا هاتووە. بێگومان ئەم دنیا ماتەریالیستییەی ئەمڕۆ کارێکی وای کردووە کە مرۆڤ، مرۆڤی هۆشیار و ویژدانزیندوو، هەست بە بۆشایی، بە چۆڵەوانی، بە بێنرخیی زۆر شت بکات. ئەو مرۆڤە دڵی بەم هەرا و مەزات و ژاوەژاوەی دنیای ئەمڕۆ ئاو ناخواتەوە. ئەو تینووی شتێکی دیکەیە، بە دوای شتێکدا وێڵە کلۆکۆی دابمرکێنێتەوە و وەرامی پرسیارەکانی بداتەوە. شێتی ڕاستییەکە لە هەموو ئەو شتانەی دەیانبیستێ و دەیانبینێ باشتر و جوانتر و ڕاستتر بێت. نزیکەی نۆسەد ساڵ لەمەوبەر، کە نە دنیا ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆزکاو بوو، نە زانستەکانیش هێندەی ئەمڕۆ فراوان و بەربڵاو بوون، دەبینین زانایەکی گەورەی وەک ئیمامی غەززالی (١٠٥٨–١١١١) تەخت و بەختی مامۆستایەتی و گەورەیی بە جێ دەهێڵێت و دە ساڵی ڕێک بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێ، بە دوای ترووسکەیەکدا کە لە تاریکیی دڵیدا ببێتە مایەی دڵنیایی. ئەمیش وەکوو ئیبراهیم باوەڕی هەبوو، بەڵام دەیویست دڵنیا بێت (قال اولم تؤمن؟ قال بلی، ولکن لیطمئن قلبی). ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ لۆگیک و مەنتیقی ئێمەماناندا گونجاو و تەبایە. بەڵام لای سۆفییەک سیستێمی بیرکردنەوەکە جیاوازە. مەلای جەزیری (١٥٧٠–١٦٤٠) کە باسی شێخی سەنعان دەکات، پێی وا نییە شێخ هیچ هەڵەیەکی کردبێت:

مەی نەنۆشی شێخی سەنعانێ غەڵەت
ئەو نەچوو نێڤ ئەرمەنستانێ غەڵەت
میسلێ مووسا وی تەجەللایا تە دی
یێ تە دی، کانێ خەتا، هانێ غەڵەت؟